ناوی کتێب : کاروانی خەیاڵ ، بەشێك لە شیعرەکانی "هێدی"

نــاوی شــاعیر خــالیدی حیســامی "هێـــدی"

چاپی یەکەم: تـاران، تـیراژ(٤٠٠٠) بـەرگ: سـاڵی ١٣٦٤ هەتاوی
چاپی دوهەم : هەولێر (٤٠٠٠) بەرگ : ساڵی ١٩٩٧ زاینی

چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر

" پێرست "

پێشەکی ........ ٩
پەسنی خوا ........ ١٤٥
دایك و کوڕ ........ ١٥٠
باز و کەو ........ ١٥٥
ئاگری تۆ ........ ١٥٩
خدرە شێت ........ ١٦١
کوردستان یان نەمان ........ ١٧٢
بەهای کوردستان ........ ١٧٤
پاییز ........ ١٧٨
گوڵی خوێناوی ........ ١٨٠
من و ڕەقیب ........ ١٨٣
بۆ براکەم ........ ١٨٥
فەوزیە ........ ١٨٩
گاڵتەی جێژن ........ ١٩٥
مەلا ........ ١٩٨
ڕزگاری ........ ١٩٩
کاڵە ........ ٢٠٣
بزە ........ ٢٠٦
گەزوڕبە ........ ٢٠٨
نەخۆشی ژنان ........ ٢١٣
پێشمەرگەیەك ........ ٢١٤

" پێرســــت "

شــینی هــەڤالآن ........ ٢٢٢
یــــــادتو ........ ٢٧٧
أشــك خونیــن ........ ٢٧٨
چلــەی بــارزانی ........ ٢٧٩
نامەیـەك بۆ كـاوە ........ ٢٨١
ورینگــــــە ........ ٢٩٢
گنجینــەء نهفتــە ........ ٢٩٤
یــادی بــارزانی ........ ٢٩٥
سرشـــــك ........ ٢٩٩
ســــرود ........ ٣٠٠
وەلأم ........ ٣٠١
نــــــەورۆز........ ٣٠٤
بـە یادی تۆ بــارزانی ........ ٣٠٧
گـــــرۆ ........ ٣٠٩
نــــــەدەبو ! ........ ٣١١
ئــــاوات ........ ٣١٣
شــینی هێمــن ........ ٣١٥
گفتــی خوردنــی ........ ٣١٩
بە یادی تۆ بارزانی........ ٣٢٠
بــە یــانیت بــاش........ ٣٢٤
ژوان........ ٣٢٥

" پێرست "

ئاوێنە ........ ٣٢٧
هەناسە ........ ٣٢٩
پەری ........ ٣٣٠
گۆڤەند ........ ٣٣١
کەماڵی ڕەسولی ........ ٣٣٢
بە یادی تۆ بارزانی نەمر ........ ٣٣٣
گۆڤاری ئاوێنە و کۆچی خاڵەمین ........ ٣٣٩
ئەڤینی من ئازادی ........ ٣٤٠
کوێستان خان ........ ٣٥١
تاقانە ........ ٣٥٢
یادی یاران ........ ٣٥٣
هیلال ........ ٣٥٨
وڕێنە ........ ٣٥٩
پەشیمانی ........ ٣٦١
خەیاڵ ........ ٣٦٣
بێ وەفایی ........ ٣٦٥
پەریی ئاشتی ........ ٣٦٧
چیرۆکی خۆش ........ ٣٦٨
پەیام ........ ٣٨١
تاسە ........ ٣٨٣

" پێرســــــت "

پەڕێشــــــانی ........................................ ٣٨٥
دێوانــــــــــه ........................................ ٣٨٦
لـــەرزی شـــیرن ........................................ ٣٨٨
جوانـــــــــی ........................................ ٣٩٠
دوبــــــــەیتی ........................................ ٣٩١
دوبــــــــەیتی ........................................ ٣٩٣
پــــــــــیرۆزه ........................................ ٣٩٤
یـــادی هێمـــن ........................................ ٣٩٥
دوبــــــــەیتی ........................................ ٣٩٦
پەیکــــــــەر ........................................ ٣٩٧
عوبـــەید مـــەڕۆ ........................................ ٣٩٨
شـــیعر بڵـــێ ........................................ ٣٩٩
قـــــــــەتار ........................................ ٤٠١
خـــەمی مـــن ........................................ ٤٠٣
کۆنـــه بریـــن ........................................ ٤٠٥
ســــــــەودا ........................................ ٤٠٧
پەرچـــــەم ........................................ ٤٠٨
چـــــاوەڕێ ........................................ ٤٠٩
شـیعری فارســی ........................................ ٤١١



هێدی (١٩٧٠م) بەغداد

جوانی تاسەر نی‌یە بۆکەس چ ئەمنم و چ ئەتۆ
زۆری پێ ناچێ لە مووی ڕەش دەکەوێ تان و پۆ
هێندەی هەیە خۆشەویستی کەبە فەرمانی دڵە
کاری نە بە ڕەنگی مو هەیەو ، نەفاقی ئەژنۆ



خالد سامی "حمیدی"

# بەناوی خوای تەنیا و زانا

ئەوە خەریکم وردە وردە بەرەو پیری چاپی دووهەمی دیوانەکەم "کاروانی خەیاڵ"ەوە دەچم و هاتووە ئەو ئاواتەم بە لوتفی کاکی بە ڕێز دوکتور ڕۆژ نوری شاوەیس سەرەك وەزیری کارامەو لێهاتووی هەرێمی کوردستان پێك بێ کە ماوەیەکی دوورو درێژ حەمیکی گەورە بوو بۆ من و بۆشم هەبوو خەمی بۆ هەڵگرم چونکە هەموو سەرمایەو دەسکەوتی ژیانم لەسەر ئەو چەند پیت و لەتە ساغ بۆتەوەو، لەو تەمەنەداو بە چەنگ ئەو هەموو نەخۆشی‌یە لاسارەوە کە چەند ساڵە یەخەم بەرنادەن بە تایبەتی "تارێکی لێدانی دڵ" یان "اختلال ریتم" لەوە دەترسام شەوێك وای لێ بێ ئیتر دەستەوە کەریم لەگەڵیان بێ نەکرێ‌و، نووسینەکانیشم هەر لاپەڕەی لە دەرکێك هاوارو باوکە ڕۆیان بەهیچ کوێ نەگاو، کار لەکار بترازێ. جا ئەو جار هەتیوی ئاوارەو دەربەدەر کە پێش هەتیو بوونیشیان پەنایان نەبوو کێ بە هێندیان بگرێ‌و، کێ بەکەمیان دانێ خوا ئەزانێ، کێ دەڵێ ئەوانیش وەك خۆم لە کەلاوەیەك نەدەکەوتن و نەناسراوو بێ سەرو شوێن نە دەچون؟ دەك ماڵت ئاوەدان بێ کاك دوکتور.

دەم گوت بۆ چاپی ئەو جار خۆم لە نووسینی ئەو پێشەکی‌یە دوورو درێژە دەبوێرم و، لە ڕێوە دەچمە سەر ناوەڕۆك، ئاخر کێ بەوەوە ماندووە من چۆنم خوێندوەو چۆن گەورە بووم و، چ مەخسەرەو گۆسامەندیکم بەسەر هاتووە؟ خەڵك بەدوای ژیانی خۆیانەوە خەمی لەوە گەورەتریان هەیە، بەڵام دیتم ئەگەر بەسەریشیدا باز دەم و هەروا لوت و بزوت بەسەر شیعرەکاندا بکەوم ناتەواوی‌یەك لەو ناوەدا بەدی دەکرێ‌و، دوایی

ڕێی ئـەو پرسـیارە بـۆ هێنـدێ کـەس دێڵێتـەوە: ئـەرێ ئـەوە بـۆ پێشـەکیـیەکت بـۆ دیوانەکەت نەنووسیوە؟ جا ئەگەر بمەوێ جوابی ئەو پرسیارە بدەمەوە، ئێرە جیـیەتی. قسەی خۆمان بێ ئەو برا بچوکەشتان ئەگەر نووسینی کەسێك دەخوێنمەوە حەزدەکەم ناسنامەی نووسـەرم بەدەستەوە بێ بەهـەموو ڕابـردوو چلۆنایـەتی ژیـان و هەڵویستی ئێستەیەوە، تەنانەت جارجار لەگـەڵ خوێندەنـەوەی ئـەو دێرانـەی هەستم دەبزوێنـن و، خەیالم دەدزن بە وردیو بە خۆشەویستییەوە لە وێنەکەشی ڕامێنم و، دنیای دەرون و، ڕواڵەتی دەرەوەی وەك تابلۆیەك لە پێش خـۆم ڕاگـرم و، جـارێك و دوجـارو زورجـار بێیاندا بچمەوە هەتا لێی تێر دەبم و، واش دەبێ هەر تێر نابم. ئـاخر مـن چـۆن لـەوە تێر دەبم کە دەبینم هێمنی ئاگر تێ بەربوو لە ڕقی پیرۆزیدا دەڵێ:

دەم گـرن ئـەمما لـە گرتووخانـە ڕق ئەسـتوورترم
لێـم دەدن ئـەمما لەسـەر داوا ڕەواکـەم سـوورترم
دەم کـوژن ئـەمما بـەگژ جەلادەکـەم دا دێمـەوە
کـوردم و ناتوێمـەوە، ناتوێمـەوە، ناتوێمـەوە

ئێستە ئەگەر خوێنەریبەڕێزو هاوسەفەری خۆشەویستم لەو گەشتەدا گەورەیی خـۆی بەجێ بێنێو، دڵنیام کا لەوە کە هەڵەو ناتەواوییەکانی ئەو نووسینە بە فیکرو بیری ئاڵۆزم دەبەخشێو لێم دەبووری گیروگرفتی ترم نامێنێ، بەتایبـەتی کـە لـەو هـەل و مەرجـەی ئێستەدا ماوەی ئەوەشم نییە هێندەی سێرەو چەفتە لێبگرم و، بەدەوروو بەریدا بێـم جـا مادام ئەو بەڵێنەتان دا، فـەرمون بـا بـەناوی خـوا پێکـەوە وەڕێ کـەوین: خوێندنـی مـن

بەینێك لە گوندو، دوای ئەویش چەند ساڵێك لە شار بوو، بۆ پۆلەکانی سەرەتایی مامۆستایان بۆ دەگرتین و هەر لە گوندەکەی خۆمان کە ناوی"شێخاڵی"یەو، لەناوچەی موکریان لەنێوان مهابادو بۆکان هەڵکەوتووە لەگەڵ براکانی ترم لەلای ئەو مامۆستایانە کە هەموو ساڵێك دەگۆڕان ئەمان خوێند. من هەر لەو گوندەش هاتومەتە دنیاو عەشیرەتی ئێمە بە "دێبۆکری" ناوی ئەبەن و، کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی مەهاباد، شوێنی دانیشتنی دێبۆکریان دەکشێتەوە بۆ باکوری ئەو شارە هەتا دەگاتە ناوچەی سندوس. "شاروێران"و "محاڵ" ئەو دو ناوچەن لە موکریان کە زۆربەی جێگەی دانیشتنی دێبۆکریان دەگرنە بەر لەگەڵ بۆکان بە هەرێمی ڕۆژ ئاوایەوەو پێك هاتوون لەشەش تیرەی:مارفاغا، هەباس ئاغا، شێخ ئاغا، حەمەد ئاغا، برایم ئاغا، سلێمان ئاغا، کە بنەماڵەی ئێمە بە شێکن لە تیرەی مارفاغا. "حاجی حەمەد اغا"ی باوکم پیاوێکی دیندارو بە زاکون و، لێ نەبردوو، دلاواو، هێندێ جاریش بێ بەزەیی بوو، بەتایبەتی لەگەڵ رەعیەتەکانی، بەڵام لەبەر هێندێ تایبەتی‌یەکانی خۆی لەناو خزم و ناسیاودا ڕێزی لێ ئەنرا، بەهیچ جۆر چاوپۆشی لەکاری ناڕەوا نەدەکردو، هەقی نەدەخستە ژێر پێ تەنانەت ئەگەر بە زیانی خۆشی بایە قسەی ئەگەر کردبا ئەیشی بردە سەرو، لێ‌ی بەر گەشت نەدەبۆوەو، لەسەر وتەیەکی خۆی زیانی گەورەی دادەناو، بەلایەوە هیچ نەبوو، ناڕاستی‌ی نەدەزانی‌و، لەگەڵ کەس نەی دەکرد، بە پێچەوانەی باوکانی تر کە لەهەموو کاتێکدا باسای خۆشەویستی‌و لاواندنەوەی منداڵی خۆیان بەجێ دێنن ئەو هەستەی زۆر کەم دەردەبڕی‌و، بە ڕواڵەت زۆر ڕووی نەدەدا کوڕەکانی بە تایبەتی کە گەورە دەبوون. بەڵام هیچ هەل و دەرفەتێکی

بۆ ئامۆژگاری ئێمە لە دەس نەئەداو، بەووتەی باوکانەی پڕ لە بەرژەوەندو تێ ـنی ڕێ نوێنی ژیـان و داهـاتوی بـۆ دەکردیـن، دەتوانـم بڵێـم ئاکـارو کـردەوەی ئـەو لـە ژیـانی کوڕەکانی‌دا ئەگەر بە تەواویش نەبێ کەم تاکورتێ شوێنی دیارە، من خۆم ئێستەش هەر ئەو ئاکارە بە باش دەزانم کە لەودا دیومەو، هەر ئەویش بەیەکەم مامۆستای خۆم دادەنێم. لەگەڵ هەموو توندو تیژی‌یەکانی لە تەمەنی مناڵی‌و لاوی‌و، گەورەییم دا. پێم شـك نایـە کارێکی وام کردبێ بووبێتە هۆی دڵ ئێشان و تەنانەت ناڕازی بوونی، هەر چـەندە لـەو بارەوە براکانی تریشم هەروەها بوون و ئەوەندەی پی‌یان دەکـرا هـەوڵیان دەدا کـارێکی وەها نەکەن هۆی ناڕازی بونی ئەو پێك بێنێ، کە ئەمەش نەك بڵێم هەر لەباشی خۆمانەوە بو، بەڵکو خۆشی ڕێگەی ئەوەی بە کوڕەکانی نەئەدا لە داب و دەستووری ئەو دەربچن. ڕێ‌و شوێن و سەنگینی خـۆی لەهـەمو هـەل و مـەرجێك دا ڕا ئـەگرت، لـە پشـوودانی مەکتەب لە هاویندا کە لەگەڵ برایەکم لە شار ئەگەڕاینەوەو دەچووینە دیوە خانەکـە بـۆ لای دوای تاوێك ڕوی تێ دەکردین و ئەی پرسی: کەی وەڕێ کەوتن، یان بە سـواری چی هاتنـەوە؟ دوایـی دەی گـوت: دانیشـن و پرسیاری تـری لـێ دەکردیـن لـەدەرس و ئیمتیحان و شتی تر ئەویش بە کورتی.

من لەبراکانی ترم زیاتر خۆم لێ نیزیك دەکردەوەو بە ئیش و کاری‌یـەوە خـۆم مـاندوو دەکردو، دڵم ڕادەگرت و دەم ویست لێم ڕازی بێ، وابزانم هەر لەبەر ئەوەش بـوو کـە تەنانەت بۆ سەفەریش منی لەگەڵ خۆی دەبرد. ئەگەر نووسینەوەو وەڵامـی نامـەی هـەبا بۆ شوێنێك ئەم نووسی‌و، هەروەهاش بۆ نووسینەوەی هەڵ بەستـەکانی کـە بـە دەگمـەن دەیگوت لەلای خۆی دای دەنام بۆی بنوسمەوە کە خۆی خەتی خۆش نەبوو بەداخەوەم

کە ئێستە لەو هەڵبەستانە هیچیانم لەدەس دا نیی‌یە بیان خەمە بەرچاو.
بیرەوەری ئەو سەردەمە زۆرە بەڵام ئەگەر بە هەموویان دا بچمەوە بێجگە لەوە کە لەو کورتە باسەدا جێ‌ی نابێتەوە لەوانەیە خوێنەریش وەڕەز کا، بەڵام لەگەڵ ئەوەش یادی سەردەمی شیرینی منداڵی ئەگەر کەمیش بێ هەر بەتامە هەرچەند شیاوی ڕووی گەورە پیاویش نەبێ کە دیارە لە منال هەر ئیشی منالانە ئەوەشێتەوە.
بیرەوەری سەرەتایی‌و ناخۆشی من ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتە کە هێشتا لەبەر خوێندنیان نەنابووم ، ئەو ڕۆژە ئەم دیت ئاڵۆزی‌یەك هەیەو پیاوەکانی باوکم هەموو دەستیان داوەتە چەك و دەڕۆن بۆ سەر گوندێکی تر کە جیرانی گوندی ئێمە بوو، ئەو کاتە ڕەزا خانی پەهلەوی تازە هاتبووە سەر حوکم و هێشتە عەشیرەتەکان چەکیان دا نەنابوو، منیش بێ ئەوە بزانم چ خەبەرەو ئەو ئاڵۆزی‌یە بۆچی‌یە لەگەڵ پیاوەکان وەڕێ کەوتم بۆ گوندەکە، لەوێ پیاوەکانی ئێمە دەورەی خانوویەکیان دا، لەناو ئەو خانوەدا ئاغای گوندەکە کەناوی رەحماناغا بوو دەرگای لەسەر خۆی داخستبوو، پیاوەکانی ئێمە لە ڕۆچنەی سەربانەکەوە تەقەیان لەو دەکردو، ئەویش لەناو ژووری خانوەکەوە تەقەی دەکردو گوللەکان لەسەربانەکە گڵیان هەڵ دەداو دەهاتنە دەر لەو دەمەدا یەکێك دەستی منی گرت و لەسەربانەکە لای بردم، دوای بەینێك تەقە یەکێك هات بە ڕیوانی کردو، نەی هێشت چی‌تر تەقە بکرێ، دوایی گوتیان بە ڕیوانچیەکە قازی عەسکەر لە بنەماڵەی قازی بوەکە لە گوندی "پیروەلی باغی"ی جیرانی ئێمەدا دەنیشت.پیاوەکانی ئێمە هاتنەوە گوندەکەی خۆمان بەڵام "کاکەسەن" کە یەکێك بوو لە پیاوەکانی باوکم کوژرا بوو، تەرمەکەیان لە بارگین هەڵ بەستبوو هێنایانەوە بۆ ئاواییەکە. ئەو جار پیاوی حکومەت هاتن و کێشەکە کەوتە دیوانی‌و، ئەو پیاوە حوکمی زیندانی کردنی درا، بەڵام دوایی

لێی خۆش بوون و پێك هاتنەوە.

نازانم تەمەنم چەند بوو ڕۆژێك باوکم لە هەیوانی دیوەخانەکە پیاسەی دەکردو منیش لەلای ڕاوەستابووم چەرچییەك "وردەواڵە فرۆش" لە گەڕەکی خوارووی ئاواییەکەوە دەهات، فەرمووی برۆ ئەو چەرچییە لە گوندی دەرکە با بڕوا، کەچووم دیتم خەڵك لێی هالاون و تەماشای وردە واڵە دەکەن، منیش لەگەڵ ئەوان خافڵام و تەماشای شتەکانم دەکردو لە بیرم چۆوە کە باوکم گوتوویە برۆ دەری کە، هێندەی پێ نەچوو باوکم خۆی هات زللەیەکی لێدام گوتی: من تۆم نارد دەری کەی؟ یان لەلای ڕاوەستیو تەماشای کەی؟ کابراشی لە گوندەکە دەرکرد، من ئەگریام و بەینێك دوای ئەوە کە چوومەوە بۆ ماڵ نان کەرێکمان هەبوو هەر گوتی: "یاخوا لاڵ بم، ئەوە چۆن دڵی هات لە تۆدا؟"، "ئەیەڕۆ جەرگم خراپی جا چۆن ئەو منداڵە بۆ لێدان دەبێ؟" هێندی لەو قسانە کرد ئاخری دڵم پڕبوو و، دەستم کرد بە گریان کە سەعاتێك لەو کاتە تێ پەڕی بوو.

لەبەر هەیوانی دیوەخانەکە باوکم باخچەیەکی هەبوو هێندێ دار هەنارو ترێو گوڵ و، ڕیشەی داری دیکەی تێدا چەقاندبوو، خۆشی ڕۆژێ یەك دوجارێك دەچوە ناو باخچەکە تەماشای دەکردن، ئەگەر تینوویان با فەراشەکەی بانگ دەکرد دەیگوت وەرە ئاویان دە، هەرچی لەو باخچەدا هەبوو هەمووی تایبەتیو بژاردە بوو کەسیش نیزیکیان نەدەکەوت بەڵام من لەو تەمەنەدا ئەوەم نەدەزانی، ڕۆژێك لای ئێواری پیشکێکی دارم بە دەستەوە بوو هەروا لەخۆوە چوومە ناو باخچەکە دیتم ڕیشە قەیسیی زۆرجوانی لێیە، زۆرم پێ خۆش بوو کەتووشی ئەوانە بووم، ئیتر دەستم کرد بە هەڵ کەندنیان بۆ ئەوە کە بیان بەمەوە لە هەیوانی ماڵێ بیان چەقێنم، لام وابوو هەیوانیش بۆ باخچە دەبێ،

ئیتر نەم دەزانی باوکم ناردوویە لە دێخورگان کە شارۆچکەیەکە لە نزیك تەوریز ئەو ریشە قەیسیانەی هێناوەو لەوێ چەقاندونیەوە هەتا برێك گەورە دەبن دوایی‌ی دەیان گوێزێتەوە بۆ ناو باخ چونکە زور لە قەیسی وولاتی خۆمان باشترو ڕەسەن ترن، من خەریکی هەڵ کەندنی ریشە قەیسی‌یەکان بووم باوکم کە چووبو سەیری کەرێز لێدان بکا، لەو دەمەدا هاتەوەو وەستای کەرێز هەڵکەنیشی بە دواوە بوو، ئیتر کە منی دی ئەوە خەریکم ریشە قەیسی هەڵ دەکەنم زۆری پێ سەیر بوو چونکە کەس نەی دەوێرا تخون ئەو باخچە بکەوێ گوتی: ئەی، ئەی، خۆ ئەوە ریشە قەیسی‌یەکانی من هەڵ دەکەنی، دا بۆم بگرە، وەستای کەرێز هەڵکەن بۆم هات کەبم گرێ منیش لەترسی خۆم پیشکەکەم داهێنا وەپشتی وەستای کەوت، هەرچەند من دارەکەم توند لێ نەدا بەڵام وەستا عەجەمەکە کەولێکی خۆش کردبوو نازانم کەوڵی مەڕ بوو یان بزن و، بە دیوی ئاواژویدا لەبەری کردبوو، کە دارەکەم لێدا کەوڵی عەجەمەکە تەقەی هات ئیتر باوکم هێندەی دی تورە بوو و گوتی: خۆ ئەو ڕوو ڕەشە لە وەستاشی‌دا، دا وەرە کوڕە، قادرە، بۆم بگرە، "فەراشی دیوەخانەکە ئەو کاتە قادری شەریفەزلە بوو" کە بانگی قادری کرد منیش هەڵاتم زانیم ئەگەر بم گرێ باوکم لێم دەدا، زۆر بە دوام داهات بەڵام نەم گەیشتێ ئیتر ئەو ماندوو بوو گەراوە، منیش بەلایەکی تردا هاتمەوەو دوو ڕۆژ نەچووم بۆلای باوکم، ڕۆژی سێهەم سبەینێ ئەچووم دەست و چاوم بشۆم دیتم باوکم لەناو باخچەکەیە خەریك بووم بگەرێمەوە بانگی کردم فەرمووی : وەرە ئەو قوتوە بەزە جگەرەی تێکە، چووم جگەرەم بۆهێناو ئیتر قاچاغی‌یەکەم تەواو بوو ڕێگەی لای باوکم بۆوە.

پێی چوو نازانم چەند، بەڵام زۆر باشم لە بیرە مامۆستای ئەو کاتەمان کابرایـەك بـوو بەناوی "میرزا رحیم اصف" "کە یاخوا ئەگەر ماوە خوای گەورە بەختەوەری‌و تەمـەنی درێژی پێ بداو ئەگەر نەش ماوە بەخوایـەتی خـۆی لـێی خـۆش بـێ" رۆژێـك چوومـە دەرەوە دیتم مەلا ساڵحی کتێب فرۆش باری کتێبەکانی لە بن سێبەری دارەکانی پشـت حەوزی ئاوایی خستووە "مەلا ساڵح خەڵکی نەودێو، ناوچەی سلێمانی بـوو، هـەموو ساڵێ جارێك دوجار باری وڵاخێك کتێبی دەهێنا ناوچەی ئێمە بۆ فرۆشتن و لەبەر ئەوە کە زۆر هاتوچۆی دەکرد بۆ هەموولایەك، ناسراو بوو".

لەلای مەلا ساڵح دانیشتم سەیری کتێبەکانم کرد، لەناویاندا جزوەیـەکی بچـوك هـەبوو لێی نووسرابوو "پند نامـەی عطار" کە لێکم کردەوە هەمووی شیعر بوو، هـەروەك لـە ناوەکەشی دیارە هەمووی پەندو ئامۆژگاری، نەم زانی بۆچی ئەو جزوە سـەرنجی منـی راکێشاو چاوی منی گرت، ویستم بیکڕم مەلا ساڵح ووتی نرخی ٥ قرانە.

گوتم باشە دەچم پارەت بۆ دێنم، چوم پارەم هێنا بەڵام هەتا هاتمەوە مەلا ساڵح بـاری لێ نابوو رۆیشتبوو، پرسیم بۆ کێهەلا چوو گوتیـان بـۆلای خـواری، بـەغار بـە دوایـدا رۆیشتم لەخوار باغەکانی بەردێ گرتمـەوە، گوتـم: هـاتووم بـۆ کتێبەکـە، مـەلا ساڵح لەگەڵ ئـەوەش بارکردنـەوەو لـێ نانـەوەی لەبـەر گـران بـوو دیسـان دڵـی نەشـکاندم و بارەکەی کردەوەو، کتێبەکەی پێدام، ئیتر خەنی بووم، من کە لە کتێبی دەرس بـەولاوە چی ترم نەدیبوو چەندم پێ سەیر بوو کتێبێك لەهەوەڵ هەتا ئاخری هەمووی هەڵبەسـت بێ‌و هیچی تری تێدا نەبێ قەتم شتی وا نەدی بوو، ئیتر لەو رۆژەوە کارو پیشەم بوو بە خوێندنـەوەی ئـەو کتێبـە بـە چەشـنێکی وا کـە هـەمووم لەبـەر کردبـــوو،

ئەگەر لە ڕێگەش دەڕۆیشتم لەبەر خۆمەوە ئـەو شـیعرانەم دەخوێندەوەو ئێستەش لـەو هەڵبەستانە هێندێکیانم لە بیرە کە سەرەتای بەو شیعرە دەست پێ دەکا:

دلا گـر خـرد منـدی‌و هوشـیار مکـن صحبـت جـاهلان اختیــــــار

ئیتر وردە وردە باو خۆش ببوم و ڕێگەی دیوەخانم بۆوەو، وام لـێ هـاتبوو جـار جـار دەست لە کتێبخانەی دیوەخانەکەش وەردەم کە لەناو تاقەیەك دا لەلای سەرووی ژوورەکە بوو.پند نامەی‌عەتتار وای تامی هەڵبەست پێ چێشتبووم هەر بەدوای ئـەم جـۆرە شـتەدا دەگەڕام، ئەو کتێبخانە گەورە نەبوو بەڵام هەموو جۆرە کتێبێکی کۆن و لە مێژینەی تێدا وەگیر دەکەوت وەك: کلیلەو دمنە، شاهنامە ،مەسنەوی، انوار سهیلی، خمسە نیزامی، مسلم، تفسیر خازن، الف لیلەو زۆر کتێبی چیرۆك و شتی تر کەهەموویان فارسی بوون و ،لـەناو ئەوانـەدا داستانێکی پۆلیسـی - جنـایی بـەناوی "خانـەء زرد" هـەبوو، لــــە پێشەکی‌یەکەی‌دا نووسەر نووسی‌بووی ئەو کارە ساتە ساڵی ١٩١٦ "ئەگەر چـاکم لـە بیر مابێ" ڕووی داوەو، لە فەڕانسی‌یەوە وەرگەڕابوو بۆ فارسی، من هیچ داسـتانی لـەوە شیرین ترو سەرنج ڕاکێش ترم نەدیوە.

ڕۆژێك هەر لەناو ئەو کتێبخانەدا دەبینم کتێبێك هەیە خەتی وەك ئەوانی تـر نی‌یـە، وەك فارسی دەچێ‌و فارسیش نی‌یە، بە زەحمەت چەند دێڕێکـم لـێ خوێنـدەوە، ئـای، ئـای، کورە خۆ ئەو کتێبە کوردی‌یە، خۆ کتێبی کوردیش هەیە، ئەڕوانمە لاپەڕەی هەوەڵی بە خەتێکی گەورە لـێ‌ی نووسـراوە "شـێخ ڕەزا تاڵـەبانی" ئـەو جـار زیـادتر لـە هـەوەڵ و ناوەڕاست و، ئاخری ئەو کتێبە ورد ئەبمەوە ئەبینم لە ئاخرو ئۆخری‌دا ئەو شاعیرە بە

فارسیش شیعری گوتـوە، ئـای لـەو شتە سـەیرە، ئـەوە ئـەبێ ئـەو کـابرایە چ زانـاو هەڵکەوتویەك بێ وا بە کـوردیو فارسـی شـیعری گوتـوە؟ چیتـان لـێ بشـارمەوە لـەو ڕۆژەوە ئیتر دیوانی شێخ ڕەزا منی بە جارێك لە پند نامەی عەتتار پچڕیەوە، هەر لاپەڕە یەکی لەوی دی شیرین تر، بەتایبەتی ئەو هەڵ بەستە فارسیانەی کـە سـەرەتاکەی بـەو شیعرە دەست پێ دەکا:

نەسر از مطلع گیلان بدر ارد ماهی        نەعلم بر کشد از سمت بخارا شاهی

کورد گوتەنی بە جارێ مێشکی منی ئـاودا، ئیـتر وەخـت و بێوەخـت ئـەو هـەڵ بەستانە لەسەر زمانم بوون و ورینگەم پێوە دەکـرد، گاڵتـەو جوێـن و هەڵبەسـتەکانی تری شێخ ڕەزام لەگەڵ هەر کەس لە هاوساڵانی خۆم باس دەکرد دەردەکـەوت کـە ئـەوان لـەمن باشـترو زووتـر ئـەو هەسـتیارو وێژەوانـە گـەورە کـوردە ئەناسـن و، هەڵبەستەکانیان لەبەرە. بێجگە لەوە هەستیارو وێژەوانـە گـەورەکانی تـری کـوردیـش وەك: ناڵی، گۆران، حاجی قادر، بێخود، وەفایی، تاهیر بەگ، هێندێکیان دیوانی چاپ کراوو، هێندێکیان شیعری دەست نووسـیان لـەناو بـەیازو دەفتـەردا هەیـەو، نـە زۆر شوێن وەدەست دەکەون و، چونکە لە ماڵەکەی ئێمەدا نین من لێیان بێ خەبەرم. دیوانی وەفایی ئەو کاتە هێشتا چـاپ نـەکرابوو، بـەڵام "شـیرین تەشـی دەڕێسـێ"ی وەفایی وای دەنگ دابۆوە هەر پێش بڵاوبوونەوەی وولاتی داگرتبـوو، هیـچ کوڕێـك نەبوو باسی ئەو هەڵبەستانەی تێدا نەکرێو لەسەر مەعنا لێدانـەوەو شـی کردنـەوەیان کێشەو هەرا دەست پێ نەکا.

خوالێخۆش بوو حاجی بایزاغای مهتدی، دیبۆکریَ کە زانایەکی گەورە بوو، لەهەر شوێنێك ئەو هەبا باسی زانست و ئەدەبیش هەبوو یەکێك بوو لەو کەسانەی کە ماناو ئیشارەو تەشبیهی ئەو هەڵبەستانەی لە خەڵکی تر باشتر دەزانیو، دەی بردەوە سەر یەك و، هەڵبەست ناسەکانی تری ئەو کاتە بۆیان دەسەلماند.

دەنگ خۆشەکان بە دوای‌دا دەگەڕان کە بە گۆرانی بیڵێن و دەنگی خۆیانی پیَ وەبرەو خەن، ئاخری منیش دوای ئەوە جوتێکم کاڵە بە دوایاندا دڕی هەر لەلای دەنگ خۆشێك وە دەستم کەوتن، بەلاّم ڕاستت ئەویَ ئیتر لە دم و پلی من ناوەشێتەوە لە تەڕیو ناسکی ئەو هەڵ بەستانە بۆتۆ خوێنەری خۆشەویست بدوێم چونکە بەڕاستی ئەوە کاری من نی‌یەو هەر لەتوانام دا نی‌یە ئەو کەلێن و قوژبنانەی خەیاڵی وەفایی گەورە سەری پێدا کردووە من نیزیکی بکەوم، یان سەر لەمەبەستی ئەو دەرکەم، یان شی کەمەوە یان بەو خەتە خوارو خیچەم چەند دێڕێکی لەسەر بنووسم، کەوابوو باشتر هەر ئەوەیە خۆت ئەو خەزێنە وەدەست خەی کە بێگومان تۆش وەك من هەر لات وادەبیَ لاپەڕەکانی ئەدەبیاتی ئەم دواییانەی کوردی لە بەرزیدا هیچی تری وایان تێدا نی‌یە شان لە شانیان بداو، خۆیان لەگەڵ ڕاست کاتەوە.

ئەوەی سەیرە لە نویَ کردنەوەی چاپی دیوانی وەفایی‌دا لەناوەندی بلاّوکردنەوەی ئەدەبیاتی کوردی سەلاحەدینی ئەییوبی لەورمیَ، خرمانانی ١٣٦٤ی هەتاوی کە ئەو کاتە کاك هێمن سەرپەرشتی دەکرد شیعری شیرن تەشی دەرێسی‌یان لیَ دەرهاویشتوە بە بیانوی ئەوەی کە یەکەم گومانی لیَ دەکریَ شیعری وەفایی بن، دوهەم شاعیر بە شێوەیەکی ئەدەبی بیَ پەردەو ڕوهەڵماڵدراوو ناسك لە زۆر شت دواوە، کە بە بڕوای من غەدر لە

وەفایی کراو ئەو شیعرە لە ڕوو هەڵماڵدراویو بێ پەردەیی‌دا، دەسکی لە دوی پێنج خشتەکی‌یەکانی مامۆستا میسباحی ئەرمەنی بلاغی "ئەدەب" ناکا کە دەڵێن بەناوی نوسرەت خانم گوتویەو بەو شیعرە دەس پێ دەکا:

دویٚ شەو شەوی شەممە کە لە بورج و مەو ئەختەر

ئاڕاستە بو سەتحی سەرا پەردەیی ئەخزەر

یان خێرو شیعری مامۆستا شێخ ڕەزا تاڵەبانی‌و زۆر شاعیری تریش کە شیعری لەوە ڕوو هەڵماڵاوتریان هەیەو کەسیش نەك ئەو بیانوەی لە چاپکردندا پێ نەگرتون بەڵکو باشتر لێیان وەرگیراوەو لەناو کۆڕو کۆمەڵ دا هەر ئەو بێ پەردەیی‌و ناسکی‌یە ئەو هەڵبەستانەی گەیاندۆتە لوتکە لە بەرزی‌دا.

وەفایی شاعیرێکی زۆر کۆن و لە مێژینە نی‌یەو ئەو دواییانەش لە مهاباد پیرەمێردی وا هەر مابون کە خۆیان وەفایی‌یان دیوەو دەزانن چیرۆکی گوتنی شیرین تەشی دەڕێسیێ وەفایی چۆن بووە، کەچی ئەوان ئەوە بە بەڵگە ناگرن و دەڵێن: "بەوەڕا کە ئەو شیعرە لە بەیازی دەست نووسی مەلا عەبدوڵلای گەلاڵەیی‌دا نەبووە وا دەردەکەویٚ کە شیعری وەفایی نەبیٚو شیعری شوعاعی بیٚ." توخوا ئەو بیانوە سەیرە کەن، جامن شوعاعی بم و بزانم شیعری وەك تەشی دەڕێسیٚ بڵێم بۆ بەناوی وەفایی دەیڵێم و بۆ بەناوی خۆم نایڵێم؟ یانی دەبیٚ شوعاعی لەو دەمەدا ناوی خۆی لە بیر چوبێتەوە؟ لەلایەکی تر ئەو شیعرە ئەگەر شیعری شوعاعی بیٚ دەبیٚ بێجگە لەوە شیعرێکی تریشی لەو مستە وایەدا هەبیٚ، یان هیچ نەبیٚ کەسێك ناوی بیستبیٚ جا ئەوجار بێن شیعری بۆ لەوەفایی زەوت کەن

و لە گیرفانی ئاخنن.

هەر بەڕاستی وەفایی لە نووسین و نە نووسینی بەیازی خەڵکی‌تردا سوچی هەیە؟ ئەوەش هیچ، کاك هێمن ئەگەر خۆی لە چاپی نوسراوەکانی‌دا هەڵەیەکی بچووکی وەبەر چاو کـەوتبا کوفـری دوازدە ئیمامـانی دەکـردو، شـەوو ڕۆژێـك نەدەهاتـەوە سـەرە خـۆو، دەیگوت: تی‌ی... خۆی چۆن دڵی هاتوە ئەو غەدرە گەورە لە وەفایی بکـا کـە دیوانـی وەفایی هەر هەمووی بەسەنگ و تەرازوو لایەکەو، شیعری شیرین تەشی دەڕێسیٚ بەتەنیا لایەك....! من هەر ئەو دەم کە دیوانی وەفایی بڵاو بۆوە ئەو پیلەم بە کاك هێمن گـرت و، داوای بەڵگەم لیٚ کرد بۆ ئەوەی کە دەڵیٚ ئەوە شیعری وەفایی نی‌یە بەڵام لەوە بەدەر کە پی‌ی وابوو ئەو ووشانەی لەو شیعرانەدا بەکاری هێناون لە شیعرەکانی تری‌دا نیـن و ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە شیعری ئەو نەبن هیچ بەڵگەی تری نەبو، بەڵام هەروەك ئەودەم عەرزی خۆیم کرد وێنەی ئەوە لە شیعری خۆشی‌دا دەبینریٚ هەموو وشەیەکی لە هەمووو پارچەیەکی‌دا نا بینری‌و بەوەش نابیٚ شیعرەکەی لیٚ بستێنن و بیدەن بـە شـاعیرێکی تـرو شیعری شیرین تەشی دەڕێسیٚ بە ئاشکرا هەر ئەو گـەرمی‌و سـۆزو ناسـکی‌و ئاهـەنگ و سواری‌و تام و خوی‌یەیان هەیە کە شیعرەکانی تری وەفایی هەیانەو جیاوازی‌یان لەگـەڵ یەك نی‌یەو، وەفـایی قونتەراتیشی لەگـەڵ کـەس نـەکردبو کـە لـە هـەموو غەزەلـەکانیدا ووشەکانی پێشو دووپات کاتەوە بۆ ئەوە کە دوایی خەلعی شیعری نەکەن.

مەبەستی من ئەوە نەبوو ببمـە پـارێزەری وەفـایی‌و، گلـەو گـازندە بێنمـە سـەر خـۆم و، مەبەستم ئەوەش نەبوو وەفایی بەخەڵك بناسێنم چونکە خۆی لەوە گەورەترو ناسراوترەو، پێویستی بەوە نی‌یە، مەبەستی من هەڵبەستی شیرین تەشی دەڕێسی‌و ئەو شیعرانەی ترە کە

لەو سەردەمەدا دە گوتران و شوێنیان هەبووە لەسەر مـن و خـەیاڵی منیـان هەتاسـنوری خۆشەویستیی بوێژەکانیان ڕادەگێشاو هیچی ترو، لەو نـاوەدا چـاپ نـەکرانی شـیعری شیرین تەشی دەرێسیێی وەفایی لەدیوانەکەی دا هێند زەق بۆخۆی تێ کێشا.

هاوینی ساڵی هەزارو سێ سەدو بیستی هەتاوی واتە لە پشووی مەکتەب دا بوو کـە فڕۆکەکانی ڕوسیا مـەهابادیان بۆمبـاران کـردو، دوای ئـەوەش هێزەکـانی ڕوسـیا هاتنـە ئێرانەوە، ئیتر وولاتی ئێمە کە دەسەلاتی میریی تێدا نەمابوو، بووبە خان خانیو، کەس بە کەس نەبو، هەر کەس دەسەلاتی زۆربا حوکمی دەکردو خۆی بەسـەر دەرو جـیراندا دەسەپاند. لەو پشێوێنییەدا کارو بـاری وولات هـەر لەهـەموو ڕوویەکـەوە لـە گرێژەنـە چووبوو لەگەڵ ئەوانیش دەرس خوێندن و خوێندکاری، لەبەر ئەوە ئیتر منیان نـەناردەوە شار بۆ خوێندن و هەر ئەوەش ئاواتی خۆم بوو هێزەکانی حکومەت ئەو کاتە لە وولاتی ئێمە زۆر شپرزە کران و ئەو چەکانەی پێیان بوو لێیان وەرگرتن و، لە زۆر شوێن هەر بەوەندەشیان لێ نەگەڕان، لەو سەرو بەندەدا ناردیان تفەنگێکی برنـەوی درێژیـان بۆمـن کڕی بە سێ سەدو چل تمەن کە لە بیرمە لە جیاتی قایش بەنێکی تێ خرابـوو، ئیـتر لـەو ڕۆژەوە باسی خوێندن و مدرسە هەر نەما جا چ لـەوە خۆشـترە گـەنج بـێو تفـەنگ و، ئەسپ و، تاجیت هەبێو، ڕاوە کەروێشك هەبێو، کـەس بـەرگریت نـەکاو، وولاتیـش کەس بە کەس نەبێ؟!.

ئەو کاتەی مەهاباد بۆمباران کرا ژمارەیـەك لـە دانیشـتوانی شـارەکە چونـە دەرەوەو، ماوەیەك لە دەرەوەی شاردا مانەوە بۆ ئەوە کە بزانن وەزع بە کوێ دەگـاو، دوای ئـەوە کە هێمنی پەیدا بۆوە گەڕانەوە بـۆ سـەر شـوێن و کـارو کاسـبی خۆیـان بـێ ئـەوە کـە دەسەلاتێك بۆ بەڕێوە بردنی یاساو پاراستنی شارەکە هەبێ لە دەسەلاتی سەرۆك

عەشیرەتەکان زیاتر کە بە نوێنەرایەتی حکومەت دەهاتن حوکمی شارەکانیان دەکرد، وەك عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەد لە مەهابادو، کا عەلی‌ی پیرۆت ئاغای قەرە قەشلاغ فەرمانداری میاندواو کە هەردوکیان لە هۆزی دیبۆکریێو، لە تیرەی مارفاغا بوون.

نیزیکەی چوار ساڵ لەو مەڵبەندە نە میری دەسەڵاتی هەبوو، نە هێزی ڕووسەکان کە لە وڵاتا بوون دەستیان لە کارو باری خەڵك وەردەدا، لەبەر ئەوە دەر فەتێك بۆ هەموو کەس هاتە پێش بۆ دەربڕینی بیروڕا ئەگەر ئەو بیروڕایە نەتەوایەتیش بایە، چونکە پێش ئەو کاتە چ سەردەمی ڕەزا خان و چ سەردەمی پاشایەتی کوڕەکەی خەڵك. بەتایبەتی گەلی کورد، لەبەر زۆرو ستەم و دەست بەسەری بە هیچ جۆر ماوەی دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی، یان بیرکردنەوە لەو جۆرە شتانەیان نەبوو.

هاتوچۆو تێکەڵاوی خەڵك و ئازادی‌ی بەیان و سەربەستی‌و بێ ترسی لە گفتوگۆدا هەموو جۆرە باسێکی دەهێنا گۆڕێ، ڕۆشەن بیرو گەورە پیاوو شارەزاکان وا ئەبوو لە میرە کوردەکانی وەك: شێخ سەعیدی پیران، سمایل خانی سمکۆ، شێخ مەحمودی نەمر، ئەدوان کە دەتوانم بڵێم هەتا ئەو کاتە ئەو گەنجانەی لەتەمەنی من دا یان باو خۆشتریش بوون ئەو شتانەیان بە گوێ نە گەیبوو، لەبەر ئەوە بۆیان تازەو سەرنج ڕاکێش بوو.

بە تایبەتی شەڕەکانی سمکۆ لەگەڵ میری، کە ئەو کاتە هێشتە کۆن نەببو، زۆر کەسی وا هەبوو خۆی بە چاو دیبووی، ئەم چەشنە چیرۆك و بەسەرهاتانە بۆ گەنجەکان زۆر هەست بزوێنەر بون و، تێیان دەگەیاندن کە بەڵێ شتێکیش بەناوی کوردایەتی هەیەو، باپیرانی ئێمە لەسەر ئەو ڕێگە ڕۆیشتون.

کێ هەبوو شەڕی سمکۆی لە مەحمودکانی مەهاباد بۆ بگێڕنەوەو مچورکی پێدانەیەو دڵی گەرم نەبێ؟ کێ هەبوو پارچە هەڵبەستێکی کوردیی وەدەس کەوێو بە گریانـەوە نەی خوێنێتەوەو دەست بەدەست نەڕوا؟ هەرچی کـوڵ و کـۆی سـەردەمەکانی پێشوش هەبوو ئەو کاتە دەیان ڕشت، بەڵام چاپەمـەنی ی کـوردی نـەبوو، مەکۆیـەك، بنکەیـەك، شوێنێك، بۆ یەك گرتن و دەربڕینی هەستی نەتەوایەتیش هەروا.

ئەو کەم و کوڕیانە بە ئاشکرا هەمو کەس لەو کاتەدا هەستی پێ دەکردو، کە سیش بۆ لابردنیان هەنگاوی نەدەنا, یان ئەو هەنگاوە هـاوێژرا بـوو ئاشـکرا نـەبو، نـازانم، بـەڵام ئەوەندەی دەزانم لە زۆر شوێن سرتەسرت و کەین و بەینەیەك هەبوو، زۆربەی خـەڵکیش نەیان دەزانی چییەو، تەنیا ئەوانەی ئەیان زانی لەیەك ئاگـادار بـوون و ئیشـی خۆیـان بـە نهێنیو بە دڵسۆزی بەڕێوە دەبرد.

لـەوبارەوە زۆر شـت هـەبوو نـەدەگوتراو، زۆر شـت نـەبوو دروسـت دەکـرا، لێـــــك کردنەوەشیان زۆر هاسان نەبو، ئەگەر کەسـاتێکی وابوبـن کـە ئـەو ڕێکخـراوە، یـانی "کۆمەڵەی ژ.ك"، بۆ پەرەپێدان و بە هێزبوونی خـۆی پـەیوەندی پێیانـەوە بووبـێ، زۆر کەسی واش هەبوو کە خۆی بەدوای دۆزینەوەی کلیل و چاو ساغێکەوە بـو کەسـەرێك لەو هەودایە هەڵ کاو، خۆیان بگەیەنێتێ کە من لەو دەستە بـووم و ئـاخری ئـەو گرێیـە بە دەستی برایەکی خۆم کـراوە کـە هـەموو ئێـواران پێکـەوە بۆ گـەڕان و پیاسـە وەدەر دەکەوتین و، بە کەیفی خۆمان لەو شتانە دەدواین، دوای بەینێك دەرکەوت کە ئەو خۆی ئەندامی کۆمەڵەیەو نەی هێشتوە ئێمە بزانین و پێی دەکرێ ڕێگە بۆمنیش پـاك کاتـەوە، هێند لەسەر ئەو باس و خواستە ڕۆیشتین هەتا خۆی پێشنیازی ئەوەی کرد بەو کارە

هەستیٚ، ئەو ڕۆژە کە لەسەر ئەوە پێك هاتین منیش بۆ وەرگرتنی ئەندامەتی لەگەڵی بچم بۆ ئەو ناوەندە کە بە نهێنی بەو کارە هەڵدەستیٚ، گوتی: سبەی هیچ، دوو سبەی ئێواریٚ هەردووکمان دەچین.

ئەو دوو ڕۆژەش وەختیان لەگەڵ دیاری دەکەم هەرواش بوو، دوای دوو ڕۆژ ئێواریٚ وەپێشم کەوت بۆ خانوویەك لەسەر شەقامی شێرو خورشید کە ئەو شەقامە لایەکی ڕووبارەو لایەکەی تری شارە، ئەو خانووە کە زۆریش بچووك نەبوو دەرگایەکی بە دیوی شەقام داو، دەرگایەکی تری لە پشتەوە لەناو کۆڵان دا هەبوو کە ئێمە لیٚ هاڵاینەو ە بۆ ئەو دەرگایە، لەو مەیدانەوە کە پیٚی دەڵێن چوارچرا هەتا گەیشتینە ئەو خانووە بە ترس و ئاوڕدانەوەو چاوە چاو چووین نەوەك کە سێك بمان بینیٚ، کە وەژوور کەوتین دیار بوو ئەویان دەناسی، لەو خانوە بیٚ هەست و خوستە یەکێك هات و بە ئەسپایی دەرگایەکی تری بۆ من کردەوەو گوتی: فەرمو، لەو ژوورە بچکۆلەدا کە پەنجەرەیەکی بە دیوی حەوشەدا هەبوو قازی محەمەد نەبیٚ کەسی تری لیٚ نەبوو کە لە پشت مێزێك دانیشتبوو هێندیٚ کاغەزو کەرەستەی تری نووسین و قورئانێکی لە پێش بوو، لەپشت سەریشی پەشتەماڵێك بە دیوارەوە هەڵاوەسرابوو، بە گەرمی بە خێری هێنام و ئەحواڵی پرسیم "ڕەنگە ئەو ڕوون کردنەوە پێویست بیٚ کە بنەماڵەی ئێمە لەبەر ئەوە کە خزمایەتیی سەبەبیمان لەگەڵ ماڵی قازیان هەبوو کیژێکی سیف القطات، یانی خوشکی حەمە حوسێن خانی وەزیری جەنگی کۆمار لە ماڵی ئێمەدا بوو پێش ئەو دەمیش ناسیاویمان هەبوو.

قازی محەممەد کە دەزانین ئەو دەم هێشتە عنوانی پێشەوای نەبوو لە بارو دۆخی ئەو کاتەو ڕابردووی کوردو، پێویستییەکانی چالاکیو هەڵسوڕانی ئەو کاتە بەینێك قسەی کرد کە ئەگەر هەموویان بنوسمْ پێم وایە ئەو پێشەکییە زۆر قورس دەکا، دوای ئەوە هەستا سەر پێو ئەو پشتەماڵەی لە پشت سەری بە دیوارەوە هەڵاوەسرابوو هەڵی داوەو، لیی پرسیم دەزانی ئەو تابلۆیە چییە؟ عەرزم کرد بەڵێ دەزانم نەخشەی کوردستانە، ئەو جار لەسەر وەزعی جوگرافیای کوردستانی گەورە کە لە خەریتەکەی ئەودا دەگەیشتەوە سەر دەریای ڕەش بەهەموو بەشەکانییەوە بە دوورو درێژی بۆی باس کردم، لە تەواوی ئەو ماوەدا ئەوەندە بە شارەزایی لەو مەسەلانە قسەی دەکرد کە شوێنی دەکردە سەرم و، وەك قوتابییەك بەهەموو هۆشی خۆمەوە گوێم دەدایە.

دوای ئەوە فەرمووی هیچ پرسیارت نییە؟ عەرزم کرد نەخێر، ئەو جار فەرمووی: ئەوە بوو باری ئەوڕۆی کوردو، ڕابردووی کوردو، جوغرافیای کورد کە بۆم باس کردی، جا لەدوای ئەو گۆڕانەی بەسەر وولات دا هاتووە، ئەگەر ئێمەش بەپێی توانا هەوڵی ئەوە نەدەین بەرێگەی باپیرانی خۆماندا برۆین ڕەنگە نەتەوەکەمان لە داهاتوودا لێمان نەبورێ، ئەو هەوڵەش دەبێ بە کۆمەڵ و لە ڕێگەی ڕێکخراوو سازمانەوە بێ چونکە دەستێك بەتەنێ تەقەی نایە، دیارە هیچ ڕێکخراوو سازمانێك بەبێ پشتیوانی کۆمەڵ خۆی ناگرێ، هەر کەس مەبەستی خزمەتی گەل بێ دەبێ پاڵ وە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی بدا ئەگەر لە خۆی ڕاببینێ جا ئێستە کە لەهەموو شتێك ڕوون بوویەوە من لە ئیختیاری تۆدام، عەرزم کرد من هاتووم ئەندامەتی وەرگرم.

فەرمووی جا ئامادەگیت هەیە؟ هەموو شتێك لێك بدەوە، ئەو پەیمانە ڕاگرتنی زۆر ئاسان نی‌یە، عەرزم کرد ئەو کەسانەی بوونە ئەندام و پێیان ڕاگیراوە چیان لەمن زیاترە؟ ئەگەر ئەوەم گوت دەستی برد قورئانەکەی هێنا لە بەینی من و خۆیدا داینا و فەرمووی ئەگەر حازری هەر چی من گوتم تۆش بیڵێ و، بەدوای ئەوەدا فەرمووی بڵێ: بەهەقی ئەو قورئانە هەتا من هەم خەیانەت بەکوردستان ناکەم.

منیش ئەو سوێندەم دووپات کردەوەو دەستم بە قورئانەکەدا دا.

بەدوای ئەوەشدا بە سوێندەکانی تردا هات:

بڵێ: بە هەقی ئەو قورئانە نهێنی‌یەکانی حیزب لەهیچ هەل و مەرجێك دا نادرکێنم.

بڵێ: بەرژەوەندی حیزب وەپێش بەرژەوەندی خۆم دەخەم.

بڵێ: بەبێ ئاگاداری حیزب ئەندامەتی حیزبی تر وەرناگرم.

بڵێ: دەست و، زمان و، قەڵەمم بۆ خزمەتی کورد بەکار دێنم.

بڵێ: خەیانەت بە هەڤاڵی خۆم ناکەم.

بڵێ: فەرمانی حیزب لەهەموو مەرجێك دا ڕادەپەڕێنم.

من تەواوی ئەو سوێندانەم دووپات کردەوەو دەستم بە قورئانەکەدا دا.

دیسان هەستا دەستی لە دەستی نام و یەکترمان ماچ کردو، لەدوای ئەوەی هێندێ ئامۆژگاری لەمەڕ کاری حیزبەوە کرد لەلای هاتمەدەر، ئەو جاریش هەر بە چاوە چاوو، ئاوڕدانەوە زۆر پێ نەچوو مەلا ئەحمەدی وەتەمیش کە گوندێك بوو لە جیرانی خۆمان بۆ کاروباری حیزب پەیوەندی پێوە کردم و، باوکم ئاگای لەو ئیشەی من نەبوو.

پێویستە خوێنەری خۆشەویست بزانێ کە دامەزرێنەری کۆمەڵەی "ژ.ك" ژمارەیەکی تر

ڕۆشەن بیرو دڵسۆزی مەهاباد بون نەك قازی محەمەد كە ناوی ئەو بەڕێزانە ئەوانەن ئەگەرچی لە هێندێ جێداو لە زاری هێندێ كەسەوە وێك نەچوتێك لـەناوەكانیاندا هەیە، بەڵام ناوی دامەزرێنەرەكان: حسین فروهر، عبدالرحمن زبیحی، عبدالرحمن امامی، عبدالقادر مدرسی، نجم الدین توحیدی، محمد نانـەوازادە، علـی محمـودی "كە ئەو بـەڕێزە مودیـری مەكتـەبی نووسـەری ئـەو دێڕانـە بـوو كـاتی خوێندنـم لـە مەهاباد"، محمـد اصحـابی، عبدالرحمـن كیـانی، صدیـق حیـدری، قاسـم قـادری.

هەڵبەستێكی من بەناوی "سرود" هی هاوینی ئەو ساڵەن كە ئەتوانم بڵێم ئەو پارچە شیعرە نیوەی ووشەكانی هەر كوردیش نین بەڵام لەبەر ئەوە كە یەكەم هۆنراوەی منن كە لەتەمەنی شازدە ساڵیدا گوتومن و یەكەم هۆنراوەی منن كە ئـەو كاتـە بـە دەس نووس بڵاوبوونەوەو هەروەها سەرەتای خۆ ڕاهێنانی كوردایەتیمن لەگەڵ هەمو كەم و كوڕیو ناتەواویەكیان هەر لەلام خۆشەویستن و، هـەر لەبـەر ئـەوەش دەستم تـێ نەدان و هەڵیشم ناواردن چونكە ئەگەر نرخی ئەدەبیشیان نەبێ لانی كەم هەستێكی گەرم و گوڕیان تێدایەو، لـەلانی بیرەوەریشـەوە ئـەو ڕۆژگـارەم بەتـەواوی دێنێتـەوە بەرچاو، بێجگە لەوە كە هەر ئەوەندەشم لەدەست هاتوە، ئەو كاتە چ كوردییەكی تری پەتیو باشم خوێندبۆوە كە شتێكی لێ فێربم؟ بەڕاستی ئەو ڕۆش كە ئەو دێڕانە دەنووسم و دەبینم كوردستانی خۆشەویست لەمەیدانی ئەدەب و زانست و هونـەردا گەورە نووسەرو بلیمەتی وەك: دوكتۆر ئەو ڕەحمان حاجی مارف، دوكتۆر شێركۆ بابان، مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی، مامۆستا محەمەدی مـەلا كـەریم، دوكتـۆر مارف خزنەدار، دوكتۆر كمال مەزهەرو، دەیان گەورە نووسەری هەڵكەوتووی

تری وای پێ گەیاندوە کە بەجارێك بەسەر هەموو لایەنەکانی ئەدەبیاتی کوردیدا زاڵـن بۆم هەیە لە نووسینی خۆم دوودڵ بم هەر چەند زەماتێکی دوورو درێژیش بەسەر ئەودەم دا تێپەڕیوە کە دەستم بەهیچ نووسراوێکی کوردی ڕا نەدەگەیشت، ئای ئەگەر ووتەی ئەو بەڕێزانە لەدەروونی پڕو ئاخندراو دێتە دەر، ئای ئەگەر شیرن دەنووسن، یاخوا کەس نووسراوی من و کەسانی تری وەك من لەگەڵ چەکامەی بەرزی ئەو گەورە نووسەرانە نەخاتە تای تەرازوو، تا ئەو سەنگ و سوکی‌یە هەر خۆم بیزانم، خوای گەورە بیان هێڵێ بۆ خزمەتی زمانی کوردیو، بۆشانازی من.

ئەرێ تۆبڵێ‌ی مـن کـە لـەژیانم دا لـە نـەهاتیو چەرمە سـەرێ بەولاوە چی‌تـرم نـەدی بەمردویی شانس ڕووم تێ بکاتەوەو، ئەو دیوانە بێ سەرو بەرەم ڕۆژێك لەڕۆژان بکەوێتە بەر دەستی لێوە کۆڵ و زانای پایە بەرزی هاوچەرخ مامۆستا مەلا عبدالکریمـی مـدرس کە بە بیری بەرزو خامەی زێڕینی خۆی دەستی تێ بگیرێو، گیاتێك وەبەر دێرە سـیس و مردولەکانی بێنێ؟ خوایە ئەو تەمەنە درێژە بەو زانا مەزنەو، ئەو بەختەوەری‌یـە گـەورە بە "هێدی" ڕەوا ببینێ.

قسەمان لە کۆمەڵەی "ژ.ك" و ئەو سەردەمە بـوو کـە دوایی بەبۆنـەی دروسـت بوونـی کۆمارەوە لەناو خەڵك دا بووبە خۆشیو شـاییو، هـەر ڕۆژە لەلایـەن چینێکـەوە جێـژن بەرپا دەکراو لەوەدا ئەو دەرفەتـە بـۆ منیش دەهاتـە پێـش هەڵبەسـتەکانم لـەو جێژنانـەدا بخوێنمەوە، ڕۆژنامەی کوردستان کە بە بەڕێوبەرایەتی "سید محمد حمیدی" لە مەهاباد دەردەچوو لەگەڵ چلۆنایەتی جێژنەکان ئەو هەڵبەستانەشی چاپ دەکرد کە بەداخەوە ئێستە ئەوهەڵبەستانە هیچیانم لەدەس دا نین بێجگە لە یەك دوو پارچە کە لەم لاو لەولا

وەگیرم کەوتونەتـەوە، ئەگـەر هێزەکـانی میری دوای تێـك چوونـی کۆمـار وولاتیـان داگرتەوە لەترسان ئەو هەڵبەستانەم کفن و دفـن کـرد کـە ئێسـتە نزیکـەی چـل سـاڵ و زیاتریش لەو کاتە تێ دەپەڕێ‌و، دیارە هەموو لەبن عەرزیدا ڕزیون و، هەرچەند هەوڵیشم دا ڕۆژنامەکـەم لـەهیچ کـوێ وەدەس نەکەوتـەوە کـە هەڵبەسـتەکانی لـێ بێنمـەوە دەر، هومێدم زۆر بە کتێبخانەی مامۆستا گیو بوو کە هـەر بۆ ئـەو مەبەستەش لـە شۆڕشـی ئەیلول دا چوومە مـاڵی‌و ئـەویش بەداخـەوە دز لـە کتێبخانەکـەی دابـوو، لەگـەڵ کۆنـە قاقەزی تر ئەو ڕۆژنامانەشیان بردبوو، لەبەر ئەوە ئەو هەڵبەستانەی لێرەدا بەدەستی ئێوەی بەڕێز دەگەن نیوەی هەڵبەستەکانی منن کە لەدوای پەڕیوە بوونم بۆ کوردستانی خواروو گوتومن، ئەگەر لەدوا ڕۆژیش دا وا هەڵکەوت لەولاو لەولا ئەوانی ترم وەگیر کەوتنەوە بەیاری‌ی خوا لەچاپیان دەدەم هەر ئەوەندە کاك ئیزراییل جاری دەس ڕاگری.

"وەلاّم" کە پارچە هەڵبەستێکی ئەو کاتەن و لەو دەفتەرەدا دەی بینن چیرۆکێکی هەیـە: لەدوای پێك هاتنی کۆماری مهاباد کە لەناوچە ئازادکراوەکان دا سەربەستی‌و دەسەلاّت هەبوو کابرایەکی سنەیی‌ی کە لەژێر دەسەلاّتی میری دابوون پارچە هەلبەستێکی بەرزی نووسیبوو ناردبووی بۆ حیزب، کە ئێوە خۆتان ڕزگار کردووە بەلاّم لەخەمی ئێمەدا نین، نازانن حاڵی ئێمە بەدەس ئەو ڕژێمەوە چی‌یە، ڕۆژنامەی کوردستانیش ئەو هەڵبەسـتانەی چاپ کردبوو، لە جێژنێك دا پێشەوا قازی محەممەد ئەو ڕۆژنامـەی پێـدام و فـەرمووی: ئەگەر دەتوانی تۆش شتێك لەوەلاّمی ئەودا بنووسەوە، خوا پشـتیوان بـێ ئێمـە لەهـەموو دەرفەتێك بۆ داخوازی‌یەکەی ئەو کەڵك وەردەگرین، ئەو هەڵبەستانەم ئەو کاتە گـوت، کەوام لە بیرە هەر دێڕێك لەوەلاّمی دێرێکی ئەودایەو، لە ئاهەنگی جێژنی چینیِ خەرازیان

دا کە پێشەوا خۆی حازر بوو خوێندمەوە زۆر سەرنجی ڕاکێشاو، لیٚی وەرگرتم و ڕۆژی دوایی ڕۆژنامە چاپی کرد.

دروست بوون و ماوەی حوکم و ڕوخانی کۆمارو، باری ڕامیاری ئەو کاتەی وولاّت و هەڵوێستی هێزە لاوەیی‌یەکان و، بەدوای ئەودا کوشتن و، لەداردانی ژمارەیەکی زۆر لە نیشتمان پەروەران بەدەستی جەلادەکانی حەمەرەزا شاو، چلۆنایەتی داگیرکردنەوەی کوردستان بەهۆی ڕژێم هەر چەند کارەساتێکە زۆر نووسراوەو، بەشێك لە بیۆگرافیی گەلی زۆر لێکراوی کوردە نەك تەنیا هی من بەلاّم لێرەش دا کورتە ئاوڕدانەوەیەکی پێویستە، بە تایبەتی ئەو بەشانەی پەیوەندی‌یان بە بەسەرهاتی خۆمەوە هەیە.

هەر پێش دروست بوون و کاتی دروست بوونیشی کۆماری مەهاباد دۆستایەتی بەرەی سۆسیالیستی‌ی گرتە پێش و، ئەوەش شتێکی سروشتی بوو هەردەبوو وا بوایە، چونکە هێزی داگیر کەری ڕوسیا لە ئازەربایجان دا نەك هەر مەوجود بوون بەڵکو خۆشیان باش دامەزراندبوو، بەسودی خۆیان بەتەواوی دەستیان لە کاروباری ئەو ناوە وەردەدا.

حکومەتی ناوەندی کە لەلای خوارووش بەدەس هێزە ڕۆژ ئاوایی‌یەکانەوە پێوە بەو دەسەلاّتی ئەوەی نەبوو پێشگیری لەکارو باریان بکا، ڕوسەکان چاویان لە نەفتی ئێران بوو کە ئەو کاتە بەدەس انگلیزەوە بوو، جا بۆ ئەوە کە حکوومەتی ناوەندی وا لیٚ بکەن بۆ داوخوازی‌یەکانیان مل ڕاکێشیٚ، یان باشتر بڵێم ویستی خۆیانی بەسەردا بسەپێنن دەستیان کرد بە قەڵسە گیران لەڕژێمی ئەو کاتەو لە تەورێزو مەهاباد کۆماری تورك و کوردیان دامەزراندو پشتیان گرتن و، یارمەتی‌یان دان کە خۆیان ڕاگرن هەتا کاتی خۆی!! لەبەر ئەوە کوردەکان بەتەواوی پشتیان بەبەرەی ڕۆژهەلاّت بەستبوو، هەر

سەردەمی کەس بەکەسیش لە وولاتدا "ئۆف"و "ئیزم" ئاشی پێ دەگەڕا.
بەرەی ڕۆژئاوایان وا فرێ دابو کە چاویان بە سینەما ئازادەکەشی هـەڵ نـەدەهات کـە لە ناوەڕاستی شەقام دا لە مەهاباد بۆ خەڵك پانیان دەکردەوەو، تێلی کارەباکەیان لێ هەڵ دەبڕین کە کەس لێی نەڕوانێ نـەوەك شـتێکی سـەرنج ڕاکێـش، یـان ڕوون کـەرەوەی تێدابێ‌و، وەك دەڵێن بۆ بارە لۆکە!! زەرەر بێ.
کە کۆماری مەهابادیش دامەزرا ئەو پەیوەندی‌یانـە هـەتا ماوەیـەك لەگـەڵ بـەرەی ڕۆژ هەڵات هەر بەهێزتر کراو، لەگەڵ پشـتگیری تـرو نیشـان دانـی یەکیـەتی، هێنـدێ لاوی خوێندەواریشیان لەولاتی ئێمەوە بردە ئەو دیـوی دیـواری ئاسـن "روسـیا" بـۆ ئـەوە کـە زانستێك لەگـەڵ خۆیـان بێننـەوە ئـەم وولاتـە سـەرمایەدارە! دواکـەوتووە!! وخزمـەتی! گەلەکەی خۆیانی پێ بکەن کە یەکێك لەو لاوانە برایەکی من بوو بەناوی "حەسەن" کە دەتوانم بڵێم ڕۆیشتنی ئەو لەو ڕۆژەوە ڕاستەوخۆ شوێنی لەسەر ژیانی من داناو، ئـەویش شتێکی خستە سەر چەرمەسەری‌یەکانی ترم، دوایی بادەدەمەوە سەری.
تارانی ئەو کاتە لەتاوو توێی باکورو باشوری وولات دا کە هەر یەکە لە دەس بەرەیەك دا بورن دەسووتاو، پەیتا پەیتا سەرەك وەزیـری دەهێنـاو لای دەبـردو، ئـاڵو گـۆڕی پـێ دەکردن، هەتا دوایی "حکیم الملك" جێگەی خۆی دا بە "قوام السلطنة" و، ئەویش هەر دەس بەجێ لەگەڵ ڕووسەکان کەوتە وتووێژ کە بە چەشنێکی ئاشتی خوازانـە لەگـەڵیان پێك بێ‌و، ئێرانیان پێ بەجێ بێڵێ، ئەوەبوو کە بەڵێنی پێدان نەفتەکە بدا بەوان بەو مەرجە هێزەکانی خۆیان لە ئێران بەرنەدەر بۆ ئەوە کە دەرفەتی ئەوە هەبێ لە هەموو جێ‌یەك و، لەگەڵ ئەوان لە ئازەربایجان و کوردستانیش هەڵ بژاردنی پارلمان بەڕێوە بچێ‌و

نوێنەری هەموو جێیەك بچێتە پارڵمان، جا ئەو کاتە لایحەیەك بدەن بەو پارڵمانە کە قۆڵ لەسەر ئەوە بکێشێ نەفت بدەن بەوان لە جیاتی ئینگلیز، کە بەقسەی خۆی هەردووك لا هەر لاوەیین و بۆ ئێران هەر دەکا یەك.

تەواریشەکانی لایەنگری گەلانی ژێر دەست و، چەوساوەو، بێ بەش!! بەو بەڵێنە هیچ و پووچە کە ئەوان نەبێ هەموو کەس دەیزانی درۆو دۆلابە وا وەپەلە کەوتن کە کابرا گوتەنی لە جیاتی سەری وولاخ کلکیان لغاو دەکرد، ئیتر دۆستە دڵسۆزەکانی کوردو تورك و یارمەتی دەری چەند ساڵە، نە دۆستیان لە بیر ما نە دوژمن و ئەگەر قاچێکیان هەبوو کردیان بە دوو، تێیان تەقاند بۆ ناو بەهەشتەکەی خۆیان! و ئێستەش کە ئێستییە ئاوڕیان لەکەس نەداوە.

حکومەتی ناوەندیش دوای ڕۆیشتنی وان هێزەکانی خۆی هێناوە بۆ ئازەربایجان و کوردستان کە سەرکردەی هێزەکانی کوردستان ئەفسەرێك بوو بەناوی "سەرتیپ هومایونی" کە دەتوانم بڵێم ئەو هێزانە لە هیچ کوێ پێشگیری‌یەکی وایان لێ نەکرا بەتایبەتی لە کوردستان کە خەڵکێکی زۆرو، لەگەڵ ئەوانیش پێشەوا هەتا شاری میاندواو بە پێشوازی‌یانەوە چوون و، میری لەجاری هەوەڵی خراپتر دەستی بەسەر وولاتدا گرتەوەو، کەلێن و قوژبن نەما ژاندرمە خۆی تێڕا نەکا.

کە وولاتیان بۆ سەقامگیر بۆوە کاربەدەستان و بەڕێوە بەرانی کۆمارو، لە پێش هەموانەوە "پێشەوا"و "صدر قازی"و "سیف قازی" لەگەڵ ژمارەیەکی تر گیران و، دوایی لەدار دران، کە نامەوێ زۆر لێی وورد ببمەوەو کە ئەو هەویرە ئاوێ زۆر دەباو، بێگومان

خوێنەریش هەست بەوە دەکا، دەش زانم بازدان و تێ پەڕین لەو مەسەلە گرینگە لێرەدا کەم و کورپەکی گەورەیە، بەڵام با هەڵم گرن بۆ جێیەکی تر ئەگەر خوا حەزکا.
میری زۆری پێ نەچوو دەستی کرد بەچەك وەرگرتنەوەی خەڵك و، لەوەش دا تووشی هیچ گیرو گرفتێك نەهات و بێجگە لە هێزەکانی بارزان کە ئەو کاتە بەسەر کردایەتی شێخ احمدو، مەلا مستەفا لە کوردستاناو، لەرووی سوپاییەوە پشتیوانێکی گەورەو بەهێزی کۆمار بوون، عەشایری تر بەبێ خۆ گرتن چەکەکانیان تەسلیم کردەوەو، هەر لەماڵی ئێمە سیو یەك تفەنگیان بردە دەر کە یەکێك لەوان برنوە درێژەکەی من بوو کە ئەو جار لەجیاتی بەن قایشی تێ خرا بوو، بەدوای ئەویش دا هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی پەرلمان دەستی پێکرا، کاتێك مەجلیس کرایەوە هەموو نوێنەرەکانیان تێ گەیاند کە هەر کاتێك سەرەك وەزیر لایحەی نەفتی هێنایە مەجلیس لێی لەهەرادەن و بیکەنە دەرو، هەرواشیان کرد، بەوجۆرە ڕووسەکان خەڵەتان و کلاوێکی گەورەیان لەسەر نرا، قەوامیش کە ئەو بەڵێنەی پێ دابوون، تاوانەکەی خستە ئەستۆی نوێنەرەکانی پارلمان کە بڕیارەکەی ئەویان داوەتە دواوەو، وەك کلاشی مام ئاشەوان لەسەر زگی خۆی هەڵگرت و، لەسەر زگی وانی داناو، بەوجۆرە هێزی سور بیی لە ئێران بڕا بێ ئەوەی تنوکێکی نەفت وەگیر بکەوێ، ئەگەر هەتا ئەو دەم نەتورکی هەبوو نەکورد، ئەوجار نەتورکی هەبوو نەکوردو نەنەفت.
ئیتر تەنیا کۆسپێك لەوناوە کە لەبەرانبەر حکومەت دا مابو بارزانییەکان بوون کە بەماڵ و منداڵەوە لە هەموو شوێنی کوردەواریدا بڵاو بوون و لەهەموو گوندەکان دابەش کرابوون، پێش تێك چوونی کۆمار ئەوانەی چەکیان پێ هەڵدەگیرا زۆربەیان لە جەبهە

بوون کە ئەو کاتە بەشی زۆری ئەو جەبهانەی کەوتبوونە لای "سەقز" بەهۆی وان ئیدارە دەکراو، زەحت و زۆری سوپای میریش هەر لەولا بوو.
مەلا مستەفا بەدەرەجەی ژەنراڵی‌یەوە سەرکردایەتی ئەو هێزانەی دەکرد، حکومەتی شا کە پێش داگیرکردنەوەی وولات و، ناردنـەوەی ئەرتـەش بـۆ کـوردەواری زەبری وانـی لـە جەبهەکان چێشـتبوو کـاتێك هێزەکانیـان هاتنـەوە نـەیان دەویسـت یـان نـەیان دەتوانـی بەزۆری‌و مل هوڕی داوای چەك دانان لەبارزانی بکەن لەبەر ئەوە داویان لێ کرد بچێتە تاران بەڵکو لە ڕێگەی وتووێژەوە لەو بارەوە بگەنە نەتیجەی دڵخوازی خۆیان.
بارزانی لە سەفەرەکەی‌دا بۆ تاران نەی گوت ئێمە چەك دانانێین هەتا خـۆی لـە چـەنگ ڕزگاکردن و گەیشتەوە کوردستان، کە هاتەوە بەکاربەدەستانی حکومـەتی گـوت: مـن هەر دەسەلاتی ئەو تەنیا تفەنگەم هەیە کە بەدەست خۆمەوە ئەگەر ئەتانەوێ پێتانی ئـەدەم و، کەسی تریش بە قسەی من چەك دانانێ.
دوای ئەوە حکومەت زانـی لـەو گیروگرفتـە بـێ ئارەقـە ڕزگـاری نـابێ‌و، لەبـەر ئـەوە هێزەکانی خۆی‌و عەشایری ئەو ناوەی دەنگ دا وەخۆیان کەون و بە تێکڕایی بەرەنگاری بن، کە ئەو بەرەنگار بوونەش لـە شـنۆو لاجانـەوە هـەتا سـەر ڕوبـاری ئـاراز بەشـێوەی هـەرەتوند ادامـەی هـەبوو، لەهـەوەڵ ڕۆژی ئـەو بڕیـارەی مـیریدا شـەڕە پارتیزانی‌یـــــە مێژوییەکەی بارزانی دەستی پێ کرد کە لەوتارێك دا بەهەڤالانی چەکداری خۆی گوت: من دەچم بۆ مردن هەرکەس ژیانی خۆی‌و ماڵ و منداڵی خۆی دەوێ لەگەڵم نەیـە بـڕوا وەدوای ژیانی خۆی بکەوێ‌و، لەگەڵ ئەوەش پێنج سەدو سی چـەکدار مردنیـان لەگـەڵ ئەو هەڵبژاردو ژیانیان فرێدا ئەولاو، لەگەڵی وەڕێ کەوتن و لەوێوە هەتا سەر

ڕووباری ئاراز "سنووری سۆڤیات" تووشی شەڕی زۆر خوێناویو، سامناك هاتن و بە سنووری ئێران و تورکیەدا کە هەردووکیان دوژمنی بوون لە هەل و مەرجێکی وادا خۆیان گەیاندە سۆڤیات کە بوو بەهۆی سەر سوڕمانی پسپۆڕەکانی سوپایی جیهان و، کەس گومانی لە هەڵکەوتوویی ئەو قارەمانە کوردەدا نەما.

بارزانییەکانی تریش کە ماڵ و منداڵیان لەگەڵ بوو لەگەڵ شێخ ئەحمەد برا گەورەی مەلا مستەفا گەڕانەوە شوێنی خۆیان لە عیراق، کە گەڕانەوەی ئەوان بۆ عیراق و ڕۆیشتنی مەلا مستەفا بۆ ڕوسیاو هەروەها هاتنیان لە عیراقەوە بۆ ئێران هەریەکەی چیرۆکێکی جیای دووروو درێژی هەیە کە هەتا ئێستە زۆر کەس لیێ دواون و لەسەریان نووسیوە بەڵام بە داخەوە هەموویان هەرئاوا نیوە چڵ و ناتەواون چونکە بارزانی کەخۆی قارەمانی کارەساتەکان بووە نەخۆی بیرەوەرییەکانی خـــۆی نووسیوەو، نە ئەوانەی هاو سەنگەری بوون خۆیان بەو کارەوە ماندوو کردووە، لەبەر ئەوە هەر کەس لیێ بدوێ هەر بە چەشنێکی گشتی ئەتوانێ باسی بکا نەك بە ووردیو، بەو تەرزە کە بووە.

چلۆنایەتی شەڕەکان و، پێش هات و، ئاڵۆزیو، هەڵوێستی بارزانی لە شوێنی زۆر حەستەم وتەنگانەو ترس و برسییەتیو ماندویی زۆرداو، وەفای هەڤاڵەکانی کۆن و نوێی کە مردنیان لەگەڵ ئەو لە ژیانی بێ ئەو لە پێ خۆشتر بوو ئەو شتانەن کە هێشتە کەس نەیتوانیوە بەو چەشنە کە بووە بەتەواوی لەگەڵ باری ڕامیاری ئەو سەردەمانە بی هێنێتە سەر کاغەز هەتا مەولەوی گوتەنی: مثنوی هفتا دمن کاغذ شود.

دوای گەڕانەوەی هێزەکانی میری ژمارەیەك لە کاربەدەستانی کۆمار گیران و بەندی کران و، خەڵکی تریش زۆربەیان گەڕانەوە سەرشوێن و کارو کاسبیی خۆیان بەڵام گەلێك لەو کەسانە کە بە چەشنێك یارمەتیی کۆماریان دابوو لە خۆیان دەترسان کە باوکم یەکێك بوو لەوان و، بێجگە لە ئەندامەتی ئەنجومەنی کوردستان بەینێك بە نوێنەرایەتی کۆمار لە سەقز دایان نابوو کە ئەو شارە لەبەر دەستی میریدا بوو، پێش گەڕانەوەی هێزی حکومەت لەوێ دەس بەسەر کراو، لەو ماوەدا لە سەقز لەگەڵ سەرتیپ هومایونی کە فەرماندەی هێزەکانی حکومەت لە کوردستان بوو ناسیاویی پەیدا کردبوو.

لەدەس بەسەری ئەودا کە هێشتە جەبهەکان بەتاڵ نەکرابوون لە مەهابادەوە هاتم بچم بۆلای، لە گوندی "سەرا" کە نزیك سەقزەو، بە جەبهەکانی دەورو بەریەوە بە تەواوی لەژێر دەسەڵاتی بارزانییەکان دابوون، گوتیان ڕێگەی هاتوو چۆ بۆ سەقز نییە، ئەگەر بچی بۆ ئەوێ دەبێ مەلا مستەفا ڕەوانەت بکا دەنا ڕێت نابێ، لەبەر ئەوە داوای دیتنی بارزانیم کرد، منیان بردە ژوورەکەی ئەو لەناو گوندی سەرا، خۆی هەر سبەینێ زوو ڕۆیشتبوو بۆ سەردانی جەبهەکان و، لەژوورەکەیدا قەرەوێڵەیەکی سەفەریو، فانۆسێك و سەماوەرێکی بچوك هەبوو، پیاوێکیش کە دیار بوو خزمەتی دەکرد لەوێ بوو، پاش تاوێك ترومبێلێکی جێب لەدەرگای ماڵەکە ڕاوەستاو بارزانی بە جلکی ژەنراڵییەوە لەگەڵ حەرەسەکانی لێی دابەزیو هاتنە ژوور پێش ئەو کاتەش من زۆر جار لەمەهاباد بارزانیم دیبوو، قسەم لەگەڵ کردبوو کە بەهەڵکەوت ڕۆژێك زۆرتووڕە بوو، جاری حەزدەکەم بگەڕێمەوە سەر مەسەلەی ئەو تووڕەبوونە: کار بەدەستانی کۆمار دەستیان

بەسەر ماڵ و دارایی ئاغایەکی مامەش دا گرتبوو کە بە دژی کۆماریان دادەنا، لەگەڵ ئەو شتانەی دەستیان بەسەردا گرتبوو ماینێك هەبوو کە دیار بوو خاوەنەکەی "مارفاغا" زۆری دڵ پێوە بوو چوو بوو عەرزی مەلا مستەفای کردبـوو کـە ئـەو شـتانەی لێـم ئەستێندراوە هیچیان قەیدی نی‌یە بەلاّم حەزدەکەم لوتفم لەگەڵ بکەی‌و، ئەو ماینەم بۆ بستێنیەوە ئەویش بەڵێنی پێ دابوو کە ئەو ماینەی پێ‌بداتەوە کە لە ژێر دەستی دەزگای سوپایی کۆمار بەشی "سررشتەداری" دابوو، پیاوی ناردبوو کە ئەو ماینە تەسلیمی خاوەنەکـەی بکەنـەوە بـەلاّم مەسئولی ئەو بەشە کـە ئەفسـەرێکی کـورد بـوو بـەناوی "خلیـل.." ماینەکـەی نـەدابۆوەو گوتبوی دەبێ حیزب دەستور بدا.

بارزانی لەسەر ئەوە تورە ببوو لە هەیوانی خانووی فەرمانداری پێشوو کە ئەو دەم کرابووە مەقەڕی حیزب پیاسەی دەکرد، من و خزمێکم بە هەڵکـەوت ئـەو کاتـە ڕێگـەمان کەوتـە ئەوێ‌و کە ئێمـەی دی فـەرمووی: ئێـوە ترومبێلتـان لەگەڵـە؟ هـەردوکمان عـەرزمان کـرد لەگەڵمان نی‌یەو نابێ خۆت عاجز کەی ئێمە دەچین ئەمری جەنابت بەجێ دەگەیەنین، ئەوە شتێکی وانی‌یە، فەرمووی: نەخێر ئـەو ئەفسـەرە ئـەبێ خـۆی هەوسـاری ماینەکـە بگـرێ‌و بەشەقام دا بیهێنێ هەتا ئێرە، ترومبیلم بۆیە دەوێ جەماعەت بنێرم، هەرواشی کرد جێبێکی سەر ئاواڵەیان هێنا ئەمری کرد چوار کەس سوار بن بچن بۆ قشڵە کە یەکێك لەوان نـاوی وەهاب اغا بوو ئێمە هەر لە خزمەتی‌دا ڕاوەستابووین کە ئەفسەرەکە پاش تـاوێك لەشـەقام پـەیدابوو، هەوسـاری ماینەکـەی بەدەسـتەوە بـوو، جێبەکـەش لـە پێشـەوە دەڕۆیشـــت، ماینەکوێت جوانویەکی لەبەر بوو کە ئەویش هەر کوێت بوو بەغاردان دەهـات و دەچـوو بەدوای دایکیەوە، وام لەبیرە پیاوی مارفاغا لەوێ بوو ماینەکەیان تەسلیم کردەوە.

ئەو ڕۆژە کە لە گوندی سەرا چوومە ژوورەکەی‌و پاش تـاوێك لەسـەردانی جەبهـە هاتەوە کە بەرچایان بۆ‌هێنـا عـەرزم کـرد: بۆیـە هـاتووم بچمـە سـەقز بـۆلای حـاجی حەمەداغا کە لەوێ ڕایـان گرتـوەو پیـاوێك نـەبێ کەسـی تـری لـەلا نی‌یـە وابزانـم بـۆ دەربازبوونی ڕێگە پێویست بە ئەمری جەنابت دەکا، فەرمووی باشـە، بـارزانی حـاجی حەمەداغای دەناسی، یەکەم لەبەر ئەوە کـە ئـەندام بـوو لـە ئەنجوومـەنی کوردستان، دوهەم لەبەر ئەوە کە خانوویەکی لە مەهاباد بۆ دانیشتنی بارزانی تەرخان کردبـوو کـە ئەو ماوە لە مەهاباد ماڵی لەو خانوەدا بوو.

دوای چایی خواردنەوە کە هەستا ڕۆیشـتە دەر فـەرمووی تـۆش وەرەو، بـەپێ‌یان ڕوی کردە خانوی ئاغای گوند کە خۆی ماڵی لە تاران بوو، خانووەکەی کرابووە مەقەڕی گشتی کە گەیشتە حەوشەی خانووەکە بە ئەفسەرێکی فەرموو: ئەو دوو مرۆڤـە بـەرێ بکـە بابچنـە سـەقز بـۆلای حـاجی حەمـەداغا، پیاوێکیشـم لەگـەڵ بـوو بـەناوی مـراد، ئەفسەرەکە لەگەڵ سەلامی عەسکەری گوتی بـەڵێ‌و، کشـایەوە دواوە، ئیـتر خـۆی لـە پلەکانەکان وەسەر کەوت.

دوای ئەو ئەفسەرەکە کە گوتیان ناوی "عزت عبدالعزیز"ە، گوتی: لێرەوە هەتا دەگاتە سـەقز هـەمووی جەماعـەتی ئێمـەی لێ‌یە، بـارزانی خـۆی ئـەمری کـردوە هەرکــەس بەوڕێگەیەدا بڕوا تەقەی لێ بکەن هۆی ئـەوەش ئەوەیـە خـەڵکی ئـەو نـاوە کەماسـت و پەنیرو ڕۆن و ئەو جۆرە شتە بۆ فرۆشتن دەبەنە سەقز، هی وایان تێدا هەیـە کـە شـوێنە گرینگەکانی ئێمە بۆ حکومەت ئاشکراو دەسـت نیشـان دەکـەن و ئەگـەر فرۆکـە دێ ڕاستەوخۆ لەو شوێنانە دەدا کە بەلای ئێمەوە گرینگە جا چونکە خۆی ئەمری کردووە

کەس قسەی من تەنفیذ ناکا، لەبەر ئەوە بەداخەوە لەزرووفی ئێستەدا ئەو ئیمکانە نی‌یە ئێوە بەرێ بکەم، نە دەکرێ بەرێگەدا برۆن نەدەکرێ لەرێگەش لادەن، وا بەباش دەزانم جارێ لەو سەفەرە بگەڕێن هەتا دەرفەتێکی تر، ئێمە هێشتە لەو قسانەدا بووین فرۆکەیەك هات و لەگەڵ ئەوەش کە گوندەکە پڕ بوو لە پێش مەرگەو لەوێوە تەقەی لێ دەکرا ئەو بۆمبای هاویشتە ناو مێشەیەك لەقەراخ گوندەکە دوایی گوتیان چەك و عتیادی لێ‌یە.

من گەڕامەوە مەهابادو دوای ماوەیەك باوکم ئازاد کراو هاتەوە ماڵ بەڵام نیگەرانی و دوودڵیێ هەر هەبوو بەینێك بەرۆژ لەئاوایی دەچووە دەرو منیشی لەگەڵ خۆی دەبردو، شەویش کە دەهاتینەوە ناو گوند لەماڵی خۆمان نەدەخەوتین.

رۆژێك ترومبێلێکی عەسکەری لە بۆکانەوە هات ئەفسەرێك و شەش سەربازی تێدا بوو، ئەفسەرەکە بە باوکمی گوت: تیمسار سەرتیپ هومایونی تۆی ویستوە بێ‌یە بۆکان چاوی پێت بکەوێ.

هومایونی لە بۆکان باوکمی دیبوو پێ‌ی گوتبوو: لێرە بمێنە هەتا دەچمە سەقزو دەگەڕێمەوە، دوای رۆیشتنی هومایونی خزمەکان پێ‌یان گوتبوو بەباشی نازانین لێرە بمێنی ئەگەر هاتەوەو دیسان تۆی ویست ئێمە خۆمان ئاگادارت دەکەینەوە، بەڵکو هەر لەبیریشی نەمێنێ.

ئیتر باوکم هاتەوە ماڵ و بە دوایدا نەهاتنەوە بەڵام هەر لەخۆی خاتر جەم نەبوو هەتا لێ بووردنی گشتی لەلایەن حکومەتەوە دەرچوو گرتن و زیندانی کردن تەواو بوو، ئێمەش وێڕای خەڵکی تر لە گوندی خۆمان لە کاروباری فەلاحەت و کشتوکاڵ هالاین میری بە دوای دەرکردنی عفوی عمومی دادەستی کرد بەسەرباز گرتن لە کوردەواریو

ئەو گەنجانەی ماوەی چوار ساڵ دەسەلاتی نەبوو بیان باتە عەسکەری‌و کەوتبوونەوە هەڵی پێچان منیش لەگەڵ ئەوان بەینێکی زۆر هاتوچۆیان پێ‌کردم هەتا دوایی دوکتۆر مصدق هاتە سەر کارو یاسایەکی دەرکرد هەر کەس مەبلەغێك پارەی دابا لەسەربازی تەرخان دەکرا منیش وەبەر ئەو قانوونە کەوتم و لە سەربازی ڕزگارم بوو، ماڵم پێکەوە ناو ژیانی ئاسایی دەستی پێ‌کرد.

ئەو بەینە یانی لەساڵی ٢٤ هەتا ٤٢ی هەتاوی کە دەربەدەریم دەستی پێ کرددەتوانم بڵێم ژیانی هەرەباش و ئارامی من بوو هەرچەند ئەویش زۆر بێ خەم و گیروگرفت نەبوو، هەموو شتێك لەولا ڕاوەستێ خەم و دەردە سەری لە هەموان گەورەتر ڕۆیشتنی ئەو برایەم لە وولات بوو کە لەگەڵ هێندێ گەنجی تر ڕووسەکان بردیانن بۆ سۆویات و زوزوو نوسراوی بۆ دەناردم و لەوەزعی خۆی‌و خوێندن و پێداویستی‌یەکانی ئاگاداری دەکردم.

هەڵبەستی "بۆ براکەم" لەو دەفتەرەدا لەوەلامی یەکەم نامەی ئەودا کە لەوێوە بۆم هات، فکری ئەوە کە لەوێ دەرس دەخوێنی‌و لە داهاتوودا کەڵکێکی بۆ خۆی‌و بەڵکو بۆ بنەماڵەکەی دەبێ کەنەشی بوو بەهەڵە چووبووم دڵ خۆشی‌و هومێدێکی پێ دەدام، بە نووسراوو تلگراف و تەلەیفون لەتارانەوە بێ ووچان هەواڵی ماڵم پێ دەداو هەواڵی ئەویشم وەر دەگرت.

ڕوسیای ئەو کاتە کە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بوو لەباری ئابوری‌یەوە لە قۆناغێکی تایبەت دابوو لەبەر ئەوە هەر چەند ئەو کەسە لەسەر ئەرکی حکومەت لەوێ دەیان خوێند زۆر شتیان دەویست کە دەبوو لێرەوە بۆیان بچێ لەلایەکەوە بەینی

ئێران و ڕوسیا لەدوای ڕۆیشتنی هێزی سوور لە ئێران و درۆی قەوام ڕۆژ بە ڕۆژ ناخۆش و ناخۆشتر دەبوو شەڕی سارد بەهۆی ڕادیۆو ڕۆژنامەی هەردووك لا دەستی پێ کردبوو هەر بەرەو خراپیش دەچوو هەتا وای لێ هات کە کەس نەی دەوێرا بۆ ئیش و کاری ئاسایی خۆشی نزیك باڵوێزخانەو کونسوڵگەریو بازرگانیی ڕوسەکان بکەوێ، پاشان بەلایان دا بڕوا چونکە زۆر بە هاسانی تاوانی هاوکاریی ئەوانی وەپاڵ دەدراو، ناوی کلکەکانی ئەوانی لێ دەنراو، هەر ئەوەندەش بەس بوو بۆ ئەو کاتە کەدوای برانەوەی کێشەی ئازەربایجان و کوردستان بوو لەبەندیخانە توندی کەن و، ئەوی کارەساتە بەسەری بێنن و سەد هاواریش بە پولێك.

لەلایەکی تریشەوە هەر شتێك لێرەوە بۆ ئەوێ چووبا دوای گومرگی حکومەتی ئێران دەبوو لەلایەن ڕووسەکانیشەوە گومرگ بکرێ کە ئیدارەی بازرگانی خۆیان بەو ئیشە هەڵدەستاو ئەگەر وەرەقەی گومرگی ئەوان لەناو بەستەکەدا نەبوایە لە سنوور دەگەڕاوەو نەدەگەیشت کە پێویست بوو بەستەکە هەر جارە لە پێنج کیلۆش زیاتر نەبێ.

لەبەر ئەوە ساڵی جارێك دووجار کە داوای شتومەکی دەکرد لانی کەم مانگێك، وا دەبوو دوو مانگ وەدوای ئەوە دەکەوتم هەتا لە تەورێز جلکم بە دروون دەداو، کەل و پەلی ترم دەکڕیو، ئیش و کاری گومرگی ئێران و سۆویات جێ بەجێ دەبوو کە لەسەرەتاوە هەر پێویستییەکانی خۆیو، دوایی کە بوون بە دوو کەس ئەویشی ڕەگەڵ کەوت و، لەهەل و مەرجێکی وادا لەتەورێز کە کەس نەی دەوێرا هەر بەو کۆڵانانەش دا بڕوا کە ئیدارەی ڕووسەکانی لێیەمن خۆم دەخستە مەترسییەوەو لە دەرفەتێك دا خۆم دەهاویشتە ژوورو شتەکانم گومرگ دەکردو ئەویش بە دوبەرابەری نرخی کەل و پەلەکە.

زۆر جار دەم گوت ئیتر پێوە بووم بەڵام خوای گەورە دەی پاراستم، ماوەی بیست ساڵ کەساڵ هەبوو کەمترو ساڵ هەبوو زیاتر هەموو پێداویستی‌یەکی وانم جێ بەجێ دەکرد بێ ئەوە کە پێ‌یان بڵێم هەل و مەرجی ئێرە وایە.

باوکم نوسراوی بۆ نەدەنارد بەڵام لەوەزعی دەپرسی‌و، ئەو ماوە کە چاوی پێ‌ی نەکەوتبوو بە پەرۆشەوە باسی دەکرد، هەتا ئەویش خوێندنی تەواو بوو، لەنووسراوی هەرە دوایی‌دا ئەوەی درکاندبوو کە حەزدەکا بگەڕێتەوە ئەگەر ئیمکان هەبێ وابزانم هاوینی ساڵی چلی هەتاوی بوو ئێوارەیەك لەلای باوکم دانیشتبووم ڕادیو تاران گوتی: ازطرف وزارت امور خارجه اقای علیقلی اردلان بسمت سفیر کبیر دولت ایران در شوروی منصوب گردید.

من و باوکم هەروەك مەبەستێکی ئێمە لەوەدا هەبێ چاومان لێك کرد، من گوتم: ئەوە شتێکی باش بوو، لەوانەیە ئەگەر پیاو بۆی بکرێ بی بینێ‌و، هەوڵی لەگەڵ بدا بۆ هێنانەوەی کەڵکی هەبێ، باوکم فەرمووی زەرەری نی‌یە، کە زانیم ئەویش پێ‌ی باشە دوای دوو ڕۆژ بۆ تاران وەڕێ کەوتم، لەوێ چوومە وەزارەتی دەرەوەو داوای دیتنیم کرد، گوتیان ئێستە لێرە نی‌یە بەڵام هەموو ڕۆژێ دێ ئەو فایل و پەروەندانە دەبینێ کە پەیوەندیان هەیە بەکاری ئەوەوە سبەینێ، سەعات ١١ پێش نیوەڕۆ وەرەوە، سبەینێ کە چووم گوتیان: لێرە لەژووری یازدەیە بەڵام بەبێ ئیجازە ناکرێ بچی‌یە لای، ئاگاداری دەکەین ئەگەر بانگی کردی ئەو دەم قەیدی نی‌یە، لەنیو سەعات کەمتر چاوەڕوانیم کرد کە ڕێگەیان دام بچمە ژوورەکەی، کە خۆی تەنیا لە پشت مێزێك دانیشتبوو نووسراوو پەڕتوکێکی زۆری لەبەردەستی دابوو.

نازانم تەمەنی چەند دەبوو بەڵام مووی ڕەش تەنانەت لە برۆشیدا نەبوو، زۆر بەڕێزو ڕووی خۆش وەری گرتم و لێی پرسیم: خەڵکی کوێیو، چۆنە هاتوی؟ منیش خۆم ناساندو چیرۆکی ڕۆیشتنی براکەم لەهەوەڵ هەتا ئاخیر بۆ گێڕاوەو گوتم: کە بیستم جەنابت بە باڵوێزی ئێران لە ڕوسیا دیاری کراوی لەوڵاتی خۆمانەوە بۆ ئەوە هاتووم داوات لێ بکەم بۆ هێنانەوەی ئەو برایەم کۆمەگم بکەیو، کارێکی وا بکەی لەوێ ڕزگار بێو بێتەوە ئێران، بە کوردی لێی پرسیم: تۆش کوردی باوە؟ گوتم بەڵێ، بنەماڵەی ئەردەلان کوردی سنەو بۆ هەمو کەس ناسراون، دوای ئەوە دەفتەرێکی بچووکی لە باغەڵی خۆی دەرهێناو هێندێ پرسیاری لەمن کردو لەدەفتەرەکەیدا نووسی، ناوی خۆیو باوکیو کەی چوە، لەوێ چی کردوە، ئەو ماوە لە کوێ دانیشتوە، ئادریسی چییە، ئیش و کاری چییە، پاشان گوتی بەڵێنت پێ دەدەم هەرچەندی لەدەستم بێ بۆ هێنانەوەی هەوڵ بدەم، ئاگاداری ئەویش بکە لەوێ بێ من بدۆزێتەوە، کە هەستام ماڵ ئاوایی لێ بکەم گوتم: بەڕاستی زۆر لوتفت کرد، هیوادارم منیش خزمەتێکم لەدەس بێ بەجەنابتی بکەم، پێکەنی گوتی: من هیچم لەتۆ ناوێ ئەوەندە نەبێ ئەگەر هاتمە کوردستان ڕاوم لەگەڵ بکەی.

ڕۆژی دوایی براکەم بەتەلەیفون لە مۆسکۆ ئاگادار کردو گوتم ئەگەر ئەو باڵوێزە هاتەوێ بچۆ لایو خۆتی پێ بناسێنە تابزانین چۆن دەبێ.

نازانم چەند پێ چوو، سێ مانگ، چوار مانگ، کاغەزێکی هات نووسیبووی: ئەگەر ئەو باڵوێزە هاتە ئێرە چوومە لایو زۆر ڕێزی لێ گرتم و، هەموو ئیش و کاری بۆ جێ بەجێ کردوم و، ئەو شتانەی کە پەیوەندی بە باڵوێزخانەی ئێرانەوە هەیە بۆ هاتنەوەی

من هیچ شتێك نەماوە نەی کا، بەڵام ڕووسەکان ئیجازەم نادەن و تەگەری تێ دەخەن، ئەگەر وەزیری دەرەوەی ئێران خۆی داوایان لێ بکا ئەوانیش پێ دانـاگرن و ئیجـازەم دەدەن، بەدوای ئەو نووسراوەدا ڕۆیشتمە تاران بۆ دیتنی وەزیری دەرەوە کـە ئـەو دەم یـەکێك بـوو بـەناوی "عبـاس ئـارام" چوومـە وەزارەتـی دەرەوە گوتیـان دەبـێ نـاوت بنووسی‌و، لەنۆبەدا ڕاوەستی بەینێکی پێ دەچێ.

دوکتور بەهرامی ناوێك ئەو کاتە لەوێ سەرۆکی کتێبخانەی وزارەتـی دەرەوە بـوو و ناسیاویم لەگەڵی هەبوو چوومە لای ئەوو گوتم خۆت دەزانی من لە ڕێگەی دوورەوە هاتووم هەرچەند دەزانم ئەوە پـەیوەندی بـە ئیشـی تـۆوە نی‌یـە بـەڵام ئەگـەر دەکـرێ کارێکی وا بکە ئەورۆ وەختم بدەنێ بچمە لای وەزیر بەڵکو زوو بتوانـم بگەڕێمـەوە، ئەویش پیاوەتی کردو لەگەڵم هاتە لای سەرەك دەفتەری وەزیر کە خانمێك بوو بەناوی "خانم پیراستە"و، داوای لێ کرد ئیجازەی دیتنم بۆ وەرگری!، سەرەك دەفتەرەکە لەبەر خاتری دوکتۆر بەهرامی گوتی: ئێستە باڵوێزی ئوتریش "نەمسە" لەلایەتی بالێرە دانیشێ ئەگەر ئەو هاتە دەر کارێکی وا دەکەم بانگی کاتە ژوور.

سەعاتێکی کەمتر پـێ چـوو، میوانـەکان هاتنـە دەرو خـانم بـەدوای ئـەوەدا ڕۆیشـتە ژووری وەزیرو پاش تاوێك هاتە دەر گوتی: کڵاوەکەت لێرەدانێ فەرموو بچۆ ژوور، لە ژوورەکەدا خۆی بوو یەکێکی تریش لە تەنیشتی دانیشـتبوو کـە زۆری پـێ نـەچوو ئەویش خوا حافیزی لێ کردو ڕۆیی، ژوورێکـی دورو درێـژو مێزی کـاری ئـەو لـەو شوێنە دوربو کە میوان لێ‌ی دادەنیشت، دوای ڕۆیشتنی کـابرا بـەمنی گـوت: فـەرمو بزانم چ کارێکت هەیەو، پەیوەندی هەیە بەکام وولات؟

لە شوێنی خۆم کـە لـەو دوور بـوو هەستام و چومـە تەنیشتیو، بەسـەرهاتی براکـەم و مەسەلەی هاتنەوەی بۆ ئێران و، گێچەڵی ڕووسەکانم هەموو بۆ گێڕاوەو، دوای ئەوە کە قسەکانم تەواو بوون گوتی: ئەو کارەی تۆ پەیوەندی بە ئیدارەی دووهەمی ئەم وەزارەت خانەوە هەیە، باڵوێزی ئێمەش لەوێ ئەوەی پەیوەندی بـە ئێرانـەوە هەیـە ئـەنجامی داوە، ئەوی تری دەبێ خۆت هەوڵی بۆ بدەیو، جێ بەجێی بکەی، گوتم من دوای ئەوە کە ئیدارەی دووهەمی سیاسی گوتیان هیچمان لەدەس نایە داوای دیتنی جەنابتم کرد، زەنگی لێدا گوتی سەرۆکی ئیدارەی دووهەمی سیاسی بانگ کەن کە ئەویش یەکێك بوو بەناوی "افراسیاب نوایی"و، زۆر جـار لـەو بـارەوە مراجعـەم پـێ کردبـوو بێجگـە لـە ئیـدارەی دووهەمیش گوتم ئەگەر تەرەفەکە تاجرێك یان مودیری شیرکەتێك یـان کەسێکی تـری لەو چەشنە بوایە قەیدی نەبوو بەڵام تۆ بفەرموو من چۆن پەیوەند بە دەوڵەتی سۆویاتەوە بکەم؟ من هەقی برایەتی ئەو کابرایەم لەسەرەو بە هەر جێگەیەك بگا وەدوای دەکەوم و، بە داخەوەم، ئەگەر ئێرانی‌یەك لـە دەرەوە لـێی بقـەومێ تـۆ کـە وەزیـری دەرەوەی ئـەو وولاتەی ئاوها هەست بە مەسئولیەت دەکەی؟ گوتی من دەبو چبکەم؟ گوتـم تـۆ دەبـێ بزانی ڕووسەکان لەبەرچی بەرگری لە هاتنەوەی برای مـن دەکـەن، ئەگـەر دەڵێـن ژنـی ڕووسی هەیە ئەوان کە بە قسەی خۆیان دەڵێن ئێمە ئازادیخوازو بەشەر دۆستین، ئەگـەر ڕاست دەکەن لێی گەڕێن ئەو ژنەش لەگەڵی بێتە ئێرە، ئەگەر ئەوە هەر وتەیەو کـردەوە شتێکی تـرە بـا ژنەکـە بگێڕنـەوەو ڕێگـەی براکـەی مـن بـدەن بێتـەوە وولاتـی خـۆی، منداڵێکیان کە هەیە هەر چۆنی قانون حوکمی پێ دەکاو، دەیدا بەهـەر لایـەك مـن پێی ڕازیـم، بێجگـە لـەوەش مـن لـە جـەنابت دەپرسـم تـۆ کـە **وەزیـــری دەرەوەی**

ئێرانی دەتوانی بەزۆر خەڵکی هـەندەران لـە ئـێراندا ڕاگـرێو نـەهێڵێ بڕواتـەوە وولاتـی خۆی؟ ئەگەر ئەوەم گوت ڕووی کردە نەوابی گوتی ڕاست دەکا، نامەیەك بۆ سەفارەتی شورەوی بنووسە بیهێنە من ئیمزای کەم، بنووسە: بێجگە لـەوە کـە هەڵوێستێکی وەهـا دەربارەی ئێرانی‌یەك جێگەی ئیراد گرتنە، هەتا ئێستە چەند جار وابووە هاوولاتی ئەوان ژنی ئێرانیی هەبووەو، لەسەر داوای ئەو ڕێگەم داون پێکەوە بڕۆن، تکا دەکەم ئـەویش کارێکی وا بکا ڕێگەی ئەو ژن و مێردە بدەن بگەڕێنەوە، بە سوپاسی زۆرەوە ماڵ ئاواییم کردو لەگەڵ نەوابی هاتمـە دەرو لەژوورەکـەی ئـەو دانیشـتم هـەتا نامەکـەی نووسـیو ماشین کراو، بردیـە لای ئـارام ئیمـزای کـردو مۆری وەزارەتـی دەرەوەی پێوەنـا، کـە نامەکەی بەڕێ کرد لەلای ئەویش خوا حافیزیم کردو هاتمە دەر.

شەوێ، نامەم بۆ براکەم نووسیو دام بە پۆست خانەو ئەویشم لەو چلۆنایەتی‌یە ئاگـادار کردو دوای ئەوە گەڕامەوە بۆ ولات، چـەند مـانگێك دوای ئـەوە ڕۆژێـك لـە مـەهاباد تووشی خزمێکی خۆم بووم کە ماڵی لە مەهابادە، هـەر لـە ڕێـوە داوای مزگێنـی کـردو بروسکەیەکی پێدام کە هی براکەم بوو بە ئادریسی ئەوان ناردبوویو نووسیبوی: کاری هاتنەوەم جێ بەجێ بووەو ڕۆژی دووهەمی پوشپەڕ لەمۆسکۆوە بەقەتار وەڕێ دەکـەوم بۆ تاران.

ئەو ڕۆژە کە دەبوایە بگاتە تاران لەگەڵ چەند کەسی‌تر لیێی دابەش بووین نـەوەك لـە شوێنێ دابەزێو ئێمە نەی بینین، کە قەتار گەیشتە جێ هـەرچی ئـەملاو ئـەولامان کـرد نەمان دۆزی‌یەوە ئیتر لیێی بێ هومێد بووین، گووتم دیارە نەهاتووە، یـان هـاتوەو ئێمـە نەمان ناسیوە چونکە لەمێژە نەمان دیوە، لەو دەمەدا کە خەریکی گەڕانەوە بووم دیتم

یەکێك بەدوام دا دەگەڕاو بانگی دەکردم زانیم شتێك هەیە، کە چوومە پێش گوتی: وەرە ئەوە لێرە لەلای پلیکانەکان "قاڵدرمە" ڕاوەستاوەو چاوەڕێی تۆیە، چـووم خـۆش و بێش و بەخێرهێنانم کرد، یەکێکی تر کەلەلای ڕاوەستابوو نـەم دەناسـی گوتـی: بـێ زەحمەت خواحافیزی بکەن، بە منیشی گوت، ئێمە دەڕۆین ناڕەحەت مەبە سـێ چـوار ڕۆژی تر براکەت دەگەڕێتەوە بۆلات.

دیار بوو ساواك هەر لەسنووری ئێران تەحویلی وەرگرتبوو لـەوێش نـەی هێشـت لـەمن زیاتر قسە لەگەڵ کەسـی تـر بکـاو تەنانـەت بـۆ هـەڵگرتنی شتەکانیشـی کـە هـەمووی چەمەدانێك و، هێندێ شتی تر لـەناو پارچەیـەکی بریزینتـی دا بـوو نـەی هێشـت کـەس یارمەتی بداو گوتی ئەبێ خۆی هەڵیان گرێ، ئێوە دەستی مەکەنێ.

ئیتر لەو ڕۆژەوە کە ئەویان بردە زیندانـی سـاواك دەردی سـەری بـۆ منیـش پـەیدا بـوو، هەرچی دەم کرد نەم دەزانی شوێن و جێگەشی چۆن بدۆزمەوەو بچمە لای کـێ، ئـەو ئیشە بەدەست کێیەو؟ لە کوێیە؟ نە بە شوێنی ساواکم دەزانی، نە ئەگـەر دۆزیبامـەوە هەروا بە هاسانی کەسم پێ دەبینرا، بێجگە لەوەش تاران لە سـەد شـوێن زیـاتر ئیـدارەو شوعبەی ساواکی هەبوو، ناچار دیسان ڕۆیشتمەوە بۆ ئیـدارەی دووهـەمی سیاسـی لـە وەزارەتی دەرەوە کە ئیشو کاری وڵاتانی ڕۆژهەڵات هەمووی پەیوەندی بەوێوە هەبوو، ئەو بەینەش لەگەڵ سەرۆکی ئەو دایرە "افراسیاب نوایی" ببومە دۆست و پیـاوێکی بـاش بوو چووم لەو مەسەلە ئاگادارم کردو گوتم: بەلای منەوە ئەگەر نـەتان هێنابـاوە باشـتر بوو لەوەی بیهێننەوەو لێرە بیگرن و نـەزانم هـەر شوێنیشـی کوێیـە، بـاش بـوو لـەوێوە نووسراوی دەهات، گوتی: هیچ جێگەی ناڕەحەتی نییە لەوە دڵنیابە هەر کەس لەولا

بێتەوە ماوەیەك دەی بەن و هێندێ پرسیاری لێ دەکەن و دوای مانگێك ئازاد دەکرێ، ناوو ئادریسی کابرایەکیشی دامێ لە ساواکی گشتی گوتی بچۆ لای ئەو پیاوە بڵێ ئەو ناردومی، ئەو لەو بارەوە یارمەتیت دەدا.

ڕۆژی دوایی پێو شوێنی کابرام گرت و دۆزیمەوە، ئەویش ناردمی بۆلای یـەکێکی‌تر هەر لەتاران و لە ئیدارەیەکی‌تر سێ ڕۆژ هـاتوچۆم کـرد هـەتا ئیدارەکـەم دۆزی‌یـەوەو توانیم سەرۆکی ئەو دایرە ببینم کە ئەفسەرێك بوو بەناوی "سرهنگ مهراموز" مـن لـە ژیانی خۆم دا کەسی لەو ئەفسەرە ووریاترو هەڵسوڕاو ترو خاوەن سەرنج ترو پڕ نهێنی تـرم نـەدیوە بێگومـان هـەر لەبـەر ئـەوەش بـوو کەلەتەمـەنی گـەنجی‌داو، بـە پلـــەی سەرهەنگی‌یەوە سەرۆکایەتی ئەو دایرە گەورەو گرینگەیان پێ ئەسپاردبوو کە تەواوی ئەو ئێرانی‌یانەی بە جۆرێـك ڕێگـەیان لـە وولاتێکـی کۆمۆنیسـتی کـەوتبا کاروباریـان دەهاتەوە بەر دەستی ئەوو چارەنووسیان ئەو ڕەقەمی لێ دەدا.

لەدوای چـەند ڕۆژ هـاتوچۆو هـەوڵ دان ئـاخری لـە ئێوارەیـەك دا ڕێگـەی دام بچمـە ژوورەکەی‌و چاوم پێ‌ی بکەوێ دیارە یەکەم داواکاریم ئەوەبوو ڕێگەم بدا بچمە لای براکەم و ئەگەر پێداویستێکی هەبێ بۆی بەرم، بەڵام کە ئەوەم گوت هێندەی پێ سەیر بوو هەر مەپرسە، جا چۆن ئەو داوایەی دەبێ لێ بکرێ، چۆن کەسێك تازە لە ڕوسیا هاتبێتەوە بەوزووانە کەسێك ئەبێ بتوانێ بیبینێ؟ کە دەستی کرد بە قسە کردن لەوەزعی براکەم و دوای ئەویش دەربارەی خۆم هەر سەرم سوڕما، تـەواوی ئـەو نووسـراوانەی کە لە ساڵێك لەوە پێشەوە من بۆ براکەم ناردبوو یان ئەو لە منی نووسیبوو هـەموویانی بە تاریخی نووسینەکەوە لەبەر بوو، بۆی دەگێڕامەوە من هەر واق مابووم، ئاخر چۆن شتی‌وا دەبی؟ ئەو بۆ دەبێ ئەو شتانە بزانـێ؟ لـە کـوێوە پـێ‌ی گـــــــــەیوە؟

بێجگە لەوە لەسەر ئەو هەموو ئیش و گرفتاری‌یەڕا چۆن دەپەڕژێتە سەر ئەو شتانە؟ چۆن لە بیری دەمێنی؟ خۆ ئەو جۆرە کەسە یەك و دونین هەزاران کەس دەگرێتەوە، چۆن دەکرێ ئاوها ئاگاداری حاڵی ئەو هەموو خەڵکە بێ؟ لە وەڵامی داواکەم دا کە گوتی هەتا سێ مانگی تر نەتۆو نەهیچ کەسی‌تر چاوی پێ ناکەوێ تەزوویەکی سارد بە لەشم دا هات دەستێکم کەوتە ئەولا دەستێکم کەوتە ئەولا، دەسەڵات نەبوو دەستم کرد بە پاڕانەوە: من بیست ساڵە ئەو برایەی خۆم نەدیوە، تۆ چۆن بەوە ڕازی دەبی ئەو لەتاران بێ‌و، من لە تاران بم و نەتوانم بی بینم کە لەو ڕێگە دوورەوە لەبەر ئەو هاتووم بێجگە لەوەش دیتنی من کۆسپێك ناخاتە سەر ڕێی ئیش و کاری تۆ بەنیسبەت ئەو هەر چۆنی کە ویستی خۆتەو هەر قەرارێ کە بۆی بدەی.

- هەمووی پێنج ڕۆژ نابێ لە ئێستگەی شەمەندەفەر دیوتەو قسەتان کردووە.
- لەوێ هەر وەك ڕێبوارێك دیومەوە نەم توانیوە بیدوێنم، لەحاڵی بپرسم.
- دڵ نیابە حاڵی زۆر باشە، هیچ ناڕەحەتی نی‌یە.
- ئەوە داوایەکی ناڕەوا نی‌یە لەتۆی دەکەم، برای منە.

ئەو شێرو ڕیویە نزیکەی سەعاتێك درێژەی کێشا کە هەموم لە بیر نی‌یەو، لەدوای ئەو هەموو پاڕانەوە دڵی بەوەندە نەرم بوو کە دوای پازدە ڕۆژی تر ئیجازەم بدا (٥)دەقیقە بچم بۆلای‌و برێك پارەو شتی تری بۆ بەرم لەباغی مهران "سەراە ضرابخانە"و، هەروەها گوتی: ئەگەر چوی لە زیندان بەتەواوی خۆت بناسێنە ئاگاداریان دەکەم لەکاتی دیاریکراودا ڕێگەت پێ بدەن، لەپارەو شتی تریش خۆی دیاری‌کرد چی بۆ بەرم، بەم جۆرە یەکەم دیتنی من و برایەکی ترم لەگەڵ ئەو لە زیندان لە ژووری سەرۆکی زیندان کە سەر گوردێك بوو پێك هات و، ئەویش بە ڕووی خۆش

وەری گرتین و، کە ئێمە دانیشتین ئەو لە ژوورەکە ڕۆیشتە دەر بەڵام میکرۆفۆنێکی زۆر بچوکی لەوێوە کار خستبوو کە قسەکانی ئێمەی بەهۆی تیلێکی باریك دەبردە دەرەوە بۆ ضبط کردن، براکەم زۆر زوو ئەو میکروفۆنەی دیت، ئیتر بەدەست یەکترمان تێ گەیاندو زانیمان دەبێ چۆن قسە بکەین.

مانەوەی لە زیندان دا لە مانگ و، دوو مانگ و سێ مانگ تێ پەڕیو بوو بە ساڵێك ئەو ماوە منیش لە تاران نەهاتمەوە، مانگێ دووجار ڕێگەیان دەدام بچمە لایو هەرچی پێویستی بێ بۆی بەرم، لەدوای ئەوە کە زانیم زیندانی بوونەکەی درێژەدەکێشێ، لەهەوڵ و تەقەلای ئەوە کەوتم ڕێگەیەك بدۆزمەوە بۆ بەربوونی کە لە چەنگ وەزارەتی دەرەوە چووبوە دەرو، دەسەلاتی ساواکیش وانەبوو کەس بتوانێ دەست لە کارو باری وەردا کە "خۆزگە ئەوانەم لەگەڵ انسانێك کردباو، ئەو مەسرەفەم کردبا ناو ئاوی ڕووبارەوە".

هەموو ڕۆژێ بەبێ ڕۆژ بوێر دەچوومە ئەو دایرە کە پەیوەندی بە ئیش و کاری ئەوەوە هەبوو، وەبنج و بناوانی ئەوە دەکەوتم بزانم چی لێ دەکەن و، چ قەرارێکی بۆ دەدەن؟ بەردەبێ یان نا؟ ئەگەر بەردەبێ کەی؟ ئەگەر بەری نادەن تاوانەکەی چی‌یە؟ کەی لە قۆناغی لێکۆڵینەوەو پرسیار تێ دەپەڕێ بیدەن بە مەحکەمە؟ بەڵام هەرچەندی هەوڵم دەدا ئەو ئەفسەرە کارێکی وای نەدەکرد شتێکم لێ حاڵی بێ هەر دەهات و نیگەران تر دەبووم، هەتا ڕۆژێك پێ‌ی گوتم:

تۆ نابێ بۆ بەربوونی براکەت پەلە بکەی، زۆر تاوانی وەپاڵ دراوە کە لە هیچیان بەری نی‌یە، سەرەرای ئەوانەش ئەو کاتەی بارزانی لە ڕوسیا بوو پەیوەندی لەگەڵی هەبووە، خۆشت وەك من بزانم لەو باشتر نی! تۆ خۆت بپەرێنیتەوە لەو باشترە، دوای ئەوە

باسی بارزانی کردو گوتی: ئەگـەر خاوەن شکۆ یـانی "شـا" زوو وەخۆی نەکەوتبا ئەو... کوردستانی ئێرانی قوت دابوو.
ئەو کاتە ٦ مادە بڕیاری لەسەر درابـو بـۆ دابـەش کردنـی زەوی‌و زار لـەناو وەرزێران، مەبەستی ئەوە بوو ئەگەر شا زوو ئەو قەرارەی نـەداباو، خـەڵکی لەو ڕێگـەوە بـۆلای خـۆی نەکێشـابا کوردستان لـەدەس چووبـوو، گوتـم: بیروڕای ئێوە دەربارەی براکەم هەرچی بێ ئـاخری هـەر دەبـێ دەری بـبڕن، ئێستە حاڵی حازریش مەسەلەی ئەو لە گۆڕێدایە، ئەگەر ڕۆژێك پێویستی کرد دیفاع لە خۆشم دەکەم، بەڵام من جارێ لـە زینـدان دانیـم، کـە لـەلای ئـەو هەستام ئەو جار بەتەواوی ترسی ئەوەم ڕێ نیشت بەڵایەکی بەسەر بێنن، یان هیچ نەبێ زیندانێکی دوورو درێژی بۆ ببڕنەوەو، ڕزگاری نەبێ.
هەرچەندی سەرم دێناو دەبرد لەشا بەولاوە کەسی تر نـەی دەتوانـی قسـە لـە کاری ساواك بکا کە دیارە مـن دەسـتم پـێ‌ی ڕانەدەگەیشـت، چ بکـەم؟ چ نەکەم؟ هاتمە سەر ئەوە دەبێ کەسێکی وا پەیدا کەم لەو دەزگایە نیزیك بێ‌و ڕێزی لەلایان هەبێ بەڵکو بـەهۆی ئـەو بتوانـم شـەکوای خـۆم بگەیـەنم، بـۆ ئەوەش کەس لە "محمداغای عباسی" باشتر نـەبوو کـە ئـەو کاتـە نوێنـەری پارلمان بـوو، لـەکاتی کۆمـاری مـەهاباد هـەموو گوندەکـانی خـۆی بـەجێ هێشتبوو هاتبووە تاران کە یەکێك لەو گوندانە "سەرا" بو ئەو گونـدەی کـە لـەپێش دا گوتـم مەقـەڕی بـارزانی لـێ بـوو، لەبـەر ئـەوە لـەدەزگای شــادا ناسراوبوو، خۆشی دیبۆکرێ‌و خزمی ئێمە بوو.

چوومە لای و داوام لێ کرد لەگەڵم بێتە دەر بارو لەوی داوای دیتنی شام بۆ بکا ڕۆژی دوایی لەگەڵم هات پێکەوە چووینە لای سەرەك دەفتەرەکەی کە یەکێك بوو بەناوی "هیراد"و، مەبەستی خۆمان لەگەڵ باس کرد، ئەویش هێندێ پرسیاری لەشوێنی دانیشتن و ناوچەی ئێمە کردوو دوایی گووتی: بۆ دیتنی خاوەن شکۆ یان ڕێگەت نادا بچی بۆلای یان ئەگەر ڕێگەت بدا هیچ نەبێ سێ مانگی پێ دەچێ، من بەباشی دەزانم نامەیەك بنووسی و بیهێنی بەڵێنت ئەدەمێ خۆم نامەکەی پێ بدەم و وەڵامەکەی لێ وەرگرمەوەو بیدەمە دەستت.

منیش ئەوەم زۆر پێ باش بوو، دیارە ئەویش ئەوەی بۆ هەموو کەس نەدەکرد، شەو نووسراوێکم بەناوی باوکم لە لاپەڕەیەك دا نووسی و بەکورتی هاتنەوەی لەولاو، گیرانی بەهۆی ساواك چۆن بووە خستمە بەرچاوی و، داوام لێ کرد دەستور بدا ئازادی کەن، سبەینێ نامەکەم برد لە کۆشکی مەڕمەڕ دام بە سەرۆك دەفتەرەکەی گوتی: دوای حەوتەیەك وەرە جوابەکەی وەرگرەوە بە دەستی خۆم دەیدەمێ.

دوای حەوتەیەك چوومەوە کە دانیشتم گوتی ژمارەی ئەو نامە بێنن کە دەربارەی "حیسامی" نووسیمان بۆ "وەزارەتی جەنگ" کە هێنایان گوتی: ئەو ژمارە بەرەو بچۆلای سپەبوود نەقدی "ئەوکاتە وەزیری جەنگ بوو" بڵێ ئەوە نامەی دەربارە بۆ ئێرەی ناردووە، وەڵامەکەی چی یە؟ گوتم دەکرێ لوتف بکەی بفەرمووی بزانم چیتان نووسیوە؟ گوتی ئەمری کردووە "نسبت بە پروندە حسن حسامی ضمن کمك های لازم دقیقا رسیدگی و نتیجەرا اطلاع دهید" ئەو کاتە ساواك سەر بە وەزارەتی جەنگ بوو، خۆی وەزیری نەبوو کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ بگرن، دوایی ئەو ئیدارە سەربەخۆ کراو، بوو بەوەزارەت خانە.

ڕۆژی دوایی ڕۆیشتم بۆ وەزارەتی جەنگ و داوای دیتنی سپەبوو نـەقدیم کـرد، ڕەئیسی قەرارگا کە سەر گوردێك بوو گوتی: ئەوڕۆ تیمسار لێرە نی‌یە سبەینێش جمعەیە، دوو سبەش ٢١ی ئازەرە هەر تەعتیلە، دوای سێ ڕۆژی تر وەرەوە دەت نێرم بۆلای چاوت پیێ بکەویێ ئەگەر حەزیش دەکەی رژەی ٢١ ئـازەر ببینـی ئەو کارتە هـەڵگرە ڕۆژی شـەممە وەرە مـەیدانی جەلالیـە تەماشـای رژە بکـە لـە شەقامی مهرآباد.

ڕۆژی ٢١ ئازەر، مانگی سەرما وەز بە بۆنەی داگیر کردنـەوەی ئازەربایجـان و کوردستان لەلایەن هێزەکانی میری‌یەوە کە لەو ڕۆژەدا بووە هەموو ساڵێ ئەرتەش رژەی دەدا، دوای دیتنـی رژەو، تـێ پـەڕبوونی ئـەو چـەند ڕۆژە چوومـــەوە لای سـەرگوردەکەو، ئـەویش دوای ئـەوە چـەند جـار تەلـەیفونی کـرد بـۆ ســـەرەوە هەرگوتی دانیشە جارێ ئاخر جـار کـە تەلـەیفونی کـرد گوتـی: فـەرمو بابڕۆینـە سەرێ، سپەبود نەقدی کەمن چومە ژوور دوای بەخێرهێنان هەستا گوتی: من بۆ ئیشی پێویست دەبێ بڕۆم بۆ دەربار، تیمسارکاری تۆ جێ بەجێ دەکا، بەدەست ئەفسـەرێکی تـری لـەوی نیشـان دام ئـەویش دەرەجـەی سـەرتیپ بـوو، گوتیـان معاونیەتی، ناوەکەی نایەتەوە بیرم.

ئەو ئەفسەرە کە زانی لە کوردەواری‌یەوە هاتووم لەوەزعی وێی پرسی‌و، شوێنی خۆم کوێ‌یەو کارم چی‌یە، دوایی گوتی: فەرموو بزانم چ کارێکت هەیـە لـێرە؟ منیش ژمارەی نامەی دەربارم پێدا گوتم: من برام لە زیندان دایەو نامـەی دەربـار کە ئەوە ژمارەیەتی بۆ ئێرە هاتوە، ئەمەوێ بزانم لێرە چ هەنگاوێکتان ناوە بۆ

ئازادکردنی؟ ناردی رەئیسی دەفتەر هات، ئـەویش گوتـی: ئێمـە وێنـەی نامـەی دەربارمان ناردووە بۆ ئیدارەی ساواك و خۆش مان نووسراوێکمان لەگەڵ خستوە کە بەم ئیشەڕا بگەن و لە ئەنجامەکەی ئاگادارمان بکەنەوە، تیمسار پیَ‌ی گـوت ژمارەی نامەی ئێمە بۆ ساواك بێنە بیدە بەو ئاغایە، بە منیشی گوت ئەو ژمارەیـە بەرە لەگەڵ خۆت ئەگەر بتوانی رەییسی ساواك "سرلشکر حسن پاکروان" ببینی هەموو کارێك لەبەردەستی ئەودایە.

مـن کـە نـەم دەویسـت دیسـان ئیشـەکە بچێتـەوە وێ‌و لـە گـیرو گرفتـی ئـەوێ ئاگاداربووم گوتم ئەگەر ئەو ئیشە بە خۆم جێ‌بەجێ بوایەیان ئەوان ویستبایان بۆ منی جێ بەجێ بکەن هەتا ئێستە لەمێژ بـوو تـەواو دەبـوو، ئـەم ئیشـەیان بـە ئێـوە ئەسپاردوە پیَ‌ی هەڵسـن منیـش هـەر ئـەو چاوەڕوانیـەم لێتـان هەیـە، لـەوەدا زور لەسەری ڕۆیشتم و، لە ئاخریدا گوتم ئەگەر ئێوە خۆتان لـەو بـارەوە هـەنگاوێك نەنین دیارە بۆ ئەوەیە ئیشەکە لە کۆڵ خۆتـان کەنـەوە سـەر تیپەکـە گوتـی: ئـەو بڕیارە تەنیا بە سەرۆکی ساواك دەدرێ‌و کەسی تر چونکـە لـەڕۆژی گەڕانـەوەی هەتا ئێستە هەر ئـەوان لـێ کۆڵینـەوەیان لەسـەر کـردوە، ئـەوانیش دەزانـن لـە چ قۆناغێك دایە ئەوانیش دەزانن تاوانەکەی چی‌یەو چ هەڵ دەگرێ، تـۆ ئـەو ڕێگـە تاقی بکەوە ئەگەر پێویست بوو دیسان وەرەوە ئێرە بزانیـن چیمـان پـێ دەکـرێ، ناچار خوا حافیزیم کردو هاتمەدەر. رەییسی قەرار گا کە ئەو ماوەیە هەر لە پشت سەری سەرتیپەکە ڕاوەستا بوو لەگەڵم هاتەوە خوارێ‌و لەوێ گوتی: باش بوو

تیمسار لێت تورە نەبوو، تۆ هەر بۆت هەبوو داوای وەڵامی نامەکەت بکەیەوە، نەك ڕێ‌و شوێن بۆ تیمسار دانێ‌ی... لەو سەعاتە بەدواوە وەهەوڵ و تەقەلای ئەوە کەوتم ئیدارەی ساواك وەختێم بۆ دیاری بکا چاوم بە سەرۆکەکەی بکەوێ کە سەر لەشکرێك بوو بەناوی "حسن پاکروان" و، یاریدە دەری ئەو کاتەی سرتیپ منصورپور بوو کە لە دوای سێ‌چوار ڕۆژ هاتوچۆ ئەو ڕێگەی دام بچمە لای‌و، بەڵێنی پێدام یارمەتیم بدا بۆ ئەوە کە چاوم بە پاکروان بکەوێ لەگەڵ ئەوە کە ئەویش هەوڵی دەدا هەر ڕۆژە بیانویەکیان دەگرت، یان دەیان گوت ئەورۆ نەهاتووە، یان دەیان گوت میوانی هەیە، یان دەیان گوت چۆتە سەفەر، لە ئاخری‌دا دوای بیست و هەشت ڕۆژ هاتوچۆو هەوڵ دان ڕێگەیان دام ١٥ دەقیقە لەسەعات هەشتی ئیوارەدا بچمەلای، کە ئەویش تەرتیباتێکی تایبەتی هەبوو من یەکەم جار بوو شتی وام دەدی، شوێنەکەی خۆی لەو خانوە گەورەدا کە لەسەر شەقامی زاهدی بوو ئەوەندە بێ هەست و خوست بوو ئەگەر مێش فڕی‌با پیاو هەستی پێ دەکرد.

کاتێك منی ویست لە ژوری ئینتیزارەوە یەکێك وە پێشم کەوت و لە دالانێك تێ پەڕی ڕۆیشتە ژوورێکەوە، دەرگای کردەوە گوتی فەرمو، لام وابوو لەو ژوورەدایە بەڵام چاوم گێڕا کەسی لێ نەبوو، دیسان دەرگایەکی تری کردەوە کە ئەو دوو دەرگایە هەردووکیان لەبەر ئەوە کە لە دیکوردا بوون و، هەتا میچەکە دیواری دارو ئەویش بێ درزو کون بوو، دەرگاکان نە کەم و نەزۆر شوێنیان دیار نەبوو، بەبێ شارەزا نە دەدۆزرانەوە پێش ئەوە بچمە ژوور خۆم

وام دانابوو مبالاتم پێ ناکا بە ئیفادەوەو زۆر بە کورتی وەڵامێکم دەداتەوەو بەڕێم دەکا، چونکە ١٥ دەقیقە ئەوەندە نی‌یە کارێکی تێدا بکرێ، کە دەرگای دووهەمی کردەوە دیسان گوتی فەرموو ژوورێکی گەورە بوو ڕوانیمە لای سەرەوە کە پێم وابوو دەبێ لەوێ دانیشتبێ بەلام کەس لەوێ نەبوو، لەلای چەپی دەرگاکەوە کەمن چاوم لێ‌ی نەبوو یەکێك ڕاوەستا بوو، سلاوی کردو گوتی: ئاغای حیسامی؟ گوتم: بەڵێ، دەستی دامێ‌و گوتی فەرموو نە ئەگەر چووین لەسەر میزەکە دانیشتین وەپێشم کەوت، نە ئەگەر لەوێ دانیشتین وەلای سەرو کەوت کە مێزێکی شووشە لەوێ چوار سەندەڵی‌ی لەولاو لەولای داندرا بوو. دوای ئەوە کە جگەرەی بەمن داو خۆشی هەڵی گرت، گوتی: فەرمو بزانم ئیشی تۆ چی‌یە؟ لە پێش دا بۆ ئەوە کە ئیجازەی داوم بچمەلای سوپاسم کردو، دوای ئەوە، گوتم: تیمسار، لە وولاتانی تر ئەگەر کەسێك پیاوی چاك نەبێ‌و زیانی هەبێ بۆ کۆمەڵ لە وولات دەری دەکەن و دووری دەخەنەوەو بەجۆرێك لە کۆڵ خۆیانی دەکەنەوە، ئێوە ئەگەر ئەو برایەی من پیاوێکی باش نەبوو بولەڕوسیا هێناتانەوە، ئەگەر پیاوێکی باشە بۆچی ئەوە هەشت یا نۆ مانگە گرتووتانەو بەری نادەن بێ ئەوە کە تاوانێکی هەبێ؟ بە منداڵی لێرە ڕۆیوەو تێکەڵاوی هیچی نەکردووەو لەوێش هەتا ئێستە دەرسی خوێندووەو ئێستەش بۆ ئەوەی وەك دوکتۆرێك خزمەتی هاووڵاتیانی خۆی بکا ژن و منداڵی خۆی لەوێ بێ سەرپەرشت بەجێ هێشتوەو خۆشی لێرە لە جیاتی تەقدیر زیندانی کراوەو هیچ ڕوون نی‌یە چیشی بەسەر دێ، من پێم وابوو جەنابت بەوە ڕازی نابی لەبەر ئەوە

وەختی تۆم گرت، تکات لێ دەکەم ئەمریکە ئازادی بکەن، منیش لەو ناڕەحەتیە ڕوحی‌یە ڕزگارکە کە بوومە هۆی هێنانەوەی بۆ ئێران.

هشت ماه، نەماه، هشت ماه، نەماه، دووسێ جـار ئـەوەی دووپـات کـردەوە دوایی زۆر بە ووردی لە چلۆنایەتی ڕۆیشتن و، دەرس خوێندن و، ئەو شوێنانەی دەرسی لێ خوێندوە پرسیاری کرد کە وەڵامم داوە، دیسان گوتی: هشت ماه، نەماه، معنی ندارد، ئێمە ئەو کەسانەی لەولاوە دێنەوە مـانگێك دومـانگ ڕایـان دەگرین هێندێ شت کە پێویستە لێ‌یان دەپرسین، دوای ئەوە لێ‌یان دەگـەڕێین بچن وەدوای ژیانی خۆیان بکەون، زەنگی لێدا گوتـی: سـەرهەنگ کـە سـرای بانگ کەن "رەییس دەفتەری بو" .

کە هاتە ژوور پێ‌ی گوت بڵێ بە بیست و چـوار سـەعاتی‌تر پـەروەندەی ئـەو ئاغایە بێنن بۆلای من دەستوری لەسەر بدەم، ژمارە تەیلەفونی خـۆت و منیشـی بدەیە بۆ ئـەوە کـە بتوانـێ دەربـارەی کارەکـەی پـەیوەند بـە تـۆوە بکـاو هـەر کاتێکیش حەزبکا وەختی بدەیە بێتە لای من.

بە منیشی گوت: تۆ لەگـەڵ جـەنابی سـەرهەنگ پـێ‌و شـوێنی ئیشـەکە بگـرەو پەیوەندیتان هەبێ نەوەك من لە بیرم بچێ لەگەڵ سوپاسی زۆر ماڵاوایم لێ کردو هاتمە دەر کە ئەو حەیس و بەیسە ٣٥ دەقیقەی درێژە کێشا، ئیتر لەوێوە چوومە ژووری سەرهەنگ هێندێ دەربارەی پەروەندەکە ڕوونی کەمـەوە، ئـەویش وای دانابوو تیمسار لەقسـەی مـن دەرنـاچێ‌و لەبـەر ئـەوە هـەرچی دەم گـوت هـەر دەیگوت بەسەر چاو.

سێ ڕۆژ دوای ئەوە تەلەیفونم بۆ سەرهەنگ کرد گوتی: داوای پەروەندەکەم کردوە هێشتە نەیان ناردووە، حەوتەیەك پێ چوو هەروای گوت بیست ڕۆژ مـانگێك کـە دەم گوت بۆچی نەیان ناردوە دەی گوت جارێ تەکمیل نەبوە.

زانیم ئەوە زۆر شت دەگریتەوەو بیانوە، دەنـا قسـەی پـاکروان کـە لـەلای خـۆم دەستوری دابوو هێندە ئەوڕۆو سبەی پێ ناکرێ، یان قەرارێکی وای بۆ دەدەن کـە چاوەڕوان ناکرێ، یان شتێکی تری پێوە دەبەستن، بـۆ ئـەوەش کـە ئـەوانی تـر بـە شکایەتی دا نەنێن و لێم بەڕق دا نەچن داوای دیتنی سەرۆکی ساواکم نە دەکردەوە لەتەواوی ئەو ماوەدا کە خۆم لەلای ئەم و ئەو دەهاویشـت لـە دایرەکـەی خۆشـی غافڵ نەبووم کە لە هەوەڵەوە بردبوویانە ئەوێ‌و لە پێشدا باسم کردو سەری ئەویشم هەر دەدا کە بزانم بە کوێ دەگا.

لە ژووری چاوەڕوانی ئەو دایرەدا هەتا ڕەییسەکەی دەهات خەڵکی تریش هـەبوون وەك من مراجعەتیان دەکرد بۆ کاری خۆیان و لەوێ دادەنیشتن، بەڵام یـەکێك لـە تایبەتی‌یەکانی دایرەکانی ساواك ئەوەبوو خەڵك لەوێ نەیان دەتوانـی پێکـەوە قسـە بکەن، ڕۆژێك من و چەند کەسی‌تر کە لەو ژوورە چاوەڕوان بووین هـاتن پێ‌یـان گوتین: ئەوڕۆ ڕەییـس نایـە لـە خـۆڕا دامەنیشـن. ئێمـەش هـەموو هەسـتاین وەدەر کەوتین لەسەر شەقام یەکێك لەوانە لەمنی پرسی من لە مێژە تۆ دەبینم هاتوچۆی ئەو ئیدارە دەکەی‌و زۆر مات و ناڕەحەتی پێم ناڵێ‌ی هۆی چی‌یە؟ گوتـم برایـەکم لـە ڕووسیاوە هاتۆتەوە ئەوە نزیکەی سـاڵێکە گرتوویانـە ئـازادی ناکـەن، هیـچ کـوێ نەماوە سەری پێدا نەکەم هیچ فایدەی نەبووە، نازانم چبکەم؟ گوتی دیارە تۆش

بەدەردی من گرفتاربووی، منیش کە لە ڕوسیا هاتمەوە ئەو دەردەیان دامێ بەینێکە ئازادکراوم بەڵام هێشتە کاروبارم تەواونەبوە لەمەڕ جەوازی کارو ئەو شتانەوەو ئەوە هەر هاتو چۆم پێ دەکەن، نیزیکەی ساڵێك گرتیانم دوایی بەریان دام، ئیتر دەستی کرد بەدەردی دڵ و قسە هەڵڕشتن، کە زانیم ئەویش هاودەردی منەو ئەو دەورەی دیوە هەرچەند هەوڵی‌دا نەم هێشت بۆ نیوەڕۆ بڕواو بردمە ڕستوڕانی "هتل نادری" هەر مەبەستیشم ئەوەبوو هەر شارەزاییەکی هەیەتی لەو بارەوە لیێی وەرگرم کە ئەویش لەوێوە هاتۆتەوە، لەسەر نان خواردن تەواوی بەسەرهاتی خۆی گێڕاوە، لە دوایی‌دا گوتی: بەوتەی ڕۆتینیو تەشریفاتی دڵنیا مەبە، مەسرەفی لێ بکە، ئەو برایەی تۆ دوکتورە لەوێ بێتە دەر پارە پەیدا کردن بۆ ئەو هاسانە، گوێت لەشتی‌وا نەبێ، خۆت بۆ سەرگەردان دەکەی؟من ئەوەم زۆر پێ سەیر بوو، گوتم:

- تۆ چۆن ئەوە دەڵێی؟ دڵنیای شتی وا دەکرێ؟

- بۆناکرێ، ئەگەر لیێ برانت هەبێ زۆر چاك دەکرێ.

- ئاخر چۆن دەبێ، من نە کەس دەناسم نە وەسیلەم هەیە، نە دەکرێ خۆم ڕێو ڕاست ڕوی لێ بنێم و پیێی بڵێم خۆت نازانی چ میر غەزەبێکە؟

وایە بەڵام دەبێ دڵ و جەسارەتت هەبێ، هەتا تۆ بەو جۆرەو لە ڕێگەی ڕەسمیاتەوەو لە ئیدارە بچی بۆ لای ئەویش وەڵامێکی ڕەسمیت دەداتەوە، بچۆ خۆی لەماڵی باوێ مە هێڵە کەس بزانێ خۆ نات کوژێ، کێ لەخۆت باشترە؟

- ئادریسی ماڵە کەیت هەیە؟

- من نیمە بەڵام برایەکم هەیە ڕەنگە ئەو هەیبێ، ئەگەر ویستت بچی کاغەزی بۆ دەنووسم پێت بدا، یان ئەگەر نەی بێ هەوڵت بۆ بدا پەیدای کا.
هەر ئێستە بۆی بنووسە دەی بەم دەیدەمێ.
ئێواریێ ڕۆیشتم کابرام دۆزی‌یەوە کە مودیری مەکتەبێك بوو لەمەیدانی ئەرکی تاران، نیزیك بازاڕی گەورەو ناوی "سیروس میرفخرایی" بوو، نامەکەم پێدا ئەویش بە دوودڵی لیێی وەرگرتم و، پاش تاوێك مینگە مینگ عنوانەکەی لە پارچە کاقەزێك نووسی‌و گوتی: لە ڕێگەی خوادا کەس نەزانێ من ئەو ئادریسەم بە تۆ داوە حەزناکەم قسەی براکەم بشکێنم بەڵام ئەگەر ئەو ئەفسەرە بزانێ من پێم داوی توشی کێشە دەبم، من ماڵ و منداڵم هەیە، ئەو بەڵێنەم پێ دەدەی؟ گوتم سەدجار ئەو بەڵێنەت پێ دەدەم شەرتە کەوڵم کەن لە زارم دەرنەچێ لەوە خاتر جەم بە، من دەم ویست داوات لێ بکەم ئەگەر ناسیاویت لەگەڵی هەیە خۆت لەگەڵم بیێی، سەرێکی ڕاوەشاندو خواحافیزی کردو گوتی: ئەوەی گوتم لە بیرت نەچێ.
ئەو کەسەی نامەی دا بەمن بۆ سیروس ناوی "دوکتۆر میر فخرایی" بو کە خوێندنی لە ڕوسیا تەواو کردبوو، چەند ساڵێك دوای بەربوونی براکەم کە لە عیراق گەڕامەوە ئێران ئەو دوکتۆرەم بەهەڵکەوت لە کەرەج دیت و ئەو باسە خرایەوە گۆڕێ.
سێ ڕۆژی تەواو بەو ناوونیشانەوە کە میر فخرایی پیێی دابووم دەچووم شوێنەکەم هەڵ دەنا کە لەتاران لە مەیدانی فەوزیە لە کۆلانێکی بن بەست دابوو، دیارە من زۆر لە ماڵەکە نیزیك دەکەوتم بەڵام زانیم کەوتۆتە کوێ‌و، دەبێ لە کوێوە بۆی بچم.

شەوی چوارەم دیسان خۆم حازر کردو پێش سەعات دوازدەی شەو بەتاکسی وەڕێ کەوتم هێشتە مابووی سەعات ببێتە دوازدەو نیوی شەو لە نیزیك ئەوێ دابەزیم و بڕێکی‌تر خۆم خافلاند بۆ ئەوە کە درەنگ تربێ‌و هاتوچۆ کەمترو کەس نەم بینێ.

ڕاست لە سەعات دوازدەو نیودا چوومە ناو کۆڵانەکەو، بێ هەست ڕۆیشتم هەتا دەرگای خانووەکە چەرخەکەم هەڵکرد بزانم ناوی لەکارتی بەر دەرگا نووسراوە یان نا، بەڵام هیچی لێ نەنوسرابوو خانووەکانی دەستی چەپ پەنجەرەیان بە ڕووکاری حەوشەی ئەودابوو، من کە دەم ڕوانی‌یە کارتی دەرگاکە لە پشتەوە گوێم لە دەنگی ژنێك بوو لەپەنجەرەکانەوە سرتەی لەگەڵ یەکێکی‌تر کرد، کە ئاوڕم داوە دیاربوو سەیری منیان دەکرد، لە ڕادە بەدەر پێم ناخۆش بوو کە منیان لەوێ دیوە بەڵام چارە نەبوو تازە دیتبوویانم دەرچوو بوو ناچار لێم پرسین: ماڵی سرهنگ مهراموز ئێرەیە؟، بە هێدی‌و بە ئیشارەی دەست گوتیان خۆیەتی، ئیتر کشانەوە دواوە، منیش دەستم بە زەنگی دەرگاوە ناو خۆم دایە پەنای دیوارەکە کە دار تێلێکیشی لێ نیزیك بوو، مەبەستیشم ئەوەبوو ئەگەر تەقەم لێ بکا خۆم باوێمە پەنای دارتێلەکە، دوو دەقیقە پێ نەچوو خۆی هات

دەرگای کردەوە گوتی: کێ‌یە؟ من کە پاڵم بە دیوارەکەوە دابوو هاتمە پێش سلاوم کرد گوتم منم، کە منی دی ئیتر فێ گرتی‌و دەرهەڵ بوو.

- تۆ بەو نیوە شەوە لەبەر دەرگای من چ دەکەی؟

- کارم بە جەنابتە هاتوم عەرزت بکەم.

- تۆ ڕۆژ نی‌یە لە ئیدارە من نەبینی، چ کارت بێرەیە؟ ئەوەی ماڵی منی بە تۆ نیشان داوە پێست لەسەری دەکەمەوە، تۆ چۆن ئیجازەی خۆت داوە بەو نیوە شەوە بێ‌یە دەرکی من؟

- تۆ خۆت لەمەسەلەی من ئاگاداری، لەبەر ناچاری هاتووم.

- چارەی هیچ کارێك لێرە ناکرێ، ئێرە جێ‌ی ژن و منداڵە برۆ لێرە مەوێستە، هەر کارێکت هەیە شوێنەکەم دەزانی وەرە لەوێ قسەی خۆت بکە، من ئەو ماوەیـە لـە خەڵکی زیاتر ڕێزم لە تۆ گرتوە هەتا داوای دیتنی منت کردبێ جوابم نەکردوی.

- ئەوە ڕاستە بەلاّم خۆمن زۆرم نی‌یە هێندێ قسەم هەیـە ئیجـازەم بـدە بێمـە ژوور عەرزت بکەم ئەگەر بیستت باشەو نەشت بیست هەر باشە، ئەو جـۆرە قسـانە بـۆ ئەوە نابێ لە کۆلاّن بگوترێ دەرو جیران گوێ‌ی بدەنێ وای دانـێ مـن میوانێکـم، کێ دەرگای لە میوان داخستوە؟

تاوێك ڕاما، دوایی زۆر بە نا بەدڵی گوتی: الحکم لله، فەرمو، خانوەکەی دوو قات و میوانخانەکەی لە نهۆمی سەرەوە چـۆڵ بـوو، منـی لـەوێ دانـاو، خـۆی دیسـان ڕۆیشتەوە خوارێ‌و، پاش تاوێك هاتەوە لەگەڵم دانیشت، هێشتە سەعات نەبوو بـە یەکی پاش نیوە شەو کە من چوومـە ژوورو، هـەتا سـەعات چـوارو نیـوی بـەیانی لەگەڵ ئەو کابرایە سەرو کەللەم لێك داو کێشەم کرد، خوا دەستی منی گـرت بـۆ بەرپەرچ دانەوەی ئـەو حەزبایـە پـەکم نەدەکـەوت و، لـەجێ‌ی خـۆی‌دا قسـەم بـۆ دەهات، چونکە بێجگە لەو هەموو دەسەلاّتەی هەی‌بوو زۆرزانـی‌و ورپاییەکـەی وا نەبوو بێچارەیەکی وەك من لەگەڵی ڕاست کاتەوەو کورد گوتەنی بی‌بەستێتەوە.

لەسەر ئەوەش ڕا لەماوەی ئەو سێ سەعات و نیوەدا چەند جار کەوتە مەرجێکی واوە کە بڵێ: "عجیب گیری افتادم" چۆن پێوە بووم، هەر پیلەو کێشەی ئەو شەوە ئەگەر بەتەواوی بنووسرێ خۆی داستانێکی تەواوە بەڵام نەمن هەمووم لەبیر ماوە نە پێویست بەوە دەکا، کەچی نەهیچ بەڵێنی دەدا نەدیارییەکەی وەر دەگرت.

لاساری، وەزیفە، ئەرك، کەللە ڕەقی، نازانم خۆی چ ناوێکی لێ نابوو، بەڵام هەرچی دەم کردو دەم کراند پێی لەوە نەدەنا خاترم بگرێ‌و، ملی نەدەدا، ئەو دیارییەش کە لەناو زەرفێك دابوو گوتم باوکم بۆی ناردوی‌و نازانم چی تێدایەو، ئەمانەتێکە لەلای من چەند جار پێم دەداو دەیداوە دواوە زۆر بە شێوەیەکی سەیرو سەرسوڕماوانەوە تەماشای دەکردم و دەیگوت: بە ڕاستی تۆ مرۆڤێکی عەجایبی، ئاخر تۆ چۆن ئەوە بەمن دەڵێی، چۆن ئەو داخوازییە لەمن دەکەی، تۆ بەو نیوەشەوە لەماڵی خۆم منت بۆچی تووشی ئەو بەزمە کردووە؟ گوتم: تۆ خۆت بێنە جێی من، ساڵێك لەتاران دانیشە، هەمو کارو ژیانی خۆت بەرەڵلا کە، برات لە زیندان دابێ، باوکێکی پیرت هەبێ هەموو ڕۆژێ بڵێ من کوڕەکەم دەوێتەوە، هیچ ئیدارەیەکیش نەمابێ سەری پێدانەکەی ئەو جار دەزانی ئەو بەزمەم بۆ بەتۆ گرتوە، هەتا بەڵێنی ئازاد کردنیشی نەدەی لەوماڵە ناچمەدەر، جا خۆت چی بەباش دەزانی وابکە، ئەگەر بزانم هەر لەسەر قسەی خۆشت سوری دەچمە لای خانم چونکە دەڵێن دایك زۆر بە ڕووحمە، بێگومان ئەو ڕێگەی ئەوەنادا ئەو غەدرە لەمن بکرێ، کە ئەوەم گوت دەستی کرد بە سوێند خواردن کە ئەو هەر نازانێ من چ کارەم، هەر بە شوێنی کاریشم نازانێ، "بەینێك دوای ئەوە کە لە میوانخانە دانیشتین

کیژەکەی دەهات شەربەت و چای دەهێنا هەتا ئەو دەرۆیی قسەی نەدەکرد".
گوتم ڕاستە ڕەنگە نەزانیێ، بەڵام من هەموو شتێ بۆ ڕوون دەکەمەوە با نـەهێڵێ من لەوە زیاتر ماڵ وێران بم، هەستم پێ کرد بەوە قسەی گۆڕاو نـەرم تـر بـوو، بەدوای ئەوەدا دیسان گوتم : من ئەوە سێ سەعات و نیوە دەستەو داوێنـی تـۆ دەبم هەر گوێت لێ نییە، ئەوەی بزانە هەرچی تریش پێویست بێ دەیکەم، مـن ئیشم لە گیردایە چارەم نییە، هەرکەسی تریش بێ هەروا دەکا.
ئەو جار بەنەرمی وەك ئامۆژگاری هێندێکی‌تر لەسـەری ڕۆیشـت: تـۆ ئەگـەر وەزعی خۆت لێك دەدەیەوە ئیشی حساس و ناسکی منیش لەبەرچاو بگرە، من لەبارەی کوردەوە زۆر شتم بیستبوو بەڵام ئەوشۆ بەچاوی خۆم دیتم، دەسەڵاتی منیش سنوورێکی هەیە. گوتم ئەوانە هەمووی بەجێی خۆی، ئیش و کاری تۆ پەیوەندی بە خۆتەوە هەیەو من سەرم لێی دەرناچێ، ئـەوەی مـن لـەتۆم دەوی تەنیا ئەوەیە براکەم ئازاد کەی، ئەبێ ئەو بەڵێنەم پێبدەیو ئیجازەم بـدەی بـڕۆم چونکە ئەوە وولات ڕووناك دەبێ، بـا کـەس نـەم بینـێ کـە لـێرە دەچمـە دەر، لەوکاتەدا هەستامە پێو دەستم لە دەستی ناو زەرفەکەم لەسەر مێزەکە دانـا ئیـتر نەی داوە دواوە.
کەهات بەڕێم کا گوتی: بەشەرەفم ئەوەی نەم دەویست بیکەم پێت کردم، **بەڵام** مادام تۆ ئەو کوڕەی بە دڵنیایی بڕۆ، خاتر جەم بە، پـاش حەوتەیـەکی تـر **وەرە** لە شوێنی جاران چاوم پێت بکەوێ بزانم چم پێ دەکرێ، **لەوڕۆش بەولاوە ماڵی** من ماڵی خۆتە هەر سەعاتێك حەزدەکەی وەرە قـەیدی نییـە، **سـەعات تـەواو**

چوارو نیوی بەیانی بوو کە لەوێ هاتمەدەر بەڵام بـە دڵێکـی خـۆش و هـەر لەوێوە چوومە ماڵی خزمێکم و لەوێ بەرچای سبەینێم کرد.

دوای حەوتەیەك لەکاتی خۆی‌دا چوومەوە لای، دوای هەموو مراجعـەکان منی ویست گوتی: کارەکان خەریکن جێ‌بەجێ دەبن پەلە مەکە ڕۆژی سێ شەممە ئێواری وەرە ماڵی ئێمە، ئەو جار ئیتر بێ ترس و لەرزو بە ڕاشکاوی وەژوور کەوتم و بە ڕووی خۆش وەریان گرتم لەکاتی ڕۆیشتنم دا هێنـدێ ڕێ نوێنیی کردم و گوتی: بۆ ئەوە کـە پەروەندەکـە لـە کومسـیۆنێك تـێ پەڕێ ئەو کارانە ئەنجام بدە کە لەماوەی دووسێ ڕۆژدا دەستوورەکەی ئەوم بەجێ هێناو، دوای ئەوەش هەموو ڕۆژێ دەچووم بۆ ئیدارەکەی بزانـم کـار بە کوێ گەیوە ڕۆژێك کەچووم خۆی لەوێ نـەبوو جێگرەکـەی کـەناوی "فداکار" بوو گوتی: هەموو ڕۆژێ زوو دەهاتی ئەوڕۆ نەبێ کە ئاغا کاری پێت بوو خۆی ڕۆیشتە سـەرێو گوتـی ئەگـەرهات پـێ‌ی بڵـێ بێتـە "بـاغی مهران" ئەو شوێنەی کە براکەم لێ‌ی زیندانی کرابوو.

زانیم شتێك هەیە، وەڕێ کەوتم کە چووم لەدەرگای زیندان سەربازەکانی تـێ گـەیاندبوو پێشـیان پـێ نـەگرتم و چوومـە ژووری حەوشـە، کـە دارو درەختێکی زۆری تێدابوو لەوێ پیاسەم دەکرد کە سەری لەژوورێك هێنایـە دەر منی دیت گوتی: لەوێ‌بە ئێستە دێم براکەت تەسلیم دەکەم. "لەوژوورە کە ئەو سەری هێنایە دەر دەنگی لێدان و هاوار هـاوار دەهـات کـە بەقسـە کردنی‌ڕا دیاربوو کورد بـوو بـەڵام نـەم زانـی کێ‌یـە" ئـەو سـەعاتەی کـە

براکەمیان بە ئەشیاکانی‌یەوە هێنایە دەر بۆ ژووری ڕەییسی زینـدان و گوتیـان ئیتر دەتوانن بڕۆن تەواو ساڵێك پێنج ڕۆژ کەم بوو کە گرتبوویان، لەگەڵ مـاڵاوایی ئـەو پارەشیان هێناوە کەکاتی گەڕانـەوەی بۆم بـردە زینـدان و نـەیان هێشـت خـۆی لێیم وەرگرێ‌و لەلای خۆیان دایان نابوو،هەموی سەرف نەبوبو.

لە دوای ڕزگـار بوونیشـی مـانگێکی‌تر بـۆ نواندنی شـەهادەو بەڵگـەی خوێندنـی لـە وەزارەتی فەرهەنگ و، وەرگرتنی ئیجازە بۆ هاتنەوەی وولات لەوێ مامەوەو، دوایـی گەڕامەوە، ئەویش دوای سەردانێکی ماڵ لە تاران دەستی بە کار کرد، بەڵام هەمیشـە لە ژێر چاوەدێری ساواك دا بوو، بە چەشنێکی‌وا کە هەرکەس چووبایە لای ون نەبوو هەتا ڕادەیەکی‌وا مەترسی لەخۆی دەکرد دیسان بیگرنەوە.

پاییزو زستانی ساڵی ٤٢ی هەتاوی لـە وولاتیـش دا مـەجالێکی وا درابـوو بـە خـەڵك دەتوانم بڵێیم هەموو کەس بێ ترس و واهیمـە دەی توانـی بیروڕای نەتەوایـەتی خـۆی دەربڕێ‌و کەسیش کاری پێ‌ی نـەبوو لەبـەر ئـەوە لـە زۆر جـێ‌و زۆر کـەس کەینـەو بەینەیان دەست پێ‌کرد، ئەویش سیاسەتێك بو تایبەتی سـاواك ماوەیـەك دەرفـەتی دەدا بەهەموو کەس خۆی دەربخاو دوای ئەوە کە کەشف دەبوون دەستی دەکرد بە گرتنیان.

بەهاری ساڵی ٤٣ی هەتاوی ڕۆژێك لە مـەیدانی چوارچـرای مـەهاباد ڕاوەسـتابووم، خوالێخۆش بوو "حسین اغای علی‌یار" لەولاوە هات گوتی: ئەوە بۆ لێرە ڕاوەستاوی؟ گوتم وەڵا بۆ هیچ هەروا بە ئیشتیا، گوتی بۆتۆ نـازانی دەستیان کـردووە بـە خـەڵك گرتن ئەوشۆ لەو شارە ئەو هەموو خەڵکەیان گرتوە "ناوی چەند کەسی برد" تۆ لێرە چ دەکەی بڕۆ فەوری لەشار بچۆ دەر.

هەر ئەوڕۆژە پێش نیوەڕۆ وەڕێ کەوتم بۆمیاندواو لەوێشەوە بۆ ماڵ کە ئەو شتانەم بۆ حاجی حەمەداغا گێڕاوە نەی هێشت شەو لەماڵی خۆمان بخەوم، جێگەشی بۆ سبەینێ لە شاخێك بۆ دیاری کردم کە ئەشکەوتی هەبوو، ئیتر ئەو جار هەر چەند ڕۆژ جارێك ئەوێشی دەگۆڕی‌و، کوێ‌ی بەباش زانیبا لە چیاو شوێنی نەناسراو پیاوی دەنارد دەیگوت بگوێزنەوە بچنەوێ، ماوەیەك بەو چەشنە ڕابرد شەوێك لەدوی ناردم گوتی بەینێکە کەس تۆی لێرە نەدیوە نەوەك بیکەنە دەنگۆ بڵێن هەڵاتووە ئەو شەو لێرە بمێنەو، سبەینێش کارێکی وابکە خەڵکی ئاوایی چاویان پێت بکەوێ هەتا ئێوارێ جا دوایی بچۆوە شاخی.
سبەینێ دوای چای خواردنەوە هەرکەس هەستا بەلایەك دا ڕۆیشت و، منیش لە هەیوانی دیوەخانەکە پیاسەم دەکرد بۆ ئەوە خەڵك بم بینن، دووسوار هاتنە بەر دەرکێ چوومە خوار بزانم کێن، هەردووکیان جلکی سیویلیان لەبەردابوو، دەمانچەیان بەستبوو، یەکیان لێ‌ی پرسیم خالید اغا لە ماڵە؟ گوتم نازانم، فەرمون دابەزن دەچم بزانم لەماڵە، گوتیان تۆ کێ‌ی؟ گوتم من چابەزم، ئەسپەکانم لێ‌ی وەرگرتن، فەڕاشەکە لەولاوە دەهاتەوە پێم گوت ئەو ولاخانە بەرە بیان بەستەوە ئەگەر ئەو ساواکیانە پرسیان لە کوێ‌یە بڵێ تراکتۆری بردۆتە مەهاباد بۆ تعمیر بچۆ باوکیشم لەناو باخ ئاگادار بکە منیش جارێ لە گوند دەچمە دەر، سوارەکانیش هەتا دوای نیوەڕۆ گوتبویان چاوەڕێ دەبین بەڵکو بێتەوە دوایی ڕۆیشتبوون گوتبویان قەیدی نی‌یە دوایی دێینەوە بۆلای! وەنەبێ من کارێکی گرینگم کردبێ، یان بەڵگەیەکم بەدەستەوە دابێ، یان شتێکم لەسەر سوور بووبێتەوە بەڵام کێ هەبوو ئەوە لەمن بسەلمێنی؟ لەدوای شۆڕشی ئەیلول کێ هەبوو لەبەر خۆیەوە قسەیەکی نەکردبێ‌و، هەستێکی دەر نەبڕیبێ؟ جا خۆ ئەگەر لەوەدا ڕابردوویەکیشی هەبوایە.

لەو ڕەش بگیرەدا کە لە کوردەواری دەستیان پێ کرد زۆر کەسی بێ تاوانیان گرت و، زۆر کەسی وا کە ئاگای لەهیچ نەبوو هەڵات و خۆی لە گرتن ڕزگارکرد، ڕۆژ نەبوو خەبەر بلاۆونەبێتەوە فلان کەس لە سنوور ئاوا بوو.

باوکم لەو ماوەدا سەفەرێکی بۆ بۆکان کردو لەوێ بەهەموویان تەرتیبی ڕۆیشتنی من و براکەمیان بۆ عیراق دابوو چلۆنایەتی ڕۆیشتنەکەشیان دیاری کردبوو تەنانـەت بـە چەند قۆناغ و لە کوێوە بۆکوێو بە چ شوێنێکدا، ئاگـاداری براکـەمیان کردبـوو لە تاران کە لەچ کاتێك داو لەچ شوێنێك یەکتر بگرینەوە کە هاتەوە ماڵ منی لـەوە ئاگادارکرد. بەپێ‌ی قەراری باوکم و خزمەکانی‌تر من لەشوێنی دیاری‌کراو بووم کە ئەویش لە تارانەوە بەینێك بە فڕۆکە بۆ تەورێزو، لە تەورێزەوە بە ترومبێل بۆ میاندواو کە شوێنی دیاری کراو لە نیزیك ئەوی بوو خۆی گەیاندە شـوێنەکە، سـەعات ١١ ئەو شەوە بەسواری ولاخ لە گونـدی سـەوزی وەرێ کـەوتین پێنـج شـەوو ڕۆژ لـە ڕێگەدا بووین چونکە هەر بەشەو بە ڕێگەدا دەرۆیشتین و کە دەبوو بـەڕۆژ لەشـوێنە دیاری کراوەکان دەماینەوە هەتا تاریك دەبوو، چەکی ئێمەش تەنیا دەمانچەیەك بوو کە لە ئێرانیش هەمیشە لـە گیرفـانی چاکەتەکـەم دا هـەڵم دەگـرت و، دە فیشـەکی لەگەڵ بوو، کاتێك لەماڵی "ڕەشـید خـانی بۆبکتانـەوە" "ڕەشـید خـانی ڕۆسـتەمی" وەڕێ کەوتین لەوێ بێجگە لەوە کە ولاخی پێداین و، پیاوی لەگەڵ خستین خۆشی پیاوەتی کردو هەتا نیوەی ڕێگە بۆ بەڕێ کردن لەگەڵمان هات، یاخوا ماڵی ئاوابێ.

قۆناغی دوایی ئێمە لە ئێران گوندێك بوو بەناوی "سیوچی" لەوێش دوای ئەوە ئاغای گوندەکە بەناوی "عبدالله خان شهیدی" ڕێگەی ماڵی خۆی نەداین هەتا ئێوارێ هەر

لە مەزرایەك بووین و، نوێژی شێوان، هاتینە ناو گوندەکە دوو هێسترمان بەکرێ گرت بۆ دیوی عێراق، ڕێگەی ئەو شەوە هەتا سبەینێ کە لە دوو گوندی "بڵەسەن"و "ئەنجینە" تێ دەپەڕیو، نوختەی حکومەتی ئێرانی لێبوو ڕێگەی هەرە ناخۆشی ئەو سەفەرە بوو، شەوێکی زۆر تاریك و هەورازو لێژی زۆر ڕژد، ماندوویی و نا شارەزاییش لەوێ ڕاوەستێ بەتایبەتی پەڕینەوە لە ئاوی ڕووبارەکە، کە وابزانم لە ئاخری مانگی بانەمەڕدا بوو جەنگەی ئاو زۆری ڕووبار بوو، خاوەنی هێسترەکان "ئەحمەدی پورەفات" هەر کەلە سیوچی وەڕێ کەوتین گوتی دەبێ شارەزایەك لەگەڵ خۆتان بۆ سەر ڕووبارەکە بەرن بۆ ئەوە دەراوتان نیشان بدا دەنا ئاو دەتان با، جا کێ هەیە لەگەڵمان بێو شارەزا بێ، گوتی مام ئەحمەدێك لە مێژ ساڵە لە نزیك ئەوێ لە چارداغێك دایەو شارەزایە ئەو بەکرێ دەگرین، کەلەوێ نزیك بووینەوە پارشێوبوو، چوو مام ئەحمەدی لەگەڵ خۆی هێنا، بەڵام کە چووینە سەر ڕووبارەکە ولاَت هەر تاریك بوو، ئەویش هێشتە خەو بەری نەدابوو، هەرجێیە ئەو گوتی دەراوە ئاو وەسەر کورتانی هێستر دەکەوت و ولاَخەکە لەسەر پاشو دەگەڕاوە دواوە، هەتا چەند جار لە ئاخریش دا هەرچەند ئاو وەسەر کورتانەکە هەر دەکەوت بەلاَم هێندەی شوێنەکانیتر قوڵ نەبوو هێسترەکەم دەنگ دا ڕۆیشتە ئەوبەر، لەوبەری ڕووبار کە خاکی عێراق بوو هەتا چاییمان لێناو بەرچایی مان کرد وولاَتیش ڕووناك بوو قاچاغچی دەهاتن لەڕووبارەکە دەپەڕینەوە ئاو لە تەنگەی ولاَخەکانی نەدەدا، چونکە ئەوان شارەزای دەراو بوون "گوندی شهاب الدین" یەکەم ئاوایی بوو کە ئێمە لەدیوی عیراق چوین و نوختەی

پێش مەرگەی لێبوو، "لەوە دەگەڕێم کەلێك دانەوەی ئەو پێش مەرگانە دەربارەی شۆڕش و بارزانی چۆن بوو، ڕەنگە لەدوایی‌دا ئەو باسە دیسان بێتەوە گۆڕێ، بەلاّم هەر لەوێوە دەرکەوت کە بەداخەوە دوو بەرەکی‌و ناکۆکی لەناو شۆڕش دا هەیە".

هێسترەکانی ساڵە لە شەهابەدینەوە ئێمەی بۆ شەو گەیاندە گوندی "کـەناروێ"و، ڕومان کردە چاخانەی گوند، کە گەڕان گەڕی ژوورەکە سەکۆی لـێ دروسـت کرابـوو خـەڵکێکی زۆری لـە پێشـمەرگەو ئـەهالی لـێ دانیشـتبوون پـاش تـاوێك چایی‌چی لەگەڵ پێشمەرگەیەك سرتەیەکی کردو پێشمەرگە ڕۆیشتە دەر، زۆر پـێ نەچوو هاتـەوە بـە ئێمـەی گـوت: فـەرمون کاکـە بڕۆیـن بـۆ مـاڵی "کـاك قـادر" ئیسراحەت بکەن، گوتم ئێرە باشە هەر لێرە دەبین بەلاّم نەی بیست گوتی: نابێ، ئێرە جێی ئێوە نی‌یە.
شەوێك خەوی ئاسودەو جێگای بێ گـرێو گـۆڵ و، خانـە خـوێی ڕووخـۆش حەسانەوەیەکی باشی بە دواوەبوو ماندوویی چەندڕۆژەی ئێمەی دەرکرد.
خوێنەری خۆشەویست، هەر لەسەرەتای ئەو پێشەکی‌یەدا دەم زانی بەسەرهاتی من مەبەستی تۆی تێدا وەگیر ناکەوێ نازانم باوەڕت کرد یان نا، جـا ئێسـتە فـەرموو بەدوای سەرەتاو، ناوەندو، ئاخری دەربەدەری‌یەکەم دا. ڕێگەی ئێمە لەچوارتا تێ دەپەڕی کە مەقەڕی هێزی لێبوو دەبوو خۆمان ناسـاندبا لەبـەر ئـەوە چوینـە لای "عقید نوری" کە ئەو کاتە لەوێ ئامیر هێزبوو ئەویش گوتی: مـن خـۆم نـاتوانم قەرارێك بۆ ئێوە بدەم بارزانی بەبێ تەل ئاگادار دەکەم چی ئەمر کرد پێتان

ڕادەگەیەنمەوە، هەر ئەو ڕۆژە پێش نیوەڕۆ پیێ گوتین مەلا مستەفا فەرمویە بیان نێرە سولەیمانی بۆلای "فخرالدین" ئەویش لەوێوە لەگەڵ خۆی بیان هێنێ بۆلای من، ئێوە بڕۆن بۆ سولەیمانی من فخرالدیـن ئاگـادار دەکـەم "فخرالدیـن" بـارزانی ئـەو کاتـە مەسئولی شۆڕش بوو لەسولەیمانی.

جیپێك ئێمەی لە سولەیمانی دابەزاندو، دوای تـاوێك حەسـانەوەو نـانی نیـوەڕۆ مـن وەدوای کەلاش کڕین کەوتم لە بازێڕەکە دەگەڕام یەکێك هاتـە پێش سـلاوی کـرد گوتـی: ئێـوە بـۆ شـەو میوانـی منـن چاوەڕێتـان دەبـم، مـن نـاوم قـادر تەگەرانی‌یـە، پیاوێکیشی لەلای ئێمە بەجیّ هێشت بۆ ماڵەکەی شارەزاییمان بکا.

شەو بێجگە لە ئێمە نزیکەی دەکەسی تریشی لیّبوو، لە قسە کردنیـان دەر دەکـەوت هەموویان پێشمەرگەی ناو شار بن، شەو درەنگانیّ پێش خەوتن یـەکێك هاتـە ژوور هەموویان بە حورمەتەوە بەخێریان هێنا، پاش تاوێك گوتی: ئێوە کەرەم کەن لەگـەڵ من وەرن، ئێمەش بیّ ئەوە پرسیاری لـیّ بکـەین بۆکویّ هـەردوکمان هەسـتاین و، لەگەڵی چوینە دەر، لەدەریّ ترومبێلێکی لندروری گەورە کە شەش پێش مەرگەی بـە چەکەوە تێدابوو ڕاوەستابوو، خۆشی لەگەڵ ئێمە سواربوو ترومبێلەکەی لیّ خـوڕی، دیارە ئێمە شارەزای شار نەبووین بەلام لەزۆر کۆڵان و شەقام لیّ هالاوەو تـیّ پـەڕی هەتا گەیشتە جیّیەك کەبەو شەوە ویّدەچوو قەراغ شاربیّ، لەویّ هەر کۆلانەی پێش مەرگەیەکی لیّ دابەزاندو ترومبێلەکەی لە دەرگای ماڵێك ڕاگرت کە حەوشـەیەکی بچـوك و دیوارێکـی گڵـی نـەویو دەرگایـەکی داری کۆنـی هـەبوو، بـە دەسـت

دەرگاکەی کوتا خاوەن ماڵەکە هاتە دەر فخرالدینی ناسی‌و لەدوای خۆش و بێش گوتی فەرمون،فخرالدین پیٚی گوت ئەو دووبرایە ئەوشەو لەلای تۆ دەبن هەتا کـاتی خـەوتن لـەلایان دانیشـە کـە ئـەوان خـەوتن خـۆت وەرە لەدەرگا حەرەس بە، مەخەوە، بە ئێمەشی گوت ئەگەر شتێکی واتان پیٚیە بیدەن بەمن لەگەڵ خۆم دەیبەم هەتا سبەینێ سەعات حەوتی بەیانی دێمەوە بۆلاتان، ئەوکاتە ئێوەش حازر بن دەتان بەم بۆ سەنگەسەر بۆلای بـارزانی، ئێمەش جانتایەکی دەستی کە هێندێ پارەو کاغەزو شتی‌وای تێدابوو پێمان داو، ڕۆیشت، خانە خوێکەمان هـەتا درەنـگ وەخـت باسـی شـەڕی پێـش مەرگەو حکومەت و ئازایەتی‌ی پێش مەرگەی بۆ دەکردین.

- هەر لەو شاخەی ئەزمڕ جارێك حکومەت هێرشی هێنایە سەر ڕەبیەکانی پێشمەرگە دەبابەیەك لوتی لە کەندالەکە چەقی بوو، نەدەهاتـەوە دەر، پێـش مەرگەیەك خۆی هاویشتە سەر دەبابەکەو بەخەنجەر مەنجـەڵی دەبابەکـەی داگرت، هەرچەند گوتیان کوڕە خەنجەر چۆن دەبابەی دەبڕێ، دەیگـوت دایکێ‌ی... خەنجـەری مـن چـۆن دەبابـەی نـابڕێ، هێنـدی لـە مەنجـەڵی دەبابەکە دابوو دەمی خەنجەرەکەی هەڵکشابوو چوبوە نـاو دەسـکەکەی‌و دوو پەنجەی ئەویشی هەڵ بڕیوو بەلاٚم وا گەرم داهاتبوو بەخۆی نەدەزانی.

من ئەو کاتە لەو بارەوە کە بۆچی فخرالدین ئەوشەوە نەی هێشـت لـەماڵی خانە خوێ‌کەمان بخەوین و ئێمەی هێندە بەناوکۆڵان و شەقامی شاردا گێڕا

هیچ پرسیارم نەکرد بەڵام ساڵێك دوای ئەوە ڕۆژێك لە قەڵادزە فخرالدینم لەگەڵ لوقمان بارزانی دیت و ئەو پرسیارەم لێ‌کرد، گوتی: لەناو ئیدارەی ئەمنی سلێمانی‌دا برادەری‌وا هەیە هاوکاری لەگەڵ ئێمە دەکەن، ئەو ڕۆژە ئێوە هاتنە سلێمانی هـاتن بـە ئێمـەیان گوت: دوو کەس لەئێرانەوە هاتوونە ئەو شارە حکومەت بەدوایاندا دەگەڕێ بیان گرێ ئەگەر سەر بەئێوەن ئاگاداربن، ئەگەر پەیوەندی‌یان بە ئێوەشەوە نی‌یە ئەوە شتێکی ترە، منیش هەر ئەوکاتە قادر تەگەرانیم نارد کە بۆ شەو بتان هێنێتە ماڵی خۆی‌و نەهێڵێ بچنە هوتێل چونکە قادر پێش مەرگەی خۆمانەو حکومەت نەی دەتوانی لەوێ بتـان گـرێ، لەبەر ئەوەش نەم هێشت شەو لەوێ بخەون لەنزیك ماڵی قادر ئەو شەوە قەرار بوو پێش مەرگەکان چەند کەس بگرن کە گومانی سیخوڕیان لێ‌دەکراو دەبوو بەتەقە؛ چونکە کە لەڕێوە هاتبوون و ماندووبوون حەزم نەکرد لەوێ‌بن و پێتان نەکرێ بخەون لەبەر ئـەوە ئێوەم بردە ماڵی ئەو پێش مەرگە کە شـوێنێکی هێمـن بـوو لـەدەوروو بـەری ماڵەکـەی ئەویش حەرەسم دانا هەتا سبەینێ.

– سبەینێ سەعات حەوت فخرالدین بـە ترومبێلـی خـۆی‌و دووکەسـی تـرەوە هاتـەوەو ئێمەش لەگەڵی سواربووین بۆ سەنگەسەر، لەڕانیە کەتاوێك دابەزین بـۆ حکـەرە کریـن تووشی خواڵێخۆش بوو شێخ لەتیف شێخ مەحمود هاتین فەرمووی بەسەری باوکم دەبێ بۆ نیوەڕۆ لەلای من بن ئێوارێ بچن بۆلای مەلا مستەفا ئەو درەنگ لەخـەو هەڵدەستێ هەرچەند فخرالدین هەوڵی‌داو گوتی دەبێ بڕۆین گوتی ئەگەر تۆ حەز دەکەی بڕۆ من خۆم ئێوارێ دەیان نێرم، ناچار ئەویش مایەوە گوتی دەبێ خۆم بیان بەم.

من جاری یەکەمم بوو بەخزمەت شێخ لەتیف دەگەیشتم و دیار بوو لە ڕووسیا لەگەڵ دوکتۆر حەسەن ناسیاوی‌یان پەیدا کردبوو، ئێواریّ لە ڕانیەوە زوو گەیشتینە سەنگەسەر کە مەقەڕی بارزانی لەویّ لە مەکتەبێك دابوو ئێمە لەناو خێوەتی حەرەسەکان لەحەوشەی مەکتەب دانیشتین هەتا نیزیك نوێژی شێوان کە یەکێك هات ئێمەی بردە لای بارزانی، پێش کاری ئەوکاتەی ئەفسەرێك بوو بەناوی "عقید بامرنی".

نیزیکەی بیست ساڵ لەو کاتە تیّ دەپەڕی کە لە ئێران، بارزانیم دیبو بەلاّم لەگەل ئەوەش گۆڕانێکی وای لە قەلاّفەتیدا بەسەر دا نەهاتبوو کە زۆر پیّ‌یەوە دیار بیّ، بەسالاّ چووبوو بەلاّم هەر لەسەرەخۆو پەیت بوو،

تەندروستی زۆر باش بوو.

ئەو ماوەیە کە ئێمە لە خزمەتی بووین میوانی تری یان نەهات و، یان ڕێگەیان نەدابوو، بێجگە لە حەرەسەکانی خۆی کەسی‌تر نەدەهاتە ژوور.

ئەو ڕۆژە لە قسەی ئاسایی‌و، هەواڵ پرسی‌و، هێندیّجار باسی ڕووسیا زیاتر کە بارزانی دەی‌گێڕاوە باسی هیچی‌تر نەکرا، بەلاّم ئەو ووتەی ئەو ڕۆژەی بارزانی کە نیشانەی سروشتی بەرزی ئەوبوو هەر لەبیرمە کە فەرمووی "من ئەگەرچی ئەوەی تاران بەهەتیوەیەك دەزانم بەلاّم لەبەر زرووفی ئێستا دەبیّ هاتنی ئێوەی پیّ بلّێم" کە مەبەستی لەوە شای ئێران بوو.

هەروەك یەکەم پرسیاریشی لە ئێمە ئەوەبوو: ئێوە خۆتان حەزتان کرد بێن یان سەبەبێکی‌تری هەبوو؟ کە ڕاستی‌یەکەی چبوو عەرزی کرا.

ئێمە بەینێك بوو دانیشتبووین کە یەکێك لەحەرەسەکانی "واەم لەبیرە حاجك محەمەد بوو" هاتە ژوور گوتی: ئەو ڕۆژنامەچی‌یە داوای جگەرەیەك دەکا لەو جگەرانەی خۆت بە دەست دەی پێچی‌یەوە، فەرموی ئەگەر بۆ تیجارەت نەبێ جگەرەی منی بۆ چی‌یە بچۆ چەندی دەیەوێ جگەرەی پاکەتی پێ‌بدە، ئەوە دەبا ڕەسمی دەکێشێ‌و لەبنی دەنووسێ ئەم جگەرە مستەفا بەدەس پێچاوی‌یەتەوە، وادیار بوو ئەو ڕۆژنامە نووسە کە ئێمە نەمان دیت و نەمان زانی کوێندەری بوو لەپێش ئێمەدا هاتبوو چاوی بەبارزانی کەوتبوو پرسیارو وەڵامی تەواو ببوو، لەسەر ڕۆیشتن بوو.

سەنگە سەری ئەو کاتە کە لە ئاخرو ئۆخری بەهارو سەرەتای هاوین دا بوو زۆر گەرم و ناخۆش بوو هەر دەهات گەرم تریش دەبوو بێجگە لەمەقەڕی بارزانی ئێرانی تریش لەوێ بوون کە هێندێکیان لە زووەوە لەوێ بوون و چەکدارو مەقەڕی جیاجیایان هەبوو وەك ئەحمەد تۆفیق و هەڤاڵەکانی تری کە دەبێ بڵێم ئەو کاتە ئەحمەد تۆفیق زۆر سەرنجی بارزانی ڕاکێشا بوو، لێ‌ی نیزیك بوو، لەراستیشا زۆر چالاکی دەنواندو بەهۆی دەرخستنی گۆڤارو هەڵسوڕانی تری خزمەتی شۆڕش و هەڤاڵەکانی تری خۆی پێ دەکرا کەلەوێ بەناوی حیزب ئیشیان دەکردو بارزانی باڵی بەسەر کێشابوون و ڕێزی لێ دەگرتن.

لەهێرشی دوایی حکومەتی ئێرانیش دا بۆ سەر نیشتمان پەروەرەکان لە ئاخری زستانی ٤٢و بەهاری ٤٣ی هەتاوی‌دا لەشارستانی‌و لادێ‌یی زۆر کەسی‌تر پەڕیوەی کوردستانی خواروو بوون و لەئێران هەڵاتن لەگەڵ ئەوانە ژمارەیەکیش

دێبۆکریێو "مامەش" بوون کە بەشێکیان لەناوچەی پشدەرو سەنگەسەرو بڕێکی تریان لەناوچەی باڵەك گیرسابوونەوە

لێرەدا جێ‌یەتی کە دەربارەی ئەحمەد تۆفیق و هەڤاڵەکانی تری‌و بەسەر هـات و هەڵوێست و هەڵسوڕان و باری کۆمەڵایەتی ئەو کاتەیان لـە کوردستانی باشـوور بدوێم و شی بکەمە کە ئەو ماوە لەسەنگە سەر پێکەوە ژیـاین و، دواییش گـۆڕان و بەسەرهاتەکان ئێمەیان لێك دوور نەخستەوە، بەڵام دەبینم ئەو ویستەی من لێرەدا پێك نایەو لەگەڵ ئەوەش کە بەکـەم و کـورِی خـۆم و نووسـینەکەمی دەزانـم کـە لەلێ‌هاتوویی ئەو کورە کوردە هەروا تێ‌پەڕم بەڵام لەبەر ئەوە کە ئەو باسـە هـەروا بەکورتی نابڕێتەوە ناچارم لێ‌ی بازدەم بەڵکو هەلێکی‌تر بۆ ئەوە هەڵکەوێ.

گەرمای سەنگەسەر وای کرد کە لە پێشدا لەوێوە بۆ گونـدی "داودیـە"و دوایـی لەداودیەوە بۆ گوندی "هێرۆ" بـە ئیجـازەی بـارزانی بگوێزمـەوە، کـە لـەو گونـدە ژمارەیەکی تریش دێبۆکری لێ بوون و هەر لەو دیوەوە هاتبوون.

کوردەکانی عیراق بە تێکڕایی بە داراو نە داریانەوە وێنەیەکن بـۆ دڵ فرەوانـی‌و جوانمێری بە تایبەتی بۆ لاوەیی‌و خەڵکی هەندەران و هەموو شوێنێکی ووڵات ئەو ئاکارە بەرزو پیاوانەی پێوە دیارە، ئەو یاسایە ناوچەی پشدەریش نەك هەردەگرێتەوە بەڵکو ئەوان وێنەیەکی هەرە ڕون و ئاشکرای ئەو سروشتە مێرانەن.

٧-٦ مانگ ژیان لە گوندی سەر سەوزوزە نوێری هـێرۆو، تێکـەڵاوی لەگـەڵ هۆزی میراو گەلی بـە گشـتی، بەتایبـەتی هـەرچوار کـوڕی مـەحموداغای هـێرۆ: حاجیاغا، بابەکراغا، کاك مستەفا، سمایل اغـا کـە لەبـەر ئـەوە خۆیـان هـەر لـەو

گوندە بوون و بەو بۆنەوە دەرفەتی دیتنیان زیاتر هەبوو ئەو ڕاستیانەی بۆمـن باشـتر دەرخست، ئێستەش لەهەمو جیٚیەك و لەهەموو کاتێکدا یادیوان بەڕێزەوە دەکەم. لەهێرۆ بووم کە بارزانی براکەی منی لەسـەر داوای خـۆی نـاردە دەرەوەو، لەگـەڵ ئەوەش کە لەزروفی ئەو کاتەی شۆڕش دا مانەوەی پێویست بوو بەلاٚم پەلٚپی گـرت و، لەبەر ئەوە جارێك کە عبدالرحمن عارف ڕەییسی ئەرکانی جەیشی ئەو کاتـەی عێراق هاتە خزمەت مەلا مستەفا پیٚی فەرمو ئیش و کاری ڕۆیشتنی بۆ دەرەوە بـۆ جیٚبەجیٚ بکاو ڕەوانەی بکا بۆ ئاڵمانی ڕۆژاوا کە ئەو کاتە دوو کەرت بوو.
من ئەو ووتەی بارزانیم لەبیر ناچیٚ کە لەدوای ڕۆیشتنی ئەو، ڕۆژێك لە دیلمان ڕوی لەمن کرد، فەرموی: خالید، حەسەن نەی گوت منیش وەك مستەفا.
دیارە لە زرووفی ئەوکاتەی شۆڕش دا هێندیٚ کەس ئەگەر ویستبایان خزمەتی پێـش مەرگەیان لەباری دەرمانی‌یەوە پیٚدەکرا تەنانەت هی بارز‌انی خۆیشـی کـە بـۆ ئـەم شتانە باوەڕی بەهەموو کەس نەدەهات، من لەوە زیاتر کە عەرزی بکەم: قوربان هەر ئەوەندەی لەدەست هات، وەلاٚمێکی ترم نەبوو.
چەند مانگی تریش پیٚچوو لە پاییزی ئەو ساڵەدا بارزانی مەقەڕی خۆی لە "دێـریٚ" لای بێتوێن و، دەفتەری کاریشی لە ڕانیە داندرا بوو کە معاون شـێخ ڕەزا گولاٚنـی پێش کاری بوو، شەڕ لەگەڵ حکومەت ڕاگیرا بوو کە لەپێش ئەوەدا ووت و وێژێك لەناو شۆڕش و میریدا هەبوو بەلاٚم بە ئەنجام نەگەیشتبوو، مـن چوومـە ڕانیـەو لـە دەفتەری بارزانی خۆم ناساندو گوتم عەرزی بکەن من لـە هێرۆ نـامێنم و لـە هـەر شوێنێك ئەمر دەکا واجبی پێش مەرگەیەك دەبینـم گوتیـان باشـە، بـۆی دەنووسـین حەوتەیەك، دە ڕۆژ پیٚ دەچیٚ هەتا لەدێریوە وەلاٚم دێتەوە.

دوای بەینێك وەڵامی بارزانی هاتەوە نووسیبووی: مـن پێـم باشـە بچێتـە قـەڵادزەو واجبی قایم مەقام ببینێ ئەگەر مەکتەبی سیاسیش پێیان باش بـوو بـا بـەم کـارە هەستێ، ئەو کاتە هێندێك لە شارە گچکەکان لەژێر دەسەڵاتی شۆڕش دا بوون کە قەڵادزێو ڕانیە لەو جێیانە بوون و لەبیرم نییە کوێی تریش.

مەکتەبی سیاسی کە ئەوکاتە ئەویش هەر لە ڕانیە بوو نووسینی ئەو قـەرارەی جێ بەجێ کر ،و، لەو ڕۆژەوە ئیتر ژیانی پێش مەرگایەتی منیش دەستی پێکرد، چـەند مانگ دوای ئەوە "م.س" ئیشی منی لـە قـەڵادزەوە بـۆ ڕانیـە گوێزتـەوە، لـەئاخری زستانی ئەو ساڵەدا هێزەکانی حکومـەت ناوچـەی ڕانیـەو لەبـەهاردا قەڵادزەشـیان گرتەوە.

سیاسەتی شۆڕش ئەوەبوو جەنگەی شەڕ لەشارەکان بچێتەدەر بۆ ئەوە کەس تووشی زەرەرو زیان نەبێ ئەگـەر هێزەکـانی مـیری بـۆ ئـەو نـاوە بزووتـن لەسـەر ئـەمری سەرکردایەتی هێزەکـانی کوردسـتان لـەو شـارانە چوونـەدەرو، هیـچ پێشـیان پـێ نەگرتن و، لەبەهاری ساڵی ٤٤ی هەتاوی‌دا یانی ٦٥ی زایینی مەکتەبی سیاسی لە هەڵشۆی پشدەرەوەو، بارەگای بارزانی لە بێتوێنـەوە هاتنـە ناوچـەی باڵـەك و لـەو ڕۆژەوە هەتا کاتی پیلانـی شـاو سـەددام لـە ئەلجـەزایر ئـەو ناوچـە بـە استراتیژی گرینگی خۆیەوە هەر لـەدەس شـۆڕش دا مایـەوەو پێـش ئەوکاتـە ئەگـەر لەهـەموو جەبهەکانی کوردستان شەڕی پارتیزانیی "لێدەوبڕۆ" بـاوترو سـەرکەوتو تـر بـوو لەوناوە شەڕی جەبهەیی دامەزراو لەگەڵ ئەوەش میری بۆ وەرگرتنەوەی ئەو ناوچە کە هۆی دابین کردنی بەشێکی زۆر لە پێداویستییەکانی شۆڕش و هێزی چەك

هەڵگری کوردستان بوو بەهەموو توانـاو هـەموو جـۆرە چـەکێك هـەوڵی دەدا لەماوەی ئەو دەساڵەدا هێزی پێش مەرگە ئەو مەجالـەیان پـێ نـەدان لـەڕەواندوز هەڵکشێن تەنانـەت بسـتێکیش و، لەهـەموو شـوێنێك لەبەرانبـەریان وێسـتان و، سەرەرای ئازایەتی پێش مەرگە یارمەتی سروسـتیش کـە بەهـەموو توانـاوە دەس بەکار بووەو شاخە ڕژدو چڕەکانی هەندرێن، کوڕەك، بێخاڵ، زۆزك،و سەری حەسـەن بـەگی لـەدەوری ڕەوانـدز داڕشـتوە نـابێ لـەبیر بکـرێ کـە هۆیـەکی گەورەبوون بۆ خۆ ڕاگریی پێش مەرگەو بەزینی میری لەو ناوچەدا شەڕەکانی گەلی عەلی بەگ کە ئەویش هەر شوێنێکی حەستەمەو ئەکەوێتە خوار ڕەوانـدوز بەلای هەولێردا پێش ئەو کاتە ڕووی دابوو کە زیانی هێزەکـانی مـیری لـەوێش لەڕادە بەدەر بوو بەڵام توانیبووی ئەوگەڵیە کە ڕێگەی ڕەواندز بۆ هەولێر لەوێوە تێ دەپەڕێ بگرێتەوە دەست.

باش لەبیرم نی‌یە بارزانی ئەو کاتـە مەقـەڕی لـەچ شـوێنێك بـوو، قەسـرێ، یـان جێیەکی تر، بەڵام ئەو شەوە من لەناو پردان دیتم کاك ئیدریس و کاك مەسعود لەلای بوون کە فەرمووی "بۆتەوە شەڕی ئێمەو حکومەت لەبەر ئـەوە ئیـدارەی شارەکان بە ئێمە ناکرێ تۆ بچۆ لە ئێزگە ئیش بکە، من لەودیو ئیشم هەیە دەبێ ئەو لەشکرە ئیدارە بکەین بەڵام ناکرێ تۆ بنێرمە ئەودیو، ئیدریس کاغەز بنووسە بـۆ سـاڵح یوسـفی "لێپرسراوی ئێزگـە بـو"، لـەوێ جێگـەی پـێ بـدەن، لـە مەخزەنیش بنووسە دوبەتانی بدەنێ.

ئێزگەی ڕادیو یەکێك لەو دەزگایانە بـوو کـە لـەدوای دەس پێکردنـەوەی شـەڕ

شۆڕش بە پێویستی دەزانی دەس بەکار بێتەوەو، وەزعی جەبهەو، لانی ڕامیـاری لە ڕوانگەی شۆڕشەوە بۆ خەڵك ڕوون کاتەوە کە ئەوکاتە "عبدالسلام عـارف" سەرکۆماری عێراق بوو.

بارزانی خۆی وادەبوو دەهات سەری لە ئێزگە دەداو لەگەڵ جەماعەت دادەنیشت و، ئامۆژگاریی پێویستی بۆ دەکردن و دەی فەرموو: ئێمە دوژمنی هیچ گـەلێك و هیچ حزبێك نین و پێویستمان بە دۆستایەتی هـەموو کـەس هەیـە ئێمـە ئەگـەر حیزبی خۆمان لەلا بەرێز بێ دەبێ ڕێز لە حیزب و پارتی تریش بگرین، ئێـوە کـە لەسەر ڕادیۆ شت دەنووسن و دەی خوێننەوە ئەبێ ئـەو شـتانە بزانـن، ئێمـە تـەنیا دوژمنی ئەو حکومەتەین کە لەبەغدا حوکم دەکاو هەقی ئێمە نادا.

بەینێك بوو لە ئێزگە ئیشم دەکرد ڕۆژێك تووشی کـاك ئیدریـس بـارزانی بـووم، گوتی: حکومەتی ئێران داوای تۆ لـە مـەلا مستەفا دەکەنـەوەو زۆر فشـاریان بـۆ هێناوە تۆیان تەسلیم بکاتەوە ئەویش فەرمویە لێرە نـەماوە، هـەوەڵی هاتۆتـە ئـێرەو دوایی ڕۆیشتوە نازانم لەکوێیە، لەبـەر ئـەوە پێویستـە کـارێکی وابکـەی لەسـەر جادەو شەقام خەڵك نەت بینن، ئەگەر ئیشت هەبوو پێداویستێکت هـەبوو پێـش مەرگە بنێرە لە گەلاڵە بۆت بکرێ خۆت مـەچۆ، ئەگـەر زانیـت بـارزانی میوانـی لەلایە تۆ مەچۆ هەتا دەڕۆن ماوەیەکی زۆر، نازانم چەند مانگ ئـاوا ڕابـردو هـەر شوێنێ زانیبام کەسێکی وای لێیە نەدەچووم بەتایبەتی ناوشارو سەرجادەکان کە هاتوچۆی ئێرانییەکانی پێدابوو.

هـەر لەبـەر ئـەوەش لـەو ڕۆژەوە بـەناوی "هێدی" لەئیزگـە هەڵبەستی خـۆم دەخوێندەوە کە گویا شوێنەونکەی بکەم، کە وەك گوتم لەپێش دا ناوی "شێواو"م بۆ شیعری خۆم هەڵ بژاردبو، دیارە ناکرێ ژیان ئاڵۆزبێ‌و ناو ئاڵۆز نەکا.

هەتا ڕۆژێك دیسان هەر کاك ئیدریس خۆی پێ‌ی گوتم: ئەو جار هەر شوێنی حـەزت کـرد بچۆ قـەیدی نی‌یـە چونکـە ئێران هـەر لەسـەر داواکـەی خـۆی دەڕۆیشت، مەلا مستەفا پێ‌ی گوتن: لێرەیـەو هاوکـاری ئێمـەدەکاو تەسلیمیشـی ناکەینەوە، جاتۆش مقید مەبە بەکەیفی خۆت بکە.

لە ئاخری مانگی بانەمەڕدا بارزانی هات سەر لە ئێزگە بـدا لەئەشکەوتی سـەر دێمان و وابزانم ساڵی ٦٧ بوو، ساڵح یوسفی مودیـری ئیزگـە خـۆی خێوەتێکی لەخوار ئەشکەوتەکە لە پاناوکێك هەڵدا بوو ڕۆژێك ئاگاداری هەموو جەماعـەتی کرد بچنە خوارێ لای خێوەتەکەی ئەو ئەگـەر بـارزانی هـات لەگـەڵی دانیشـن، ئێمەش هەموو لەوێ وەکۆ بووین، پاش تاوێك کە حەرەسـەکانی لـە شـاخەکانی دەوروبەر وەدیار کەوتن زانیمان زۆر پێ‌ناچێ خۆشـی دەگـاتێ، لەبـەر دەرگـای خێوەتەکە ڕاوەستابووین کە بەپێ‌یان هات گەیشتێ‌و تفەنگی خۆی لەشانی‌دا بوو، کە ئەوکاتە برنۆی درێژی هەڵ دەگرت، نازانم ئەو ڕۆژە بۆچـی تـوڕە بـوو هـەر گەیشتە ئەوێ فەرمووی: ئێوە بۆ بەپیر منەوە هاتوون؟ منیش پێش مەرگەیەکم وەك ئێوە ئەگەر هاتمە ژوورەکەتان سەلامم کرد ئیوەش جوابی سەلامەکە بدەنەوە، من کە لەپێشەوە بووم عەرزم کرد: ئەزبەنی بە پیر تۆوە نەهاتووین، ئێمە هـەر شـتێك بنووسین پێش ئەوەی بخوێندرێتەوە دەی هێنین بۆلای ساڵح یوسفی چاوی پێ

بکەوێ ئەویش خێوەتەکەی لێرەیە بۆیە هاتووین، ئیتر کورسی‌یەکمان بۆ لـەپێش خێوەتەکە داناو لەسەری دانیشت ئێمەش هەموو لەسەر گیا لـەدەورەی دانیشتین دیسان ئەگەر دانیشت ڕووی لەجەماعەت کرد فەرمووی: ئـەوە کێ‌بـوو جوێنـی بەمن دا،... دوای ئەویش فەرموی بەمنی گـوت مامۆسـتا؟ تەماشـای یـەکترمان کرد، ئاخر ئێمە هەموو دەمانزانی بەو ووتەیە تورە دەبـێ لەبـەر ئـەوە کـەس نـەی دەوێرا وا بڵێ، دوای تاوێك کاك جەلیل فەیلی کە تازە لەبەغداوە هاتبوو، لە ئیزگە بەزاراوەی عەرەبی ڕیفی قسەی دەکردو شارەزای ئـەوەش نـەبوو بـە تورەبوونـی مەلامستەفا پەشۆکاو و گوتی: من بوم مامۆستا.

مەلا مستەفا هێندەی‌تر تووڕەبوو، بەکاك جەلیلی گوت: ئاخر هەتاکەی بـە ئێـوە بڵێم من مامۆستا نیم، من ورچ نیم، بەرازنیم، من ناوم هەیە، مستۆ دەڵـێ‌ی بڵـێ، مستەفا دەڵێ‌ی بڵێ.

ئێمەش هەموو گوتمان ئەزبەنی لێ‌ی مەگرە تازە هاتۆتە ناو شۆڕش شارەزا نی‌یە، ماوەیەکی زۆر کەس نەی دەوێرا هیچ قسە بکا هـەر کـەس لـە تەنیشـت خۆیـەوە لەگەڵ ئەوی تر سرتەیەکی دەکردو، بارزانی جگەرەیەکی داگیرساندو، چایەکیان لەپێش داناو هێندێ پرسیاری کرد ساڵح یوسفی جوابی داوەو وردە وردە دەهات تـورە بوونەکـەی تـەواوبێ گوتـی: ئـەرێ "بدرالدین علی" کـەجاران متصرفـی کەرکوك بوو ئێستە لە کوێ‌یە؟ داخوا ماوە؟ دیسان جـەلیل فـەیلی گوتـی: بـەڵێ مامۆستا ماوە ئەوە لە بەغدایە.

مەلا مستەفا فەرموی: قەیدی نی‌یە کاکی خۆم تۆ جوێنی خۆت هەر بدە. بەڵام ئێمە هەموو پێمان گوت مادام نازانی قسە بکەی هەستە بچۆوە ژوورەکەی خۆت ئەویش ناچار هەستاو ڕۆیشت.

دوو ڕۆژ پێش هاتنی بارزانی ئەو تۆپەی لەسەر ئیزگە دایان نابوو تەقەی لە فرۆکە کرد کە ئیلیۆشنێکی گەورەی ڕوسی بوو لەناوچەی باڵەك لەپشت گوندی دەربەند کەوتە خوارو تۆپچی‌یەکە کە کوڕێکی کەرکوکی بوو هاتە خزمەت مەلا مستەفاو خۆی ناساند، جەماعەت گوتیان ئەو کوڕە لەسەر تۆپی تەیارە شکێنەو فرۆکەی خستۆتە خوار "بۆ ئەوە خەلاتی‌بکا" مەلا مستەفا فەرمووی: کوردستان خستوویە کاکی خۆم، دیارە ئەگەر ئاوا توڕەیان نەکردبا تەشجیعی دەکرد، بەڵام تێکیان دا.

من جارێکی تریش بارزانیم لە سەنگەسەر بە توڕەیی دیبوو، کاتێك لەلای هەستام فەرمووی کە دەچی‌یە دەر ئەم جاشە بنێرە ژوور، کە هەر خەڵکی ناوچەکە بوو پێویست نی‌یە ناوی بەرم و، خۆی لەبەر دەرگا چاوەڕوانی ئەوەبوو بانگی بکەنە ژوور کە ئەوم ناردە ژوور خۆم لەبەر دەرگا گوێم لەوە دەبوو چی پێ دەگووت، کابرا هەر پێش ئەوە بچێتە ژوور لەترسان سپی هەڵگەڕا بوو، کە ڕۆیشتە ژوور ئیتر هەر بەیەك جاری لاڵ بوو قسەی پێ نەکرا.

ئەو ڕۆژە کە هاتە لامان بۆ ئێزگە پێش نیوەڕۆ فەرمووی دەڕۆم، شەوکەت عقراوی کە ماوەیەك لەدەرەوەی عیراق نوێنەری شۆڕش بوو بەینێك بوو ئەویش

گەڕابۆوە بۆ ئیزگە، عەرزی کرد: ئەزبەنی حەزدەکەین فراوێنی لێرە بکەی شیوێ دروست دەکەین "هەر لەخۆوەش ئەمەی گوت و هیچی وامان نەبوو بی‌کەینە شیو" مەلا مستەفا فەرمووی: ئەگەر ئیشم نەبا لێرە دەبووم بەلاّم ناکرێ دەبێ بڕۆم، من بچمەوە گۆشت بۆ ئێوە دەنێرم.

ئەو کاتە ئیمکاناتی شۆڕش زۆر باش نەبوو، لەگەڵ ئەوە کە جەماعەتی ئیزگە چاوە دێریشیان دەکراو هەموویان مامۆستا!! بوون دیسانیش کەم و کوڕی خواردەمەنی بەتایبەتی گۆشت هەر زۆر بوو، مەگەر جارێك بە هەڵکەوت دەنا لەمەقەڕ گۆشت هە. لێ نەدەندرا ئەگەر لێش نرابا هەر ناوی هەبوو خۆی دیار نەبوو، پارمەتیش ساڵی جارێك یان دووجار هەبوو ئەویش ٣ دینار کەوەبەر هیچ پێداویستێك نەدەکەوت، ئەوە بەرێ چوونی شازی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بوو لە ئیزگەو، چڵك و، ئەسپێ‌و ڕشکی ناو باخەڵیش هەر باسی نەکەم چاترەو، ڕابواردنی بەسەردا کەوتووی ئەوڕۆش ئێوە لەمن چاکتری دەبینن.

سبەینێ پیاوێك لەلای دیلمانەوە هات جوانە گایەکی زۆر گەورەو قەڵەوی هێنا گوتی: ئەو جوانە گایە مەلا مستەفا بۆ جەماعەتی ئیزگەی ناردوە بۆ کوشتنەوە.

"خدر مەنگور" کەخۆی‌و منداڵەکانی بۆ شیو لێنان و ئاوهێنان و خزمەتی جەماعەتی ئیزگە گیرابوون دوای نیوەڕۆ خۆی لە جوانەگا هەڵ کرد کوشتیەوەو، کەوڵی کردو تەیارە لێمان پەیدابوو، کاك غالب کە ئەندازیاری ئیزگەو خەڵکی سلێمانی بوو ئاگری کردبۆوە چای بۆ مێوان لێ‌نێ‌و لەودەمەدا تەیارە هات و

دوکەڵەکـەی دیـت، گـەڕاوە دەس ڕێژێکـی لـێ کـرد ئاگرەکـەی تێـــك داو، کەتریەکەشی تێك شکاند، پێش ئەوەش فڕۆکە زۆر دەهات و لەدەورووبەری ئیزگە دەگەڕاو بۆی کەشف نەدەبوو، بەڵام ئەو ڕۆژە وا ڕێك کەوت، لەدوای ئەو دەس ڕێژە کەلەلای ئێوارەدا بوو جەماعەت کە لەدەورووبەری ئیزگە بـلاو ببـون و هـەر کەس خەریکی کارو نووسینی خۆی بوو خڕبوونەوەو هاتنەوە نـاو ئەشـکەوتەکە کە ئیزگەش لەوێدا بوو، کەس نەجوانەگای لەبیرماو نە گۆشـت و هـەتا نوێـژی شێوان فڕۆکە هاتو چۆی هەر هەبوو، شەوێ مودیری ئیزگە هـەموومانی ئاگـادار کرد کە سبەینێ ئێرە بۆمباران دەکرێ دەبێ پارشیوێ هیچ کەس لێرە لەو مەقەڕەدا نەمێنێو بڕۆن لەو شاخانەی دەورووبەر دامەزرێن هەتا دەبێتەوە شـەو، لەبـەر ئـەوە هەر تاریك بوو کە جەماعەت هەستان و هەرکەس بەلایەکدا ڕۆیشت، منیش هاتم بچم بۆشاخی ئەوبەری ڕووبارەکە کەناوی "مامەڕوتە" دەبینم ئەوە جوانەگا لەسەر ڕێگەم کەوڵ کراوەو دەستی لێ نەدراوە دەم زانی فڕۆکە دەرفەتی ئاگر کردنـەوە نادا بەڵام ئەوەندە تامەزرۆ بووم هەر ئەوەندە بوو هار نەدەبووم.

دەسـرەکەم لەبـەر پشـتێنم دەرهێنـاو لەگۆشـتی ڕانەکـەی پـڕم کـرد و ڕۆیشـتم لەشاخی ئەوبەر وەسەر کەوتم پاڵم وەتاشە بەردێك دا هێشتە هەتاو هەڵ نەهاتبوو چوار فڕۆکە هاتن ئیزگەیان داگرت، هەتا لەوبەر ناپاڵمێکی دەهاویشـت لەوبـەرە لەبن سەری من گڵ دەوەری کە ڕێگەی نیو سەعات زیاتر بەینیان هەیە، من هـەر چاوەڕێی ئەوەبووم فڕۆکەکان لەسەر ئیزگە بڕۆن و منیش ئاگرێك بکەمەوە بۆ

گۆشت برژاندن، هەر واشم کرد دوای ئەوە کە هەرچی پیٚیـان بـوو فڕیٚیـان داو ڕۆیشتن منیش هەستام سیٚچوار دارم هێنا وەك شیشە تاشیم و، هێنـدیٚ گـەڵا دارو چیلکـەم وەکـۆ کـردو لەڕەوەزەکـە لـەبن تاشـە بـەردێکی گـەورەدا کـە سـەرێکی بەشاخەکەوە بوو هەردووك لای تری لەبنەوە ئاواڵە بوو ئاگرم پێوەنا، دووکەڵی لـیٚ بڵیند بوو تەیارە گەیشتە سەرم، هەر ئەوەندەم پیٚکرا هەستم پیٚ ڕەئاگرەکـە خـەم و بیکوژێنمـەوە، دیسـان دانیشـتم هـەتا ئـەوجاریش لـە بۆمبـاران دەبنــەوەو دەڕۆن و ئاگرەکە هەڵ دەکەمەوە بەڵام ئەو جاریش کە ڕۆیشتن هـەتا چیلکـەو گـەڵای تـرم هێناو ئاگرم پێوەنا دیسان فڕۆکە هاتن و ئاگرەکەم کوژاندەوە، بۆ جاری سێهەم کە نیزیك ببۆوە لە نیوەڕۆ لەجارەکانی پێشو درەنگ تر هاتنەوەو وادیـار بـوو ئـەوانیش خەریکی نان خواردنی نیوەڕۆ بوون، بەڵام هەتا هاتنـەوەو زرم و کوتیـان دەس پـیٚ کردەوە ئاگرەکە ببوە ئاگرو دوکەڵی نەمابوو کە ئیتر ئەو جار گۆشتەکەم برژانـدو تێرو پڕم لیٚ خوارد بەڵام بیٚ شوشتنەوەو بیٚ خویٚ، خوا خێری خاوەنی بنووسیٚ.

تۆپێکی تەیارە شکێن کە دابوویان بە ئێزگەو لەویٚ دایان بەستبوو دەڕۆژ زیاتر بوو فیشەکی لیٚ بڕابوو لەو جەنگەدا کە تەیارە ئاگری کردبۆوە هەرچەندە تۆپچی یەکـە هاواری کرد فیشەك هەر نەبوو کە دەبوایە لەخانەوە بی نێرن "پیرانشهر" کە ڕێگەی سەعاتێك لە ئێمە دوور بوو، ئیـتر ئـەوجار فڕۆکـە نەبەشـەو نـە بـەڕۆژ هـەدای پـیٚ نەدەدایـن، شەو نور ئەفکەنی دەهاویشت و ڕێگەی سەعاتێك دەوروو بەری ئێزگـە وا ڕووناك دەبوو هەر شتێك جۆڵاباوە دیاربوو.

ئێوارێ کـە لـەو شـاخە گەڕامـەوە هێشـتە نـە حەسـابوومەوە مودیـری ئیزگـە لەسەری کردین: کەس لێرە نەمێنێ ئیتر ئەوە بوو بەشەو ئێرە بۆمباران دەکرێ، هەموو دەبێ بڕۆن بۆ گەڵی "وەڵاش" کە گوندێکە لەناوچـەی باڵـەك، بەقـەدی شـاخێکەوەو لـەلای سـەرەوی ئـەو شـوێنە هـەڵ کـەوتوە کـە ئیزگـەی لێبـوو، ڕێگەشی زۆر هەورازو بەردەلاَن بوو، کەلاَش کە لەسەرگیا بنی لـووس دەبێو بەعەرزەوە گیر نابێ ئەو شەوە جەماعەت بـەتاریکی هـەتا وەلاَش هەرکـەوتن و هەستانەوە هەتا گەیشتنە جێ، لـەوێش لای بـەیانی هـەر کـەس جێگەیـەکی بـۆ خۆی دیتەوە خۆی تێدا مات کرد، منیش تووشی پنچکێك تودرك هاتم گـەلاَو بژی هەبوو بنەوەشی جێگەی منی هەبوو گوتـم ئێرە باشـە گـەلاَی هەیـەو نـا بیندرێم، لەوێ درێژ بووم هێشتە خەوم لێ نەکەوتبوو فڕۆکە هات دەستی کـرد بە هاتوچۆ بۆ سەروو خواروی گەڵیو، دوای ئەوە کە هیچـی نـە دۆزیـەوە ڕۆیشت، زۆر پێ نەچوو هاتەوە دیسان دەستی کرد بەگەڕان و لەپشت سـەری من دەستی بەتەقە کرد، نەم دەزانی جەماعەت لە کوێن و چۆن دامەزراون لەبەر ماندوویی کەس ئاگای لەوی تر نەبوو، خۆم وام دانابوو خێزانی خـدر منگـور چوە ئاو بێنێو نان حازر کا جلکی سووری لەبەردا بووەو تەیارە دیویەتیو دەس ڕێژی لێ کردووە، کەسیش پێی نەدەکرا لەجێی خۆی هەستێ بێتە دەر بزانێ چیە، ئێوارێ نزیك ڕۆژاوا کە چووم تەماشای شوێنی تەقەکەم کرد ڕێگەیـەك بوو لەوەلاَشەوە دەهاتە گوندی مێرگێو، سەگێك بەو ڕێگەدا هاتبوو لێی دابوو کوشتبووی.

ئەو ڕۆژە کە لەو گەڵی‌یە هاتینەوە فڕۆکە بەجارێك ئێزگەی وێران کردبوو، لەناو ژوورەکاندا کە هەرکەس بڕێك نەفتی هەبوو بۆ ڤانۆس و هێندێ داریان لەبەر دەرگا هەبوو بۆ چایی لێ‌نان یەکجاری پێکەوە گڕیان گرتبوو، لەهێندێ جێ تەنیا دیوارەکان بە حەواوە مابوون و میچەکە هەڵگیرابوو لەهێندێ جێ دیوارەکەش تێك تەپی بوو تەنانەت داری لێرەوارەکەش هەرچی لەدەورو بەری وێبوو بەتیزاب سووتابوو بە ڕوکاری ڕێگەی گەلاڵەدا بۆ قەسرێ ناپاڵمێکی لەشانی گردەکە دابوو ئاوی لێ وەدەر خستبوو.

ئەو شەوە مودیری ئێزگە ڕای گەیاند کە ئیتر نابێ کەس لێرە بمێنێ هەتا دەچین لە شوێنێکی تر ئیزگە دادەنێینەوە تۆپە تەیارە شکێنەکەمان لەبەر یەك دەرهیناو هەر پارچەی لەبن تەراشێك شاردمانەوە، ئێزگەمان لەوێوە بردە سەر جادەی قەسرێو خستمانە ناو ترومبێلەکەوە.

پێش ئەوە بچینە گەڵی‌ی وەلاش من نوێنەکانی خۆم بردە ناو ئەشکەوتی ئیزگەوە کە تەلیسە گڵی لەبەر دەرگا هەڵ چندرابوو، ڕێگەی ئەوەی گرتبوو ڕاکێت بچێتە ژوور ئەو شەوە لەگوندی سایە وولاخێکم بە کرێ گرت و نوێنەکانم لێ‌نا بۆ مەقەڕی شێخان، چەند ڕۆژێك دوای ئەوە دیسان ئیزگە لە شوێنێکی سنوور داندرایەوە کە لەبن عەرزدا جێگەیان بۆ چاك کردبوو، جەماعەتیش لە نیزیك ئەوێ بەنیو سەعات لەماوەتان مەقەڕیان کردەوەو ئیزگە دیسان دەستی بە ئیش کردەوە، هەتا ڕۆژێك مەلا مستەفا هات فەرمووی: قەرار وایە وت و وێژ بکەین لەگەڵ حکومەت بەڵێنم پێداون ئیزگە ڕابگرین لە ڕۆژی ....... ئیشی ئێزگە دەبێ بوەستێ.

خۆی ڕۆژەکەی دیاری کرد بەڵام من نایەتەوە بیرم وابزانم یەکی مانگی دەی دانا، پێش ئەوە مەلا مستەفا ئەوە بفەرموێ هێرشی فڕۆکە لەناوچەی باڵەك هەتا ڕادەیەك کەمتر بو کە میری هەموو هێزی خۆی لە پێش ئەوەدا بۆوێ تەرخان کردبوو بۆ ئەوە کە:

١- ئەو جادە کە ڕەگی حەیاتی شۆڕش بوو لەچەنگی بێنێتە دەر.

٢- بارەگای بارزانیو، مەکتەبی سیاسیو، مـەخزەنی چـەك و تەقەمـەنیو، شتی تـری شۆڕش و لەگەڵ ئەوانەش ئیزگەو چاپخانە لەو ناوچە بـوون ونـاوەندی بەڕێوەبەرایـەتی شۆڕش بوو، هەر چەندی پێی دەکرێ زۆریان بۆ بێنێ.

لەساڵەکانی دوایدا ئەو هێرشە هەواییانە شێلگیرتر بون بەچەشنێکیوا کـە تـەواوی گوندەکانی باڵەك بەتایبەتی ئەوانەی دەکەونە سەر جادە چۆل کرابوون و، خەڵك پەنایان بۆ ناو ئەشکەوت و شاخ و ناو باخچە بردبو، ژیانی ئاسایی خەڵك تەنانەت ڕەنێو هێنانی دەغڵ و دان و توتن و میوەش ئیمکانی نەبوو، دروێنە بەشەو دەکرا، گەلاڵە کە ناوەندی ناوچەی باڵەکایەتییە هێرشی هـەوایی توندتـری لەسـەر بـو، چـایی خانـەی سـەرپەردی گەلاڵە کە دوایی کەوتە بەر هێرشی هێزی هەواییو زیاتر لە ١٥ کەس لەت و پەت بوون و سەرو قاچیان واتێکەڵ ببو کەس نەی دەزانی کامە سەر هی کامە لەشەو، کێهە دەست و قاچ هی کەسێکن، تەنیا شـوێنێك بـوو کـە ڕێـوارو پێـش مەرگـەی دەوروبـەر لـێی دەحەسانەوە، هەموو ڕۆژیش چەند جار فڕۆکە بەسەریدا دەهـات و ئەگـەر کەسـی لـێ دیبایە تەقەی لێ دەکرد، ڕۆژێك لەوێ بووم فڕۆکەیەکی مێك هات و تێ پەڕی ئەوانەی لەوێ بوون هەموویان چونە بن بەردێك کە جێگەی ٦-٧ کەسی لێ دەبۆوەو وەك

ئەشکەوت هەڵ کەوتبوو، گوللە نەی دەگرتەوە پێش مەرگەیەك لـەپێش هـەموو کەس دا ڕۆیشتە بنە بانی ئەشکەوتەکەو، لەوێش هەر نارەحەت بوو دیار بوو زۆر دەترسا فڕۆکە زوو تێ بەڕیو هەموو هاتنەوە دەر بەڵام ئەوپێش مەرگە نەدەهاتـە دەر ئەوانیتر لەوە کە هێندە ترسا بوو بەسەری ڕۆیشتن گوتی: من لە پێشـدا لـە فڕۆکە هەر نەدەترسام، بـەینێك لـەوەپێش مـن و هـەڤاڵێکم هـاتین بچینـە حـاجی ئۆمەران لە ڕێگەدا لە نیزیك دەربەند فڕۆکەیەکی هانتر گەیشتە سـەرمان و دەس ڕێژێکی لێ کردین، هەڤاڵەکەم وەبەر هات و شەهید بوو منیش بەهەر حاڵێ بوو لە تەنیشت جادەکە قوڵکەیەکم بۆ هەڵ کەندو بڕێکم گڵ وەسەر کرد، تـازە لـە شـاردنەوەی ببومـەوە کـە فڕۆکەیـەکیتر هـات و منـی لـەوێ دی سـاروخێکی هاویشت دیسان وەگۆڕی هەڤاڵەکەم کەوت و هێنایەوە دەر، ئەو جار ئیتر لـەت و پەت ببو ئێستەش ئەگەر فڕۆکە دێ ئەو دیمەنە دێتەوە بەرچاوم.

لەدوای ڕاوەستانی ئیزگـە ئیشـی مـن کەوتـە سـەر چاپخانـە کـە ئـەو کاتـە لەناوچەی باڵەك لە گوندێك بـوو بـەناوی "سـورەبان" و دوو گۆڤـاری دەنگـی پێش مەرگەو، ڕۆژنامەی خـەباتی دەردەکـرد، ئـەو گونـدە لـە دیلمـان "شـوێنی دانیشتنی مەلا مستەفا" نیزیك بوو، زۆر جار دەهاتی دیتنی دەهاتە پێش، ڕۆژێك کاك مەسعود بارزانی لە دیوەخانەکە شاهنامەیەکی بەدەستەوە بوو دەی خوێندەوە گوتی: حەزدەکەم بزانم چیرۆکەکانی شاهنامەو شەڕی ئەو پاڵەوانانە چۆن بووە بەڵام باش سەرم لەفارسی دەر ناچێ، حەزدەکەم هێندێك لەو شەڕانە بەکورتی

ئەگەر بۆت کرا بیکەیە کوردی، ئەگەر ماوەم هەبوو دەی خوێنمەوە، عەرزم کرد زۆر باشە کتێبەکانم لەگەڵ خۆم بردە سورەبان کە لە حەوت جلددابوو.

حەوتەیەك یان دوو حەوتە بە شێکم لێ وەر دەگێڕاو بۆم دەنـارد، نـازانم مـەلا مستەفا ئەمەی لەکوێ بیستبوو ڕۆژێك لە دیلمان فەرمووی: تۆ ئەم اتاعەتە چی‌یە کردوتە؟ شانامە چۆن ترجمە دەکرێ؟ عەرزم کرد وەختی بێ کـاری خـەریکی دەبم ڕێگەی هیچ ئیشێك ناگرێ، فەرموی نەخێر ڕازی نیم کە چوویـەوە دەبـێ کتێبەکانی بۆ بنێری‌یەوە، ئەمە لەتوانای کێدا هەیە؟ دیارە منیش ئەمرەکەم بەجێ هێناو نەك هەر لەوەدا کە پیێ وابوو بە وەرگێڕانەکەیەوە مـاندوو دەبـم و پـیێ ناخۆش بوو بەڵکو لە تەواوی ژیانی دەربەدەریم دا هەستم بە لوتف و دڵسۆزی‌و ڕێزی ئەو ڕێبەرە گەورە دەکرد کە لەسەرانسەری ئەو ماوەدا بـە هیچ شـێوەیەك بێ دڵی منی نەکرد تەنانەت یەك جاریش، کە من خۆم شیاوی ئەو هەموو لوتف و ڕێزە نەدەزانی‌و، بێگومان ئەوەش لەبەر لێ وەشاوەیی من نەبوو بەڵکو پێویستی گەورەیی خۆی بوو کە لەگەڵ هەموو کەس بەجیێ دەهێناو، لەگەڵ من زیـاتر، فەرقی بارزانی لەگەڵ باوکم هەر ئەوەبووو کە باوکم وا دەبوو لێم تـوڕە دەبـوو بەلاّم ئەو قەت لێم توڕە نەبوو، وەك باوکیش بەهەموو خەمی منەوە هـەبوو هـەر ئەو لوتفەی ئەویش بۆتە سەر چاوەی تەقدیری تەواوی خانەوا دەکەی بە گەورەو گچکەوە کەوا بزانم ئەو ڕابردووە ڕەچاو دەکەن ومن لەوەفاو ئەمەگ زیاتر نازانم ناوێکی تری لێ بنێم.

نازانم چەند مانگ لەسەر چاپخانە بووم، وام لەبیرە لە ساڵێك کەمتر ڕۆژێـك لـە مەکتەبی سیاسی‌یەوە ئاگاداریان کردم لە چاپخانە بگوێزمەوە بۆ مەکتەبی سیاسی‌و، لەبەشی دارایی ئیش بکەم کە ئەو کاتە مەکتەب لەناو پردان بوو بەشی عەسکەری‌و، دارایی‌و، پاراستن و، ئیدارە هەر یەکە بەجیاو، لەژێر چاوەدێری مەکتەبی سیاسـی‌دا ئیشیان دەکرد "م.س" ئەو بڕیارەی بەبێ ئاگاداری من دابوو، دەبێ لێرەدا پـێ لـەوە بنێم کە لەسەرەتای کاری پێش مەرگایەتیم دا مەلا مستەفا منی فـەرز دەکـردو لـەو زیـاتر کـەس منـی نەدەناسـی، ڕاکـردوی تـری وەك مـن لـە کوردسـتانی ئەودیوە زۆربوون و دیارە منیش هەر حیسابی یەکێك لەوانەم بۆ دەکرا بەڵام لەماوەی کاری ئەو چەند ساڵەدا لەگەڵ شۆڕش جەماعەتیش دەرفەتی هەڵ سەنگاندنیان پێ درابوو، ئەو جار ئیتر بەبێ ئەمری بارزانی‌و، تەنانەت بەبێ ئاگاداری خۆم لە شوێنێکەوە بـۆ شوێنێکی‌تر ئیشی منیان دەگۆڕی چۆنی بەباشیان زانیبا .

کوردستان بە دوبەشی سۆران و بادینان بەش دەکـرێ کـە لـە سـەرێ قـەندیل و، لەخوارێ ڕوباری "موساکاوێ" کە لەسنووری ناوچەی باڵەك و بارزانـەوە "تیرەی دۆڵومەری" تێ دەپەڕێ لێکیان جودا دەکاتەوە لە نیزیك ڕەواندوز ئـەویش دەڕژێتـە ناو "زێی گەورە"و ئەو سنورە بەزێی بادینان دەسپێرێ هەتا دەگاتە دەجلەو بەشی بادینان هەموو هەرێمی لیوای موصل دەگرێتەوە بەلای سوریەو تورکیەدا.

ناوچـەی سـۆران هـەروەك بـەر فرەوانـترە هـێزی پێـش مەرگەشـی زیـادتر تێدابـوو لەڕوانگەی ڕێك و پێکی‌و تەنزیمی سوپاییەوە هەرچەند بێ کەم و کوڕیش نەبوو

بەڵام زۆر لەناوچەی بادینان باشتربوو کەهێشتە لەوێ لە کارو باری لەشکریش دا هەرڕێو شوێن و داب و دەستووری عەشایری ڕەچاو دەکراو ئەوەش زۆر بەپێچەوانەی ویستی مەکتەبی سیاسی بوو ئەسپاردەی پێشەکێشی بۆ من لەو ئاڵ و گۆڕەدا بێجگە لە پێکەوە بەستنەوەو پەیوەندی ماڵی لابردنی ئەو کەم و کوڕیانە لەوناوچەو، ئەرك ناسین و هەست بەلێ پرسراوی کردنی هەموو جەماعەتێك لەو چوار هێزە بوو کە فەرماندەکانیان:

١- ئەسعەد خۆشەڤی بارزانی، مزوری هێزی مەتینا لە قومری، دوایی گۆڕا بوو بەلەشکری یەك.

٢- عیسی سوار بارزانی، مزوری، هێزی زاخۆ لە گوندی ئەرمشت.

٣- علی خلیل بارزانی، مزوری، هێزی دهۆك لە گوندی گەڵ ناسك.

٤- حسۆمیرخان بارزانی، دولۆمەڕی، هێزی ئاکرێو شێخان لە گوندی باصفرو، پێش ئەو دەم بۆ کاروباری سوپایی‌و ماڵی ڕاستەوخۆ پەیوەندی‌یان بەبارەگای بارزانی‌یەوە هەبوو.

محەمەد مەحمود عبدالرحمن کە لەدوایی‌دا لەلایەن بارزانی‌یەوە بە وەزیری ئاوەدان کردنەوەی کوردستان دیاری‌کرا ئەو کاتە لێ پرسراوی بەشی دارایی بوو.

لەیەکەم سەفەرم دا بۆ ئەوناوچە هێزی ئاکرێو شێخان توشی ئاڵۆزی هاتبوو نیزیکەی دووسەدو چل پێش مەرگە لە عەشیرەتی مزوری بە چەکەوە نافەرمانی‌یان کردبوو، لەبەر ئەوە ئامیر هێز نوێنەرێکی لەجیێ خۆی دانابوو خۆشی لەگەڵ پێش مەرگەی تر چووبوون دەورەیان لەو جەماعەتە دابوو کەنیازی دەرچونیان لە

هەرێمی هێز هەبوو بۆ ئیدارەکردنی ئەو پێش مەرگانـە لەجەبهـە کـە ژمارەشـیان زۆر بوو هێز پێویستی بە مەسرەف هەبوو بەڵام مەکتەب ئەو تێبینی‌یەی نەکردبوو ئامیر هێز کە لەدوای سێ ڕۆژ لە جەبهە هاتەوە گوتی بەبێ ئەو اعتبـارە یارمـەتی وەرناگرین، ناچار بەبێ تەل عەرزی بارزانیم کـرد کـە ئـەویش فـەرمووی: ئـەو پارەی پێتە لەوێ بەجێی بێڵەو خۆت بگەڕێوە، لەدوای ئەو ئەمرە ئامیر هـێز کـە لەباری ئەنزیمەوە هێزەکەی ئیشی زۆر بوو گوتی: لێرە کەس بۆ دابـەش کردنـی یارمەتی‌و لێك کردنەوەی جاش و باش و، ساغ کردنەوەی لیستەکانی هێز نی‌یەو، بەبێ کۆمەك ناکرێ بەتایبەتی لەو کاتەدا کە ئەو جمماعەتـە ئاڵۆزی‌یـان خسـتۆتە هێزەکەوە، لەبەر ئەوە داوات لێ دەکەم هـەتا ئـەو کارانـە ئـەنجام ئـەدرێن لـێرە هاوکاریم بکەی، کە دیارە لەبەر ئەمری بارزانی نەم دەتوانی ئیتر لەوێ گیربم و کە گوتم ئەوە دەبێتە بێ ئەمری‌و بەمن نـاکرێ ئـەویش دیسـان داوای ئیجـازەی لەبارزانی کرد کە بەدوای ئەوەدا بارزانی بە بروسکەیەك فـەرمووی: لـە بـارزانی بۆ خالیداغا خۆت یارمەتی‌ی هێز دابەش کەو، بۆ پێك هێنانـەوەی هـێز یارمـەتی حسۆ بدەو ئەگەر ئیش تان تەواو بوو بگەڕێوە.

چەند ساڵ هاتوچۆو ماندویی‌و شەکەتی ناو ئەو شاخ و داخـە ڕژدو چـڕە کـە لە باڵەکاتی‌یەوە بۆ سنوورەکانی سوریەو تورکیە پیادە بە دەڕۆژو جار دەبـوو بـە دوازدە ڕۆژ دەم بـڕی‌و، لەناوچـەکانی باڵـەك بـارزان، زێبـار، نـەهلێ، شـەمکان "خازر" ئەتروش، مزوری، دۆسکی، زاخۆ، سندی گوڵی.

تێدەپەڕی‌و دوایی لە ڕووباری خابور دەپەڕی‌یەوە کە لەسوریاوە دێتە ناو

خاکی عیراق و، لەوێوە دەهاتەوە ناوچەی بەرواریی بالاوپایین و، لەوێوە ئـەو ڕێگە بە ئامێدی‌و دەشتی زێیەدا دەگەیشتەوە بارزان و زێی گەورە، ئەگەر هیچ کەڵکی تری نەبووبێ ئەوەندەی هـەبوو تـاڵ و سـوێرێکی زۆری پـێ چێشتم و، بیرەوەریی زورو زەوەندی بەدواوەبو، کە لەهەمویان شـیرین تـر زیـارەتی شـێخ ئەحمەدی بارزانی بوو لە گوندی بارزان یان "پایتـەختی بـارزان"، لـەمێژبوو ئـەو ئاواتـەم هـەبوو دەسـتی نـەدەدا، سـاڵێك پێـش ئـەوەش لـە گونـدی ڕێـزان کـە بەهەڵکەوت کاك ئیدریس و کاك مەسعودیش لەوێ بوون بـۆ ئـەو مەبەسـتە دەم ویسـت ڕێگەیـەك بخەمـەوە بـارزان کـە ڕێـازی منیشـی زۆر نـەدەگۆڕی لەسەفەرەکەم دا، کاك ئیدریس ئەو کاتـە ئەگـەرچی لـەڕێوە دەری نـەبڕی بـەلام گەیاندی کە: جەماعەت لە مێژە چاوەڕێت دەکەن، لەووتە ئەوەم خوێندەوە کـە ئەم زیارەتە دەبێ بکەوێتە هەلێکی باشتر کە ئەودەم دلۆیەك لەولادا هەبوو.

ساڵێك دوای ئەو ڕۆژە لە گوندی بارزان شێخ عوسـمان شـێخ ئەحـمـەد مـن و چوار پێش مەرگەی تری هاوڕێمی بە ڕووی خۆش و ڕێزەوە وەرگـرت و، هـەر ئەوکاتە چوو عەرزی شێخ ئەحمەدی کرد کەمن بۆ زیارەتی ئەو چووم، کە ئەو تەشریفی هێنایە دەر بۆ دیوەخان شێخ عوسمان لـە ژوورەکـەی خۆیـەوە لەگـەڵم هات چووینە خزمەتی بەلام ئەو دانەنیشت و گەڕاوە بۆ ژوورەکـەی خـۆی کـە لەپەنای دیوە خانەکەبوو لەوێ بە ئیش و کاری خەڵك ڕادەگەیشت.

کورسی‌یەك لەلای سەروی دیوە خانەکە بۆ شێخ ئەحمەد داندرابوو بە مێزێکی گچکەوە کە چەقۆیەك و دوسێ چیلکەی لەسەر داندرا بوو، پڕ بە دیوە خانەکەش

خەڵکی‌تر ڕاوەستابون، شێخ ئەحمەد منی لەتەنیشت خۆی داناو زۆر لوتفی لەگەڵم کردو، تاوێك دوای ئەوە کە خۆی لەسەر سەندەڵی‌یەکە دانیشت ئیجازەی دانیشتنی بەجەماعەتیش داو فەرمووی "ڕوتێنە خواریٚ" کەهەموویان بارزانی بوون و ئەوانیش هەر بۆ زیارەتی شێخ هاتبوون ماوەی ئەو دووسەعاتە "پێش نیوەڕۆ" کە لەدیوەخانەکە دانیشت بەشی زۆرتری لەگەڵ من دەدواو هەر لە وەزعی خۆم هەتا عەشیرەتی دیبۆکریٚ لەودیوو، چاندنی دەغڵ و دان و حاڵ و ئەحواڵی ئاغاکانی دیبۆکریٚ کە هێندێکیانی دەناسی وەك مەحموداغای حەمامیان "ئیلخانی زادە" ڕاوی بەرازو، هەروەها ئەسپ و ماینی ڕەسەن کە وەختی خۆی لەولا لە موکوریان چاوی پیٚ کەوتبوو پرسیاری دەکرد، منیش ئەوەی دەم زانی جوابم عەرز دەکرد، لەو ماوەدا هیچ کەس لەخۆیەوە لە ڕووی ئەو قسەی نەدەکرد هەتا خۆی نەی دواندبا، لەو بەینەدا بارزانی‌یەك هاتە ژوور کە دوو بێچوە ورچی گرتبوو هێنابووی لە چلۆنایەتی ڕاوکردنی ئەوانەش پرسیاری کرد، یەکێکی تریش هات شکایەتێکی کرد کە شکایەتەکەو وەڵامەکەشی زۆر کورت بوو شێخ فەرموی "بەخودی ئەڤە کاری شەیتانی‌یە" هەردوکیان سیاسی بوون و داستانێکی جیای هەیە کە پەیوەندی هەیە بە وەزعی ناوخۆی ئەو کاتەی بارزانەوە.

نزیك نیوەڕۆ شێخ لەناو جەماعەت هەستاو بەمنی فەرمو ئیسراحەت بکە جاریٚ، ئێوارەی ئەو ڕۆژە کە لەگەڵ شێخ عوسمانیش بەپیاسە بۆ کۆڵانی باخەکان ڕۆیشتین باسی مەسەلەی زۆر گرینگی هێنا گۆڕیٚ کە لە گەڕانەوەم دا

بۆ دیلمان هەموویانم عەرزی مەلا مستەفا کرد، لەو دانیشتنەدا کە هەر من و ئەو بووین مەلا مستەفا زۆر بە ووردیو بە سەرنجەوە ماوەی سێ سەعات لەو شتانەی دەکۆڵییەوە کە لە شکایەتی کابراو، وەڵامی شێخ ئەحمەدو قسەکانی شێخ عوسمان عەرزم کردبوو بڕوای خۆی دەردەبڕیو، هێندێك شتی ڕوون دەکردەوەو دەگەڕاوە بۆ ڕابوردو بەڵام لەبەر ئەوە ئەو شتانەی چ لەگەڵ شێخ عوسمان و، چ بەدوای ئەودا لەگەڵ مەلا مستەفا باسم کرد لە نهێنییەکانی ئەو خانەدانەن لێرەدا لێی تێ دەپەڕم ئەویش لەسەر ئەمری بارزانی خۆی کە فەرمووی: "احتفاظ بهم شتانه بکه"

که هەستاین بڕۆینە دەر مەلا مستەفا ئەو شیعرە فارسییەی خوێندەوە:

مردباید که درکشاکش دهر     سنگ زیرین اسیا باشد

"پیاو دەبێ لە گێرەو کێشەی زەمانەدا     وەك بەرداشی بنەوەی ئاش بێ"

سبەینێی ئەوڕۆژە کە لەبارزان بەهۆی شێخ عوسمان داوای ئیجازەی ڕۆیشتنم لە شێخ کرد لەگەڵ ئیجازە کە چوار دار جگەرەشی لوتف کردبوو.

هەتا پێك هاتنی ١١ی ئازار لەبەینی شۆڕش و حکومەتی عیراقدا من لەسەر ئەو ئیشە مام و لەماوەی ئەو چوار ساڵ هاتوچوو ڕەزالەتەدا نەلەسەر پردی موسا کاوێ کەوتمە ناو ڕوبار کە لەبەرزایی بیست مەترەوە دوو دار لەوبەری شاخەکەوە بۆ ئەو بەر ڕایەڵ کرابوو بێجگە لەوە کە هەردوو دار پەخ بوون و خوار بوون بەلای ڕاستەداو بەهاسانی قاچ لەسەری گیر نەدەبوو هەر قاچت ئەنایە سەری ئەش بوو بەجۆلانەو وەك ئیسپرینگ هەڵدەستاو دەنیشتەوەو، شانسی خۆشم!

لەناوەڕاستی پردەکە هەڵ خلیسکام چونکە بێجگە لەوە کە بنی پێلاوەکانم کەلاستیك بوون لووس ببون بارانیش باریبوو دارەکانی سەرپردێی هێندەی دی لووس کردبوو ڕوباریش لەخوارەوە هەر هاڕەی دەهات و کورد گوتەنی ماری دەپساندو، ئەگەر تێ کەوتبام ئەو لە فرۆکە گورج تر دەی گەیاندمە ناوەڕاستی "شط العرب" .

ئێستەش من نازانم ئەو ڕۆژە چۆن خۆم لەسەر ئەو پردە چەقاندەوە کە هەردووك دەستم بەکیفی پارەو چەکەوە گیرابوو، گرانایی وان و فیشەك و ساجور هێندەی تریش دایان دەگرتم بۆلای خوارووی پردەکە کە هێندێك چریی‌ی تەڕیشی بەسەرەوە بوو، ئەو ئیتر بەیەکجاری کارەکەی خراپ کردبوو بڕستی لێ بڕیبووم.

جەرجیس پێش مەرگەی مەقەڕی شێخان کە بۆ شارەزایی لەگەڵ ئێمە هاتبوو هەرچی حەولم دا لەخۆی ڕانەدی بێتە سەر ئەو پردەو هەر لەوێوە گەڕاوە بۆ مەقەڕ بەلام هەقاڵەکەی تری "شمس الله" بەدوای من دا لە پردەکە پەڕی‌یەوە هەروەها نە لە کەلەکیش دا کەوتمە ناو زێی گەورە کە لەخوار گوندی شرەو سەرکەڤرێوە هەتا گوندی ڕێزان ماوەی بیست و پێنج دەقیقە منی بەناو ئەو لافاوە لێلەدا گێڕا کە ئەو دەشتەی داگرتبوو کۆلکەدارو تەختە سەهۆلی لەگەڵ خۆی دێناو دارو پنجکی بەری ڕێزان و بلێیی وەبن دابوو، کەلەك بەسەریان دا دەڕۆیشت و هەر لۆنگەشی نەکرد کە بەلایەك دا بکەوێ‌و خو لۆرم کاتەوە بۆ ناو ئەو قوڕاوو کەفە، نەبەداخەوە لەدەس ڕێژی فرۆکاندا لە باصفر گوللەیەك

بۆلای من هات کە ماوەی ٥٥ دەقیقە لەناکاو هاتن ئێمەیان دایە بەر بەهەموو پێش مەرگەکانی مەقەڕەوە کە نیزیکەی سەد کەس زیاتر ئەو ڕۆژە لەوێ بوون و، لەوە زیاتر خۆم لەناو شێوەردی پێش مەقەڕەکـە لەعـەرزی دەم هیچـی تـر نـەدەکراو، لەهەموو دەس ڕێژێکی فڕۆکـەکاندا قابوغـەکان بەسـەر منـدا ئەڕژانـە خـوار، کـە زۆربـەی هێرشـەکەیان بـۆ سـەر دۆشـکەکانی هـێز بـو کـە ئـەوانیش تەقـەیان لـە فڕۆکەکان دەکردو، ئەگەر شانس!! هێنابای قابوغێکیش منی ڕزگار دەکرد.

هـەروەها نـە بەداخـەوە جاشـەکانی حکومـەت لەسـەری پیرس(١) فیشـەکێکیان هەبوو!! لە گورچوی منی دەن کە ڕێگەی هاتوچۆی ئەو چەند ساڵەم بەو هـەموو پارەوە بەبەردەمی واندا بوو لانی کەم هەموو جارێ ڕێگـەی سـێ چـوار سـەعات دەبوو بەناویاندا تێ پەڕم و سەرو بەری ڕێگە تاقی کەمەوە هەتا لەشاخی پیرس ئاوا دەبووم بەدیوی نەهڵیدا، یان لەگوندی چاربۆتەوە بۆلای نەپاخیو گەڵیی نیڵـی تێ دەپەڕیم کە ئەو گەڵی‌یە گلاوە نووسینی ناوەکەشی وەك پێدا ڕۆیشتنی ناخۆشە یاخوا وێران بێو، نە لە ڕەوەزەکانی چیای شەهێ لەزێبار هێسترەکەم نسـکۆیەکی برد کە سەرەنگرێبێ بۆ خـوارێو سـەری منیـش بەگاشـە بـەردێك دادا مێشـکی سەرم بەکونە تفنگم دا بێنێتە دەر، بـەڵێ لـەو بەلایانـە لـە هیچیـاندا هیچـم بەسـەر نەهات و، ئەو هەموو ماندویی‌و برسیەتی‌و ترس و ڕوتی‌و بـێ خەویـە لەگـەڵ مـن هیچی پێ‌نەکراو هـەر مـام بـۆ ئـەوەی هومێـدی خـۆم بـە دەسـتی خـۆم بنێـژم و کەساسی‌ی دوای بارزانی ببینم و، ئەو ژیانە چەرمە سەری‌یە درێژە پێ بدەم، تەنانەت نەخۆشیش هەر پێـم نەوەسـتا کـە سـەردەمێك وام لـێ هـاتبوو کـاتێك لـە ڕێگـە

دەرپۆیشتم بەهەرلایەك دا ئاورم داباوە بەلادا دەهاتم و دەکـەوتم رۆژێـك کـە لـە مەکتەبی سیاسـی لەناوچـەی شـارۆش بـێ هـۆش بـووم رەوانـەی لای دوکتـۆر حیکمەتیان کردم لەگوندی "بۆڵێ" ئـەویش گوتـی لەحـەر بـووە دەبـێ بـەینێك خواردنی هەبێ بیخواو بێتەوە سەرەخۆ، هێندێك دەرمانیشی پێدام کە بەراستی زۆر کەڵکیان هەبوو خۆم پێ گرتەوە.

ئەو سەردەمە لەهاوینی ساڵی ٦٥ی زایینی یانی ٤٤ ی هەتاوی‌دا کە لە گەلاڵەی ناوچەی باڵەك بووم لەبەر ئەوە کە هەموو شوێنێك لەبەر بۆمباران چۆڵ کرابـوو ماوەی ٥-٦مانگ خواردنم ئەگەر رۆژێك باش بوایە نـان و تەماتـە بـوو ئەگـەر تەماتەش نەبایە نان دەمـاوە بەتـەنێ‌و هیـچ شـتێکی‌تر وەگـیر نەدەکـەوت مەگـەر کەسێك ماڵی خۆی هەباو هەر کەسیش بەماڵەوە لە شاخێك یان لـە ئەشـکەوت و بن بەردێك خزی‌بوو، خوێنەری خۆشەویست: ئەو رۆژانەش نایەنە ئـەژماردن کە بێجگە لەوە بە برسی‌یەتی دەمامەوە جگەرەیەکیش نەبوو بی کێشم و زۆریش رازی بووم ئاخر دەم گووت بۆ کوردستانە.

کاتێك بەیانی ١١ی ئازار دەرچـوو شـۆرش و حکومـەت پێـك هـاتن ناوچـەی باڵەك کە هـەتا ئەوکاتـە هـەر سـەرکردایەتی شۆرشـی لێ‌بـوو ئـەوجار گرانـایی سیاسەتی هەموو عێراق کەوتە ئەوێ‌و هـەر لـە دیـاری کـردن و دانـانی وەزیـرو کاربەدەستی گەورەوە هەتا موچە خۆری ژێرا تری ئیـدارات و گـاردی مـەرزی هەمووی بە ئەمری بارزانی جێ‌بەجێ دەبوو، هاتوچۆی کاربەدەستە گەورەکانی حکومەت بۆ دیتنی مەلا مستەفا بە عەرزو حەوادا پسانەوەی نەبوو کە ئەوجار

بێ ترس و بەڕاشکاوی ئەیان توانی چاویان بەسەرۆکی قارەمانی گەلی کورد بکەوێ‌و، ئەو ناوچەیان بەپێ‌و قەدەمی خۆیان ئاوەدان کردبۆوە کە هەتا ئەو ڕۆژە ماوەی نۆساڵ لەبەر دەس ڕێژی تۆپ و فڕۆکەو بۆمبارانی وان مێش لەوناوە نەی دەتوانی بفڕێ‌و، لەگرمەو تەقەو زرمەی بۆمباو ڕاکێت و ڕەشاش زیاتر هەستی ترت گوێ لێ نەدەبوو، زیندەوەر هاتو چۆی پێ نەدەکرا، پێ بەپێی ئەو کاربەدەستانەش کە هەر لە وەزیرو ڕەییس ئەرکان جەیش و متصرف و گەورە پیاوی تری عەرەبەوە هەتا لیدری حیزبە سیاسی‌یەکان و پیاوانی ناسراوی بێ لایەن لەناویاندا هەبوو سەرەك جاشە کوردەکان بەتاسەو گەرمیەکی زۆرترەوە ئەم ڕێگەیان بۆ زیارەتی بارزانی دەپێوا کە هەر لەسایەی سەری ئەو بوو ئەگەر پاروە نانێکیان لە جاشەتی وەگیر دەکەوت و ئەوانیش هەست و دڵسۆزی خۆیان بەرانبەر بە گەلی کوردو ڕێبەری شۆڕشەکەی دەردەبڕی‌و داوای لێ بوردنیان دەکرد کە گوایە وەنەبێ دڵسۆز نەبن!! بۆ گەلی کوردو سەرۆکەکەی بەڵام بەرژەوەندی وان لەوەدا بوە پێش مەرگە بکوژن و ماوەی سێزدە ساڵ بچن لەبن پیلی حکومەتەوەو ئەو سەرکردەو، ئەو شۆڕشەو، ئەو گەلە بەشەڕی نەخوازراوی خۆیانەوە خەریك کەن، سەرکردایەتی بە دڵێکی فرەوانەوەو بە گیانی لێ بوردنەوە گەورەو گچکەی ئەوانەی بە ڕێزێکی زۆرەوە وەردەگرت و، تەنانەت داوخوازی‌و گیروگرفتی وانیشی لەهەموو ڕویەکەوە چارەسەر دەکرد کە دیارە: چنین کنند بزرکان کە کرد باید کار.

پێش مەرگە وێڕای سەرۆکە عەزیزەکەیان هەستیان بەسەر بەرزی‌و شانازی دەکرد کەلەماوەی ئەو چەند ساڵە کوێرەوەری‌و شەڕە دژوارانەدا خزمەتی کوردستان و گەلەکەی خۆیانیان بەهەموو تواناوە کردبوو هیچ کەم و کوڕی‌و ناڵەباری‌و ناتەواوی‌یەك سەری بەوان نەچەماندبوو، بێ ئەوەی بۆ ئەو خۆبەخت کردنە چاوەڕێ‌ی تەقدیرو سوپاسیش بن حازرن لە قۆناغی داهاتووش دا ئەرکی گەل پەروەری بگرنە ئەستۆ لەهەر سەنگەرێك دا پێویست بێ.

لەو سەرو بەندەدا ڕۆژێك لە مەکتەبی سیاسی لە دویان ناردم گوتیان: ئەوە ئێمە لەگەڵ حکومەت ڕێك کەوتووین و ئەو چەند ساڵە ئێمە ئەگەر لە عیراق نەمان توانیوە بۆناو شارو باژێڕ بچین بۆ ئەودیو چووین بەلاّم تۆ نە لێرەو نە لەودیو نەت توانیوە بچی، لەبەر ئەوە دومانگ ئیجازەت هەیە لەسەر حیسابی ئێمە بۆهەر جێ‌یەك خۆت حەزدەکەی، گوتم دەچمە بەغدا، دوکتۆر مەحمود گوتی زۆر باشە ئەگەر بچی‌یە ئەوێ بێ‌گومان ئەحمەد تۆفیق بزانێ تۆ لەوێ‌ی دێ بۆلات بزانە ئەوە چ هەڵەیەك بوو تووشی هات، لەدوای ئەو هەموو خزمەتە هۆی چی‌یە پاڵی وەحکومەت داوە؟ ماوەیەك بوو ئەحمەد تۆفیق لەناوچەی بەرواری بالاّوە لەگەڵ سێ هاوڕێ‌ی خۆی چووبووە بەغداو حکومەت بە پەنا هەندەی سیاسی وەری گرتبون و مەعاشی بۆ بڕیبونەوە.

وا دەزانم بۆ زۆربەی خوێنەران ئەحمەد تۆفیق کە کوردێکی تێکۆشەری ئێران بوو لە عێراق ماوەیەکی زۆر چالاکی‌و خەباتی دژی ڕژێمی شا هەبوو نەناسراو نی‌یە کە خزمەتی زۆری بۆ هەڤاڵەکانی خۆی‌و شۆڕشی ئەیلول هەبوو، لەبەر

ئەوە لە ناساندنی ئەوو خەباتی‌و هۆی ڕۆیشتنی بۆ عیراق و، بەسـەر هاتەکـەی دەگەڕێم کە چیرۆکێکی دوورو درێژو پڕ ماجەرای هەیەو دەزانم ئـەوەش نـەك هەر کەم و کوڕی‌یە لەو بیرەوەری‌یانەدا بەڵکو قسورێکیشە دەربارەی ئەو، کـە ئێرە جێ‌یەتی بە تێکۆشانەکانی‌دا بچمەوەو بیان خەمە بەرچاو، نـەك خـۆی لـێ گێل کەم و بەسەریاندا بازدەم، بەڵام منیش تاوانی ئەوە دەخەمە سـەر ئەسـتۆی هێندێ هۆی تر کە ڕەنگە خوێنەر هەستی پێ‌بکاو لێم نەگرێ کـە ئـەو هۆیانـە زۆر شت دەگرنەوەو، دەزانم ئەگەر ئـەو کولۆڵەیـە هـەڵ وێژنـم لـە زۆر جـێ توشی گرێ‌و گرفنچك دێم کە دەبێ بکرێنەوە ئەگەر بکرێنەوە سەری لێ هەڵ دەبێ‌و دەبێ بە دوایدا بڕۆم کـە بێگومـان ئـەو هەودایـە زۆر بـاریك دەبێتـەوەو دەگاتە جێ‌ی ناسك و پـێ‌ی هێنـدێ کەسیش دەگرێتـەوە جـامن لـە خوێنـەر دەپرسم داخوا ئەو دەرفەتە ئەورۆ هەیە؟

"هتل بێخاڵ" لەشەقامی جمهوری لە بەغدا مەکۆی کوردەکانـە کـە زۆربـەیان هەڤاڵ و ناسیاو بوون و خاوەنیشی کوردێکی خەڵکی سلێمانی بوو، لەبەر ئەوە منیش لەوێ جێ‌ی خۆم کردەوەو هـەر ڕۆژە بـە شـەقام و گـەڕەکێکی شـاری هارونە ڕەشیدو باڵۆڵ و ئەمین و مأمون دا دەڕۆیشتم و چاوم دەگێڕا کـە هـەتا ئەو ڕۆژە ناوم هەر لە چیرۆك دا بیستبوو، دایە پیرە هـەر حیکایـەتێکی شـەوێ وەختی نوستن بۆی دەکردیـن سـەرەتاکەی هـەر ئـەوەبوو: سـولتان مـەحمودو هەیاسی خاس و، حەسەن مێمەندی شەوێك لەشاری بەغدادا دەگەڕان، بێجگە لەوە کە نازانم سوڵتان مەحمود لە بەغدا چی دەکردو، بۆچی هەموو شەوێ لە غەزنـــەین و هیراتـــەوە دەگەیشـــتە بـــەغداو لـــە کۆلانـــان دەگـــەڕاو چـــۆن

دەگەیشتە وێ، من بە پێچەوانەی سوڵتان مەحمود ئێواران کە وولات فێنك دەبوو لەشاری بەغدا دەگەڕام و، هەر لە شەقامەکانی ابو نواس و، سعدون و، ڕەشیدو، جمهوریو، باغی وەحشەوە هەتا موزەو، تاقی کیسراو باب الشیخ یانی بارەگای حەزرەتی غەوس"قدس الله سره العزیز" و پارکی گشتی ئەوەندەی لە دەستم دەهات دەگەڕام و، هیچ وەك سوڵتان مەحمود سەریشم بەدەرك و پەنجەرەی خەڵك دا نەدەگرت و خۆم لەبن دیواران مات نەدەکرد، ڕاستەو ڕاست بە شەقام دا دەڕۆیشتم و، لە جیاتی جلکی دەروێشیش چاکەت و پانتۆڵێکی پاك و خاوێنم لەبەر کردبوو.

گەرمای شاری بەغدا ئەو کاتە کە مانگی جۆزەردان بوو لەجەنگەی نیوەڕۆدا دەگەیشتە پەنجاو جارجار یەك دو پلە کەمتر بوو کە بۆ لاوەیی بەتایبەتی خەڵکی کێوپارەکانی کوردەواری توێنەرەوە بوو ئیتر لەتاو هەڵاتەوە هەتا لای ئێوارێ دەبوو هەر چۆنی بێ لەناو هوتێل ڕاببرێ، بەڵام شەو بایەکی هەتا ڕادەیەك فێنك دەهات کە دیارە ئەویش هەوای ڕووباری دیجلە بوو کە بەناوەڕاستی شاردا تێ دەپەڕی، شەقامی ابو نواس کە دەکەوێتە سەر دیجلە لەبەر هاتو چۆی پاپۆڕو لۆتکەو دیمەنی‌تر لەشەقامەکانی‌تری بەغدا دڵگرترە.

هەموو سبەینەیەك پێش ئەوە لەخەو هەستم ئەحمەد تۆفیق دەهاتە لام و هەتا ئێوارێ لەوێو لەدەرەوە هەر پێکەوە بووین، لەو بەینەدا چەند هەڤاڵی تریشی کەڕابوردو یەکیان پێکەوە هەبوو هاتنە بەغداو هەمو ڕۆژێ ڕازو گلەیی‌و پیلە دەستی پێ دەکرد بەڵام لەبەر ئەوە کە قسەکانیان هەموو حیکایەتی ڕابردووی

بەینی خۆیان بوو کەس نەی دەتوانی لەناویاندا لەسەر شتێك ساغ بێتەوە، بەلاّم ئەوەندە ساغ دەبۆوە کە لەتاوان وەپاڵ دانی یەکتر قسوری ناکەن، ئەو شەڕە دندوکە هەتا من ڕۆیشتم بۆ ئوروپا درێژەی هەبوو بێ ئەوە هیچیان بەزن، یان سودێکی لـێ وەرگرن، ئەو برادەرانەی بە چەشنێك پەیوەندی‌یان بەو ئیشەوە هەیە دەزانن مەبەستم چی‌یەو لەچی دەدوێم، ئەگـەر بـۆ خوێنـەری تـر ڕوون نی‌یـە هـەر مەسـەلەکەش لـە بنەڕەتدا بـۆوان گرینـگ نی‌یە، بەتایبەتی کـە ئێستە نزیکـەی سـی سـاڵ لـەو کاتـە تێ‌پەڕیوەو، ئاڵ و گۆڕی گەورە لەهەموو بارێکەوە لەو شتانەدا لەودیوەودیوو، هـەر بەتێکڕایی لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست دا ڕوی داوەو ئەمـە لـە بیرەوەری‌یـەکی بچـوك بەولاوە هیچی‌تر نی‌یە.

بەلاّم ئەحمەد تۆفیق بۆچی پەنای بۆ حکومەتی بەغدا بردبـوو؟ هـەرچی لـەوماوەدا دۆزیم و سەرو بنم کرد هەوەڵ و ئاخری قسەی هەر ئەوەبوو کە دەترسـام ئەسـعەد خۆشەڤی تەسلیمی ئێرانم کاتەوە " ناوچەی بـەرواری‌ی بـالاّ شـوێنی دانیشـتنی ئـەو دواییـەی ئەحمـەد تۆفیـق لەهـەرێمی لەشکری یـەك دابـوو کـە ئەسـعەد خۆشـەڤی فەرماندەی بوو" بەلاّم من کەتا ڕادەیەك لە ڕابردووی ئەو ئاگاداربووم و دەم زانـی بارزانی خزمەتەکانی وی لەبەر چاوە نەم دەتوانی ئەوە بسەلمێنم کە ڕۆژێك لەڕۆژان ئەو مەترسیە لەسەر ئەو هەبێ چونکە نە بارزانی بەوە ڕازی‌بوو، نە ئەسعەد خۆشەڤی بەبێ ئەمری ئەو شتی وای دەکرد کە ئەو یانی ئەسعەد خۆشەڤی کەسێکی واش نەبوو سەری بەجێ‌یەکی ترەوە بەندبێ‌و شتێکی وابکاو لەلای مەلا مستەفاش ناوێکی تری لێ‌بنێ کە ئەودەم کەم کەس دەستی پێ‌ی ڕادەگەیشت شکوای خۆی پێ بگەیەنێ.

بێجگـە لەوانـەش بـارزانی لـە زۆر سـەفەردا بـە وردی لـە ژیـانی ئەحمـەدی دەپرسی‌و نەی دەویست کەم و کوڕی لە ژیانی‌دا هەبێ تەنانەت لەخەمی ئـەوە دابوو ماڵی بۆ پێکەوە نێ‌و ڕۆژێك فەرمووی: ئەگەر زانیت ئەحمەد حەز بـەوە دەکا ژن و ماڵی هەبێ مەسرەفی لێ بکە.

دوای ئەوە کە ماوەیەك لەبەغدا بووم ڕۆژێك بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ ئەوبرایەم کرد کە لە ئاڵمان لە برلینی ڕۆژ ئاوابوو گووتی: من دێم بۆ بەغدا دەبێ تـۆش لەگـەڵم بێ‌یـەوە ئـێرە، خـۆت معاینـەی تبـی بکـەیو بـەینێك لـێرەبی‌و دوایـــی بگەڕێ‌یەوە، من کە ئەو ئیجازەم وەر نەگرتبوو گوتم: بەبێ ئەمری مەلا مستەفا ناتوانم بێمەوێ بەلاّم ئەو گوتی من هەردێم تۆش ئەو بەینە هەتا من دێم عەرزی بکە ئەگەر ئیجازەی دا ئەوە پێکەوە دەگەڕێینەوە ئەگەر ئیجازەشی نەدا چەند ڕۆژێك پێکەوە دەبین دوایی من دەگەڕێمەوە، بچۆ سەرێ عەرزی بکە من سێ ڕۆژی‌تر دەگەمێ.

ئەو کاتە مەلا مسـتەفا لـەحاجی ئۆمـەران بـوو گەڕامـەوە ئیجـازەم وەرگـرت، ئەمری کرد: نامە بۆ کاك سامی بنووسن لە بەغدا کە ئەو کاتە وەزیری ئاوەدان کردنەوەی کـوردستان بـوو پاسـپۆرتم بـۆ وەرگـرێ بـۆ مـاوەی دوو مـانگ و ڕەوانەی دەرەوەم کا، ئەویش لەماوەی سێ چوار ڕۆژدا ئەو ئیشانەی جێ‌بەجێ کـردو ئەگـەر لـە حـاجی ئۆمـەران گەڕامـەوە براکـەم لـە فنـدق بێ‌خـاڵ بـوو چاوەڕوانی منی دەکرد، ئیتر دوای ئەوە سوار بووین بۆ بەرلینی ڕۆژ هەلاّت کە شیرکەتی فرۆکەی هانتر فلوك سەربەوان بـوو کـە ئێمـە بلیتـی وێمـان هـەبوو، لەوێوە بۆ بەرلینی ڕۆژاوا وەرێ کەوتین و شەو گەیشتینێ، ئەو فرۆکە سەعات

دەی بەیانی لەبەغدا هەستاو، لە ڕێگەدا جارێك لە دمشق و جارێك لە نیکۆزیای، پایتەختی قبرس نیشت ودوای ئەوە بە درێژایی دەریای مەدیتەرانەدا "بحر ابیض متوسط" هاتەوە سەر خاکی فەرانسەو، لەوێوە چۆوە بەرلینی ڕۆژهەڵات کە ماوەی شەش سەعات زیاتر هەر لەسەر ئەو دەریایە فڕیو تەواو نەدەبوو لەگەڵ ئەوەش کە فڕۆکەکە جت چوار موتورە بوو، ئیتر من لەو بەینەدا خەوم لێکەوت و لەسەر شاری پاریس کەنوێژی شێوانێکی درەنگ بوو خەبەرم بۆوە، چرای شار دیار بوون و، ئەگەر چی پاریس کەوتۆتە لای ژووروی فەرانسە بەڵام لەوێوە دیسان گەڕاوە بۆ برلینی ڕۆژهەڵات کەدەبێ بەسەر ئاڵمانی ڕۆژاوادا تێپەڕێو بێتەوە برلین لەبەشی ڕۆژهەڵات دا کە ئەگەر من شوێنی هاتوچۆی فڕۆکەکانی ئەو شیرکەتەم دیاری کردبا بەفڕۆکە وانەکەم دەگوت: هەتیو! لەقبرسەوە بەسەر یۆنان و، گۆیۆسلاڤیو ئوتریــــش و چلوسواکیدا بڕۆو لە ئاڵمانی ڕۆژهەڵات بنیشە، ئیتر تۆچت بەوەی داوە دەسەعاتی تەواو بەسەر درێژایی دەریای مەدیتەرانەدا هەر بڕۆیو تەواو نەبێ، بۆ بەسەر پانایی‌یەکەیدا ناڕۆی هەر دەس بەجێ خۆت لەوێ بەعەرزی دادەی؟.

هەر لەناو فڕۆکە دانیشتم میواندارێ فڕۆکە هات جعبەکەی پێش منی کردەوەو، چەترێکی لێ دەرهێنا کە قایش و قروشێکی زۆری پێوە بوو، **ماوەیەکی زۆر هەر گوتی**: ئەگەر ئەو فڕۆکە سوتا یان لەبەر هۆیەکی تر کەوتە **خوار ئەو قایشە لێرە ببەستەو**، ئەوە لێرە توند کەو، ئەوەش لێرە گرێدەو، **ئەوەشیان لێرە قایم** کەو بەناو لینگت دا بیهێنەوە هەتا ئێرەو، کە ئەویشت

بەست ئەوجار لەو دەرگایەوە خۆت فڕێدە خوارێ گوتم: ئەوەی پێ‌ناوێ من نەك هەر لەناو فڕۆکەدا کەبسوتێ‌و بکەوێتە سەر بەقولات لێدان، ئەگـەر لـەناو ژوورێکیش دا دانیشم بەدوو سەعات ئەوانەم پـێ جێ‌بـەجێ نـابێ، جـا خـۆت ماندو مەکە، هەر وەختێك فڕۆکەش کەوتە خوار لێ‌ی گەڕێ بابکەوێ‌و منیش لەگەڵ خۆی بەرێ کە بەداخەوە ئەویش نەکەوت کە هیچ نـەبێ خوێندنـەوەی ئەو هاتەران پاتەرانەش لە کۆڵ ئێوە ببێتەوە.

برلین بە پێچەوانەی پاریس شارێکی رووناك نەبوو، ئەوە شتێکە رێبوار لە رێوە هەستی پێ‌دەکا بەتایبەتی ئەگەر لەشەودا بگاتە جێ.

یەکەم کارم لەبەرلین فەحس و معاینەی گشتی‌ی خۆم بـوو کـەجارجار دڵـم لێ‌ی دەدا سەرەڕای لێدانی سروشتی خـۆی‌و زۆرتریـش ئـەو لێدانـە لـەکاتی ئیسراحەت دا دەبوو، خۆم لام وابوو ئەگەر وەزنم زیاد دەبێ ئـەو لێدانـە دەس پێ‌دەکا.

منیان بردە ژووری معاینەو لە پێـش دەزگایـەك ڕایـان گرتـم و، دوای ئـەوە هەموو لەشم هەر لە سینگ و پشت و ڕان و، شان و ملەوە هەتا باسك و بەلکم گوێچکەی ئاسنی بچوکیان پێوە نا ئیـتر کـابراش لـە ژوورەکـە ڕۆیشـتە دەرو دیـاربوو لـە ژوورێکی‌تـر نەتیجـەی بەدەسـتەوە دەدا، بـەڵام هــەرچی‌بێ دوای معاینەکـە بـەمنیان گـوت لـە دەوروبـەری دڵ ڕەگ و عەسـەب و ئەوانـە هــەن هەریەکەی کارێك ئەنجام دەدەن یەکێك لەو ڕەگانە واجبی خۆی نابینێ، نابێ جگەرە بکێشی، ئەوکاتە گوتم من جگەرەی خـۆم دەکێشـم ئـەویش واجبـی

خۆی دەبینێ یان نابینێ کەیفی خۆیەتی، بەڵام چەند ساڵ دوای ئەوە بۆم دەرکەوت کە ئەو ڕەگەش لەوێدا وەك خۆم دەستی لاساری هەیەو، هەتا من جگەرە بکێشـم ئەو توندتر لێ‌دەداو، ناکرێ هیچی‌تر ئەو دوکەڵە بەبا بکەم و دەستم لێ هـەڵگرت بەڵام ئیتر درەنگ ببوو ئەو زەرەرەی دەبوو بیدا دابوی‌و دەرچووبوو، ئێستە تۆڵـەی ئەو ناشیگەری‌و لاساریە بەدەرمان خـواردن دەکەمـەوە کـە دیـارە چـارەی ناکـاو سودی نی‌یە.

ناو کۆمەڵ و سەرتاپای ژیان لە ئورووپا بۆ لاوەیی سەیرو تازەیە بـەڵام سـەرنج و دقت و داب و دەستوری ئاڵمانیەکان زۆرتر سەرنج ڕادەکێشێ لەهەموو ئاکاری ژیانیان دا فەن و، هونەرو، پوختەکاری‌و، زانیـن شـوێنی دیـارە هـەر لـە ئیـدارەو، شارو، باژێرو، وەسیلەی هاتوچۆو، کارخانە جاتەوە هەتا حاجەتی ناوماڵ و مۆبل و دەرك و پەنجەرەو هەستان و دانیشتن و ڕێزگرتن لە ئازادی‌ی خەڵکی‌تر، کە بـۆ وێنە دەبێ بڵێـم مـاوەی دوو مـانگ لـە برلیـن دوکتۆرێـك ژوورەکـەی بەتەنیشـت ژوورەکەی منەوەبونە ئەگـەر دەرگـای دەکـردەوە گوێـم لـە دەنگـی دەرگاکـەی دەبـوو، نـە ئـەوەندەی لـەو مـاوەدا موزیـك و گۆرانـی‌ی لـێ‌دەدا دەی هێشـــت دەنگەکەی بگاتە من.

لەشەڕی دووهەمی جیهانی‌دا ڕۆژنامەکان زۆر جار لە کۆشکی "ڕایشتاك" دەدوان کە هێتلەر لـەوێوە سـەرکردایەتی هێزەکـانی ئاڵمـانی دەکـردو، ژەنراڵـەکانی وەك: گۆدریان، براوخیچ، ڕومل، یودل، کاتیل، پاولوس، شەڕی قارەمانانـەیان دەکـرد، بەتایبەتی ڕومل کە لەشەڕی سەحرای ئەفریقادا ناوی دەرکرد بە "ڕوباه سەحرا"

ئەو کۆشکە یەکێك لەو شوێنانە بوو کە لە برلین لە پێـش شـوێنیتردا ڕۆیشتم بۆ دیتنی بەڵام هەر توانیم لەدەرەوە بیبینم چونکە چۆڵ بوو کەسی تێدا نەبوو، لەدەرەوەش جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ خانوەکانی تری دەوروبـەری خـۆی نەبوو بورجێکیتر لەبرلینی ڕۆژهەڵات کە بەرزایی سەدو پازدە میترە بـۆ دیتـن دەبێ کە خۆی ئانتێنی تەلەفزیۆنە بەڵام سەری ڕەستورانەو بەکارەبا دەگـەڕێو پیاو هەستیشی پێناکاو هەتا لەنان خواردن دەبیەوە ئـەویش جـارێك بـەدەوری خۆیدا دەسوڕێو هەمولایەکی برلین لەو سەرەوە دەبیندرێ، بەڵام نۆبە وەدەس هێنانی ئاسانسور بۆ سەرکەوتن و، پەیداکردنی سەندەڵی بـەتاڵ بـۆ دانیشـتن و نان خواردن ماوەیەکی زۆری پێدەچێ کە ڕمێنی زۆر لەسەرە.

تلەویزیۆنی برلینی ڕۆژاوا فلیمێکی لـەو سـەرو بـەندەدا کـە دوای دەرچوونـی بەیانی یازدەی ئازاربوو لە عیراق نیشان دا بە کوردستان و عەرەبوستانیەوە، کە لە پێشدا لەبەشە عەرەب نشینەکەیو شترو دارخورماو گۆمی ئاوو، مارمێلکەو وشترە وانی پێخواسی بەکراسە سپیەکەوە لەگـەڵ چلۆنایـەتی حوکمـی عـێراق لەسەردەمی پێڕاگەیشتنی انگلیزەوە هەتا ڕژێمی شاو، دوای ئەوە انقلابـەکانی عیراق کەیەك بەدوای یەکدا کرابون و هاوبەشیی کوردو عەرەبی لەو وڵاتەدا شی دەکردەوە، هەروەها کوردەکـان لـە چ مێژوویـەکدا بـۆ وەرگرتنـی مـافی نەتەوایەتی خۆیـان بەسـەرکردایەتی بـارزانی چـەکیان هـەڵگرت و، چ سـاڵێك کەوتنە وت و وێژو، دوایی چۆن شەڕ هەڵگیرساوە.

ئەوجار لە فیلمەکەدا هاتە سەر کوردەواری‌و ناوچەی باڵەك و بازێڕی گەلاڵەی نیشان دا کە خەڵك بە ژیانی ئاسایی خۆیانەوە خەریك بوون مەلا مستەفای لە مەکتەبی ناوپردان لەکاتی وت و وێژدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان لەلای ڕاست و چەپەوە نیشان دەدا بەلاّم ڕەسمەکانی وا گرتبوو کە لەهەموویاندا خەنجەرەکەی باش دەبیندراو، لەگەڵ ئەو ڕەسمانە بە ڕابردووی مەلا مستەفادا دەچۆوە کە لە ژیانی خۆیدا چۆنی خەبات کردوەو، چەند جاری تر پێش ئەو شۆڕشە دژی حکومەت چەکی هەڵگرتوەو شۆڕشی کردوە، لە تەواو بوونی فیلمەکەدا گوتی: وشەی قارەمان بۆ بارزانی کەمە بەلاّم بەداخەوە لە زمانی ئاڵمانی‌دا کە لیمەیەکی لەوە باشترمان نی‌یە.

لە ئاخرو ئۆخری ئەو سەفەرەدا کە لە دوومانگ نزیك ببۆوە ڕۆژێك لە برلین "جەمال عەلەمدار" کە کوردێکی عێراقی‌یەو ئەو کاتە سەرپەرشتی خوێندکارانی کوردبوو لە ئورووپا هاتە لام گوتی: پێوەین کۆنگرەی خوێندکارانی کورد لە ئورووپا بگرین کە ئەو ساڵ لە ئوستوکهولم "سوید" دەگیرێو، بیستم تۆ لێرەی هاتم داوات لێ‌بکەم بێ‌ی بەشداری کۆنگرە بکەی.

گوتم واڵە زۆرم پێ خۆش بوو بەلاّم بەداخەوە لەبەر سێ شت بۆم ناکرێ بێم دەبێ لێم ببوری، یەکەم ئیجازەم تەواو بووە دەبێ بگەڕێمەوە، دوهەم بلیتی فڕۆکەم وەختی هاتوە ئەگەر لەکاتی خۆی‌دا کەڵکی لێ وەرنەگرم دەسوتێ، سێهەم خۆم حازر نە کردوەو هیچم بەو بۆنەوە نە نووسیوە، گوتی: هەرسێ دەلیلەکانت بۆ ئەوە دەبن پیاو بیان سەلمێنێ، مادام ناکرێ قەیدی نی‌یە، ماڵاّوایی کردو ڕۆیی.

کاك جەمالم لەوەپێش لەناو پردانی عیراق دیبوو کەمەکتەبی سیاسی لـەوێبوو، سبەینێ ئێواری ژمارەیەکی زۆر خوێندکاری کوردی سوریاو تورکیاو عیراق کە لە برلین بوون هاتنەلام و ئەوانیش گوتیان بۆ ئەوە هاتوین تۆش بێ‌ی لە کۆنگرەدا بەشداربی، گوتم: دوێنێ کاك جەمال هات و هێندێ کۆسپ هەیە بۆ هاتن عەرزم کردو ئەویش سەلماندی‌و ڕۆیشت، گوتیان بەڵێ ئاخر ئەو هاتەوە بە ئێمەی گوت نایەتە کۆنگرە ئێمە بۆیە هاتین، بلیتی تەیارە لەسەر ئێمە لـە شیرکەت دەیگۆڕین بۆ هەر کاتێك لە سوید گەڕایەوەو حازر بووی بۆ چوونەوە، ئەگەر شاعیریش بی هەتا دەگەیە وێ شتێك حازر دەکەی بۆ خوێندنەوە، لەلای مەلا مستەفاش چۆن خۆت دەپەڕێنیتەوە کەیفی خۆتە بەڵام دەبێ بێ‌ی.

گوتم مـادام وابـێ قـەیدی نی‌یە، قـەرارمان دانـا هـەموو لایـەك لـە کـاتژمێری دیاری‌کراودا لە شوێنێك یەکتر بگرینەوەو بەقەتار بڕۆین، وابزانم سـەعات ۱۱ی پاش نیوەڕۆ بوو کە ئێمە ۲۲ کەس بووین بەرەو سوید وەڕێ کـەوتین کـە لـەناو ئەوانەدا هەر ناوی "حسین کی‌کی" لەبیرم ماوە.

دەم زانی دەریای بالتیك دەکەوێتە سەرڕێ بەڵام وام دانابوو لەسەر دەریا قـەتار دەگەڕێتەوەو لەوێوە بە پاپۆڕ دەڕۆین بـۆ سـوید، کـەچی لەسـەر دەریـا قەتارەکە خۆی بەبارو ڕێبوارەوە ڕۆیشتە ناو کەشتی‌یەکەو لـەخاکی سـوید دیسـان قـەتار لەکەشتی هاتەدەرو لە ویشکانی خەتی خۆی گرتـەوە بـۆ ئوستوکهوڵم و یەکـەم شاری سوید کە دەکەوێتە سـەر ڕێ‌ی قـەتار نـاوی "مـالمۆ" بـوو، لـەو شـارەوە قەتاری ئێمەیان گۆڕی کەعادی‌بوو کردیانە سریع السیر.

لەناو دەریای بالتیك لەتاو هەلاتدا من لەناو کوپەی قەتارەکەم خەوتبووم، دوکتور عبدالرحمن قاسملو لەگەڵم لە کوپەکـەدا بـوو هـەڵی ئەسـتاندم گوتـی: هەسـتە ئـەو دیمەنە جوانە ببینە، تو شاعیری نـەوەك جـارێکی‌تر شـتی‌وا بۆتـۆ هـەڵ نەکەوێتـەوە، ڕاستیشـی دەکـرد وات ئـەزانی هـەتاو لـە ئاوەکـە دێتـە دەر چونکـە لـەهیچ کوێـوە ویشکانی دیار نەبوو، لەوجیٚیەوە کە هەتاو هەلاتبوو هـەتا بـن پاپۆڕەکـە شـوێنێکی لەسەر دەریا کێشا بوو وشۆقی لەئاوەکەدا دیار بوو کە بەڕاستی جوان بوو.

لە ئوستوکهوڵم نازانم بڵێم لەساڵۆنی کۆنگرەدا چەند کەس هەبوو بەلاَم شـوێنی بەتاڵ نەبوو هەر لە خوێندکاری کوردەوە تا کوردەکانی تری دانیشتووی ئوروپا کە ئەوانیش بۆ بەشداری کۆنگرە بەرگری‌یان لیٚ نەدەکرا لـەناویان دا هـەبوو بەهـەموو بەشەکانی کوردستان و کوردی لوبنانەوە.

بەرنامەی کاری کۆنگرە لە پێشدا وتاری افتتاحی بەهۆی سـکرتێری پـارتی کـاك حبیب فەیلی‌و بەدوای ئەودا خوێندنەوەی هەڵبەست لەلایەن نوێنەری ئێزگەی دەنگی کوردستانی عیراقەوە ڕاگەیەندرا کەخۆم دەم ویست ئەو ڕۆژە بەسەر جاشەکان برۆم و بۆ ئەوە کە ڕەئی کاك حەبیبم وەرگرت گوتی: ئـەوە پـەیوەندی بەخۆتـەوە هەیـە هەرچی بەباشی بزانی بەلاَم من پێـم وایـە ئەگـەر باسـی جـاش بکـەی وا دەگەیـەنیٚ کەهێشتە جاش ماون کەچی بالفعل نـەماون و ئیتر خـۆت دەزانـی "لەگـەڵ کـاری کۆنگرە لە ڕۆژەکانی دوایی‌دا دەرکەوت ئەو ووتە ڕاستەو لـەو کۆنگـرەدا دوکـەس دژی سـەرکردایەتی دەدوان کەیـەکیان نـاوی یوسـف زۆرزان و ئـەوی تـر ئـــەوڕۆ ئەندامی پارلمانە لە کوردستان.

لەبەر ئەوە پارچە هەڵبەستێکی ترم خوێندەوە بەناوی "گوڵی خوێناوی" کەباش سەرنجی کۆنگرەی ڕاکێشاو چاوەڕوانی ئەوە نەبووم هێندە پێشوازی لێبکەن، بێجگە لەوە کە لەسەر چەند شریت وەریان دەگرت دوایش بەچەند زمان وەریان گێڕا هەتا لە خوێندنەوەیان بوومەوە لێك دا لێك دا ڕەسمیان دەگرت.

سەفیری عێراق لە سوید کە ئەویش کورد بوو لەکاتی کرانەوەی کۆنگرەدا حازر بوو ئێواری دەعوەتی کردم کە سکرتێری پارتیو نوێنەری تەلەفزیۆنی سویدیش لەوێ بوون و، لەدوای میوانداری‌یەکە باڵوێزی عێراق لـە بەڕێ کردنـدا گوتـی: حەزدەکەم پێش ئەوەی لەسوید بڕۆی جارێکی‌تر یەکتر ببینینەوە، گوتم باشە بەلاّم دوایی کە ئەوەم لەگەڵ سکرتێری پارتی باس کرد گوتی: مەلا مستەفا ئەوەی پێ ناخۆش دەبێ.

چونکە ئەوە دیپلۆماتێکە پێم وانی‌یە هیچی چاك بەتۆ بڵێ، منیـش گوتـم ئەگـەر وابێ پێویست نی‌یەو ئیتر لێی گەڕام.

کۆنگرە لەدوای کرانەوە کاری ئاسایی خۆی دەست پێکردو نزیکەی حەوتەیەك درێژەی کێشـا کـە لێکۆڵینـەوەو ڕاپۆرتـی پروپاگـەندەو، ڕامیـاری‌و، ئـابووری‌و، بـەدوای ئـەوانیش دا سـمینارێك دەربـارەی کـوردی ئـەودیو بـوو کـە لەلایـــەن بەشدارانی کۆنگرەوە پرسیاردەکراو، من و دوکتۆر قاسملو وەلاّممان دەدانەوە. کـاتێك کۆنگـرە لـەکاری خـۆی بـۆوەو خـەڵك بلاّوەیـان کـرد کوردەکـــانی دانیشتووی سوید بەو بیانوە کە ئەو چەند ڕۆژە لەبەر ئەوە کە کاری **کۆنگرە**

بەردەوام بووە تۆمان نەدیوەو گوتیان حەوتەیەکی‌تر نابێ لێرە برۆی‌و دەبێ میوانی ئێمەبی که لەناویاندا خوێندکاری عیراقی‌و سوریایی‌و تورکی هەبوو، دیسان سەفەرەکە هێندێکی تریش درێژ بۆوە کە ئەو چەند رۆژە دەتوانم بڵێم زۆر بەخۆشی رابردو ماوەی دیتنی شوێنە مێژووی‌یەکانی شار هەبوو هەر رۆژی دوای تەواو بوونی کۆنگرەش حکومەتی سوید هەشت ئوتوبوسی بە شارەزاوە خستە ژێر دەستی کۆنگرەچی‌یەکان کە لەناو ئوستوکهوڵم دا بگەرێن و شوێنە دیدەنی‌یەکان ببینن کەیەك لەو جی‌یانە کۆشکی پادشای سوێد بوو کە بەهەڵکەوت ئەو رۆژە هەستە چی‌یەکانی کۆشکیان دەگۆری و تەشریفاتێکی زۆر زۆر سەیری هەبوو، ئەوکاتە کە ناوەراست مانگی هاوین "گەلاوێژ"بوو لەسەعات ١١ی ئێوارەدا لە ئوستوکهوڵم رۆژ ئاوادەبوو، سەعات یەك و نیوی پاش نیوەشەویش بەڵکو زوتر دەبوو بە رۆژو بەم چەشنە رۆژی درێژو شەوی کورت ماوەی گەران و دیتنی زۆر جی‌ی پێ ئەداین.

سروشت خۆی لەیارمەتی‌دانی ئەو وولاتەدا بەدیمەنی جوان و شازو، لێرەواری چرو پرو، ئاوی زۆرو، هەوای فێنك و، لە هەموویان گرینگتر کیژۆڵەی قژزەرد دلاوایی کردوەو، وای رازاندۆتەوە هەر مەگەر هەوارەکانی کوردســـتانی خۆشەویست ئەوەندە دلگربن سەرەرای ئەوەش خەڵکی سوێد خۆیان هێندەی تریان جوان کردوەو بەدەورو بەریدا هاتوون. بە چەشنێکی وا سعدی گوتەنی:

**"که برکند دل مرد مسافراز وطنش"**

ئەو ئازادیانەی لە سوێد دیتم هەر لە ژیانی کۆمەڵایەتیو گۆڤارو فیلم و عکـس و، کەس بەکەسی ترەوە هەتا دەر بڕینی بیروڕای سیاسیو عاملاندنی منداڵ هەروا باشە باسی نەکەم و، جارێ بایبای لەو تمدن و پێشکەوتنە سەیرە بکەم کە بـە شـێکی لەگەڵ بیروڕاو لێکدانەوەی وەڵاتی ئێمە یەکتر ناگرێتەوەو، بەشێکی تری هەر ئێمە سەرمان لێی دەرناچیو خۆمی پێوە ماندوو نەکەم باشترە.

لەشاری مالمۆ لەو بەینەدا هەتا بلیتی قەتاری ئێمـەیان گـۆڕی ژمارەیـەك منداڵـی ٨-٧ ساڵەم دەدیت لەتەنیشت بـاخێکی بـێ پـەرژین تۆپێنیـان دەکـردو دارەکـانی ئەوباخە کە گێلاس و قەیسیو سێو بوون هێندیان پێوە بوو للك و پۆپیان داهاتبوو، میوەیەکی زۆریش لەگەڵ با وەری بوو لەبن دارەکـان کـەوتبوو ئـەو منداڵانـە کـە هیچیان تەمەنیان لە دەساڵ تێ نەدەپەڕی نەم دی دەست بۆ ئەو میـوە درێـژ کـەن، یان دەنکێك لەبن دارەکـان هەڵگرنـەوە کـە دیـارە ئەگـەر منداڵـە نـەعاملاوەکانی ئێمەبان دەچوونە سەر دارەکان و دوای ڕنینی میوە لقـی دارەکەشیان دەشـکاندو پاشان بن دارەکەشیان دەکردە ئاودەست.

پۆلیسی ئەڵمانی ڕۆژ هەڵات لە گەڕانەوەدا هەموو مانی باش پشکنی کـە لـەو سەر کاری بەکەس نەبوو، دیاربوو لەو ڕەسمە سێکسیانە دەگەڕا کە لە سوید زۆر وەگیر دەکەوتن و، هەر کـەس پیێ با لێیان دەستاندو دەستیان بەسەردا دەگرت.

زیاتر لە دەڕۆژی تر ئەوجاریش لە ئاڵمان گیرۆ بومەوەو، لەو بەینەدا جارێکیتر دەرفەتی گەڕان لەم لاولاو بەشـی ڕۆژهـەڵاتی برلین دەسـتیدا کـە جـاری دوایـی

کوڕی ڕەش "عەلی قازی" لەگەڵم بوو، لەکافەیەك لـە برلیـن توشی کوردێك هاتین دیاربوو پێکەوە ناسیاویان هەبوو ئێمەشـی پێك ناسـاند: جـەلال بـەگ باڵوێزی عیراق لە ئاڵمانی ڕۆژهـەڵات، ئێـواریێ لـەخوا حـافیزیدا کـوڕی ڕەش پیێی گوت: دوسبەی دێمەوە ئەوبەرە ئەگەر لە فڕۆکەخانە گەڕامەوە لەکویێ دەبی بت بینم، گوتی ئەگەر بۆ بەڕیێ کردنی ئەو دیێی منیش لەگەڵی دێم بـۆ مەتار، شوێنێکی دیاری کرد گوتی لەویێ چاوەڕێتان دەبم لەڕێوە وەرنەویێ، کە چووین لەویێ دوای ئەوە ئێوارەمان لەسەر داوای ئەو پێکەوە کرد بۆ فڕۆکەخانە وەڕیێ کـەوتین کـە بـەینێك دەبیێ لەبـەرلینی ڕۆژهەڵاتـەوە بـۆی بـڕۆی هـەتا دەگەیەی، سەعات یازدەی شەو فڕۆکە لە فرۆدگای برلین هەستاو ئەوجار نـە دەریام دەدی نە ویشکانیو نەفڕۆکە ئیفادەی هێنا لە هیچ کویێ لادا هـەتا مـن وێژینگێکم دا ئەو لەبەغدا هەلی ڕشتم و بلێسەی گەرما لەجاری هەوەڵیێ باشتر بە پیرمەوە هاتبووقەتیش ئەوەندەی لەویێبووم بەجیێی نەهێشتم هەتا گەڕامـەوە ناوچەی باڵەك و من کەهێندە بەهێنانەوەی دووربینەوە مـاندوو بـووم و لەترسـی ئەوە کە دەستی بەسەردا دەگرن لەگیرفانی باڵتەم نابوو بەهەڵکەوت لە مەتاری بەغدا هەرچاویان لە جانتاکانی من نەکرد، دەس بەجیێ شتێکیان لیێ نووسـیو گوتیان هەڵگرە هەمبانەت.

ماوەی ئەو پـازدە ڕۆژەش کـە دیسـان لەبـەغدا گیرسـامەوە هێـندیێ دیـاری بچوکم بۆ هەڤاڵەکانی پێش مەرگەم و کاك ئەحمەد تۆفیق هێنابوو پێم دان و، ئەو بەینەش هەموو ڕۆژیێ ئەم دیـت و، هەڤاڵـەکانیتری هێندێکیـان بلاوەیـانێ

کردبوو دیاربوو نەگەیشتبوونە ئەنجامێکی دڵخوازو، چەند ڕۆژێك دوای ئەوە بەرەو کوردستان و ناوپردان لەبەغداو بەغدایی ماڵاوایم کرد.

ئەو کاتە بارزانی لە حاجی ئۆمەران دادەنیشت و شێخ محەمەد هەرسین بەردەستی‌ی دەکرد ئەو ڕۆژە کە عەرزیان کرد ئەوە لێرەیەو لەو ژوورەی‌ترە فەرمووی بڵێن بێتە ئێرەو، زۆر زۆر لوتف و گەورەیی کردو بە پێکەنینەوە فەرمووی: تۆ چت گوتووە من ئەیزانم و بۆت دەڵێم بزانە وابووەو، ئەو جار قسەکەی منی گێڕاوە کە لە سوید گوتبوم و، عەرزم کرد بەڵێ وابوو ئەز بەنی، دیاربوو کاك حبیب فەیلی لە پێش منـدا لە ئەوروپا گەڕابۆوەو ئەو بۆی گێڕابۆوەو زۆری پێ خۆش بوو کە ڕۆژێك لە ئوستۆك هۆڵم لە پشودانی کۆنگرەدا کە تاوێك هەموو بۆ حەسانەوە هاتنە دەر برادەرێك سەری هەڵێناو تەماشای خانوی جێ‌ی کۆنگرەو باخچەو چیمەنی دەوروبەری کرد کە خانوویەکی ٢٢ نهۆم بوو گووتی: کوردستانی ئێمە بەسەد ساڵی تریش وەك ئەوڕۆی ئێرەی لێ‌نایە، گوتم منیش دەزانم، کوردستان کوڕی وەك تۆی بێ بەهەزار ساڵی‌تریش وای لێ‌نایە.

جا ئەوکاتە ئەو کوردانەی لە ئوروپا بوون "ڕەنگە ئێستەش هەروابێ" پێ‌یان وابوو ئوروپا ئەوان دروستیان کردووەو، شانازی‌یان پێوە دەکرد کەچی ئەوانەی لەوێ دانیشتوون بەو هەموو چەوسانەوەشەوە هەر نانەزگ دەکەون و، هەروەك لەوێ پێم گوتن ئەگەر سەد ساڵ لێرە پاشە کەوت بکەن لە دواییدا هەر بەشی ئەوەندەتان دەبێ قەبرێکی پێ بکڕن.

ڕاسپاردەی کوڕی ڕەش "عەلی قازی کوڕی پێشەوا قـازی محەمـەد" لـەو شتانە بوو کە ئەوڕۆژە عەرزی مەلا مستەفام کردو، وەڵامەکەم بۆنـاردەوە کـە بە پێچەوانەی داوخوازی ئەوبوو بۆ هاتنی کوردستانی عێراق.

لەناو پردان مەکتەبی سیاسی لـە جێیەك بەناوی قەیماسـان چـەند ژوورێکـی دروست کردبوو، پێش دەرچوونـی بـەیانی یـازدەی ئـازارو دوای دەرچوونـی بەیانیش من لەو ژوورانەدا بووم و، پێش مەرگەیەکم لەلابوو بەینێك دوای ئەوە لە ئورووپا گەڕامەوە شەوێك لەو ژوورانەدا کە دەوروبەری دارستان و لێرە وارە هاتنە سەرم و من و پێش مەرگەکەم لێیان چووینە دەر بەڵام خۆیان لەناو مێشەو داردا وون کرد، هەرچەند بەدوایاندا گەڕام و، دوای گەڕان خۆم داگرت لەهیچ کوێ هەستیان نەبوو، دیاربوو هەڵاتبون هەر ئەوکاتە زانیـم موچـە خۆرەکـانی ساواکن بەڵام نەم زانی کێیەو، دوایی بۆم ڕوون بۆوە بەهۆی کێ کراوە.

سبەینێ ئەو ڕووداوەم بۆ کاك ئیدریس و کاك مەسعود بارزانی گێڕاوە کـە ئەو کاتە هەردوو کیان پێکەوە لە گوندێك بەناوی "قەسرێ" کاریـان دەکـرد، دیاربوو چاوەڕوانی شتێکی وایان نەدەکرد، کاك ئیدریس گوتی: ئەو وڵاتە بێ دەرك و دەروازە هـەموو چەشـنە جەماعـەت و تـاقمێکی تێدایـە کـە لێـــــك کردنەوەیان زۆر هاسان نیيە لەبەر ئەوە ئەگەر تۆ پاراستنی خۆت وە ئەستۆی خۆت دەگرێ ئەوە لەهەر شوێنێك دانیشی قەیدی نیيە، بەڵام ئەگەر پاراستنی خۆت ئەخەیە سەر ئەستۆی ئێمە دەبێ لەو شوێنە دانیشی کە بۆت دیاری دەکەم، گوتـم بۆمـن فـەرقی نیيـە تـۆ چ شـوێنێك دیـاری بکـەی، ئـــەویش

بارزانی‌یەکی بانگ کرد ناردیە "دیلْزێ" کە گوندێکە لەناوچەی باڵەك و مەقەڕی بارزانی‌یانی لێ بوو مەسئولی‌وان یەکێك بوو بەناوی "شێخ ئۆمەر" کە لەگەڵ مەلا مستەفا چووبووە ڕوسیا، پی‌ی گوت لەوێ لە تەنیشت مەقەڕی خۆیان جێگەی بۆ پەیداکەن و بیگرنە ژێر چاوەدێری.

حکومەت چوار ساڵی دانابوو بۆ "فترە انتقال"یانی لەماوەی چوار ساڵدا دەسەڵاتی حوکمی زاتی لەلایەن حکومەتەوە بدرێتە دەست کاربەدەستان و بەڕێوەبەرانی حوکمی زاتی لە کوردستان.

کە ئەوماوە من بەینێك لە گوندی "دیلْزە" دوایی لە گوندی "خەلان" بووم و، جارێکی‌تر ماڵم پێکەوە نا حکومەت هەتا زیادتر لەماوەی گوێزتنەوەی حوکم تێدەپەڕی لەجیاتی بەجێ‌هێنانی قەرارەکە پتر بروبیانوی دەگرت و دهۆو دۆلاب و بێ چاوڕوویی گەیاندە جێ‌یەك کە وەدوی سەری سەرکردایەتی کەوت و، ژمارەیەك موچە خۆری لە حلکی مەلادا بە بۆمبای سەعاتی‌و، ڕاکێت و تەقەمەنی ترەوە بەناوی وت و وێژ بۆلای بارزانی ناردە حاجی ئۆمەران، کە لە کاتێکی مناسب دا دینامێت بتەقێنن و بەئاواتی پیسی خۆیان بگەن و، بۆ خۆ ڕزگارکردنی دواییش هەتا لەناوچەی ڕزگارکراو دەچنە دەر هەموو کارقایمیەکی خۆیان کردبوو سارۆخیان لە پشت ترومبێلی سواری دابەستبوو کە ئەگەر کەسێك لە ڕێگەدا وەدوایان بکەوێ ئاگری دەن و ئەویش لەناو بەرن، بەلأم خوا نەی ویست ئەو پیلانە سەر بگرێ‌و ئەو دینامیتەی کابرا لە خۆی بەستبوو لە جەنگەیەك دا تەقاندی کە خزمەتکارێك چای لە پێش مەلا مستەفا دادەناو لەو دەرفەتەدا

كە بارزانی چاوی لێ‌نەبوو دەستی برد سەری ئەو دوو تێلەی كە لەناو هەردوك دەلینگی شەڵوارەكەیدا بوون گەیاندنیە یەك و بۆمباكەی تەقاند، خزمەتكارەكە دەس بەجێ كوژراو كابرا خۆیشی هەرلەتكەی بەلایەكدا ڕۆیشت، هێندێ ڕیخۆڵـەی بـە میچـی خانوەكـەوە نووسابوو موبل و سەندەڵی ناو ژوورەكە لەت و پەت ببون بەڵام خـوا بـارزانی پاراسـت و لەو دهۆیە ڕزگاری كردو سبەینێ خۆی چلۆنایەتی ئەو كارەساتەی گێڕاوە فەرمووی: هاتن منیان ئاگادار كرد كە دەدوازدە كەس میوان هاتوون لەخوارووی عیراقەوەو یەكیان مەلایەكە كـەناوی "اعظمـی"یە كە لە پێشدا ناسیاویم لەگـەڵی هـەبوو، گوتـم بیـان بەنـە دبوەخان منیش تاوێكی‌تر دێمە لایـان، كـەهاتم لـە دیوەخـان لەگـەڵیان دانیشـتم یـەكیان لەتەنیشت من لەسـەر مۆبـل دانیشـت كـە اعظمـی بـوو، ئـەوی تـر لەبەرانبـەرم دانیشـت هەڤاڵەكانی تریان نەهاتبوونە ژوور اعظمی دەستی كرد بە قسە گوتی: وادیارە بەینی تـۆو حكومەت خەریكە ناخۆش دەبێتەوەو، خـەڵكی عـێراقیش حـەز بـەوە ناكـەن بـە تایبـەتی جەماعەتی ئێمە، لەبەر ئەوە هاتووین بزانین هۆی ئەو ڕێك نەكەوتنـە چی‌یـە؟ ئەگـەر ئـەو ئاڵۆزی‌یەی ئێستە هەیە سوچی شۆڕش بێ ئێمە دژی دەوەستین و پڕو پاگەندەو تەبلیغاتی لەسەر دەكەین، ئەگەر سوچی حكومـەتیش بـێ هـەروا لـە دژی دەوەسـتین، هێشـتە ئـەو قسانەی تەواو نەكردبوو چایی‌چی چای هێناو لەپڕ گرمەیەك هات نـەم زانـی چی‌یـە، لام سەیر بوو ئەگەر تەیارە با لە پێشدا دەنگی دەهات، تۆپیش ناگاتە ئێرە لـەوەدا چـایی‌چی كەوتە عەرزو میوانی بەرانبەرم دیتم هەر لەتكەی بەلایەكدا ڕۆیشتوەو بۆتە تـەپ و تـۆز، هەستام بچمە دەر دیتم هەڤاڵێكی ئەوانە نارنجەكی بەدەستەوە بۆلای من دێ كە بیتەقێنێ منیش قرتەی دەمانچەكەم ترازاند تەقەی لێ‌بكەم مـەحمود دەسـتی گرتـم گوتـی شـەڕی نارنجەك بە دەمانچە ناكرێ‌و، بەدەرگایـەكی‌تردا ئێمـە لـەو ژووورە چووینـە دەرو، لـەناو

خێوەتێك دانیشتین، من لەوێ هەستم پێ نەکرد بەڵام دوایی لەماڵـەوە کـە دەسـت نوێـژم شوشت زانیم ساچمەیەك وەتێو چاوانم کەوتوە "جامەدانی‌یەکەی هەڵێناو دیـاربوو بڕێـك قرینجابوو" ترومبیلەکەی تریان کە ئەویش تەقەمەنی تێدا بوو لەپشت ئەو پەنجـەرە ڕایـان گرتبوو کـەمن لـیٚی دادەنیشـم، جەماعـەتیش لـە دەرەوە هەڤاڵـەکانی ئـەوانیان دایەبـەرو هیچیان لێ دەرنەچوو.

دوای ئەوە ترومبیلەکانی ئەو جەماعەتیان هێنا لەناو پـردان هـەرچی تەقەمـەنی‌و بۆمبـای سەعاتی‌و ڕاکێتی تێیاندا هەبوو لـەناویان دەرهێنـان و مـلازم یوسـف نـاوێك کـە خـۆی مهندسی ئەوەو مسیحی بوو بەوکارە هەستاو هەمووی لەکار خستن.

لەگەڵ ئەوەش بارزانی ئەو مەسەلەی بە گرینگ نەگرت و هەر دەی فەرموو بەرژەوەندی میللەتی کورد لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە، بەڵام حکومەت هەر بەوەندەش ڕانەوەستاو ئاڵۆزی‌و ئاژاوەی تری دەس پێ‌کرد هەتا وای لێ‌هات لە زۆر شوێن هێزەکانی شـۆڕش و حکومەت پێك دا دەهاتن و تەقەیان لێك دەکرد ئەگەرچی دیسان وت و وێژێك لەهەردوو لاوە دەستی پێ‌کردەوە بەڵام سودی نەبوو ئەو جاریش کوردستان کەوتەوە بـەر هێرشـی دڕندانەی حکومەتی ناوەندی‌و، دەستی کردەوە بە ئاگرو ئاسن هەڵڕشتن بەسەر کـوردی ئاشتی خوازدا کەهەر بەتاوانی ئەوە کە کوردە بە درێژایی مێـژو لـە ژێـر ئـەو چەپۆك و کۆشتن و بڕینەدا بـووەو، بێ‌بـەزەیی لـیٚی کـوژراوەو، دەربـەدەر کـراوەو گیراوە کـە بەداخەوە دەبێ بڵێـم خۆشـی لەسـەر ئـەو هـەموو دەردەڕا هـەر دەردی لـەخۆی گرانتر کردووەو بەناڕێکی‌و ناتەبایی خۆی هێندەی‌تـر هـۆی مـاڵ وێرانـی خـۆی پێـك هێنـاوەو ئێستەش کە ئێستی‌یە هەر لەسەر ئـەوپێ‌و دانـە دەڕۆن و هـەموو شوان و گـاوانی کـورد دەزانن بە یەکیەتی نەبێ ئەو گەلە بە هیچ کوێ ناگا بەڵام گەورە پیـاو چـاو لـەو ڕاستیە دەقوچێنن و نە ئێستەو نە لە دوارۆژدا پاکانەی خۆیان لەو تاوانە گەورە پێ‌ناکرێ

و لەوەدا هیچ شتێك نایان پەڕێ نێتەوە کە مێژوو ئەوڕۆ خزمەتی گەلی کوردی لەو قۆناغە ناسکەدا خستۆتە سەر شانیوان.

لە هەڵگیرسانەوەی شەڕی ئەوجاردا کە شۆڕش لایـەنی سـوپایی‌و کۆمەڵایـەتی بـەهێزی هەبوو حکومەتی عیراق باشتر وەپەلە قاژە کەوت و سەرەڕای توندو تیژی لە جەبهـەکان دا لەدەرەوەی وولاتیش سەری بەهەموو کونێك دادەکردو، دەستی‌کرد بـە فێڵـو تەڵەکـەو هەزارەو دولایی، هەتا لە زستانی پەنجاو سیٚی هەتاوی‌دا ئەو دۆڵابەیان لەگەڵ شای گۆڕ بەگۆڕ لە ئەلجەزایر گێڕاو، هەموو لایەك دژی شۆڕش دەستیان دایە یەك و، شۆڕشیان بەوە ناچار کرد چەك دانێ، کە دیارە ئەو کارەساتەی لەو قۆناغەدا بەسەر گەلی کوردی ئازاو نەبەزی عیراق هات لەکەس شـاراوە نی‌یـە کـە کەمتەرخـەمی کاربەدەسـتانی شۆڕشیش لەپێش ئەو موئامەرەدا نابێ لەبیر بکرێ، لـەدوای بەسـتنی ئـەو پەیمانـە کـە چارەنووسـی شۆڕشی کوردی بەتەواوی گۆڕیبوو بارزانی سـەفەرێکی بـۆ ئـەو دیـوو کـرد کـە زۆری پێچوو وای لێهات خەڵك نیگەران بوون و لـەزۆر ئـاوایی خێریـان دەکـردو حـەیوانیان دەکوشتەوە کەماوەیەك دوای ئەوە گـەڕاوەو هـەموو کـەس هەسـتی بـەوەزعی نالـەباری ئەوکاتە کردبوو کەسیش نەی دەزانی بەکوێ دەگـاو سـەرکردایەتی هەڵوێسـتی چیـە لـە داهاتوودا.

بارزانی ئەو کاتەماڵی لە کوێستانێك بوو لەبەرانبەری حاجی ئۆمەران بەناوی "کۆدۆ" ئەگەر کەسێك داوای دیتنی کردبا دەبوو لە پێشدا لـە حـاجی ئۆمەرانـەوە تەلـەیفون بکـا ئەگەر ئیجازەی پێدرا جـا بچێتەسـەر کـاتێك بـارزانی لـەودیو گـەڕاوە چـووم لـەحاجی ئۆمەرانەوە داوای دیتنیم کردو هاتن منیان بەسەیارە یەك بردەسەر.



هێدی ـ ساڵگەردی وەفاتی بارزانی ساڵی ١٩٨٥ زایینی

ئەو ڕۆژە هەر چەند میوانی دوورە دەست کەم بوو بێجگە لە دووسێ مەلا ئەوانیتر هەر جەماعەتی خۆجێیی و بارزانییەکان بوون بەڵام لـە شـوێنێك زیـاتر کـە ئـەویش جـێی دانیشتنی بارزانی بوو سەندەڵی ی بەتاڵ نەمابوو، دوای ئەوە کە مەلا مستەفا هات لەجێی خۆی دانیشت هەتا ماوەیەکی زۆر کڕیو بێدەنگی ئەو کۆڕەی داگرت و هیچ کەس نەی دەویست ئەوبێ هەستییە تێك بدا بەڵکو بارزانی خۆی بە گوێرەی ویستی ئەوکاتە شتێك بڵێو هەڵوێستی خۆی بەدوای ئەو ڕووداوەدا دیاری بکا ئەویش ماوەیـەکی زۆر خـەڵکی لە چاوەڕوانیدا ڕاگرت و دوای بەینێك سەرەتای قسەی کردەوەو فەرمووی:

کاتێك من بۆ ئەو شۆڕشە لە بارزان وەدەر کەوتم پەنجاو چوار کەسم لەگەڵ بوو کە لەناو ئەوانەدا یەکێکم کردە بەر پرسی ئەرزاق و مەسرەف، ئەگەر خۆم پێلاوەکانم دڕابا دەبوو ئەو بۆم بکڕێ دەنا خۆم پێم نـەدەکڕدرا، بـەگوێرەی وەزع و زروفـی ئەوکاتـەش لەهـەر ناوچەیەك باین هەر شەوە لە گوندێك دەبوین و لەناو گوندیش نـەدەکرا هـەموومان هـەر لەماڵێك بین لەبەر ئەوە دابەش دەبووین سێکەس و چوار کەس پێکەوە دەچووینە ماڵێك. ماوەیەك پێچوو ڕۆژێك لە گوندێك گوێم لێبوو ژنێك هات لە جەماعەتی پرسی، ئەرێ مەلا مستەفا کێهەیە؟ گوتیان لەو ژوورەیە، کەهاتە ژوور گوتی تۆی مەلا مستەفا؟ گوتـم بەڵێ منم، چ ئیشت هەیە؟ گوتی: ئەوشەو جەماعەتی تۆ لـەماڵی ئێمـە بـوون سـندوقێکم هەبوو شکاندوویانەو هەرچی تێیدا بوو بردوویانە، گوتم سندوقەکە چی تێدابوو؟ گوتی: دوگەز خام و ئەنگوستیلەی کیژەکەم و، ناڵێکی هێستر بێجگە لەوە دوو تەنەکەش خۆمان هەبوو ئەویشیان بردووە داویانە بە وولاخـی خۆیـان، بـە جەماعـەتم گـوت ئـەم شتانەم

دەوڵەتەوە، دەبێ بیان هێنن بیان بینم، کە هێنایان دەبینم ئەنگوستیلەکە ئەگەر کەسێك لەناو شار مناڵێکی خۆشەویستی خۆی لەگەڵ بێ‌و گڕنەی لێ‌بگرێ‌و زۆر بە مەجبووری بیکڕی هـەر سـێ‌عانە "٢٠فلس" دێنـێ، زیـاتر نـاهێنێ، نـاڵی هێسـترەکەش جـارێك لـێ‌دراوەو لێ‌بۆتەوەو کەڵکی جارێکی تریشی هەیە، کەلێم کۆڵی‌یەوە ئەوەی مـن دام نـابوو لەسـەر مەسرەف و ئەرزاق شەو لـەو ماڵـە خـەوتبوو، شتەکانم دایـەوە دەس ژنەکـەو، لـەجیاتی خۆیەکەش ناردم چوار تەنەکە جۆی تریان بۆکڕی، ئەوکاتەش هەر ئەوەندەم لەدەس هات ئەو مرۆڤەم لەسەر ئەرزاق و مەسرەف لابردو یەکێکی‌ترم لەجێ‌ی ئەو دانا.

چەند ساڵی‌تر پێچوو شـۆڕش وردە وردە پـەرەی گـرت پێـش مەرگـە لەهـەموو جێ‌یـەك هەبوون و بەلای خۆیەوە داب و دەستورو ڕێ‌و شوێنێك داندرا بوو ئەو کاتە خۆم لەڕانیە بووم و، لەبیرمە دوازدە هەزار دینار پارەم هەبوو، ڕۆژێك لەمەقەڕ دانیشتبووم یەکێك هاتە حەوشەکە جووتێك زەنگاڵی هەڵکێشا بوو سلاوی لە جەماعەت کرد گوتی: کـوا مـەلا مستەفا؟ جەماعەت گوتیان چ ئیشت هەیە؟ منیش لە ژوورەکەوە گوتم لێ‌ی گەڕێن بابێتە ئێرە، کەهاتە ژوور سەلامی کرد گوتی: تۆی مەلا مستەفا؟ گوتم بـەڵێ منـم کـەرەم کـە بزانم چ ئیشت هەیە؟ گوتی: قوربان من لە دەربەندی ڕایاتەوە بارێکم توتن پێ‌بوو، دەهاتم لە کۆیە فەحسی بکەم "ارزیابی" گەیشتمە چۆمان پێش مەرگەیەك هاتە پێشم گوتی ئەوە چی‌یە؟ گوتم توتنە، دەی‌بەمە کۆیە فەحسی دەکەم، گوتی قەیدی نی‌یە وەرە گومرگ بدە جا بڕۆ، منیش زۆرم پێ خۆش بوو کە ئەوە عەسکەری کـوردە بەسـەر وولاَت ڕا دەگـا گوتم بەسەر چاو گومرگی چەندە؟ گوتـی سـەد فلسـە، گوتـم فـەرموو، قوربـان لـێ‌ی وەرگرتم و ئەو قاقەزەی پێ‌دام، کـە ڕوانیمـە کاغەزەکـە نـەناوی کەسـی لێ‌نووسرابوو



هێدی - هێمن

نەتاریخی هەبوو، نەدیار بوو کێ‌وەری گرتوەو، لەبن کاغەزەکە خەتێکی خوارو خێچی پێدا هاتبوو وەك منالّی ساوا شوێنێك لەسەر کاغەز بکێشێ‌و هیچی‌تر، کابرا گوتی: قوربان لەوێوە هاتم گەیشتمە پردی "بەرسیرین" پێش مەرگەیەك لە کۆلێتێك هاتەدەر ئەویش گوتی بارەکەت چی‌یە؟ بۆکوێ دەچی؟ گوتم توتنە دەی‌بەمە کۆیە، گوتی وەرە گومرگی بدە جا برۆ، گوتم لە چۆمان گومرگم داوە، پێش مەرگەکە ووتی: ئەوەی چۆمان هیچ نی‌یە شەرتی منم، مۆری مەکتەبی سیاسی لەلای منە، ئەوەی چۆمان ساختەچی‌یە، گوتم باشە گومرگی چەندە؟ گوتی ڕوبعێکە گوتم فەرموو، ئەویش ڕوبعەکەی وەرگرت و ئەو قاقەزەی پێدام، ئەویشی لەپێش من دانا هیچی لێ نەنوسرابوو، قوربان لەوێش وەڕێ کەوتم هاتم بۆلای کۆیە لەهەیبەسوڵتان وەسەر کەوتم "شاخێکە لەنزیك کۆیە" خۆم و هێسترەکەم لە ئارەقەدا ڕەش ببوین لەسەر شاخەکە پێش مەرگەیەك هاتە پێشم گوتی: ئەوە چی‌یە بۆکوێ دەچی؟ گوتم توتنە دەی بەمە کۆیە فەحسی دەکەم، گوتی وەرە گومرگی بدە جا برۆ، گوتم کاکە دوجار گومرگم داوە خۆ تالآنم ناکەن، لێم هاتە پێش زللەیەکی خۆشی لێ‌دام گوتی: ئەو زمانەت بۆ هێندە درێژە گومرگ بدە جا برۆ، قوربان ئەویش نیو دیناری لێ ئەستاندم و ئەو قاقەزەی دامێ ئەویشی لە پێش من دانا، گوتم: کاکە فەرموو ئەوە سەد فلسەکەی چۆمان، ئەوە ڕوبعەکەی پردی بەرسرین، ئەوەش نیو دینارەکەی هەیبەسوڵتان، فەرمو زللەکەشم لێ‌دەوە، ئەگەر من شۆڕش نەکەم کەسیش بەناوی من و شۆڕش نایە غەدر لەیەکی وەك تۆ ناکا ئەم خەتایە هەموو دەگەڕێتە وە بۆمن، کابرا ماڵی ئاوابێ زللەکەی لێ نەدامەوە، پارەکەی هەڵگرت و لێ‌ی‌دا ڕۆیی. من هەموو شتێکم پێ بکرێ انسانم پێ دروست ناکرێ، من لەو ڕۆژەوە چەکم پێ

هەڵگیراوە هەتا ئێستە قـەت لـە دوژمنـی خـۆم نەترسـاوم، مـن هـەر لـەو کەسـە دەترسـم کەبەناوی دۆست لەگەڵم ئیش دەکاو لەبنەوە دوژمنی منەو، خەڵکم لێدەکاتەوەو، دزی دەکاو، غەدر دەکا، من بچم لەکوێی ترەوە خەڵك بێنم و لێرە کاری بدەمە دەس؟ کێ ما ئاڵ و گۆڕی پێ نەکەم و لەسەر کار لای نەبەم و یەکیتر لەجێی ئەو دانـەنێم؟ هـەر ئەوی دوایی لەوی پێشووتر خراپتر بوو.

پەلێك پێش مەرگە دەنێرن بچێتە جەبهە لە ڕێگەدا دەچێتـە مـاڵی پـیرێژن ئەگـەر گیسـکی هەبێ پێی دەکوژێتەوە جا دەڕوا، سەرلقێك لە گوندێك هەبێ ئەگەر کەسێك کیژێکی جوانی هەبێ بەغەدر لێی دەستێنێ ئەوانە هەموو بەناوی من تەواو دەبێو هەر دەڵێن پێش مەرگەی ئەوە.

من قسەکانی ئەوڕۆژەی مەلا مستەفام هەر ئەوەندە لەبیر ماوە بەڵام ئەوە هەمووی نیەو، لەسەر لێ نـەهاتوویی‌و خەیانـەتی لـێ پرسـراوانی شـۆڕش زۆر مەسـەلەی تـری هێنـاوەو فەرمووی: ئەو شتانە هەمووی دۆستەکانی من بە دوژمنایەتی لەگەڵ منیان کرد "کە ئەوە دەتوانێ پەندێك بێ لە داهاتوودا بۆ هەموو کەس بەتایبـەتی جێگرەکـانی خـۆی‌و نـەهێڵن هیچیتر ئەو ئیشە دووپات بێتەوەو، بـۆ دەسـرەیەك قەیسـەرییەك ئـاگر تێبـەر نـەدەن و میللەتێکی بە قوربانی دووسێ دزو درۆزن نەکەن" کە ئەوانە ئەو کارەی لـە دۆسـتایەتیدا پێیان دەکرێ لە دوژمنایەتیدا لەدەستیان نایەو، هەر بۆیەش پاڵ وەشۆڕش دەدەن نـەك بـۆ خزمەت و دڵسۆزی.

دە پازدە ڕۆژێك پێچوو ئەو هەواڵە بەهەموو کەس گەیشت کە بارزانی ئەمری کـردووە پێش مەرگە بەرەو دوای یەك لە جەبهەکان بکشێنەوە دواوەو، شوێنەکانی **خۆیان بەردەن،**

هەواڵێکی ناخۆش بوو بەڵام ڕاست بوو، ئیتر لەو کوردەواری‌یەدا بوو بەشین و شەپۆڕو لەخۆدان، هەر پێش مەرگە بوو کلاشینکۆفی ماچ دەکردو دەی هاویشتە ناو ڕووبار یان گۆڕستانەوە، یان لە ئەشکەوت و چاخانە بە ڕەختەوە فڕێی دەداو خۆی ڕووی لەلایەك دەکرد، یان لە سنوور ئاوا دەبوو، پشێوێنی وای لێ هات لەبەینی ئازادی‌و دەربەندی ڕایات خەڵك ڕووت دەکرا، شۆڕش دەسەلاتی نەما، حکومەتیش لەو ناوە هەر لە هەوەڵەوە نەبوو، کەس خەتی کەسی نەدەخوێندەوە، لەحاجی ئۆمەران تفەنگی برنۆیان دەدا بەحەوت تمەن کەس نەی دەکڕی لەهەموو کەسیش لێ قەوماوتر لەو کاتەدا من بووم کەنەم دەم وێرا بێمەوە ئێران، نەدەم توانی لە عێراق بمێنم هەتا جەیش دێ‌و دەست بەسەر وولاتدا دەگرێتەوەو خۆم تەسلیمی چارەنووس بکەم، چونکە هیچ نەبێ دەیان گرتم تەسلیمی ئێرانیان دەکردمەوە کە نێوانیان دوای پەیمانی ئەلجەزایر خۆش ببۆوەو، مەترسی تەشقەڵەی خۆشیان لەوێ ڕاوەستێ‌و، نەشوێنێکی تریشم بێجگە لەو دووجێ‌یە شك دەبرد ڕووی تێ‌کەم، نەم دەزانی چی بکەم هێندێك پێش مەرگەی ئەودیو "ئێران" کە لەناو شۆڕش دابوون لەو بەینەدا هاتنەلام گوتیان ئێمە ناچینەوە تۆش لەگەڵ ئێمە بمێنەوە هەتا ئێمە هەین بەکۆڵ دەت گێڕین هەر ئەوەندە بڵێن ئەویشیان لەگەڵەو دەستیان کرد بە گریان، گوتم: من بڕوام بە ئێوە هەیە بەڵام شتێك بە مەلا مستەفا نەکرێ خۆماندوکردنی من و ئێوە بێ فایدەیە‌و، ئاخریەکەی لەبن بەردێك سەرما دەمانکوژێ یان لە شاخێك لە برسان دەمرین و تەواو دەبێ.

چەند ڕۆژێك بوو منداڵەکانم بۆ ئێران بەڕێ کردبوو، ناو ماڵەکەشم لە خەلان هەر لەخانوودا بەجێ هێشت گوتم هەر کەس دەیەوێ بیان با بۆخۆی‌و چوومە حاجی ئۆمەران

کە گوندەکە چۆڵ کرابوو، لە هۆدەیەك دا کەپێش ئەودەم شوێنی هێندێك لاوەیی بوو برادەرێکی ناسیاویش بەهەڵکەوت لەوێ بوو جێی خۆم کردەوە سەری هەموو کێوانم لێ وێك هاتبوو نەم دەزانی چی بکەم، ڕوو لەکوێ‌کەم چیم بەسەر دێ؟ سێ‌ڕۆژ چوار ڕۆژ هەر دەهات و وەزع ناخۆشتر دەبوو بەو پێیەش چارەنووسم پتر لەمەترسی دەکەوت.

شەوێك سەعات هەشتی ئێوارە دیتم سەیارەی بارزانی هاتە بەر دەرگاکەم و شوفێرەکەی "کەمال محەممەد" دابەزی‌و هاتەلام گوتی: سەرۆك بارزانی ئەمری کرد من ئەڕۆم بۆ ئەودیو بچۆ پێی بڵێ ئەویش لەگەڵ من بێ ڕوحی ویش وەك ڕوحی‌من، ئیتر من چم دەویست لەوەزیاتر لەو کاتەدا؟ چۆن هەتا هەم لەبیری بکەم کە ئەو لەو کاتەدا باڵی بەسەر کێشام، کەسواری سەیارەکە بووم ئەو شیعرانەی حافزی شیرازیم وەبیرهاتەوە:

نەهرکە چهرە برافروخت دلبری‌داند — نەهرکە اینەسازد سکندری داند
نەهرکە طرف کلە کج نهادو تندنشت — کلاە داری‌و ایین سروری داند
توبندگی چو گدایان بشرط مزد مکن — کەخوا جەخود روش بندە پروری داند
وفا بە عهدنکو باشد ار بیاموزی — وگرنە هرکەتو بینی ستمگری داند

لەنێوان حاجی ئۆمەران و شیوەڕەش دا خانویەك هەبوو کەکاتی خۆی وابزانم بۆ میوانی لاوەیی دروست کرابوو، لەو سەرو بەندەدا بارزانی لەوێ دادەنیشت، لەبیرم نی‌یە سەعات چەند بوو کە ئەوشەوە لەوێوە ئەو کاروانە وەڕێ کەوت نوێنەری حکومەتی ئێران هەتا شیوەڕەش بە پیریەوە هاتبوون کەدیارە بۆ ئێمە ناسراوو نەبوون، مەلا مستەفا

دابەزی لەگەڵیان قسەی کردو، ئەوجار ئـەوانیش لەگـەڵی وەڕێ کـەوتن هەتاگەیشـتینە شاری نەغەدە.
لەبەر دەرگای خانوەکەی بارزانی "دخانیە" خێوەتێکی گەورەیان بۆمن هەڵداو جێگەی منیان لەوێ دیاری کرد.
ئەو کاربەدەستانەی حکومەت کە شـەو بـە پێشـوازی‌یەوە هـاتبوون سبەینێ هـاتن بـۆ خواحافیزی، مەلا مسـتەفا یـەکێك لەوانـەی جیـا کردبـۆوە چـەند هـەنگاوێك لـەولای خێوەتەکەی من قسـەی لەگـەڵ دەکـردو، جارجـاریش تەماشـای منـی دەکـرد کـە لـە دەرگای خێوەتەکە ڕاوەستابووم، نەم دەزانی باسی منی لەگەڵ دەکـا کـابرا باڵتۆیـەکی عەسکەری‌ی لەبەردا بوو کەبارزانی قسەی دەکرد دەستی بەعینوانی ئیحـترام هـەڵدێناو دوایە دەستی دەهێناوە خوارو بەوەڕا دیاربوو ئەفسەر بوو.
دوای بەینێك مەلا مستەفا بەدەست ئیشارەی منی کرد بچمە پێش، کە چووم فەرمووی: ناوی حاجی حەمەداغام لەبیر ماوە ناوی گوندەکەتانم لەبیر نی‌یە، عەرزم کـرد: نـاوی شێخاڵی‌یە ئەزبەنی، فەرمووی باشە هەر بۆ ئەوەم بوو کە دەگەڕامەوە بۆلای خێوەتەکە گوێم لێ‌بوو بەکابرای دەگوت: ئێوە وەك من نـای ناسـن دەنـا ئێـوە لـەمن خۆشـترتا دەوێ، بۆیە دەبێ کەڵکی لێ وەرگرن، حەزدەکەم ئێوە ئەوە بزانن.
کە خوا دەیزانێ من حەزم نەکرد بارزانی ئەو قسەی بـەو کابرایـە گـوت، چونکـە د زانی ئەوان ئەوە بە گرینگ دەگرن و لەدوا ڕۆژدا لێم دەکەنە بەڵگەو بـڕو بیـانوی پێ دەگرن، ئیتر نەیان دەزانی ئەو گەورەیی خۆی بەجێ‌دێنی‌و من هەر شیاوی ئەوە ن
ڕۆژی دوایی لە تارانەوە نوێنەری حکومەت بۆ بەخێرهێنانی مەلا مستەفا هاتە نەغەدە

بارزانی کە بەو بەسەرهاتەی شۆڕش بەپێچەوانەی ئەوانی‌تر هیچ نەشێوابوو یەکێك لـەو نوێنەرانەی حکومەت کە سەرتیپێك بوو "سرتیپ منصور پور" لەسەر نـان خواردنی نیوەڕۆ عەرزی مەلا مستەفای کرد گوتی: ئەوە بۆ هەموو کەس دەرکەوت کـەتۆ وەك خەڵکی‌تر دروست نەکراوی‌و ئەو ئیرادەو ئەعسابی تۆ هەتە خـەڵکی‌تر نیـەتی، بـارزانی فەرموی: من هەر عادەتم وایە نەبەشتی خۆش زۆر کەیف خۆش دەبم، نە بەشتی ناخۆش زۆر تێك دەچم.

٦-٥ مانگێك ماڵی بارزانی لەگەڵ خەڵکێکی زۆری‌تر هەر لە ئوردوگای نەغەدە بوون کە خەڵکەکە لـەناو خێوەتـدا دەژیـان و لـەو مـاوەدا لـەکاری نووسین دا لەبـەینی پـەنا هەندەکان و حکومەت کەدەبوو بەفارسی بوایە یارمەتی کـاك ئیدریسـم دەدا، ڕۆژێـك کاك ئیدریس هاتە خێوەتەکەم گوتی: مەلا مستەفا فەرموی لێرە وەدەرنەکەوێ، ئەگـەر جلکی ئەفەندی هەیە لەبەری بکا، حازربێ هەتا من دێمە دەر.

من خۆم حازر کردو لەوێ چاوەڕوان بـووم، بـەڵام مـەلا مستەفا هاتـەدەرو خـۆی بـۆ شوێنێك ڕۆیشت کەنەم زانی کوێ‌بوو منی لەگەڵ خۆی نەبرد دیاربوو پێ‌ی باش بـوو هەر خۆی قسەیان لەگەڵ بکاو پێویستی منی نەزانیبوو.

لەمێژ نەبوو هاتبوومە نەغەدە ڕۆژێك لەناو خێوەتەکەم دانیشتبووم کوڕێکی جحێڵ هاتە ژوور سلاوی کردو لەدەرکێ ڕاوەستا، بەخێر هـاتنیم کـردو لەهـەواڵیم پرسـی‌و گوتـم چۆنە هاتووی؟ تۆ کێ‌ی؟ گوتی من کوڕی تۆم، ئەو جار نەم دەزانـی کامیانـە گوتـم: ناصری یان مظفر؟ گوتی ناصر، کە کاتێك من لەماڵێ ڕۆیشتم ئەوە تەمەنی سێ سـاڵ بوو، مظفریش دوای ڕۆیشتنی من پەیدابوو و ئەوم هەر نەدیبو، لەبەر ئەوە نەم ناسی‌یەوە.

کاتێك پەنا هەندەکان لەگەڵ بارزانی هاتنە ئەودیو و بە شارەکانی ئێراندا بڵاوبوونـەوە لەلایەن هەموو کوردەکانی ئێران بەتایبـەتی خـەڵکی مـەهابادەوە پێشـوازیکی گـەرم و دڵسۆزانەیان لێ کراو، بەدڵێکی فرەوانەوە بەهەموو خزمەت و پێویستێکیان هەڵ دەستان. حکومەت لە هەوەڵەوە قەرار بوو شارۆچکەیەك بۆ بارزانی دروست کـاو لەگـەڵ پـەنا هەندەکانی‌تر بچنە ئەوێ کە لیستەیەکمان بۆ ئەوەکرد نیزیکـەی دوازدە هـەزار کـەس، دوایی گوتیان ئەوساڵ درەنگ بووە ئەو شارە تەواو نـابێ، دوسـێ جێگـەیان لـەتاران و کەرەج دیاری کرد کە بارزانی لە کێهەیان حەزبکا جێگەی خۆی‌و جەماعـەتێکی بـۆ بکەنەوە هەتا بەهاری داهاتوو جا شارۆچکەی بۆ دروسـت بکـەن و، داوایـان لێ‌کـرد خۆی بچێ چاوی بەو شوێنانە بکەوێ‌و بڕیاری لەسەر بدا کـەوام لـەبیرە ئـەوانیش دو گەڕەك لەتاران بـەناوی "تـاران پـارس"و "شـهرك غـرب"و "عظيمية" لەکەرەج بـوو، ئەویش لەناو ئەوانەدا عەزیمیەی هەڵبژارد، لەبەر ئەوە لەو گەڕەکە سـەد خانوویان بـۆ کڕی کە خۆی‌و هەر کەسی تریش حەزبکا لەگەڵ خۆی [illegible]‌و، لـەپاییزی سـاڵی ٥٤ی هەتاویدا ماڵی بارزانی هاتە کەرەج بەڵام هەتا [illegible] من خانووم وەبـەر نەکەوت کەبەرە بەرە حکومەت خانووەکانی تەسلی[illegible] لەبەر ئەوە من ئەو ماوەیە هەر لەماڵی بارزانی بروم و ماڵەکەشم لەنەغەدە بەج[illegible]انوو وەبەر منیش کەوت. کاك ئیدریس نەی دەویست من خۆم دوای ڕۆیش[illegible]ان لەنەغـەدە بـەجێ بمێنـم و [illegible] لە هەڵوێس[illegible] نیگەرانی هەر مابوو کە دەزانین ئەودەم [illegible] نابوو. پێش هاتن و دوای هاتنم بۆ کەرەج ئەوەندەی [illegible] لەخزمەت و ڕاپـەڕاندن و کاری پەنا هەندەکان دا هەر لەو کەسانەوە کە [illegible] لەلای بارزانی دەکرایەوە

هەتا پێك هێنانی نیازی ماڵیو دەرمانی نەخۆش و بریندارو، کاری ئیداراتی حکومـەت درێغیم نەکرد لەگەڵ ئەوانەش کاری نووسەریی بارزانی لەگەڵ دەزگای ئەوکاتە کـە ژمارەیەکی زۆر پەناهەندەی لەگەڵ بوو، دیارە هەموویان دامەزراندن و، کـارو، بـەڕێ چون و خوێندن و مەکتەبیان دەویست و، ئەو پەیوەندییانەش بەنووسین دەکران.

پێم وایە بارزانی ئەو شانازییەی هەر بەمن دابوو کە نووسینی منی بەبێ خوێندنەوە ئیمزا دەکرد کە بۆ شوێنی زۆر بەرزو گرینگ نەبا خۆی نوسراوی نەدەناردو کوڕەکانی بەو ئەرکە هەڵدەستان.

لە کەرەج کاربەدەستانی حکومەت بەمنیان گوت ئەگەر تۆ ئێرانیو تـەرکی تابعیـەت نەکردووە دەبێ ڕوونی بکەیەوەو لە ئیـدارەی ئامـار "نفـوس" شناسـنامە وەرگرییەوە چونکە حیسابی ئێرانی لەگەڵ پەنا هەندە جودایە، منیش بە هۆی نووسراوێك کە چەند کەسیش مۆریان کرد داوام لە ئیدارەی ئاماری کەرەج کرد کە دیسان شناسـنامەم پـێ بدەنەوەو، ئەوانیش داوایان لە مەهاباد کردو، دوسێ مانگ دوای ئەوە دیسان هەویـەیان پێدامەوەو، دوای ئەوە بژیویان بۆ بڕیمەوە زۆر جار پیاوی حکومەت "سـاواك" دەهاتـە ناو پەناهەندەکان و پێی ڕادەگەیاندن کە ئەو بژیوە هەتا سەرنییەو دوای چەند سـاڵی تر دەبڕدرێ لەبەر ئەوە هەر کەس بۆی دەکرێ گوێی کارێك بگـرێ کـە بـۆ دوایـی دانەمێنێ، بەدوای ئەو قسەدا هەر کەس بەپێی توانای خۆی وەدوای ئیشێك کەوت و، منیش کە لەسەرەتاوە لەبەر ئیشی واجب تر "ئیشی بارزانیو پەنا هـەندەکان" دەرفـەتی کارکردنم نەبوو دوای ساڵێك ئیجازەم لەکاك ئیدریس وەرگرت لەحکومەت داوای

کاربکەم، گوتی نوسراوێکیان بۆ بنووسە بیهێنە من بیبینم جا پێیان بدە، ئەو نووسراوەم نووسیو پێم دان و گوتم من بۆیە هاتوومەوە ئەگەر خزمەتێکم لەدەس بێ بیکەم حەزدەکەم ئێوەش ئەو دەرفەتەم پێ بدەن، لەجوابی ئەوەدا سەرۆکی دایرە ئەمنی کەرەج کە نامەکە بۆ ئەو بوو گووتی: بەڵێ، بەڵێ، دوای ئەوە چارەی ترت نەماوەو بەناعیلاجی هاتویەوە ئێستە دەڵێی هاتومەوە خزمەت بکەم، من کە ئەوەم زۆر لێ گران هات گوتم مادام ئێوە وای دادەنێن با وابێ، هەر قەرارێکیش بۆمنی دەدەن بەکەیفی خۆتان بکەن و، ئیتر لەوێ هاتمەدەر، لێرە دەبێ ئەوە بڵێم کەمن بەمەلا مستەفا پشت ئەستوور بوم و دەم زانی بەهیچ جۆر من بەدەست ئەوانەوە نادا لەبەر ئەوە لێیان بێ منەت بووم و، دەم گوت زۆر زۆر ئەوەندەیە ئیشم نادەنێ ئەویش قەیدی نی‌یە.

ئەوڕۆژە ئێوارێ لەماڵی مەلا مستەفا "کەوام لەبیرە خۆی لەسەفەر بوو" ئەو قسانەم بۆ کاك ئیدریس گێڕاوە گوتی: کاك خالیداغا مەلا مستەفا دەسەلاتی جارانی نەماوە، تۆ لەو وولاتە دەژی دەبێ لەگەڵیان ڕێك کەوی، ڕەجات لێ دەکەم ئەو توڕەبوونە دانێ، پیاو دەبێ لەگەڵ زەمان بگەڕێ، کە کاك ئیدریس ئاگای [illegible] بوو ساواك داوای ئەو ڕێك کەوتنەی لەمن کردبوو پێم نەکرا بوو هەرچەند [illegible] زۆر هەڵڕشت بوو، توڕەیی وانیش هەر لەسەر ئەوەبوو، ڕەنگە ئەو ئیشەی [illegible] زیرانەش نەبووبێ بەلام هەرچی بێ پێم لە چاوشۆڕیو سیخوڕی باشتر بوو [illegible] ئەوە بە کاك ئیدریسم گوت: ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان ئێوەش پشتی من بەردەن هێشتە هەر لێیان بێ منەتم چی بەباشی دەزانن با بیکەن.

نازانم چەند پێچوو دوومانگ ، یان کەمتر ڕۆژێك هاتمەو ماڵ کاك ئیدریس نامەیەکی

ناردبوو نووسیبووی ئەورۆ لەتاران تەلەیفونیان کردووە ڕۆژی ..... سەعات هەشت بچیە لای مودیری ڕادیۆو تەلەفزیۆن لەبەر ئەوە لەکاتی دیاری‌کراودا بچۆ ئەوێ چاوەڕوانت ئەبێ.

بەڕێوە بەری ڕادیۆو تەلەفزیۆنم دیت بەڵام لەجیاتی ئەوە بڵێ چ دەزانیو، چ کارێکت پێ دەکرێ زۆرتر دەگەڕاوە بۆ ڕابردووی من:

- هەتا ئێستە لەکوێ بووی؟

- گوتم: لە عیراق بووم، لەوێ چت دەکرد؟ گوتم پێش مەرگە بووم، کارت چ بوو؟ گوتم هەرچی مەلا مستەفا ئەمری پێ‌کردبام دەم کرد، "من دەم زانی کە ئەو شتانەیان هەموو پێ گوتراوەو لەمن باشتر دەزانن و هاشا کردن فایدەی نی‌یە".

- ئێستە چی ئەکەی؟ گوتم ئێستەش هەر هاوکاری وان دەکەم، بۆ دەوڵەتەکەی خۆت هەتا ئێستە چیت کردووە؟ گوتم واللهی بەداخەوە خزمەتێکم بۆ ئێوە لەدەس نەهاتووە. دوای ئەوە کە لەو جۆرە پرسیارە بۆوە بە ڕەیس دەفتەرەکەی گوت:

تەلەیفون بکە لە بەشی زاراوەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆن لەشەقامی جوردەن بڵێ دەس بەجێ بانگی کەن بۆ مصاحبە کەبتوانێ بگەڕێتەوە کەرەج و بۆ ناسینی ڕێگەش هەتا ئەوێ "جوردەن" هێڵێکی بۆ بکێشەو، بەمنیشی گوت ئەگەر کاری موقابەلە تەواو بوو بۆ چلۆنایەتی کار دەمێنین من و تۆ. "مودیری ئەو کاتەی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی ئێران یەکێك وو بەناوی "محمود جعفریان" کە لە انقلابی ئێراندا کە لەسەر ڕژێمی شا کرا ئیعدامیان کرد".

خوێنەری خۆشەویست ئەوەش بزانێ کەماکەو سەرچاوەی ئەو پێشەکی‌یە **ئەو**

بیۆگرافیەی خۆمە کە کاتی گەڕانەوەم لە عیراق بۆ ئێران دوای تێـك چوونـی شـۆڕش ساواکی تاران لێی ویستم و، بۆیان دیاری کردم کـە هـەر لـەزەمانی منداڵیمـەوە کـە لەمەکتەب بووم هەتا ئەو ڕۆژە کە لە عیراق گەڕامەوە بۆ ئێران هیچ شتێك بەجێ نەهێڵم ، من ئەو بیۆگرافیەم نووسیو پێم دان بەڵام هێنایانەوە گوتیان: ئەوە تـەواو نییـەو زۆر شتی تێدانییە دەبێ هەمووی بنووسی، جاری دووهەم دیسـان نووسیمەوە ئـەوجاریش گەڕاندیانەوە بەبیانوی ئەوە کە دیسان کەم و کوڕی هەیە، جاری سێهەم نووسیم و پێم دانەوەو ئەوجار نەیان هێناوە بەڵام ئەگەر هاتباو ناردباشیانەوە هیچی ترم نەبوو بیخەمـە سەری، لەبەر ئەوە هەرچی لەو پێشەکییەدا هەبێ لەو بیۆگرافیەی مندا هەیە کە لـەلای ساواکە بەڵام هەرچی لە بیۆگرافیەکەدا هەبێ لێرەدا نییە، هـەر وەك دەزانیـن نووسـینی ئەو بیۆگرافیە لە زەمانی ڕژێمی شادابوو، لەکاك ئیدریس بارزانی زیادتر هیچ کەسیتر تەنانەت براکانی خۆم ئاگای لەو نووسینە نەبوو، هەر چەند چاپی دیوانەکەم لـەزەمانی کۆماری ئیسلامیدا بوو دەم زانی زۆر شت گۆڕانی بەسەردا هاتووە سەرەرای ئـەوەش هێندێ تێبینی هەر پێویست بوو، یەکێك لەو شتانە کە نـەکاك ئیدریـس ئاگـای لێبـوو نەخۆم دەکرا بینووسم ئەو کورتە چیرۆکە بـوو کـە: ڕۆژێـك لـەماڵی مـەلا مستەفا لـە کەرەج کارمەندێکی ساواك بەناوی بەیاتی جیای کردمەوەو ژمارە تەلـەیفونێکی پێـدام گوتی: لە ساواکی تاران داوایان کردووە بەو ژمارە تەلەیفونە پەیوەندییان پێوە بکەی، بێدەنگێکی بڕۆ بزانە چییە.

ئەو شەوە هەتا سبەینێ هەر فکرم لەوە کردەوە کە دەبێ منیان بۆچی بێ، ئەگەر ئیشێکی ئاسایی بێ ئەوە لێرەش ئیدارەی ساواکیان هەیە ئیتر چ پێویست بەوە دەکا بچمە تاران؟

لەوە دەترسام بەڵایەکم بەسەر بێنن و نەهێڵن کەسیش بزانێ، لەبەر ئەوە ئەگەر بۆ تاران وەڕێ کەوتم ژمارە تەلەیفونەکەم بۆماڵی خۆم بەجێ هێشت و گوتم: من دەچم بۆ تاران ئەگەر هەتا ئێوارێ نەهاتمەوە ئەو ژمارە تەلەیفونە بدەن بە کاك ئیدریس و پێی بڵێن ئەو تەلەیفونەی ساواك بانگی کردووە بۆتاران و نەهاتۆتەوە.

هەر گەیشتمە تاران لەگەڵ ئەو تەلەیفونە قسەم کرد، دوای خۆش و بێشی ئەوەی قسەی دەکرد شوێنێکی لەتاران دیاری کرد کە ڕیستورانتێکە بەناوی "چهل ستون"و کەوتۆتە مەیدانی "وەنەك" کە ئەویش بێتە ئەوێ‌و یەکتر ببینین، بەڵام پێش ئەوەی شوێنی دیتنەکە دیاری‌کا بەتەواوی پرسیاری لە چلۆنایەتی شکڵی خۆم و ڕەنگی ئەو جلکانە کرد کە لەبەرم دابەو، هەروەها جلکی خۆی بەمن گوت، چونکە نە ئەو منی دیبوو، نەمن ئەوم دەناسی‌و گوتی: لەبەر دەرگای ڕستوڕانەکە پیاسەی بکە منیش ئێستە دەگەمێ، زۆر پێ نەچوو یەکێك بەو ناوونیشانە کە خۆی گوتبوی دابەزی‌و ڕوی لەمن کرد، دەستی دامی‌و گوتی "مهران" چ ئەوڕۆژەو، چ ڕۆژی دوهەم و چ ڕۆژی سێهەم، کە ئەو ڕستۆرانەمان دەکردە جێ‌ژوان ئەوەندەی پێکەوە بووین هەتا لێك هەڵبڕاین نەی هێشت من تەنانەت یەك کەلیمە چیە قسە بکەم و نۆبەی نەدام، تەنیا قسە بێژ هەر خۆی بوو، ئەگەر من دەم ویست لەوەڵامی ئەودا شتێك بڵێم دەستی هەڵدێناو خۆی لەسەر قسەکانی دەڕۆیشت کە ئەویش هەمووی هەر پێ هەڵگوتنی خاوەن شکۆو ئەرکی پیرۆزی!! ساواك بوو، ڕۆژی چوارەم گەیشتە سەر ئەو مەبەستە کە چۆنە وامنی بردۆتە تاران و چی لەمن دەوێ‌و گوتی: جا لەو دووسێ ڕۆژەدا ڕەنگە خۆشت بۆی چوو بی کە بۆ پڕکردنەوەی بەتاڵایی‌و کەم و کوڕی ڕابردووت دەمانەوێ لەو دەرفەتەدا هاوکاری ئێمە بکەی.

گوتم: منیش دەمەوێ هاوكاریتان بكەم بۆیە داوای ئیشم لە ڕادیۆو تەلـەفزیۆن كـردووە كە ئیمكاناتی خۆم لەو ڕێگەوە بۆ خزمەتی ئێوە بەكار بێنم، زۆر بەسەیری چاوێكی لـێ كردم گوتی: تۆ دەزانی ئیشی ئێمە ئەوەنییە، ئیشی ئێمە پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیـەو، ئەگەر بەڵێنیش بدەی ئێمە نەك هەر لە ڕادیۆو تەلەفزیۆن لە هەر ئیدارەیەكی‌تر كە خـۆت حەزبكەی دات دەمەزرێنین، چەندی خۆت بڵێی مەعاشت بۆ دەبڕینەوەو، لەماوەی سێ ڕۆژدا تەلەیفونیش ڕادەكێشین بۆ خانوەكەت، گوتم ئەوەی من لەسەر ڕادیۆو تەلەفزیۆن دەی كەم و دەنوسم و دەی خوێنمەوە خزمەتی هـەموو لایەكە بـە گشتی‌و دیـارە خـۆ ئێوەش لەو خەڵكە جودا نین، ئەو كارەی ئێوە بۆ من لەبـەرچاوتان گرتـووە لەبـەر ئـەوە كەمن تێكەڵاویم لەگەڵ خەڵك كەمەو، وا دەبێ چـەند ڕۆژ هـەر لەماڵـەوە دەر نـاچم و كەس نابینم هیچ هەواڵێكی لێ وەدەست بێنم دەزانم نەتیجـە شـەرمەندەی ئێـوە دەبـم و سوودم بۆ ئێوە نابێ.

مهران گوتی: ئێمە لەبارزانی‌و كوڕەكانی زیاتر هەواڵی كەسی ترمان لەتۆ ناوێ كە تۆش لەگەڵیان دەژی‌و، لەگەڵیان هەڵدەستی‌و دادەنیشی‌و، لەبەر ئەوە دەش زانی كێ دێتە لایان دەیان بینێ لەوەزیرو نوێنەری پارلمان و، لیـدری حیزبـەكان و، هـەروەهاش لەعەشـایرو شارستانی ئێمە حەزدەكەین بەهەموو شتێكیان بزانین تەنانەت خواردنیان، ئەو كەسانەی دێنەلایان بۆچی دێـن؟ چ دەڵێـن؟ گوتـم: ئـەوەی كـەمن لـە مـەلا مستەفاو كوڕەكـانی دەی‌زانم هەر ئەوەیە كە پێم دەڵێن نامەیەك بنووسە بۆ فلاَن شوێن، جا لە خاوەن شكۆوە هەتا سەرەك وەزیرو وەزارەتەكانی ترو ئیـدارەی ئـەتباعی بێگانـە، ئـەو نامەیـە بـۆ هـەر ئیدارەیەكی حكومەت بێ نوسخەیەك بـۆ وەزارەت خانەكـە دەنـێرم و، نوسخەیەكیشـی

لەلای خۆم هەڵدەگرم ئەگەر دەتەوێ دەچم نوسخەی تەواوی ئەو نووسراوانەت هەموو بۆ دێنم لەو ڕۆژەوە کـە بـارزانی هاتۆتـە ئـەو دیـوە هـەتا ئـەوڕۆ، بـەڵام ئـەو کەسـانەی لەسیاسیو غـەیرە سیاسـی کـە بـۆ دیتنـی مـەلا مستەفاو کوڕەکـانی دێن نەلـەلای مـن دادەنیشن، نەمن دەزانم باسی چی دەکەن، نەمن هیچ کارەم، تەنیا من بەو ئیشـە دەزانـم کە پێم دەڵێن نامەی بۆ بنووسەو هیچی ترو، ئەوانیش نوسخەیان لەلای خۆتان مەوجودە حەزدەکەم لەوە دڵنیابی، دەبوو ئەوەش بڵێم کە سەرۆکی گشتیی ساواکی ئەو کاتە لـە ئێران ژەنراڵێك بوو بەناوی "سوپەبۆد نەسیری" کە لە ئینقلابی ئێراندا ئیعدام کرا.

ئەگـەر ڕژێمـی شـا گـۆڕا کـاك ئیدریـس هاتـە مـاڵیو تـەواوی ئـەو نوسـراوانەی کـە پەیوەندی‌یان بە ڕژێمی شاوە پێوە کرابوو هەموویان لە ماڵی ئێمە بوون لەسەر داوای خۆم لەگەڵ خۆی بردنیەوە.

ئەو دیتنە، یانی دیتنی مهران هەر بەوەندەش نەبڕاوەو، دواییش زیادتر لـە دەجـار بـۆ ئـەو قسانە منی ڕاکێشی تاران کردو، جارەکانی هەرە دوایـی یـەکێکی تریشـی لـە ئیـدارەی سـاواکی مەرکـەزەوە لەگـەڵ دەهـات کـە ئێسـتە نـاوی ئـەوم لـەبیر نـەماوەو، پێکـەوە داوخوازی‌یەکەی پێشویان دووپات دەکردەوە، لە دوایی‌دا هەڤاڵەکەی مهران "نەك مهران خۆی"هەڕەشەو گەفیشی لەگەڵ شێرو ڕێوی‌یەکانی تری دەخست و ڕۆژی ئاخری کـە زانیان وەڵامی من هەر ئەوەیە کە ڕۆژی هەوەڵ گوتومە گوتیان: مادام وایە تۆش لـەوڕۆ بەولاوە وەباڵی خۆت بە ئەستۆی خۆت و خوا حافیزی‌یـان کـردو ڕۆیشتن کـە لـەوەدا مەبەستیان بە ڕێ چون و حاوانەوەی خۆم بوو نەك هەڕەشەی‌تر.

هیوادارم ئاغای مهران بە شێوەیەك ئەو نووسینەی وەدەس کەوێ‌و بزانێ زەحمەتەکەی بە فیرۆ نەچوو ئەگەر لەوێ هیچی پێ نەکرا ئاخری لێرە ناوی خۆی خستە ناو دەفتەرەکەی منەوەو، ئەوەندەش نەبێ من پاداشی ترم نەبوو بۆی بنێرم و، ڕەنگە هەر ئەوەندوکەش بۆوی بەس بێ، کە لێم سورە دوای بڵاوبوونەوەیان بەماوەیەکی کەم دەست و پێوەندەکانیان بۆیان دەڕفێنن و، ئەگەر زۆریش بە دڵیان نەبوو لێ بوردنێکیان هەبێ.
ئەوڕۆژە دوای ئەوە مهران و هەڤاڵەکەی ڕۆیشتن گەڕامەوە کەرەج و ئیتر کارکردنی منیش لەسەر ڕادیۆو تەلەفزیۆن بەشێوەی ڕەسمی‌و کارمەندی کە دەبوو ساواك قۆڵی لەسەر بکێشێ سەری نەگرت چونکە ئەو مەرجەی ساواك داینابوو نەهاتە جێ‌و، بەشێوەی خرید خدماتیش خۆم وەلام نا.
من نەم هێشت کاك ئیدریس بەو حەیس و بەیسەی مهران بزانێ‌و لەوەش دا هیچ تێبینیم نەبوو ئەوەندە نەبێ کە دەم گوت ئەگەر بۆی بگێڕمەوە نەوەك وای دانێ من منەتێکی داوێمە سەر لەوەدا کە حکومەت وەرم دەگرێ‌و، من ئەوان بەپارەو پلە ناگۆڕمەوە.
کاك ئیدریس ئاگای لەو حیکایەتە نەبوو کە ئەو ڕۆژە گوتی: ڕەجات لێ دەکەم کاك خالیداغا ئەو توڕەییە دانێ، مەلا مستەفا دەسەڵاتی جارانی نەماوە تۆ دەبێ لەگەڵ ئەو حکومەتە بژی‌ی، دەبێ لەگەڵیان ڕێك کەوی.
من ئێستەش لەوەدا بەشکم کە پێداچوونەوەی ئەو بیرەوەریانە دوای هێندە ساڵە پێویستە یان نا، بەڵام لەوەدا شکم نەماوە کەزەرەرم کردوەو، چاوەڕوانی ئەوەشم لە خوێنەر نی‌یە کە هەرچی کردوومە پێ‌ی باش بێ، یان هەرچی نووسیومە پێ‌ی خۆش بێ، حەزدەکەم خوێنەریش چاوەڕوانی ئەوەی لەمن نەبێ درۆی بۆ بکەم، یان کەوڵی کەسی بۆ ئاوازوو

کەمەوە، یان لە ناساندنی کەسدا سەری لێ بشێوێنم.
ئەو کارەی من هەڵەبوو، هەڵەی گەورەتریش تووش هاتووم کە ئەگەر خوا ڕاست بێنێ لەبیرەوەری‌یەکانی ژیانم دا پەنجەیان ئەخەمە سەر، چونکە هەر لەکەرەج دو کەس "کە دیارە ئەوان لەمن ژیرتر بوون" ئەو هەل و مەرجانەی ساواکیان قبوڵ کردو، هەموو ئەو شتانەیان وەرگرت کەمن بە چاوشۆڕیم دەزانی‌و، سەرەڕای ئەوەش هەر عەزیز بوون و، نەئەوان ئەو سنەر شۆڕی‌یەیان وەڕوی موبارەکی خۆیان دێنا نە کەسیش وەڕوی دەدان، وەی دەستیان خۆش بێ، دیارە من هەر بەو دووکەسەم دەزانی بەڵکو لەوەش زیاتر بوبن و من لەگوێی گادا نوستبم! "ڕەنگە ئەو ڕوون کردنەوە لێرەدا پێویست بێ کە ئەو قایمەی شۆڕش لە ئێران لەو کوردە عیراقیانە بلاوی کردەوە کە لەوێ ببونە ساواکی ناوی ئەو دوکەسەی تێدا نەبوو چونکە ئەوان دوای دەرچوونی ئەو لیستە ئەو ڕێگە پیرۆزەیان!! گرتە بەرو، نە ئەو دووکەسە لەدوای ئەو هەنگاونانە پیاوانە!! هیچ لە ڕێزو، پلاووگۆشتیان کەمی کرد نە ئەوانەی ناویشیان لە قایمەکەی پێشودا هەبور کەس پیێ گوتن پشتی چاوت برۆیە جاتۆ هەر بڵێ خەیانەت خراپە.
لەو چەند مانگەدا هەتا ئەو ڕیس و گوریسەی ساواك دوایی هات و قەراری خۆیان دا من لە تەرجومەی ئەو کتێبە ببومەوە کە شا نووسیبووی بەناوی "بسوی تمدن بزرگ" کە بەکوردی دەبێتە "بەرەو شارستانیەتی مەزن" و ئیدارەی ڕادیۆو تەلەفزیۆن شانازی!! وەرگێرانەکەی لە فارسی‌یەوە بۆ کوردی دابوو بەمن کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەشــــە کوردی‌یەکانی ڕادیۆ تاران و کرماشان و سنە بلاوبێتەوە کە وەرگرتنی ئەو شانازی‌یەش! هەموو کەس داوخوازی نەبوو چونکە هەڵەیەکی بچووك، یان ئالۆز بوون و شێوانی

ڕســتەیەك لەســەر وەرگێڕەکــە بــەگران دەوەســتاو، دەکــرا بیــانوی پێــوە بگـــــرن. بەڕاستی لەناو کۆمەڵێك دا کە پیاو بە چەند فلسێك پلەی بەرەو ژوور دەچێو بەبێ ئەو چەند فلسە دێتەوە خوارێ من چۆن بەسەر ئەو کەسانە بڕۆم کە شەرەف و غیرەتی خۆیان بۆ ئەو چەند فلوسە دەخەنە ژێر پێو، بەبێ ئەقڵیو تێ نەگەیشتنی ئەو کەسانە پێ دەکەنن کەپێیان وایە پاکیو پیاوەتیو سەربەرزی حیسابی بۆ دەکرێو نرخی بۆ دادەنـدرێ، ئـەو سەردەمە ڕۆیی کە دەیان گوت: ئـەو ئـاوە مـەخۆ کـە ئـابڕووی پێـوە دەچـێ، خوێنـەری خۆشەویست: من بەڵێنم دابوو لە هەڵێك دا لەدوو مەبەستی تریش لەگەڵ ئێوەی بەڕێز بدوێم:
١- پێشـــەوا قـــازی محەمـــەدو کۆمـــاری مـــەهاباد کـــە تێیـــدا بەشـــــــداربووم.
٢- شۆڕشی ١١ی ئەیلولی کوردستانی عیراق کـە تێیدا بەشداربووم، لەگـەڵ ئـەوەش ناسـاندنی بـارزانی نـەمر سـەرکردەی ئـەو شۆڕشـەو ڕێبـەری گـەورەی گـەلی کـوردو، هەڵکەوتوی ناوداری سەدەی بیستەم کە هاوکارو یاوەرو شاهیدی قارەمانەتییەکانی بووم لە ڕۆژانی تاڵ و حەستەم و، بەترس دا هەر چەند لێم سوورە لەو ناساندنەدا سەرکەوتو نابم و، دەزانم ئەوە لەتوانای من دا نییەو هەر پەلە قاژەیەکی بچوکەو هیچیتر، چونکـە ئـەو ڕێبەرە نەك هەر ژیانی تەنانەت نەمانیشی لەگەڵ خەڵکیتر فەرقی هەیەو، خەڵکیتر ئەگـەر مرد وردە وردە فەرامۆش دەکرێو لە بیر دەچێتـەوە بـە پێچەوانـەی ئـەوان بـارزانی دوای مردنی هەردێو گەورەتر دەبێو، هەر ڕۆژە ڕازێك و گۆشەیەك لە ڕابردووی پڕ لەشانازی ئەو بۆ خەڵك دەردەکەوێ، لەبەر ئەوە لەوەدا قسەم نییـە کـە لـە ناسـاندنیدا سـەرکەوتوو نـــابمو لـــەوەش دا شـــکم نییـــە کـــە بـــارزانی هێشـــتە نەناســـراوەو بـــەو زووانـــــــەش

ناناسرێ، جامەگەر ڕۆژێك دارو بەردو شیوو دۆڵی ئەو کوردستانە هـەمووی وەدەنـگ بێن گوێی ئێمەش ئاودەن و، لاپەڕەکانی مێژووش باخنن، چونکـە هـەر بـەردێکی ئـەو کوردستانە کە بارزانی پیێی لێ نابێ چیرۆکێکی لە قارەمانیەتی ئەو لەلایە.

بەڵام چ هاتنی پێشەواو دروست بوونی کۆمارو، چ دەورو نەخشی بارزانی لـە مێـژووی گەلەکەیدا شتێك نین ئەو نامیلکە هەڵیان گرێ کە هەر خۆی پێشەکیەکی بچوکـە نـەك چاپ کراوێکـی سـەر بـەخۆو، هـەر بـەوەندەش کـەتێی پەستێنراوە لەسنووری خـۆی تێپەڕیوە، لەبەر ئەوە ناچار دەبێ ئەوانە بکەونە هەلێکی‌تر.

ڕەنگە بۆ پێداچوونەوەی ئەو ڕووداوانە مێژووی ژیانم جێگەیەکی بـاش بـێ ئەگـەر خـوا دەستم بگرێ.

هـــەولێر، گـــەڕەکی برایـــەتی، ١٩٩٧/٣/٢٣

**هێدی**

## بسم الله الرحمن الرحيم

سەری نامەم بەناوی تۆ خوایە
کە بێ ناوی تۆ نامە بێ سەلایە
خوای بەرزو نەوی‌و هەورازو لێژان
خوای ڕۆژی دەری پێتۆڵ و گێژان
خوای تەنیای دیارو نادیاران
خوای میرو، بەلەنگازو[1]، هەژاران
خوای من، ئەی خوای دڵ شادو دڵ تەنگ
خوای بێ یارو بێ ئاواڵ و بێ ڕەنگ
خوای بینا، خوای زانا بە حاڵان
خوای بێ یاوەرو ڕوت و ڕەجاڵان
بەچاو لێك نانێ، لێك هەڵدێنی چاوێ
بەهێزە دەستی تۆ هەوکاری ناوێ
ئەگەر چی حازرو نازر لەگشت جێی
خەیاڵ ناگاتە ئەوجێیە کەتۆی لێی
وجودی تۆ ئەگەر چی ڕوون و سورە
لەڕادەی دەرکی زانستیش بە دورە

(١) بەلەنگاز: فەقیر، نەدار.

خـوای هەسـت و وتـەو بـیرو خـەیاڵان
خـوای کوێـرو کـەرو گـێرو گـەواڵان
بـەجیرەی بـێ منـەت تـێرو بـە ئـێرو
لەسـەر خوانـی خوایـت مـارو مـێرو
بـەتێر بـون و نـەبونی موچـە خـۆران
لـەدەرکی تـۆ نیـیـە تـاران و تـۆران
بـەتۆ دەکـرێ بنـێری تیشـکی تـاوێ
کـەبێ گیـانی وەبـەر بـێ گیـانی بـاوێ
لـە تۆڕایـە ترێفـەی مـانگ لەشـەودا
ئـەتۆی بێـدارو بـاقیتر لـە خـەودا
تـەڕو پـاراوی تـۆن ئـەزمان لـەزاران
لـەدەس تـۆدا دڵـی یـارو نـەیاران
بەئـەمری تـۆ هـەور بـارانێ دێنـێ
بەسـەر چـۆل و چیـادا دەی ڕژێنـێ
بـە ویسـتی تۆیـە خێریـان لـێ دەبـارێ
کەشـی هـاوین و پـاییزو بـەهارێ
ئـەتۆ وات کـرد کـە زسـتانان بەسـەبرن
ئەگـەر زسـتان لـە ژێـر بارسـتی بـەفرن

خوایــە ئــەی خــوای جــوان و دزێــوان
خــوای ئەگریجــە زەردو کوڵمــە زێــوان
خــوای سینەی سپیو نـەرم و دڵـی سـەنگ
خوای بسك و کەزیی شۆڕو قەدی تـەنگ
مـن ئـەوڕۆ چـم ئـەوێ لێـت هـەر زمـانێ
زمـانێ بـێ کـە پەسـنی تـۆ بزانـێ
زمـانێك بـێ کـە زانـی زارە کـارم
بەهاسـانی وشـە باوێتـە زارم
زمـانێك بـێ لەگـەڵ ئـەو واتـە ئۆگـر
کـە "تـەنیا تـۆ خـوای خوایـەو کەسـی تـر"
خـەیاڵی مـن منـاڵی بـێ زمانـە
دەنـا یـادی تـۆ ئاوێتـەی دڵانـە
وتـاری زۆرە بیڵـێو چەشـنی منـداڵ
قسـەی بۆنایـە دەیکاتـە گـرپو گـاڵ
لەجێیـەك پەسـنی تـۆ زانـا نـەزانێ
چـدێ ئیـتر لـە دەسـتی بـێ زمـانێ
دڵێکـم پێبـدە دەریـای ئـەوین بـێ
بـەرین بـێ، بـێ برین بـێ، ئـاگرین بـێ
دڵێـك بـێ خوێـن نـەبێ، دڵ بـێ لـە سـینە
دڵـی بـێ ژەنـگ و گـەردو بوغـزو کینـە

بـــە جـــاریٚ زۆری هێنـــا دەردە داری
دەس و هـەنگاوی شـل کـرد لـەش بـــەباری
ئیــتر بـــا تـــەم لەبـــەرچاو نـــارەوێنیٚ
ڕوانگـــەی دیــدە هـــەر دیٚو کورتـــی دێنـــیٚ
لـــــە ئـــــاڵۆزی وتـــــارم ڕا دیـــــارە
کــە چـــی پێـــم کـــردوە دەردو پــــەژارە
بنـــێرە خوایـــــە هــــــەتوانی برینـــــم
کــە ژانـــی دڵ بـــڕی خۆشـــی لــە ژینـــم
ئیــتر ئــەو جــار مـــن و ژینێکــی بـــیٚ وەی
ئیتر جـیٚی ئـاخ و داخـان بگـریٚ ئۆخـــەی
خـــەمێکم پـــیٚ مـــەدە زێـــدەی توانـــام
خـــەمت خوایـــە لـــە توانـــا زێـــدە پێـدام
لەبـــەر بـــیٚ چـــارەییم هـــەنگاو بەهـــەنگاو
بەســـەر شـــێواوی دەڕوانـــن ســـەرو چـــاو
دوا قۆنـــاغی ڕێگـــەم دەرکـــی تۆیـــە
خـــوا بگـــرە دەســـم لـــەو هـــاتو چۆیـــە
بـەزەت پێـم دابـیٚ ڕونـاکی بخـە ڕێـــم
کــە بــەو ڕیٚ ڕاســتەدا ڕزگــار بــم و بێـم
ئەگـــەر کـــار کەوتـــە بەخشـــینی خوایـــی
بەگشـــت پاڕانـــەوێك دێنـــی دوایـــی

بـەڵام کـەی تـامی مـەرگم پـێ دەچێـژن
لـە کوردسـتانی ڕزگـارم بنێـژن
لـە فیردەوسـاو، لـە کوردسـتانی زەنوێـر
لەش و گیـان بەش بن و سەیران بکەن تـێر
بەئەسـپایی دێ دەنگـی، نادیـاری
دەچرپێنـێ بـە گوێمـا جـار بـەجاری
کـە ڕۆیـی کـاروان و پـای تـۆ لەنگـە
لەشـت پـێ نـاچێ، گیـان دەرکـە درەنگـە
تەمـەن هـەرچی هـەبو ڕۆیـی لـە خـەودا
ئـەبینم ئێسـتە زۆر کـەم مـاوە مـەودا
لـە ئەسـتۆم هێنـد گرانـە بـاری تـاوان
چـەماون پشـتم و ئـەژنۆم لـەتاوان
بەتـەنیایی لـە ڕێگـەی دورو بـێ بـن
تـەمام تـەنیا بـە لوتفـی تـۆ هەیـە مـن
نیـە تۆشـەم لـە ڕوحمـی تـۆ زیـاتر
کـە لـەو ڕوحمـە نی‌یـە هیـچ تۆشـە چـاتر
نـە چـارێکم هەیـە ئیـتر نـەڕێی دی
بـەرەو قـاپیت ئـەوە دێـم هێـدی "هێـدی"

عظیمة کەرەج٨/١/٦٤
مانگی ١١ی ١٩٨٥ز

## "دایك و کوڕ"

بــە ڕۆژێکــی کرێــوەو بــەفرو ســـەرما
نەهــەر ســەرما، ســەرم لــەو ڕۆژە ســـوڕما
لــە گوندێــك هەڵکــەوت ڕێـم کەوتـە مـاڵێك
چ مـــاڵێك، هــەروەکو خــەون و خــەیاڵێك
گــەلێك مــاڵێکی گــەرم و پــاك و خــاوێن
کــوڕو کیژێــك لــەوێ وەك توڵــی لاوێـــن
کــوڕو کــچ پێکــەوە خوشــك و بــرا بــون
دەگــەڵ دایکێــك لــەناو ئــەو ماڵــەدا بــون
هــــەمو هێنـــدە دڵاوا بـــوون و ڕوخـــۆش
کــە مــاندو بونــی ڕێگــەم کــرد فــەرامۆش
لــە پــاش مــاوێکی کــەم دیتــم "گــەلاوێژ"
لەگــەڵ "ســمکۆ"ی بــرای کەوتــە وتووێــژ:

*****

-براکـــەم گـــەرچی تـــۆ تاقـــە برامـــی
هومێـــدی ڕۆژی ڕەش، پشـــت و پـــەنامی
بـــەتۆ ڕونـــە گلێنـــەی چاوەکـــانم
لـــەتۆ ڕایـــە هـــەمو خۆشـــی ژیـــانم

گوڵـی هیـوای لـەباخی ژینـی مـن دا
لقـی سـەروی لـەناو پـەرژینی مـن دا
هـەتا ئـەو ڕۆژە دەم نێـژن لـە گـڵ دا
بـرای‌و خۆشەویسـتیت هـەر لـە دڵ دا
بـەلاّم ئـەو داخـە دەم کـوژێ نهێنـی
بـرای دیـم وا لەسـەنگەر، تـۆ لـەوێ نـی
گـەلاوێژ لـەو وتـەی خـۆی کەوتـە گریـان
دەگریـاو دەی گـوت و فرمێسـکی دەڕژان
لـەوێ‌نی تـاکو تـۆش چـاوت لـەوی بـێ
لـە پـارێز بـردن و هـات و هـەوی بـێ
لـەوێ نـی تـۆ لـەکانی شـەونخون دا
لـەنێو ئـاگرو بڵێسـەی ڕۆژی ڕوون دا
لـەوێ نـی تـۆ هـەتا هـاوار بکـا لێـت
بـرا پێـش مەرگەکـەی دڵسـۆزی هـاوڕێت
لە دوژمـن ڕا خـوڕێ وەك شێری سەرمەسـت
لـەڕێی گـەل دا ڕوحـی باوێتـە سەردەسـت
تەماشـای تـۆ بکـاو دڵ خـۆش بکـا پێـت
سـەرێ دوژمـن بەگـەپ باوێتـە بـەر پێـت

حـەیف سـمکۆ کـەلاوێکی وەکـو تـۆ
بـەجێ مـاوی لـە ئـاوال و بـرای خـۆ
سـەرم هەڵنایـە ئیـتر مـن لەشـەرمان
هجومـی تانـە هینـد ئەکرێتـە سـەرمان
لـەناو گونـدا ئەگـەر ڕۆژە ئەگـەر شـەو
لەگـەڵ منـدا هـەمو گاڵتـەی ئـەم و ئـەو
ئەگـەر تـۆ حەزئەکـەی لـێرە بمێنـی
لـەلای دایکـم بـە تـۆ بـۆ خـەم ڕەوێنـی
لـەجیێی تـۆش مـن بچـم بەوشـەرتە سـمکۆ
لـەڕێی گـەلدا چی‌یـە فـەرقی مـن و تـۆ؟

*****

وەڵامـی داوە سـمکۆی دڵ برینـدار
بـرا قوربـانی تـۆ، خوشـکی وەفـادار
ئـەوەی وا تـۆ منـت پـێ گرتـە لۆمـە
ئـەوە ئـەرکی گرینگـی شـانی خۆمـە
دەهـێزم دا هەیـە بـەو ئەرکـە هەسـتم
لـە ڕێی ڕزگـاری تـا دەمـرم نەوەسـتم

بـەلاّم مـن هـەر پـەژارەی تۆمـە یـەکجار
دەگـەڵ ئـەو پیرە دایکـە بـێ کـەس و کـار
*****
هـەتا ئـەو کاتـە هـەر بێدەنـگ بـو "ڕونـاك"
کـەوای بیست هاتـە پێش ئەو دایکی دڵ پـاك
سـەرو پرچـی سپی وەك بـەفری بـێ گـەرد
وتـەی کـاری دەکـردە سـەر دڵـی بـەرد
بـەزەردەو پێکـەنین ڕوی کـردە سـمکۆ
"وتـی: مـن تێگـەییم ڕۆڵـە قسـەی تـۆ
کوڕێـك بـۆ نیشـتمان خوێنـی نـەڕێژێ
لـەڕێی ڕزگاریـا مەینـەت نـە چێـژێ
لـە دوژمـن خوێنـی بـابی خـۆی نەسـێنێ
نـەبونی باشـترە، بـا هـەر نـەمێنێ
ئەوانـەی بـۆ وەتـەن چونـە کـەژو کـۆ
هـەمو دایکیـان هەیـە سـمکۆ، وەکـو تـۆ
لـە شـاخان شـین نـەبون، بـەردی چیـا نیـن
کـەس و کـاری مـەن و لێمـان جیـا نیـن

گرانە دەردی ژێر دەستی و زەلیلی
بڕۆ بمرەو مەژی ساتێ بە دیلی

*****

هەتاو تازەی گزینگ دابو لە ئاسۆ
کورو دایك کە دەستیان کردە ئەستۆ
خەیاڵ بو، دیدە بو، من بوم سەری گێژ
نزای دایك دەگەڵ زەردەی گەلاوێژ
سەری کێشابو ڕۆژو تا توانی
ئەویش لەو دیمەنە جوانەی ڕوانی
"بڕۆ تێکۆشە بۆ ئەو ئاوو خاکە"
"حەلاڵت بێ کوڕم ئەو شیرە پاکە"

١٩٨٥/١٢/٣ز
دەنگی کوردستانی عیراق
مانگی ٧ی ١٩٤٤ی هەتاوی

# " باز و کەو "

لەمەڵبەندێکی خۆشی کوردەواری
سەرەو ژور بونەوە خێڵ بۆ هەواری
لە داخی بەفرو زستان و کرێوە
چیای ڕازاندبۆوە خاکە لێوە
لەبەر دەشتا کراسی مەخمەری شین
لە ئامێزی هەڵاڵەو یاس و نەسرین
تەماشای چت دەکرد خوارو سەرو ژور
سەری لێك دابو شلێرو گوڵی سور
وڵات خەمڵی بو بەو چەشنە سەراسەر
بە خاش خاش و گوڵی بەیبون و شەست پەر
لەناو ئەو دیمەنە سەوزو جوانە
کەجێی درکاندنی هەستی دڵانە
لە زەردێکا کەوێکی قۆزو نەخشین
سکاڵای بو لەگەڵ بازێکی تێبین
سەرەڕای ئەو سروشتە دڵ ڕفێنە
وەکو زامداری "کەو" دەیکرد وڕێنە:

*****

دەخیلت بم مەلی پسپۆڕو چازان
مەلی تەڕ دەست و وریاو ژیرو تەڕ لان
دەژین دا بۆچی وا چارەڕەشم من؟
لە خۆشیو کامەرانی بێ بەشم من؟
ئەمن ڕوح دادەنێم بۆ خاوەنی خۆم
لەبەر چی ئەو وەفایێکی نییە بۆم؟
وەرە توخوا سەیرکە خاڵ و میلم
لەسەر ئەو دیمەنەش ڕا وا زەلیلم
هەموو ڕۆژێ دەگەڵ کازیوە ئەنگوت
دەچم بۆ ڕاوی"مێڕۆژ" (١) و"سیاسوت" (٢)
لە قاسپەی من هەزار بارو کەوی پیر
لەداوی خاوەنم دا بونە نێچیر
سەعاتێك ناسرەوم بێ خواردن و خەو
کە ئەو تێر بێ لە گۆشتی ناسکی کەو

(١)،(٢): ڕاوی کەو لەوەختی جۆ زەردان "مێڕۆژ"و لە هەوەڵی بەهاردا "سیاسوتی" پێ ئەڵێن، لە ڕاوی مێروژدا "ماکەو" دائەنێن ئەخوێنێ‌و "نێرەکەو" دێتە سەری کە ئەو کاتە ماکەو کورکەو لەسەر هێلکەیە، ڕاوی سیاسوت لە هەوەڵی بەهاردایەو نێرەکەو دەخوێنێ‌و نێرەکەو دێتەسەری کە لەگەڵی بەشەر بێ‌و ماکەوی لێ بستێنێ.

نـەبو جـارێك لـە سـیپەیدا بخوێنـم
لـە گرمـەی تـاپڕی دەنـگ دانوێنـم
لـە مـاڵێ سـازو سـەمتورە غـورەی مـن
نشـەی ڕاوچـی دەبزوێنـێ گورەیمـن
لەسـەر ئـەو حاڵـەڕا بـێ قـەدرو حورمـەت
قەفـەس جێگـای منـە بـێ دان و خزمـەت
ئەگـەر ڕۆژێكـی كـەو نـەكرێن قـەلاچۆ
ئـەبێ لێـم دارنـن بـاڵ و پـەڕو پـۆ
******

وەڵامـی داوە "بـاز"ی كۆنـە ڕاوكـەر
كـە تـاوان هـەر لـە تـۆ ڕایـە سەرانسـەر
ئـەتۆ خـۆت بویـە گورگـی مێگـەلی خـۆت
ئیـتر كـێ بیـت و دڵسـۆزی بكـا بـۆت
لـەخوێندا سـور بـوە دەندوكـی ئـاڵت
ئـەبێ بیگریـە ئەسـتۆی خـۆت وەبـاڵت
براكـەت بـانگ ئەكـەی بیخەیتـە تێـو داو
بـەلاّم دوا ڕۆژی خـۆت ناخەیتـە بـەر چـاو
ئـەتۆ خـۆت بویـە گورگـی مێگـەلی خـۆت
ئیـتر كـێ بیـت و دڵسـۆزی بكـا بـۆت

لـەخوێندا سـور بـوە دەندوكـی ئـاڵت
ئـەبێ بیگریـە ئەسـتۆی خـۆت وەبـاڵت
براكـەت بـانگ ئەكـەی بیخەیتـە تێـو داو
بـەڵام دوا ڕۆژی خـۆت ناخەیتـە بـەر چـاو
دەڕێـژی خوێنـی خزمـی خـۆت و بۆخـۆت
دەدەی دەسـتی پەشـیمانی لـە ئـەژنۆت
كـە بـۆ فـەوتانی هـۆزت تـێ دەكۆشـی
دەژیـن دا چـۆن ئـەبینی خـێرو خۆشـی
كەسێك بۆخـۆی ئـەوە شـەرت و بـەقای بـێ
ئـەبێ چـۆن دوژمنـی بـۆ ئـەو وەفـای بـێ
دڵـت ناسـوتێ بـۆ جوجكـی بـرای خـۆت
ئـەتۆش پێویسـتە بیبینـی سـەزای خـۆت
لەبـەر ئـەو ڕاوە دەگـرێ حورمـەتی تـۆ
دەنـا ئـەو نایـەوێ خـاڵ و خـەتی تـۆ
هـەمو دەشـت و چیـا پـاوانی تۆیـە
ئەگـەر تـێ‌ی‌دا نـەژی تـاوانی تۆیـە
بەسـەر بـەرزی لـەناو هێلانـە مـردن
نـەوەك تـۆ خزمـەتی بێگانـە كـردن

١٥/١٢/١٩٦٥ز
دەنگی كوردستانی عیراق
مانگی ٧ی ١٣٤٤ هەتاوی

# " ئـــاگری تـــۆ "

ئەی وەتەن تەنیا نە هەر من بۆ تۆ وا سودا سەرم
تیشکی ڕۆژیش جیّی لەبەر کۆیلەت نییە دەورو بەرم
تۆ لەدەس بێگانەدا بی چارەنوسی ئەو گەلـە
هەڵمەت و قوربانی دانەو ڕشتنی خوێنی گەرم
ناحەزی تۆ پێ لەسەر گۆڕی شەهیدان دابنێ
کێیە باوەڕکا کە دەس لەو خاك و خوێنە هەڵگرم
دوژمنت چی دیکە با ئاگر لەماڵم بەرنەدا
من لەسایەی خۆشەویستی تۆوە هەر خۆم ئاگرم
سەد پەژارەو بەر هەڵست و سوێرو تاڵیم بێتە پێش
گەر لە ڕێی ڕزگاری تۆ لادەم بزانە کافرم
خۆم بەشانازی بەلاّ گەردانی سەربەرزیت دەکەم
تیغی خۆی دابێنێ دوژمن بۆ مەتاڵت حازرم
سەر لەسەر شانم وەکو بارێکە کەڵکی چی هەیە
گەر دەرێی تۆدا نەچێ، ئەو بارە قەت هەڵناگرم

مـن بـەبیرو بـاوەڕو، دوژمـن بـەتانك و تۆپـەوە
کێو بـە کێـو ڕاوی دەنێـم، واتـە گـەلێك ئـــازاتڕم
هـەر بـەهیوای ڕۆژی ڕزگـاریت ئـەژیم و ڕونـە لێـم
تـا بەدەسـتی خـۆم نـەنێژم دوژمنـی تـۆ نـــامرم
مـن دەڕێی سەربەسـتی تـۆدا بـۆ هـەمو پیلانـی ڕەش
دڵنیابـە هـەر کـوڕە پێـش مەرگەکـەی نـاو سـەنگەرم
ئـەو کـوڕەی هـێزم لـە شـیری تۆوەیـەو ڕۆژی هـــەرا
جێی لەناو جـەرگ و هـەناوی دوژمنـت دا خەنجـەرم
من کە گاڵتەم دێ بە مردن، سەیرە گـەرتۆ شـاد نـەبی
تۆ دەبێ هەر سەرکەوی‌و کۆسپت لەسـەر ڕێ لابـەرم
دوژمنـت هـەر فێڵێ بیکـا نەخشـی سـەر ئـاوەو ئـەمن
پـیرە دارێکـم کـە بـەو بایانـە هــەر گـیز نالـەرم
نـا بـەزم هـەروەك، بـەڵێنم داوە یـان ڕزگـاری تـــۆ
یان هەموو ئەو شیوو دۆڵەت پـڕ دەکـا خوێـن و تـەرم
ئـەی وەتـەن هـەر نـاوی تـۆ وردی زمانمـە بۆیـــە وا
هەروەکو دەشت و چیاکەت کەسك و سورە دەفتەرم

٨/٣/١٩٦٦ز
دەنگی کوردستانی عیراق
مانگی ٥ی ١٣٤٥ی هەتاوی

# " خدرە شێت "

زۆر کەس هەیە لەو دنیایە    کەیفی دەگەڵ شێت هەر نایە
بێ بینێ بێزی هەڵدەستێ    دوراو دور لێی ڕادەوەستێ
خۆ ڕاستە شێت بێ ئەنوایە    بەڵام من خۆم لەلام وایە
شێتی نەك هەر زەرەر نییە    لە شێتی باشتر هەر نییە

***** *****

من شێتێکی گێژو هێرم    بێجگە لەوەش، شەلم، گێرم
لە ماڵێدا ژنم، خەسوم    بە شێتە شێت دەکەونە دوم
هەر دەم بینن خاوو خێزان    لێم دەکەن بە چەپڵە ڕێزان
کوڕەکەی خۆم ئەو بچکۆلە    بانگم دەکا "بابە حۆلە"
کێ بخلیسکێ لەحەساری    جنێو بۆمن دادەباری
هەر چی ناشرین و کرێتە    دەڵێن ئیشی"خدرە شێتە"
منیش لە پێشدا وانەبوم    ئێستە بەو ناوە ڕاهاتوم
ئەگەر بە شێت ناوم نەبەن    ناوێکی ترم لێ هەڵدەن
ئیتر جوابیان نادەمەوە    هەر لاشیان لێ ناکەمەوە
ئێواری، سبەینێ، شەوێ    لەسەر نانی، وەختی خەوێ
لێکدا لێکدا ژن و خەسوم    وەك کەو ئەخوێنن بەرەبو ڕوم
یەکیان لەوبەر، یەکیان لەوبەر    ئیتر سەرم داوێنە سەر

قەت ناهێڵن سەرم هەڵێ    ئێمە لێی بڕا، ئەویان دەڵێ:
حۆلە، کەی نان خواردن وایە    یان هێرە، لاچۆ لەو لایە
یەك ئەڵێ چڵمت بسترە    بۆ بەدایم لوتت پڕە
یەك ئەڵێ قسە نازانێ    بۆ ئەدوێ لەگەڵ میوانی
حەیای ئێمەش ئەبەی گێژە    ئەو زبڵەی بەرە پیرێژە
ئەوی قەت منی نەدیوە    وەك کێچ دەکەوڵم خزیوە
دەگەڵ: فیتوو هێ‌هێ و هۆهۆ    جارزیان کردوم چەقنە سرۆ
ئەوانەی وا بەمل هەوری    "شێت"یان بەسەر من دا بڕی
جا چۆن دەس لەمن هەڵگرن    ئەوان خۆ لەمن شێت ترن
زۆریش هەوڵ ئەدەم، تێ ناگەن    دەڵێم بەڵکو لام لێ لادەن
تورەبم، ئەڵێن: چی بوە؟    "شێتە خۆی هەڵمساندوە"
پێ بکەنم، لە هەمو لاوە    پێم ئەڵێن "لەسەری داوە"
هەرچی بیکەم منی ڕەبەن    ئەوان قسەی خۆیان دەکەن
هەر نەم توانی بەنیان بادەم    منیش خۆم نارەحەت! ناکەم

*****    *****

پارەکە ڕۆژی جێژن بو    ماڵم پڕ لە پیرێژن بو
خێزان و خەسوم دوبەدو    هەردوك خۆیان سازکردبو
دەچونە سەردانی خزمان    هەر دەمام منی بەستەزمان
پێیان قاڕ بو منیش بەرن    منداڵیشم پێ هەڵگرن
هەردوك جلکی نوێیان لەبەر    یەکی تاسێکی زێڕ لەسەر
خەسوم شانەی لە دەستا بو    لەبەر ئاوێنە وێستابو
بانگی کردم: لەکوێی، حۆلە    بۆ چویە ئەو ژورە چۆلە؟

گوتم: وەڵا خاتونی خۆم    ئەوە قاپ و کەوچك دەشۆم
گوتی: وەرە، ئیتر ئەورۆ    ئاقڵ بە، کۆڵانان مەچۆ
وامن و کیژەکەم ئەڕۆین    نیوەڕۆش لای ئەوان ئەخۆین
تۆش خۆت سازکە ئەو نەورۆزە    ئەت نێرمە جێژنە پیرۆزە
بچۆ جل و جۆڕت بێنە    وریاش بە، شتی مەشکێنە
شێت و شێت بازی وەلانێ    ئەوەش جێژنانەکەت، هانێ
لە پێوە تاتۆقی سەرم    جلکی نوێیان کردە بەرم
هەر بۆ تەشقەڵە بەئەنقەست    خەسوم پشتێنی بۆم دەبەست:
-ئای ئای هێڕە ئەوە لەکوێی؟    بۆ هەر بەولاو بەولادا دێی؟
-بۆ نازانی باش ڕاوەستی    دەڵێی نەمەیوی، هێند سستی
لوتت هێندە هەڵ مەهێنە    دەست لە گیرفانت دەرێنە
ئیتر بۆ هەر ماڵێ کەچوی    هەر لەدەروازە ئاوابوی
وەك خەرتەلی هەڵ مەنیشە    بچۆ سەر کورسی دانیشە
خۆت وادانێ کە تۆش شتی    تێگەیشتی چم پێ گوتی؟
هێڕە ئیتر نەچی لەوێ    پەڵە وەجلکت بکەوێ
کێ خزم و دەراوسێمانە    ئەو کاغەزەش لیستەی وانە
ماڵی خاڵم، خوشکە پەریم    لەوێوە ماڵی کاك کەریم
چوزانم، هەموم نوسیوە    دەزانم هیچت نەدیوە
نەکەی لێت تێك چێ وریابە    جێژنە پیرۆزەیەو دابە

ئەوی لە تۆ گەورەترن    دەستیان ماچ کە لە پیاوو ژن
بەلام بۆ گچکە وانییە    گچکە ماچ کردن چا نییە
شیرنی تەنیا دەنکێك بخۆ    زۆریش لەسەر قسە مەڕۆ
هەرچی خواردت ملچەت نەیە    ملچەت بێ سەرشۆڕی مەیە
شوکولاتیش ئەوی هەبن    بێدەنگ بیانهێنەوە بۆ من
جێژنانەش لەکەس وەرنەگری    دەزانم بۆ پارە دەمری
لەهیچ کوێ زۆر دای مەبەستە    هەر تاوێکت پێچو هەستە
هەتا لەچەنگی ڕزگاربوم    باوەڕکە لەخۆم بێزاربوم
هاتم لەدەرکێ بچمە دەر    "خێلە"ی ژنم گەیشتە سەر:
-دەك هێڕە لەت و پەت کرێ    یاخوا وەبەر خەنجەڕ درێ
خۆ دەستی دایکمت ماچ نەکرد    خوایە هێڕە بۆ هەر نەمرد؟
گەڕامەوە زەلام، زەلام    بەدەستی خەسوم دا نوسام
گوتم ئیشی ویش بڕاوە    تەشقەلەی تری نەماوە
کەچی هات خۆی گەیاندە لام    چەپۆکێکی هەر پێدا دام
پالە پەستۆی دام بۆ دەرێ    بەرێی کردم بۆ سەفەرێ
کە چومە دەر هەر ئەوکاتە    بەو ژیان و بەسەرهاتە
لە کوچە لاقم ڕاکێشا    هێند پێکەنیم زگم دێشا

*****

ئەوجار وەك بارگینی بێ نال    وەرێ کەوتم بۆ هەوەل مال
دەرکەم کوتا زۆر پێ نەچو    هەستێك لەحەوشە پەیدابو
کێژلکێنی گچکە هاتەدەر    خشتیلانەو بەسەرو بەر

هەرمنی دی بەهەڵەدا
هاواری کرد: دایە، دایە
وەك زاواکەی پورم دەچێ
نیزیك بۆوە ڕێگەی دور
ماچم کرد دەستی گەورە ژن
کیژی گەورەیان خوێندکار بو
پاش تاوێك ئەویش هاتە ژور
هەستام گوتم: بوکە سورە
گوتی: بەقسەی دایك و بابم
لەبن لێوم، گوتم، لەوێ
گوتی: چی‌چی؟ نێرە زەلام
گوتم: دەستت دەڵێم ئەتۆ
من تەمەنم بۆتە سی ساڵ
کەوابێ من گەورەترم
ئەگەر دەستت ماچ کەم نابێ
لەقاقای پێکەنین یان دا
دەگەڵ قسەی زەلام زەلام
شوکولاتە نەرمەکانم

خۆی بەدەرکی ژووریٚ دادا
شێتێك ئەوە لە دەرگایە
گوتی: بچۆ بڵێ.... بابێ
"بسم الله"م کردو چومە ژور
ئەویش پرسی لەحاڵی من
زانیسن لە ئاکاری دیار بو
بەلاّم چبێ ، وەك بوکی سور
تۆ چەند ساڵ ئەبی؟ ببورە!
هەر نۆزدە ساڵ دەبم و نابم
ماچ نابێ، کوشینی دەوێ
ئەوتەوسە چبو پێت دادام؟
ڕاوەستە بەسەرم مەڕۆ
ئەتۆش نۆزدەی بە حاڵە حاڵ
جابۆیە دەبەرت مرم
خەسوم گوتی ئەبێ وابێ
شیرنی‌و شتی تریان هێنا
تاتوانیم شیرنیم خوارد، بەلاّم
سەبرێك داویشتە گیرفانم

ئیتر ئەبو بڕۆم لەوێ
تالێم وە درەنگی نەکەوێ

پێلاوەکانم دەست دانێ
دەپێشم نەکرد تا کۆڵانی

ئەگەر سەیری گیرفانم کرد
پڕبون چی‌تریان نەدەبرد

ئەوی لەکاغەز نوسرابو
سەری هەمویانم دابو

هەر مابو ماڵی "لالەخان"
ماڵی تۆزێك دوربو لێمان

دەستە خوشکی خێلەی من بو
عەیب نەبێ! بێوە ژن بو

مێردەکەی دوساڵ لەمەوبەر
ئەمری هەقی گەیشتە سەر

هەستا بارگەو بنەی تێك نا
ئەوژنەی لەپاش بەجێ ما

هەرچەند لەهیچی کەم نەبو
لەسەر وەش ڕا بێ‌خەم نەبو

لەکۆشك و لەپارەو تەلار
هەموی هەبون، هەزار هەزار

سایە چەورو دەست بەخێر بو
بەڵام ئەویش وەجاغ کوێر بو

لەدوای ڕەحمەتی، لالەخان
کەوتە ناو سەروەت و سامان

سینگ و بەرۆکی خۆم تەکاند
بۆوێ دەلاقانم وەراند...

*****

دەستم بۆ جەڕەس درێژ کرد
دەرکەم هەر لە ڕێسمەش نەبرد!

لالەخان دەرکی کردەوە
ئیتر هەرواقم بردەوە

ئای لەو ژنە خان و مانە
ئای لەو لەشە نەرم و جوانە

زاری وەك دەمی خونچە تەنگ
پەرچی ڕەشی وەك شەوەزەنگ

لەعەیبەت لا جانگی تەرزی
پەرەنگی گوارەی دەلەرزی

کراس لە سینگی دەخزی — مەمکی دادەگرت بە دزی
تاوێك عەبەسام لەدوایی — ڕۆژباشم کرد بە ئەسپایی
کە ئەو وەڵامی دامەوە — منیش تۆزێك بوژامەوە
بە ڕو خۆشی گوتی: فەرمو — ئەحواڵت چۆنە لەگەڵ زو؟
گوتم: دەسەر سەرت گەڕێم — باشم ئەگەر باش بێتە ڕێم
گوتی: ڕاستە تۆ گۆڕاوی — شێت بوی، لەسەر خۆ نەماوی؟
گوتم: ئەگەر ڕاستە، دەوێ — مەرگی منت ڕەپێش کەوێ
ئەگەر شێتیش نەبام، ئەتۆ — شێتت هەر دەکردم ئەوڕۆ
بەڕاست تۆ تەمەنت چەندە؟ — زەردەی هاتێ، دەتگوت قەندە
گوتی: وەك بێتە خەیاڵم — من ئێستە سی‌و یەك ساڵم
گوتم: جابێ زەنسا زەنا — بێنە دەستت ماچ کەم دەنا
هەر بە خەسوم بگاتەوە — ڕەش و شینم دەکاتەوە
ئەویش هێندم پێ پێکەنی — بە پێکەنین خۆی کرد خەنی
دەستی هێنا، بەلاّم چ دەست — لەتاوان لێوی خۆم دەگەست
ڕاست باشە، بەلاّ لەدرۆدا — درۆ ناکەم لە ڕوی تۆدا
منیش زۆر بە تامەزرۆیی — ماچم کرد نەم کرد نامۆیی
لێوم بە دەستی‌یەوە نابو — هێشتە دەستم بەرنەدابو
گوتی: من قاوەم لێناوە — تۆ شەربەت دەخۆی یان قاوە؟
گوتم: قاوەم پێ خۆش نی‌یە — شەربەتیش نازانم چی‌یە
بەمن بێ ئەوان هەڵگرە — شوکولات لەوان خۆشترە
گوتی: شیرنی قەیدی نی‌یە — من مەبەستم "ئاوەکی"یە

هەر ئەوەندەی گوت و هەستا — لەسەر وەلام ڕانەوەستا
چو بۆ شەربەت بە کوتە کوت — منیش لە دڵی خۆمدا، دەمگوت:
شەربەت، شەربەت، شەربەت چی‌یە — دەی جا چبو ئاوەکی‌یە
ڕەنگە پێی وابێ بەفیزم — نازانێ لەخۆ دەمیزم
تاتوند لەوێ بێ شل چی‌یە — شوکولات جا بۆ وەك وی‌یە
وەڵلا، لەسەر ئەو جوانی‌یە — فڕی بەدنیاوە نی‌یە
من لەوەدا بوم هاتەوە — دەتگوت خەون دەمباتەوە
شوشەی لە پێشم هەڵچنی — گلاسی دانان لە کنی
ئەوجار لەسەر کورسی نەرم — خۆشی دانیشت بەرانبەرم
ئیتر من تەکبیرم چبێ؟ — گوتم: چی ئەبێ با بێ
هەر ئەو گلاسێ یەك ئەمن — تا شوشەمان هێنان لەبن
بەتاڵم کرد نەیەك نەدو — هەر هات و سەرم گەرم بو
هەوەڵ قومی پێم خۆش نەبو — تۆزێك ڕەگی تاڵی هەبو
دوایی ئاگام لەخۆم بڕا — خەسو و مەسوم لەبیر نەما
گەرم داییسام وەك ئاگر — بەخۆم نەبو، ترسام ئاخر
من دانیشتبوم لە خۆڕا — هۆدە لەدەورم دەسوڕا
پەنجەرەو دەرك و لاشیپان — هیچی لەجێی خۆیان نەمان
مشكم لێ دەبو بە زەلام — ئەوەش قەیدی نەبو، بەلام
"لالە" كە هیچ عەیبی نەبو — دەگەڵ "خێلە"ی لێم تێك دەچو

سـێ سـەعاتیش پـتر پێچـو
ئـەوجار ئیـتر پاڕامـەوە
تۆ بۆ لـە خەسوت دەترسـی؟
ئـاخر مـن هۆشـم چانییـە
گوتـی: کـێ دەڵـێ تۆ هـێڕی؟
ڕۆژ خـەریك بـو ئـاوا دەبـو
هەر چەند دڵم هەر نەی دەویست
بەنابـەدڵ هاتمـە دەرێ
کـە کیسـەو قەنـەم دەس دایـە
بـاش بـو ئـەوەم لـەبیر نـەچو
"ئامان لای خەسـوم بـاس مەکـە"

*****

مـن سـەرە گێـژەم هـەر لێبـو
هێنـدێ دڵخۆشـی دامـەوە
گوتـم: دەش زانـیو دەش پرسـی
ئیشـم لـەجێی خۆیـدا نییـە
هـێڕی چـی؟ تـۆ دەڵـێی زێـڕی
تیشـك ڕووی لەحـەوا! دەبـو
بـەڵام قسـەی ئـەوم نەبیسـت
ڕۆژم ئـاوا بـردە سـەرێ
هـاتم بگەمـە بێلایـە
ئەوەندەشـمان گـوت دو بـەدو
نـەء"تۆش هیـچ مـەڵێ شـێتەکە"

*****

هاتمـەوە مـاڵ بەقنـە قـن
خـێزان و خەسـوم لـێ بـڕان
هـەر تـاوێك لـەوێ بـون و زو
ئیـتر بـەناو مـاڵێ وەربـون
خـێزانم ڕووی خـۆی دەڕنـی
تێلایـەکی لەدەسـتا بـو

ئـەو ڕۆژە نـا، ڕۆژی دوای مـن
بچنـە دیتنـی "لالـە خـان"
هاتنـەوە زۆریـان پـێ نـەچو
هـەردوکیان دەگیـانم بـەربون
زەندەقـت دەچـو لـەکنی
لـە سـەر دەرفەت ڕاوەستا بـو

خەسوم هەر کەفی دەپڕژاند    دەهات و دەچوو، دەی قیژاند
جامن بڵێم چی دەگەڵ تۆ؟    ئەتۆو ناو خزم و هات و چو؟
منیش ئاگام لەهیچ نی‌یە    هەر نازانم ئەوە چی‌یە
-شێتەی ئاگا لەخۆ بڕاو    ئەتۆو غەڵەتی وا گڵاو؟
لێرە هەستای حۆلی لاپان    ئاوا چویە لای لالەخان؟
هەر ناوی لالەخانی برد    لە ئەژنۆ بەرەو ژێرم مرد
لەشم سڕبو دڵم لەرزی    لەوێ کەوتمە سەر عەرزی
هاتم بڵێم سوچی وی‌بو    من ئاوەکیم لە کوێ دی‌بو
نەی هێشت قسەکەم دەربڕم    نەی هێشت هەر دەم هەڵپچڕم
کڕبەکڕ، دەنگت دەر نەیە    ئاگات لەدەم و لەوسی هەیە؟
دەم گوت هەر گێل و ناوریای    نەم دەزانی وا ما خولیای
دەگەڵ دەستە خوشکی ژنێت...    جا چت پێ‌بڵێم خدرە شێت؟
ئاخر ئەو کاتە ئەتۆم نارد    چەند کەڕەتم بەتۆ ئەسپارد
هەرچی‌یە چوی وەك عیسانان    ڕاست بچۆ ژوری میوانان
لای لالەخان بۆ وات نەکرد    بەجارێ حەیای ئێمەت برد
لەوێ لەدەرکێ ڕاوەستای    هەرچەندی حەولی لەگەڵ دای
هەر گوێت نەدایە، دوربەدور    گوتت تەنیای نایەمە ژور
ئەسپاردەی منت لە بیر کرد    ئەویشت ئاوا دڵگیر کرد

چـی دیـش ڕقـم هـەڵ مەسـتێنە
ئـەو پـارەی بگـرەو هـەر ئێسـتە
هێندێـك شـیرنی بكـڕەو دیسـان
بـەڵام ئـەوجار بچـۆ ژوریٚ
بـا گلـەییم نەهێنـە سـەر

هەسـتە ملـی خـۆت بشـكێنە
ئیـتر لـە هیـچ كـویٚ مەوێسـتە
بچـۆوە بـۆ لای لالـەخان
داوای لـیٚ بكـە لێـت ببـوریٚ
بـەڵكو لـەدڵی بچێتـەدەر

*****

پـارەم وەرگـرت و چـوم گـەڕام
شـتی تـر ئـەقڵم نـەی بـڕی
دەسـتم بـە سـمێڵان داهێنـا
بـۆلای مـاڵی لالـەخان چـوم
دەسـتەو داوێنـی بـوم هـەتا
ئـاوا دڵـی ویشـم داوە
ئـەوەندەش مـاوە پێـت بڵێـم
ئەگـەر ئـەقڵت هەیـە كاكـە
شـێتی نـەك هـەر زەرەر نیـیـە
كـیٚ ئـەقڵی پارسـەنگی دەویٚ

بـازێرم هـەمو كـرد، بـەڵام
منیـش هـەر ئـاوەكیم كـڕی !!
ئـەوجاریش ملـم لـە ڕیٚ نـا
بـەڵام هـەر بـە دەسـتوری زوم
هیـچ گـرێی لـەدڵدا نـەما
كێشـەی خەسوشـم بـڕاوە
بـەو شـەرتە، دەدڵـی نـەگری لێـم
ئەتۆش هەر خۆت شێت كەی چاكـە
لـە شـێتی باشـتر هـەر نیـیـە
شـت هـەر وەگـیر ئـەو دەكـەویٚ

لـەوەش دا كـیٚ دەم كـا لۆمـە
ئـەویش هـەر ئـاواڵی خۆمـە

مانگی ١١ی ١٣٥٢ی هەتاوی
گوندی دێڵزە، ١٩٧٣/٢/١٥ز

# " کوردستان یان نەمان "

سـلاو پێشـمەرگەی قارەمـان — چـاکترین ڕۆڵـەی کوردسـتان
کـوڕی نەبـەزی نیشـتمان — سـلاو پێشـمەرگەی قارەمـان
هەڵۆی خوێناوی سەر بـەردان — پـەڕ کـوڕی ڕەوەزو زەردان
پڵینگـی سـەر شـاخ و هـەردان — پێشـمەرگە جوامـێری مـەردان
کـوڕی کـوردی ئـازاو دلـێر — هەسـتە ڕاپـەڕە وەکـو شـێر
لـە کوردسـتان ڕامێنـە تـێر — وێـران بـو ولاتـی زەنوێـر
هـا، بڕوانـە ئـەو کیژۆڵـە — بـرا گچکەکـەی لـە کۆڵـە
چـۆن دڵ دامـاوە لـەو چۆلـە — چـەندە هـەژارو کلۆڵـە
ئـەو پـیرە مـێردی بـێ تـاوان — ڕوت و هـەژارو سـەرگەردان
سـەری ناوەتـە سـەر بـەردان — کـێ مـاڵی لێ‌کـردوە وێـران؟
دوژمـن ئاغایـە لەسـەر تـۆ — مـاڵی تـۆ دەخـوا بـە فـیڕۆ
کـێ مـا نـەگا بـەمافی خـۆ — ئێمـە تاکـەی دەسـتەو ئـەژنۆ؟
ئـەو خاکـە خـاکی کوردی‌یـە — خـۆ خـاوەنی دیکـەی نی‌یـە

سەبەب بۆ هێرشی وی چی‌یـە　کوردستانەو کـورد خێوی‌یـە
شـەڕی مـە شـەڕی ژیانـە　شـەڕی بـاوەڕو ئیمانـە
لەگـەڵ وەتـەن دا پەیمانـە　یـان کوردستان، یـان نەمانـە
دوژمـن لـە هێرشـت تاسـاوە　قـەڵای هومێـدی ڕوخـاوە
لـە دەسـت و بـەردت ڕامـاوە　ڕۆژی ڕەشـی لەبـەر چـاوە
لـە کـردەوەی ڕەنجـە ڕۆیـە　مـانی بـە فێـل و دهۆیـە
ئەوگـەف و گەرمـە درۆیـە　لـەرزی شـەونخونی تۆیـە
بـا خوێنـی مـن و تـۆ بـرا　بـڕژێ، سورکا دەشت و چیـا
یـاقوتی نـاو سـەوزە گیـا　کوردستان ڕەنگیـن تـر ئـەکا
تـا بـڕژێ خوێنـی گەش و ئـاڵ　لەسـەر کـەویان دەبێتـە خـاڵ
شین دەکـا گـوڵان سـەری سـاڵ　دەیکەنـە تـەواف کـوڕو کـاڵ
کـاتێ کوردستان بـو ڕزگـار　هاتـە دەر لەدەسـتی زۆردار
کـەس نـەما بـە دڵـی خـەمبار　بـوو بەشـایی دێهـات و شـار
ئەوسـا بەرزکـە ئاهـەنگت　گۆرانـی‌و گاڵتـەو جەفـەنگت

تـا کیژو کوڕ بێـن بـە دەنگـت
مـاچ بکـەن لولـەی تفـەنگت

٢٨/١١/١٩٦٥ ز
دەنگی کوردستانی عیراق
مانگی ٢ی ١٣٤٤ی هەتاوی

" بەهاری کوردستان "

چـەند لـە خونچـەی بـەر بـەیانی جوانـە زەردەو پێکـەنین
بـۆ نـەمامی بـەژنی تـۆ سـەد هێنـدە چۆپـیو هەڵپـەڕین
دیمـەنی شـیرین و کوڵمـی سـورو بـەژنی ڕێـك و پێـك
کەس تەماشای تۆی نەکرد وەك مـن کـە نەی گـوت ئافەرین
گوێـت لـەمن بگـرە گوڵـم، تـاکو بـە کـوردی پێـت بڵێـم
باسـی کوردسـتانی گـەورە یـان بەهەشـتی سـەر زەمیـن
لەشـکری بـای وەعـدە هـات و تـەپڵی شـادی گرتـە دەس
نایـە بـەر پـێ شـاخ و هـەردو کەویـە بـەفری هـەڵدڕین
ئـاوە چـۆڕەی کەوتـە بـن بـەفری نواڵـەو شـیوو دۆڵ
تـك تکـەی دەڕژێـت و دەتروسـکێ وەکـو دوڕڕی سـەمین
خاکـە لێـوە هـات بـە ئـاڵای دەوڵـەتی نـەورۆزەوە
دای کوتـا پەرچـەم لەسـەر کوێسـتانێ وێنـەی فـاتحین
هـەوری پـۆل پـۆل و گـەواڵی دان بەسـەر یـەکدا شـەماڵ
جێگـە تـەنگ بو، پێکی دادان پێچەوانە(١)و ڕاسـتەقین(٢)
کوێـرو کـەڕ سەرسامن، ئەو دەڕوانێ، ئەو گـوێ هـەڵدەخا
یـان شریخەی هـەورە یـان بـەرقی بریسکەو تێـك خوڕیـن

١)- پێچەوانە: منفی.٢)- ڕاستەقین: مثبت ،کارەبا لە وێك کەوتنی ئەو دوە پێك دێ.

خۆرنشین دەیدا بەسەر خۆیدا، کە بۆ ڕۆژ هەڵنـەهات؟
ڕۆژهـەلاَت دەیـدا بـە ئـەژنۆیدا لـەتاوی خۆرنشـین
دای ڕژانـد بـاران بـە خـاکی کـوردەواریدا چلـپـۆن
هـەر وەکـو فرمێسـکەکانی مـن لـە دووری تـۆ گریـن
چیمـەنی کردۆتـە پـای ئـەندازی بوکـی سـەرچڵوك
شـەونمی کردۆتـە گـوارەی گـوێی گولاڵـەی سوروشـین
بولبولـی مەسـت هـەڵوەدای یـاقوتی نـاو پیرۆزەیـە
دەردەداری عیشـقە کـەنگێ سـەر دەنێتـە سـەر سـەرین
چـۆن بنوسـم مـن کـە چـۆن شـللێروبەیبون لێـك دران؟
چۆنـی تاریف کـەم کـە چۆن مـەندوك و بیزا تێـك بـەزین؟
تولـە ڕێواسـی سـەری هـەڵدا دڕی پـەردەی حـەیا
ناسـك و تـورت و سـپی وەك قۆڵـی یـاری نـازەنین
بانـە مـەڕ هـات و هـەواری بـۆ نشـیمەن هـەڵبژارد
وەك لەسـەر تـەختی زومـەڕڕەد دابـەێ سـوڵتانی چیـن
بـۆ بـەخێر هێنـانی میوانـی بـەڕێزی هـەردو بـۆ
چـاوەڕێ وێسـتاوە داوێـن پـڕ لەلالـەی عەنبـەرین
ڕاپـەڕی قومـری سـەری خونچـەی پسـاندو خستیە پـێی
وەك کـە شێوەی کوردەکانـە گـاوو گـەردون سـەر بڕیـن

بـای شـنە بـۆ پێشـوازی نـەرم و هێـدی کەوتـە ڕێ
زێـڕ وەشانی کـرد سـکەی بێ نەخشی پەلکی یاسـەمین
خێـڵ ئـەوە بارگـەو بنـەی هەڵبەسـت و گـەورەی قافڵـە
کـاروانی بـەردە سـەرچاوەی ژیـان و دابـەزین
وەك قـەڵای ئـەو عێلـە بێ سـەرهۆزی سـەنگین و گـران
چـادری هـەڵداوە نـۆ ئەسـتونەك و سـێ لا بـەرین
لاوی شـۆخ و شـەنگە سـەرگەرمی جلیـت و تەقڵەیـە
بێریـە باسـکی هـەڵدەکا دەڕوا بـەقاقای پێکـەنین
لایـە کـاڕەی مێگـەلی پـاراوو نرکـەی شـەك بـەران
لای تـری حیلـەی کـەحێلی تۆسـن و ئەسـپی بـەزین
زەمزەمـەی جوتـێرە، دەنگـی لاوکـە، گۆرانییـە
هـەڵ پەڕینـە، داوەتـە، شـەکوایە، ئێخـە دادڕیـن
شـوانە بلوێـری وەنـاڵین خسـتوە، بـەیتی کـۆن دەکـا
کاکـە مـەم خـۆی وای نـەزانیوە هـەواڵی خـاتو زیـن
گـەرچی شـیرینە بەسـەرهاتی سـیامەندیش دەڵـێ:
هـەر لـە پێنـاوی وەتـەن سـەر بـەرز ئـەکا هـەڵ ئاوەسـین
یـانی ئـەو خاکـە گـەلێك لاوی لـەدەس داون بـەڵام
حەیفـە بـۆ غـەیری شـەهیدانی وەتـەن گریـان و شـین

تـا بـە چـاوی خـۆت ببینـی هـەرچی ئـەوڕۆ لـــیّ‌ی دوام
دەســتی مـــن بگـــرە وەرە ئـــەی خۆشەویســـتم بــــابچین
ناتــەوێ کۆشـکی بڵینــدو، بـورج و، قەســرو سەرســـــەرا
ئەستەڕو(١)قـەندیل و(٢)سـامرەند(٣)وسـیی(٤)ڕێـزت کـەدین
زۆری پێ‌نــاچێ کــە ئــەمن و تــۆ بــەکوێری دوژمنــــان
پێکــەوە سەربەســت و ئــازاد هــەر لــەناو گــەلدا دەژیــــن
دەستی یـەك دەگریـن و وێکـڕا سـەیری کوردستان دەکـــەین
ئێمـــە کۆیلـــەی کوردەکـــانین وەك ســـیامەند نـــامرین
هێنـــدی مـــن دیتـم لـــە ڕابـــردوی ژیـــانم ســـوێرو تـــاڵ
هـــەر بـــە ڕزگـــاری وڵاتـــم دەکـــرێ ســـارێژی بریـــــن
لـــەو بـــەهارە خۆشـــەدا، لـــەو شـــادی‌یە پـــــیرۆزەدا
پێشکەشـــی بـــەژنی جوانـــی تـــۆ ســـڵاوی ئـــاگرین

شێخاڵی، بانە مەڕی ١٣٣٥ی هەتاوی
مانگی ٥ی ١٩٥٦ز

---

١، ٢، ٣، ٤)- ئەستەڕ، قەندیل، سامرەند، سیی ڕێز: لە کوێستان و کێوە بەرزەکانی کوردستانی ئەم دیوەو ئەو دیون.

## " پایز "

پـایزەو هـەر بـەکزەی بـاوە خـەزەڵ هـەڵدەوەرێ
مـەل لـە هێلانـە لـە سـەرمان سـەری ناکاتـە دەرێ
شـەختە بردویـەتی دارو دەوەن و دەشـت و زەوی
تـۆزی سـیخواری لەسـەر نیشـتوە هـەورازو نشـەوی
زەردە لـێی داوە لـە دور ڕا دەتروسـکێنێ سـەهۆڵ
شـەونم و سـەوزە گیـا بونەتـە فرمێسـك و مـژۆڵ
سـەری شـێواوە دەنـاو هـەورو تـەمێدا قـەندیل(١)
گوڵـی تێـو باوەشـی پەرپـەڕ بـو، هـەمو ڕۆیـی بـەدیل
سـەر دەسـوڕێنێ کلـوی بـەفرو بـە زریانـەوە دێ
دێو لەسـەر ویشـکەڵ و پوشـی گوڵـی شـەوبۆ دەکـەوێ
بـەندو سـەرمایەکی وایـە کـە زەوی ڕێـك دەکوشـێ
دارو بـەردو لـق و پنچـك هـەمو لێـك هەڵدەوەشـێ
خـۆی دەپـارێزی بەلـەوتێکی ئـەوی زینـدەوەرە
جـێی لەبـەر ئـاگرو نـاو ژووره ئـەوی گیـان لەبـەرە
غـەیری پێش مەرگـە کـە هـەر سەنگەرە جێی ڕۆژو شـەوی
سـەنگەری گرتـوە بردویـە زراوی نەتـەوی

---

١)- قەندیل: کوێستانێکی گەورەیە لەودیو کە لەو شاخە لە هێندێ جێ چلەی هاوین ئاو ئەیبەستێ.

هێندی لێ شیرنە ڕاسان و شەڕو دەست و تفەنگ
کوڕی گۆڕین دەیەوێ ڕێکی کوشێ سەنگەری تەنگ
دەڵێ ئەی دوژمنی ناپاك ئەوە گۆیەو مەیدان
ئەبێ هەر قشڵەیەکت لێ بکەمە گردی(١) سەیوان
من کوڕی کوردم و سەودا سەری کوردستانم
نی‌یە لام نرخی لە پێناوی وەتەن دا گیانم
پڕ لە شانازی‌یە تا ئێستە هەمو دەفتەری من
جەرگی دوژمن دەبڕێ ڕۆژی هەرا خەنجەری من
بەفرو سەرما چی‌یە، سەد هێندە کە بڕژێتە سەرم
نی‌یە باکم کە ئەمن گوللە لە باوەش دەگرم
بەری من ناگرێ دوژمن بە گەف و تۆپ و تەشەر
نابێ ڕزگاری لە چەنگم ئەجەلی گەیوەتە سەر
شەرتە کردومە دەگەڵ دایکی وەتەن، یا دەمرم
یان لە دوژمن هەقی فەوتاوی گەلم وەردەگرم

١٩٦٥/١٢/٣ز
دەنگی کوردستانی عیراق
مانگی ٣ی ١٣٤٥ هەتاوی

١)- گردی سەیوان: لەشاری هەڵمەت و قوربانی سولەیمانی‌یەو شوێنی ناشتنی گەلێك شەهیدە.

# " گوڵی خوێناوی "

کوڵمــەت گــەش و ڕوناکــە، دەڵــێی تیشــکی هــەتاوە
جــوان چــاکی کراســێکە بــە بــەژنی تــۆ بــڕاوە
ئاســك ســڵە نــەك هێنــدی تــۆ نەشــمیل و ڕەزا ســوك
گــوڵ پــێ دەکــەنێ نــەك وەکــو تــۆ وا بەحــەیاوە
بســکت دەگــەڵ ئــەو ڕومەتــە تێکــەڵ بــوە هــەروەك
بــاغی گوڵــە، پــەرژینی بــە ڕیحانــە کــراوە
ســەد حیکمــەتی گــەر خوێندبــێ، نــازانێ بــە دەردم
هــەر کــەس بــە گــڕی ئــاگری تــۆ هــەڵ نــەچزاوە
جوانیــت بەســە بەرمورەکــەی ئەســتۆت بپســێنە
مــن کــوردم ئــەزانم، کــە لەبــەندی چ کــراوە
تــا گــوارە لــە گوێــت دێتــە لــەرین، دێتــەوە بــیرم
هــەر لاوێ کــە لــەو خاکــە لــە ســێدارە دراوە
ئــەو لالــە کــە دەی بینــی وەکــو ڕومــەتت ئاڵــە
هــەر خونچەیــەکی، خوێنــی شــەهیدێکە ڕژاوە
هــەرچی هەیــە هــەر باســی بــرۆو بســك و خــەت و خــاڵ
هــەر بــەینی مــن و تۆیــە کەکــەس لــێی نــەدواوە
هــەر مــەرجی مــن و تۆیــە وەتــەن مــاوە وەکــو خــۆی
هەودایــە وەتــا مــن هــەم و تــۆ هــەی نەپســاوە

سەیری کە لەدەست هەڵمەت و پارێزی کوڕی تۆ
دوژمن لەهەمو لاوە چلۆن مێشکی پژاوە
دەنگی کوڕی تۆ دوژمنی هێناوەتە لەرزین
دەنگێ کە ئەڵێی هەورە بەسەر شاخ و چیاوە
هاواری گەلی تۆ ئەوە دەرچو لە نهێنی
ئەو پەردە بە گوللەی کوڕە پێش مەرگە دڕاوە
سەرکەوتنی تۆی دیوە وەتەن، دوژمنی ڕو ڕەش
وا ڕۆژی ڕەشی هات و چرای ڕونی کوژاوە
ئەو جۆگەلە خوێنانە کە دەڕژێنە خڕو دۆڵ
فرمێسکی کوڕی تۆ نییە والێڵ و قوڕاوە
خوێنی دڵی دوژمنتە وەتەن تاکو نەڵێن پێت
تۆڵەی"نەبی"(١)یو"عزت"(٢)و"میرە"(٣)ی نەکراوە
کاوانی(٤) گوێ بگرە لەدەنگی گەلی ئازات
سەر هەڵبڕە لەو خاکە ببینە چ کراوە

---

١)- نەبی سەر ئاسن بارزانی.٢)- عزت عبدالعزیز ئامێدی.٣)- میرۆ شێروکی بارزانی هەرسێکیان شەهید کراون عزت عبدالعزیز کە لە شۆڕشەکەی ساڵی ٤٥ بارزانیدا بەشدار بو دوایی حکومەتی بەغدا لە داری دا، ئەوانی تر لە شۆڕشی ١١ی ئەیلول دا لە جەبهە شەهید بون.٤)- شەهید مەحمود کاوانی شەقلاوەیی، لەجەبهە لە شۆڕشی ١١ی ئەیلولدا شەهید بوو.

تاوانی وەکو تۆی چوە پێش مەرگە کە ساتێ
نەسرەوت و هەتا خوێنی نە ئەستاند، نەحەساوە
تۆڵەی بەچی دەستێندرێ گەنجێکی وەکو تۆ
تابن سەری ئاڵای گەلەکەی لێ نە چەقاوە
ئاڵا دەبێ جێی بن سەری تۆ بێ کە نەڵێ کەس
ئەو پەرچەمە ڕەنگینە بەخوێن ئاو نەدراوە
شانازی ئەکا کورد کە لە مەیدانی خەباتا
بارزانی قەڵای ئاسنی کوردی بە پەناوە
بارزانی سەرۆکی مەزنی کۆمەڵی پارتی
کوردێك کە هەتا هەبوە بەسەربەرزی ژیاوە
ئیلهامی لەوی وەردەگرێ پارتی خەباتگەر
وا بۆ وەتەنی گیان و ڕوحی هیچە بەلاوە
ژەنراڵێ کە هەر ئەو تەمەنی پیرو جوانی
داناوە لە ڕێی ئەو گەلەداو کۆڵی نەداوە
ئەی خۆش بی وەتەن بۆ کوڕی گرتوتە لە ئامێز
ئەی نەڕزێ دەسی تۆڵە ستێنت کوڕی کاوە

١٩٦٦/١/١٢ز
ڕادیۆ دەنگی کوردستانی عێراق
مانگی١٠ی ١٣٤٤ی هەتاوی

# " من و ڕەقیب "

ئـەوە کـاتی پـەلامارە ڕەقیـب بابێتـە مـەیدانێ
ئـەوی ناپـاك و ناحـەز بـو بـە کوردوسـتانەکەم کوانـێ
هـەتا نـەی ئـەنجنم، وردی نەکـەم، ئـەو شـێتە نـازانێ
کـوڕی کـوردی بـە تێـن و تاقەتـە وەك شـێری نێـو لانـێ
هـەموی لـە گیـان و مـاڵ ڕابـردوە مـەیلی نیشـتمان نـانێ

ئەگـەر سـەد ئەفسـەری نـازدارو سـەرهەنگی بەنێوبانگـە
لـەجێی سـەر نێزەگـەر هـاڕەی فڕۆکـەو نەعرەتـەی تانگـە
لـەلام هیچـە فیشـەکدانی بـەری پێـم خشـڵی لا جانگـە
کـە دیتـی تاقـە کوردێکـی بـەغیرەت دیـارە لـە ڕوانگـە
چەق و چۆڕەی گـرێو دەگـری بـەتاو وەك ڕێژنـی بـارانێ

لـە ژێـر چـەنگم ڕەهانـابێ ئەگـەر سـەد گیـانی هێنـابێ
ئەگـەر کفنـی دڕی بێ سـەد کـەڕەت، ئـەوجار دەبێ ڕابـێ
لـە جێی کفنـی سپی گیـانی لەنێو گێژاوی خوێـن دابـێ
لەشـی بـێ ڕوح وەکـو زریـان ڕنـوی بـەفرانی هـەڵ نـابێ
دەبێ هـەڵچندرێ ئەو جار لـە شیوو باسکی کوێسـتانی

وەهـا نەخشـی دڵـی خـەمدیوە مـەیلی خـاکی ڕەنگینـم
بـەتۆفانی جـەفا دانـامرێ هـاڵاوی ئـاگرینم
لەسـەر سـەفحەی دڵـم جێگـیرە بۆتـە دیـن و ئـایینم
وەتـەن ئـەی نیشتمانی خۆشـم ئـەی مەڵبـەندی نەسـرینم
ئـەتۆی ئـارامی دڵ بۆیـە بـەبێ تـۆ نـاگرێ سـامانێ
دەسـەنگەردام و ناترسـم دڵـم پـڕ تیـن و هـێزدارە
دەبـێ بـڕوا بەبـەر پێمـا ئەگـەر سوێسـن، ئەگـەر خـارە
لـەلام زۆر خۆشـترە کوژرانـی نـاو سـەنگەر لـە سـێ دارە
بـەنوکی نێزەکـەم جـەرگی ڕەقیـب وەك قـەل لەسـەر دارە
نەشـێواوم کوڕێـك نیـم کـەس بڵـێ بۆگـەل لـە ڕوح نـانێ

١٩٦٦/١/٣١ز
لە دەنگی کوردستانی عێراق خوێندرایەوە

## " بۆ براکەم "

نامـەیێکم پێ گـەیی هـەروەك گـوڵاوی پەرچـەمت
وەسوەسەم کرد، ئەی خوا کەی دەم بنێمە ناو دەمت
خۆزگە دەم زانی لە غوربەت کێیە بێ من هاودەمت
خۆ دەزانی گیانە بۆمن ناکرێ تەرکی غەمت
چاوەکانم بەسیە غوربەت بێرەوە
چۆن بژیم من؟ تۆ لەوێ، من لێرەوە
وێنەکەت دەرمانی سەر جەرگی برینداری منە
وەختی دڵ تەنگی بەبێ تۆ هەر ئەوە یاری منە
دیتنی ڕوناکی بۆ دوچاوی جۆباری منە
تاکو لێت دورم عەزیزم شیوەنت کاری منە
چاوەکانم بەسیە غوربەت بێرەوە
چۆن بژیم من؟ تۆ لەوێ، من لێرەوە
نامە سەر دوچاوی تەڕ وێنەت لەدوی ماچ کردنی
سەردڵی شێوای خۆمە جێی لەپاش هەڵگرتنی
شەمعی ڕوت بۆمن حەیاتی باقیە هەڵ کردنی
وا لە دڵ هاڵاوی بەخوا حەستەمە لابردنی

چاوەکانم بەسیە غوربەت بێرەوە
چۆن بژیم من؟ تۆ لەوێ، من لێرەوە
سەیری کوردستانی چۆل کەم یا تەمی کوێستانی دڵ
داخی دوری تۆ بچێژم یاغەمی هیزار(١) لەمل
ئەی خەزانی غەم بڕۆ باشین بێ باغم چڵ بەچڵ
ئەی فەلەك بابێ بەهارستانی من یەك چەپکە گوڵ
چاوەکانم بەسیە غوربەت بێرەوە
چۆن بژیم من؟ تۆ لەوێ، من لێرەوە
شێت و ماخولیای خەمی تۆم گیانە من دێوانە نیم
مەستی جامی مەیلی تۆم و ئەهلی نێو مەیخانە نیم
ڕاستە سوتانم بەلاّم بێشەمعە خۆ پەروانە نیم
خاکی کوردستنان دەڵێ پێت: ڕۆڵە من وێرانە نیم
چاوەکانم بەسیە غوربەت بێرەوە
چۆن بژیم من؟ تۆ لەوێ، من لێرەوە
گیانەکەم پێت وانەبێ شانۆی گەزاف و لافمە
مەیلی تۆ نیشەی دڵی خەمدیوو سینەی سافمە

١)- هیزار: شتێکی دەست دروی وەك ئاڵقەو کۆچکەیە ژنان زۆرتر لەناو عەشیرەتی مەنگور لەملی ئەکەن بۆجوانی، شتێك نییە لەگەڵ حلك بێ.

هێرشـی بـەد خوێنـە گـەردون موکـەنیزەی جافمـە
هـەر شـەوی هجرانـی تۆیـە مـەوریدی ئـەو سـافمە
چاوەکـانم بەسـیە غوربـەت بـێرەوە
چـۆن بژیـم مـن؟ تـۆ لـەوێ، مـن لـێرەوە
دەردی دڵ بـۆ کـێ بـەیان کـەم، دڵ کـە ناڵاوێتـەوە
ئـەو گـرێی گرتویـە چبکـەم بـێ تـۆ ژێـر نابێتـەوە
بـەفری بـەفران بـارە بـێ بـای وەعـدە قـەت ناچێتـەوە
ئـەی خـوا کـەنگێ عـەزیزی ئـەو دڵـەی مـن دێتـەوە
چاوەکـانم بەسـیە غوربـەت بـێرەوە
چـۆن بژیـم مـن؟ تـۆ لـەوێ، مـن لـێرەوە
بـاوەڕی نایـە بـە ژینـم دڵ بـەدەس جزیاتـەوە
خۆشـە ڕوح دەربـێ‌و بـە جـارێ بیخەمـە ژێـر پاتـەوە
چونکـە تـەنیا هـەر دڵێکـەو سـەد بـەلاّ دەیباتـەوە
چـەرخی چـەپ گـەرد لێـم بەقینـە دەس لـەمن ناکاتـەوە
چاوەکـانم بەسـیە غوربـەت بـێرەوە
چـۆن بژیـم مـن؟ تـۆ لـەوێ، مـن لـێرەوە
بولبـول ئـەڕ مـەیلی سـەفاتە بـێرە لای مـن لەحزەیـەك
نـابێ بۆنـاڵین و سـوتان قـەت وەکـو مـن بەندەیـەك
مـن بـە بـەندی نیشـە دارو تـۆش گوڵـی سـور دەستەیەك
تـۆ وریـنگـەی شیعری ژێـرو کـەو، لـە کۆتریش لەنجەیـەك

چاوەکــــانم بەســــیە غوربــــەت بــــێرەوە
چــۆن بژیــم مــن؟ تــۆ لــەوێ، مــن لــێرەوە

گوێــت لــە بــەندی ئــاخرم بگــرە هــەتا ڕوح مــاوە پێــم
گــەرچی ئــاڵۆزە بــەڵام بمبــورە چــون "شــێواو"ە لێــم
تــا بــەڕوناکی چــرای گۆنــات دەبینــم دەســت و پێــم
سەر لەسەر ئێخەی خەمی تۆ پڕ بە کوردستان دەڵێم

چاوەکــــانم بەســــیە غوربــــەت بــــێرەوە
چــۆن بژیــم مــن؟ تــۆ لــەوێ، مــن لــێرەوە

مهاباد ١٣٢٤/٤/١٢ی هەتاوی
مانگی ٧ی ١٩٤٥ز

" فەوزیە "

وەرە سەر دەرکە وەکو مانگ لە سوێ
گوڵەکەم تاوێ لەگەڵ من بدوێ
وا لەرێتا سەری سەر گەردانم
چاو بە گریانەوە لێت دەڕوانم
گیان پەپولێکە لە دەورو بەری تۆ
وا گڕی گرتوە لەسایەی سەری تۆ
دڵ بە ئاواتەوە هەر دێتەوە لات
سەری داناوە لە ڕێی هات و نەهات
وەرە سەیری من و ڕەنگی زەردم
دەردی دووریت و هەناسەی سەردم
لێك دەکەن ڕۆژی من و پرچی ڕەشت
ڕەنگی فرمێسکی من و کوڵمی گەشت
زەردە زۆر کەوت و بەیان زۆر ئەنگوت
بە هەناسەی شنە گوڵ زۆر پشکوت
چاوی من هەرچی دەڕوی تۆ راما
لێوەکەت پێ نەکەنیو هەر واما

جوتــێ لیمــۆ کــە لەســەر ســینگی تـــۆن
ویســـت و دڵخـــوازی منـــی تامـــەزرۆن
چ بڵێــم چــەندە سروشــت ئــارەقی ڕشــت
تاوەهـــا جوتـــێ مـــەمی تـــۆی داڕشـــت
تەمـــەنت گەیوەتـــە چـــاردە بـــە خـــەیاڵ
تـــازە زەرد هـــەڵ دەگـــەڕێ لیمـــۆی کـــاڵ
شـــەم لـــەناو پـــەردەوە کـــز دەنوێنـــێ
مـــەم لـــە بـــن ئێخـــەوە دڵ دەرفێنـــێ
جوتـــێ گـــۆی زێـــڕە بەچـــەند مـــانگ و ســـاڵ
خـــڕی هـــەڵداوە لەســـەر زێـــوی قـــاڵ
ســـینگ و مـــەم تـــۆ بڵـــێ نـــەك زێـــڕو زێـــو
زێـــڕو زێـــو کـــەی بـــوە وا نیشـــە بزێـــو
بـــەدەم ئـــەو گۆیـــەوە دەنکـــێ یـــاقوت
بەســـەری لالـــەوە مـــا ئـــاگری ڕووت
بـــە کـــزەی باوەکـــە لیمـــۆ دەوەرێ
مـــەمی تـــۆ هـــەر بـــە هەناسێك دەلـــەرێ

ئەی "مەهاباد" ئەتۆ جێی شانازی
پێی گەیاند باوەشی گەرمت قازی
کۆڕیەکانی تۆ لە خان و سەردار
بەسەری بەرزەوە چونە سەردار
نیە ژین نرخی لە پێناوی تۆ
سەر بچێ‌و بەرزەوە بێ ناوی تۆ
بەرزە جێت تۆ سەری کوردستانی
لانی کار مامزی، جێی شێرانی
دیمەنت چەشنی دەبزوێنی ئەوین
گاڵتە بۆ کیژو کوڕی تۆن مەم و زین
کوڕو کاڵی تۆ هەمو شۆخ و شەنگ
کیژی چاومەست و خڕو نێو قەد تەنگ
گەڕەکێکت هەیە "مزگەوتی سور"
ڕوح لەسەر وێ دەگەڕێ دوراو دور
دەرك و بەر پەنجەرە، ژورو هەیوان
حەوش و کۆڵان و قولینچك و سەربان

سەر شەقام و چەم و پردو ڕێ باز
پڕ لە پشتین شلی نەشمیل و بەناز
گوڵی لێ شین بوە هەرچی دەتەوێ
غەڵفی هێناوە تەڕو شلك و نوێ
ڕۆژ درەنگانێ دەمەو ئێوارە
کیژو کاڵ دێنە سەر ئەو ڕوبارە
گۆزە ئاو هەڵدەگرن، بازنە لە قۆڵ
چەتری سەر کوڵمەیە برژانگ و مژۆڵ
هەر گوڵینگی شەدە زۆر پڕکارە
دەلەرێو دەستڕێ ژەنگی گوارە
نایەڵێ خشڵی سەری هەڵگرێ ژەنگ
زەردە دەرکەوت و تروسکەی دێ پەرەنگ
دڵنیانین لە زمانی بە درۆ
پێکەوە دێنە زمان چاوو برۆ
مانگە شەو هات و لە دەرك و بانان
کۆڕی دڵداری دەبەستن جوانان

بسکەکانیان بە پشوی با دەشەتێ
بۆنی خۆشی بە هاوادا دەڕەتێ
دڵ دەلەرزێنێ شەوانی شەوە زەنگ
دەنگی بەرموری کچی شۆخ و شەنگ
نیە جێیەك وەکو ئەو شارە لەلام
هەرچی تێی دایە لەلام جوانە بەلاّم
گوڵی وەك تۆی نییە پاك و ڕوسور
لالەیو کەوتییە "ناومالّی بلور"
"فەوزیە" تاقە گوڵی ناو شاری
پەیکەری جوانی ئەتۆو گیانداری
"نوێژگە" گەرچی لە پەنای ماڵەکەتە
حەج بەلاّم دوورو بەری خاڵەکەتە
دەی شەماڵ تۆش وەرە خەم خۆری کۆن
زۆری وەك من بە تەمای هاتنی تۆن
بگە فریای دڵی پڕ لە خوێنم
دەگرێم ڕێم نییە بیشی دوێنم

بچۆڵای و بڵێ بەو دەم قەندە
ئاگرت کردەوە لەو ماڵ بەندە
هەر لە ڕۆژی هەوەڵی دەر بە دەریم
عیشقی تۆش هۆیەکە بۆ کوێرەوەریم
بەهەوای تۆوەیە دێ خوڕیە لە دڵ
دڵ هەر ئی تۆیە هەتا دەیخەنە گڵ
ئەو دەمەم خۆشە کە تۆش لەولاوە
کەزیەکانت بدەیە دەم باوە
با پەرێشانی بکا وەك دڵەکەم
هەڵمژم لێرەوە بۆنی گوڵەکەم
ئەی مەهاباد بەخوام ئەسپاردی
لێرە دڵ سارد بو منیش بۆم ناردی
هاتەوە باوەشی گەرم و گوڕی تۆ
هەڵوەدای ئاوو گڵی تۆن کوڕی تۆ
هەرچی هەی تۆ گوڵی یان گوڵدانی
ئاوەدان بی، وەتەنی کوردانی

ناوچەی باڵەك ١٩٦٧/٣/١٥ز، گوندی سایە
مانگێ خاکەلێوی ١٣٤٦ی هەتاوی

## گاڵتەی جێژن

## "غەزەلی عیشقی!!"

جۆگەلـــەی خوێنـــە لـــەناو دیدەیـــی گریـــانمدا
زۆر لـــە مێـــژە نییـــە هیـــچ "عانـــە" لـــە گیرفـــانمدا
هـەر دەڵـیێی جـەرگی منە لـەت لـەت و سـورو کـون کـــون
ئـــەو "تەماتـــە"ی هـــەڵی خســـت"مـێریێ"(۱)لەســـەربانمدا
جگـــەرەی "ڕۆزمـــەن" ئـــەڵێن زۆرە بـــەلاّم مـــن تـــەمدی
غـــەیری ئـــەو ڕۆژە لـــەناو باخـــەڵی میوانمـــــدا
تـۆ کـە "جوجـە"ی وەرە نـاو کـاولی مـەعدەم چ دەکـەی
لـــە ســـەرانگوێلك و تەویلـــەو، لـــەبن هـــــەیوانمدا
سـەرم ئەسلەع(۲)بوە هـەر چەشنی "کـدو"و ئێستە نییـــە
دانەیـــەك ئەســـپێ لـــەناو زولفـــی پەریشـــانمدا
دوێنـــێ شـــەو هیـــچ نـــەبو بیخـــۆم و لـــەداخان نوســـتم
لـــە خـــەوا دیـــم "تـــەڕە پیـــواز"ە لـــەنێو تـــانمدا
مـــن کـە دەمگـوت نییـە "شـۆخێك"کـە دڵـم بڕفێنـــێ
"گۆشـت بـزن"هـات و بـە جـارێك سـەرو ســـامانمدا

"دۆســتەکەم"هــات و گوتــی ئێســتە وولات چۆڵــەوەرە
کــە دەچــم "ماکــەری موختــارە"(١)"لــە جیٚژوانــم"دا
مــن لــەلام وابــو کــە هــەر"گیپــە"یــە ڕیٚی چــارە کــەچی
"ســـاوەریش"چەشـــنی مەســـیحایە لـــە دەرمـــانمدا
هێنــدە بــیٚ گۆشــتم و تامــەزرۆ هــەزار جــارم کــرد
فکــری ئــەو تــۆزە چەقاڵتــەی کــە لــە نێوڕانــم دا
چــابو زوم زانــی زگــی هەڵنــەدڕیم "کــاك..."
"دەنکــە مێــوژ"ێکــی ڕەشــی دیــو لــە "جــزدان"م دا(٢)
"ڕانــك و چۆغــە" شــڕەکەی مــن کــە بەســوری هــاوین
لــەرزو تــام لیٚیــە، ئــەبیٚ چــۆن بــیٚ لــە زســتانم دا؟
هــەمو کــەس دەردی هەیــە کاکــە بــەلاٚم دەردی مــن
هــەر گرانــتر دەبــیٚ وەك گوێلکــیٚ لــە پزدانــم دا
دەنگــی "ڕیخۆڵەمــە" شمشــاڵ لــە زگمــدا چدەکــا؟
ئــەوە "ســاز"ێکــە لــەناو بــەزمی فــەقیرانمدا
شــیعرەکانم مەبــە کاکــە نــەکو ڕۆژێــك لەنــەکاو
تــۆش بــدەی کــەوڵی"خــەزو"و "تورمــە" بەسەرشــانم دا

"جێژنە"یەو بۆنی کەباب دێ لەهەمو لایە منیش
هەر "کولۆی خوێ"یە کە قرچەی دێ لەقەلیانم دا
مام عەلی(۳)خۆش بی ئەتۆو دەردو بەڵات هەرچی هەیە
بالە "نانی ڕەق"و"چای شیرنی" بەیانانم دا

عێراق، گوندی سورەبان، جێژنی قوربانی ۱۹٦۷ز

۱۳٤٦ی هەتاوی

۱)- موختار: کوێخا سجل.۲)- جزدان: کیفی باخەڵ.۳)- عەلی عەجەم: نان و چێشتی لێ دەنا لەمەقەری سورەبان ئاشپەزبو.

# " مەلا "

بەهارەو سورە گوڵ دایان گەمارۆ    هەلاڵەو نەستەرەن شین بون لە ئاسۆ
وەکو دەشتی خوتەن خەملیوە سەحرا    لەبەر نازی شەقایق عەتری شەوبۆ
سەفای ئەوکاتە گەرچی ئاشکرایە    بەلاّم تامی نیی‌یە بۆمن بەبێ تۆ
شەوی دیکە مەلایەك هاتە ئێرە    کە قوربان حەزدەکەم من بێمە لای تۆ
لە جێگای خۆم بەراتم سەد تەغارە    فەقێشم هەربوە تا هەشت و تانۆ
هەمو ساڵێش لە گوندی داویانمێ    مەڕو مانگاو بزن بۆ ماست و بۆ دۆ
بە ئاغای گوت مەبەستی خۆی کەم و زۆر    ئەویش گوێی دایە ئارام و لەسەر خۆ
لە پاشان پێی گوت ئاغا وا دیارە    کە ڕۆیین بۆ مەلایان بۆتە ئاهۆ
کە نیتە ناتەواوی‌و نا گوزیری    ئەدی بۆچی دەڕۆی ئاخر مەلا بۆ
تەواوی ژینی تۆ هەر هاتو چۆیە    لە هەردوك لاوە بۆیە ڕایەڵ و پۆ
نەما جێیەك کەتۆ سەدجار نەچوبی    گەورك و مەنگوڕو پیران و ئاکۆ
هەقی نوێژێ لە ڕوتی وا ئەسێنی    کە ئاگری پێوە نێی لێی نایە بۆ سۆ
بەراتی چاك و قەدرو حورمەتی زۆر    بڕۆ شوکرێ بکە دانیشە بیخۆ

مەلا ڕۆیشت و بریا هەر نەبایەن
مەلای واو شاعیری وەك من چەقەسرۆ

١ی مارس ١٩٦١ز
شێخاڵی، خاکە لێوەی ١٣٤٠ی هەتاوی

# " ڕزگاری "

وەرە بـا ئـاگری دڵ دابمـرێ
تاکـەی ئـاخر غـەمی تـۆ دام بگـرێ؟
دڵ وەکـو چـاوی خـەواڵوت دامـاو
ژیـن وەکـو کەزیەکـەت ئـاڵۆزو بـڵاو
خۆشەویسـتیت لـە دڵـی دێوانـە
وەك خەزینێکـە لـەناو وێرانـە
دەس بـدا دەسـت لـە ژیـان هـەڵدەگرم
بـۆ بزێکـت کـە بەشـادی بمـرم
خوێنـی دەڕژێ کەسـێ لێـوت بمـژێ
سـەیرە مـن تـۆم نـەدی خوێنـم دەڕژێ
تـا فیـدای تـۆ نـەبێ ژیـن یـەکجاری
تـۆ وەدەس چـۆن ئەکـەوی ڕزگـاری؟
بـە کـەمی مـەگرە ژیـانی بـە ئـەوین
دە ئـەوین دایـە هـەمو تـامی ژیـن
دیمـەنت، هـەردت، هەوارگـەت، ئـاوت
ئـەو چیـای سـەر لەتـەما شـێواوت

پۆلە ئاسك مەلی ئاوارە لە چۆڵ
لاوی داخ بردە لەدەس دوژمنی زۆڵ
کەویە بەفرت لەنواڵەی کوێستان
دارو بەردت، هەموجێت، کوردوستان
بانگ ئەکەن ئیمە ئەبێ سەربەست بین
لەش ئەنێژین، ئەمرین، دەربەست نین
نابەزین، ئێمە ژیان وەرئەگرین
ناسرەوین، ئێمە ئەبێ سەر بکەوین
خائنت با لەتۆ ڕو وەرگێڕێ
خۆی بەدەس دوژمنی تۆ بسپێرێ
سەری شۆڕکا دژی تۆ تێکۆشێ
بۆبژیو خوێنی شەهید بفرۆشێ
سەری پێدەشت و دەمی کێو پارە
سەر لەبەردان کوتێ ئەو پەتیارە
بەرژەوەندی نەبێ، ویژدانی نەوێ
نەسرەوێ ڕۆژو شەوێ دانەکەوێ
چارەنوسی تۆ بخاتە ژێر پێ
چارەنوسێك کە بەبێ ویش هەردێ

تۆ بسوتێنی، بەمن پێ بکەنێ
قوڵکە بۆ ناشتنی خۆی هەڵبکەنێ
تۆ بەلاّم هەر هەتە دوارۆژی خۆش
زۆر کوڕی دیت هەیە بۆتۆ بە پەرۆش
کوڕی ئازا کە دەبەر تۆ دەمرێ
ڕێی هەمو فێڵێ لە بیژو دەگرێ
لەمپەری تۆیە لە ڕۆژی تاڵی
هاودەمی تۆیە دەمی خۆش حاڵی
تێك دەدا کەندو کوڵۆو کۆسی ڕێت
جاشی ڕوڕەش دەکەوێتە بەر پێت
گەلی تۆ کاتێ ئەتۆی دی داماو
چاوی سەرچاوە بو، بۆ تۆ پڕ ئاو
خێری بۆ لاوە بو شەڕ بۆتۆ بو
زێڕی بۆ دوژمن و زەڕڕ بۆتۆ بو
ڕاپەڕی دەستی درێژکرد بۆ چەك
کیژ لەخۆی داڕنی گوارەو کرمەك
هاتە ناو سەنگەری خۆ پاراستن
کەوتە بەر ڕێژنی ئاگرو ئاسن

بەرزی کورد پەرچەمی شۆڕش زانی
تۆ بەخوێن دەست بکەوی هەرزانی
وەکو تیرێ لە کەوانت دەرچو
دەدڵی دوژمنەکانت ڕاچو
سەر نەوی بو لەبەرت سەر بزوێن
تەرمی ناپاکی وی ڕامالی خوێن
ڕۆژێ دێ تەم لە سەرانت.بڕەوێ
تیشکی ئازادی لە داوێن بکەوێ
کوڕەکان بێن و لەدەستا گوڵی ئاڵ
کیژەکان تێکەڵی کەن بسك و خاڵ
لەبن ئاڵای تۆ هەمو دەس بگرین
پاکی سارێژ بنەوە کۆنە برین
دەنگ بەرز کاتەوە ڕۆڵەی دڵسۆز:
نیشتمان، جێژنی کوڕانت پیرۆز

۹/۹/۱۹٦۸ز
زینوێ، عێراق
لە ئاهەنگی ۱۱ی ئەیلولی ۱۹٦۸ لە گەلاڵە خوێندرایەوە
مانگی خرمانانی ساڵی ۱۳٤۷ی هەتاوی

# " کاڵە "

جوتێ کاڵەم هەبو ساڵێ لەچەرم
تیسکن و تای یەك و ئەستورو گەرم
سفت و بێ گنج و گرێو لێك و لەبار
شلك و بێ مەنفەزو بێ هەنگ(١)و نەرم
لوت قوت و پانیە بڵێندو ڕەنگ خۆش
کەولی شێرێ بو لە ڕۆژی خەتەرم
لێو بە گژ نیژو سەری پەنجەدار
کوڕی گووەندو شەریکی چەپەرم(٢)
سوك و بێ هەست و لە هاتو چۆدا
خۆم بەوە هەستم ئەکرد بەختەوەرم
لە چیاو ڕژدو هەڵەت چنگوڕکی
گیر ئەکرد بێ ئەوە بێڵێ بلەرم
بەن لەموی بزنی سپیو ڕەش تێکەڵ
وەکو ئاوریشم ئەهاتە نەزەرم

---

١)- هەنگ: هێندێك جار لەسەر پشتی ڕەشەولاخ کونێك لە چەرمەکەدا ئەبێو کرمی لێ **دێتەدەر** بەو کونە ئەڵێن هەنگ.٢)- چەپەر: سەنگەر.

بـەو بەنـە گـرژو درێـژە دەم بەسـت
هـەر لـە گوێزینگـەوە! تـاکو کەمـەرم!
کـە لـەپام تونـدم ئـەکرد بـۆ ڕێگـە
دڕك و داڵ حـەددی چبـو بێتـە بـەرم
خـەڵکی ئـەو نـاوە لەبـەر قۆچـاغی
هـەرچی ئـەی دیـم وەی ئـەزانی تەتـەرم
دەرەوەی توکـی وەکـو مەخمـەر بـو
ناوەکـەی لـوس بـو وەکـو پێشمە سـەرم
تـا ئـەوانم هـەبو بـێزم نـەدەهات
نـاوی هیـچ چەکمـەو پوتینـیێ بـەرم
وەختـی ڕێگـا وەکـو پێـلاوێ لـەپام
کـاتی خـەو دەبـوە سـەرینێ لەسـەرم
ڕوی نـەبو چەکمـە لـەپا بـێ بـۆلام
گەربهاتایـە بـە تەقیـەو بـە شـەرم
وەکـو ئـەو کاڵەیـە نـەم دی ئیـتر
ئـەو حـەوت سـاڵە کـە مـن دەر بـەدەرم
شۆرشـی کـرد لەگـەڵم خۆشـم ئەویسـت
نـەك بڵـێی مـن بـە سروشـت وا لەچـەرم

تا شە بەردێکی دڕو بەد فەڕو تیژ
ئەوی کون کردو لەتی کرد جگەرم
ئەو کە بەو جۆرە لەدەستم بۆوە
ڕۆژ بە ڕۆژ زۆر ئەبێ دەردو کەسەرم
هەر لەبەر حورمەتی ئەو من پاش ئەو
لە هەمو کاڵە ئیتر بێ خەبەرم
شینی ئەو کاڵە تەواو ناکەم قەت
سەد وەك ئەو نامە بمێنێ ئەسەرم
هێشتە هەر بیری ئەکەم یادی بەخێر
لێم جیابۆوە ڕەفیقی سەفەرم

١٩٧٠/٢/٢ز، ناوپردان، عێراق
١٣٤٩ی هەتاوی

# " بزە "

نازانم بۆت لە چی بدوێم    هەروا لە شتی جوان دەگەڕێم
لە مانگ، لە ڕۆژ، لە ئەستێرە    لەشتی بەرچاو لەوێ، لێرە
هەرجیێە زەنوێرو بەرزە    ئەوی زۆر دڵگرو تەرزە
لە وەنەوشەی تەڕی بەهار    لە خونچەی سەر چڵۆکی دار
لە تروسکەی ئاوی هەڵدێر    لە وێنەی مانگی ناو ئەستێر
لە ئاونگی سەر پەلکی شین    کە بەشنەی با دێتە لەرین
لە گوڵ لە پێکەنینی گوڵ    لە بولبول کە بۆی دێتە کوڵ
لە هەنیەی سێو قەتارە    لە لاجانگ و ورشەی گوارە
لە ڕوی ناسکی کچ کە بڕێ    لەشەرمان سور هەڵدەگەڕێ
لەو مەمکەی لەناو باخەڵ دا    هاتوە سەر لە کراسی هەڵدا
لە نێو قەدی شل و نەرم    نەرم و شلی باوەش گەرم
لە بەنجەی وەك تیشکی هەتاو    شوێنی بازن تۆزێك قوپاو
لە ڕەشانگی پینە پینە    کە کەو لێی دەکەونە چینە
لە قەڕەنفلی ناو پەرژین    لە یاقوت لە پیرۆزەی شین
هەر یەك چەشنێ جوانن لەلام    جوانی تریش زۆرن بەلاّم

وتەی من قەت نەبو بەجوانی دەرچێ
دەپشکێ
گلێنەم ھەر لەناو گڵ دایە
ئەوەندەم داخ لەدڵ دایە وەکو دارم
دەسوتێ
لەدڵ نادێتە سەر زارم



ئـەو خاڵـەی لـە کوڵمـەی زێـوت خلیسـکا بـۆ سـوچی لێـوت
تـو ئـەو ئاوێنـە ڕاگـرە بـەمن لـە هـەموان جوانـترە
ترسـم هەیـە تـێ ی ڕامێنـی دەگـەڵ بـزەت بـی بزوێنـی
دەغیلـت بـم بـا هـەروابێ نـەوەك لـە وێـش تلاسـابێ
گوڵـم ئاوێنەکـەت دانـێ
بـزەی تـۆ گەمـەی نـازانێ

١٩٧٢/٣/١٥ز
عێراق، گوندی دێڵزە
مانگی خاکە لێوەی ١٣٥١ی هەتاوی

## "گەزوڕبە"(١)

ئەڵێم ئەوجار ناوت بێنم — ئەوجار ئەڵێم بتناسێنم
پەردە لە چرو چاوت لادەم — بەڵکو ئاوا بەنت بادەم
کەوڵت ئاواژو کەمەوە — سەری بەڕەی هەڵدەمەوە
لە ڕابردوت لە ئاکارت — لە سوێندی پارو پێرارت
لە پەژارەو تێ گیراویت — لە دامان و سەر سوڕماویت
لە قێڵت لە لایی لاییت — لە شوێنە ونکەو دولاییت
لەو زەبرە کە پێی ئەتاسای — مەرگی لە تەنیشت دا ئەنای
دیسان ئەوە بەنازەوە — بە خۆت و دۆستی(٢)!!تازەوە
بەرانبەرم خۆت ئەدوێنی — منی "هێدی"ش ئەبزوێنی
خۆمن نە خەوتوم نەکاسم — من تۆش و ئەویش ئەناسم

---

١)- لە ئاخرو ئۆخری ماوەی انتقال دا کە حکومەتی عێراق دوای بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ دای نابو بۆ ئەوە کە حوکمی زاتی بۆ کوردستان تەنفیذ بکا دەستی کرد بە مشاغبەو لە هێندێك شوێن ئاڵۆزی و استفزازی ئەکردو لەگەڵ ڕوسیاش پەیمانی عەسکەری بەستبو دیار بو ئەیویست بەڵێنەکانی خۆی لەگەڵ شۆڕش بخاتە پشت گوێ شیعری "گەزوبە" بەوبۆنەوە یەولە ڕادیۆی کوردستانی عیراق خوێندرایەوە: ١٩٧٤

٢)- حکومەتی عێراق بۆ ماوەی پازدە ساڵ پەیمانی نیزامی لەگەڵ ڕوسیا بەستوە.

ئەو دڵ ڕەشە دەس چڵکنە	چیرۆکی وی لەلای منە(١)
ساڵانیش کەوا خۆت ئەنواند	وەرەزی خۆمان پێك دەشکاند
بە نیوەرۆو نیوە شەوێ	کوێ حەستەم بو دەچوینە وێ
سەر هەندرێن، زۆزك، سەفین	سەر گۆیژەو پیرس و مەتین
وابو تۆ بڕت نەدەکرد	لەگەڵ من دەرت نەدەبرد
لەبەر ئەوە بە ئەسپایی	دەکشایەوە بۆ دەشتایی
گوڵمەزمان دەبردە دەشتێ	لەوێش دەستم دەت گەیشتێ
دەشێوایو پەستا پەستا	هاوارت لەدو هەڵدەستا
کوێرە ڕێیەکت دەدییەوە	بەوێدا خۆت دەدزییەوە
هەر لە چەنگم ڕزگار ئەبوی	دەربەست سەرماو گەرما نەبوی
درکی ڕێ بە پێتدا دەچو	بەلام تۆ لەلات هیچ نەبو
ئەگەر لەناو ئاگری سور بای	پێت خۆش بو، هەر لەمن دوربای
ڕێگەت ئەبڕی بە شپرێوی	شەو ڕەویت ئەکرد وەك ڕێوی
خۆت داویشتەوە ناو تەلار	ناو کۆشکی هەزار بە هەزار
دەستت ئەکرد بە قسەی زل زل	تاوانت نە دەگرتە مل

---

١)- یەکیەتی سۆویات ساڵی ٢٠ هەتا ١٣٢٤ی هەتاوی لە ئێران پشتێ کۆماری مەهابادی **گرت** و دوایی بەڵێنی نەفتیان پێداو پشتی بەردان و لە نە تیجەدا زۆر لە نیشتمان پەروەران لە سێدارە **دران.**

دەست و پێوەندو موچە خۆر    لە ڕەنگ و شکڵی جۆر بە جۆر
دەستیان ئەکرد بە هاتو چۆ    دڵسۆزی‌یان دەرئەبڕی بۆ تۆ
دەستیان بۆ لە ئەستۆ دەدای    دیسان پاڵیان پێوە دەنای:
-خەمێکی زلە ئەو خەمە    خوێنیان بخۆی هێشتا کەمە
قوربان ئەو لە کوێ تۆ لە کوێ    ئەو چۆن لەگەڵ تۆی پێ دەکرێ
سێ چوار کەسن بونە چەتە!!    بچۆ بیان گرە فرسەتە
سەر لەنوێ شانۆت پێك دێنا    هەر چەکی هەت بو دەت هێنا
هەر چەند خۆت تاقی کردەوە    هەر دۆڕایو نەت بردەوە
زۆرت یەخەی خۆت دادڕی    چەك بیرو باوەڕی نەبڕی
لە پاش ئەو هەمو چەوتی‌یە    من هیچم لە دڵدا نی‌یە
من کوڕێکی مەردو ڕەندم    من بە بەڵێنم پابەندم
خۆم دەخوارەبا ناگرم    بۆ لێ قەومانیش ئاگرم
من ئەڵێم باشی(١) بپێوە    بەشداری تر بەشی پێوە
بەشی خۆت هەڵگرە بۆخۆت    هەتا تۆ ماوی بەسە بۆت
بەشی منیش با ئی من بێ    حەزناکەم بە خوێن ڕشتن بێ
چ زستان بێ چ بەهار بێ    ئیشی هەردوك لامان دیاربێ
لە دروێنەو وەردو شێوێ    ئیتر سەرمان لێ ناشێوێ
یەکمان بۆ نیسك و نۆك چاندن    یەك بۆ وشتر لەوەڕاندن
ئێمە کە ئاوماڵ بین نابێ    شتی وامان لە ناودا بێ

---

١)- عیراق لە دو نەتەوەی کوردو عەرەب پێك هاتوە، کە کوردیش لەو وولاتەدا شوێنی دانیشتن و مافی ژیانی هەیە، کەس بۆی نی‌یە گوێی لێ باخنێ.

من مارمێلکەم پێ خۆش نییە!! بابۆتۆبێ قەیدی چییە؟
لەسەر ئەو دەشتە نەرمەڕا لەسەر ئەو هەمو ڕەڵمەڕا
حەیفە تۆ بەو قاچە جوانە بێیە ناو ئەو بەردە لانە
من لێرە ئەی کەم بە هۆهۆ تۆش لەو خوارە وەرەو بچۆ
تۆ دانەوێڵەش نە چێنی خۆ باشە مەشکێك ئاو دێنی
دروێنەو پاراوی توتن برینەوەی خوریو بەرگن
گێرەو شەن و بێڵ وەشاندن بەڵمی چەڵتوك هەڵتەکاندن
هەموی خەمی من بەمەرجێ تۆش فەرمانی خۆت بێنیە جێ
ئازابی لە ڕاوی کولۆ نەهێڵی بێنە ناو پەمۆ
ئێمە پێکەوە تەبابین چاو لەدەستی هیچ کەس نابین(١)
لەوهەڵە کەڵك وەرگرە یەکیەتی شتێکی ترە
وا ئیتر قەت وێلك ناکەوین بۆ شاییو شین برا دەبین
لە کەری شەیتان وەرە خوار با دەس لەناو دەس نێین ئەوجار
"لیلی"ی(٢)من و "یالەیلی"(٣)تۆ بابگرن جێگای "برا ڕۆ"
تۆش لەسەر پێودانی زوت هەرمشت و ماڵ دەکەی گەروت
خۆت لە خواردنم هەڵ دەکەی دیارە چاوەڕێی هەل دەکەی

١)- عیراق کە وولاتێکی دەوڵەمەندە بەهۆی دەرخستنی نەفتەکەیەوەو نفوسیشی کەمە لەبەر شەڕی کوردوستان وای لێ هاتبو پارەی لە کوێت و وولاتە عەرەبییەکانی خەلیج قەرز دەکرد کە مەسرەفی ئەو شەڕە دابین بکا کە خۆیان بەسەر کوردیان دا سەپاندبو.٢)- لیلی: گۆرانی فۆلکلۆری کوردە.٣)- یالەیل: گۆرانی فۆلکلۆری عەرەبە.

هـەر گوتـم ئـەوڕۆ تـا سبەی — تۆش پەی بە کارەسات دەبەی
بـەڵام ئـەو ڕۆژە هـەر نـەهات — ئـاوەز(١) ئەڵێی زیرە لـەلات
ئەوی گەل ویستی تۆ نەت ویست — چەندی من گوتم تۆ نەت بیست
شیری چەورت هێند خواردوە — خـۆت زگـە ڕۆ فـێر کردوە
ئێستاش چی ئەکەم تێر نـابی — بـەڵام تاکـەی ئـەبێ وابـی؟
خۆ کاکە گەروت ئاش نی‌یە — پـاروی زل ئـاخر بـاش نی‌یە
پێتـو دەقوڕگـت بمێنـێ — لەوانەیە بـت خنکێنـێ
مـن دڵسۆزی بو کردم بـۆت — وەباڵی خۆت بە ئەستۆی خۆت
لەسـەر ئـەو بیرو ڕا کۆنـە — کـەمن بـاش ئـەزانم چۆنـە
ئـەزانم ڕۆژێـك لـە ڕۆژان — برینـت لـێ دێتـەوە ژان(٢)
ژانێـك کـە پێتـو بنگـرێ — بەهیچ کەس چارەت نـاکرێ
جابۆیە گـەر بـەمن ئەکـەی — واباشە خـۆت فریـو نـەدەی
بە خۆت و قەمەی ژەنگاوی‌ی — خۆت مەخە سەختی‌و تەنگاوی

ئیتر پـێ لـە ئـاگر مـەنێ
بـەو"گەزوڕبـە"ت نـادەنێ

عیراق، گوندی دێلزە،١٩٧٢/٤/٤ز
مانگی ڕەزبەری ١٣٥١ی هەتاوی

١)- ئاوەز: ئەقڵ ، تێگەیشتن. ٢)- حکومەت خۆی ئالۆزی‌و ئـاژاوەی ئـەناوە ئـەی ویست شەڕ دەست پێبکاتەوە، ئەویش بە پشتیوانی یەکیەتی‌ی سۆویات کە پەیمانی عەسکەری‌ی لەگەڵ بەستبوو چەکی ئەدایە.

## " نەخۆشی ژنان "

کابرایەك بۆ دەس نوێژ دەچو
پیرێژنێکی دی لە ڕێدا
هەر چەند کە زۆریش تەنگاو بو
ناچار هەروا کە ڕادەبرد
ڕاش نەوەستا لەسەر وەڵام
هاتە پێش گوتی ببورە
دوکتور بە منی ئەسپاردوە
پێی گوتوم کەکەس بدوێنم
کز دەبێ ڕوناکی چاوم
دوای ئەوە سوار دەبێ پشوم
ژان لەسەرم بڕواتە دەر
جا مەبەستم دڵی تۆیە
ئەگەر کەسێك ڕووم تێدەکا

ئیشی زۆر بە پەلەی هەبو
ئەویش ڕادەبرد بەوێدا
چونکە پیرێژن ناسیاو بو
سەبرێك سەلاوێکی لێ کرد
پیرێژن یەخەی گرت بەلام
براکەم نەقڵی من دورە:
من تەرکی قسەم کردوە
بەرز ئەبێ پلەی خوێنم
تێك دەچن دڵ و هەناوم
دەکەونە ژان سینگ و گەروم
کۆخەڕەشەم دەگاتە سەر
من ئەو دەردەم لێیە بۆیە
وەك تۆ سڵاوم لێ دەکا

ناوێرم خولاسەی کەلام
بڵێم "وە علیك السلام"

کەرەج،١٣٥٨ی هەتاوی
١٩٧٩ ز

# " پێشمەرگەیەك "

نیوەڕاست مانگی هاوینە    هەتاو تا بڵێی بەتینە
خۆر بە ڕودا لێی کەوتوە    زەوی لە باوەش گرتوە
خیزی ڕێ وەك پۆلوی ئاگر    داغ بوە، بگرە لەو چاتر
ڕۆژ لە عاسمان بەر بۆتەوە    لەو ناوچە خۆی گرتۆتەوە
لەبەر گەرما، تۆزو غوبار    ڕێی نی‌یە چی‌تر بێتە خوار
هەرچی گەڵیی لەو ناوەیە    وەك دیزەی سەر نراوەیە
جەبهەی ئێمەش وا ویشکەڕۆ    ئیتر لێی هەڵدەستێ بۆ سۆ
بێجگە لە گەرمای سوتێنەر    ئاگریش دەڕژێتە سەرسەنگەر
نوزەی گوللەی تۆپ و تفەنگ    هەردو بۆی هێناوەتە دەنگ
ئەو پێشمەرگەی لەو جەبهەیە    تەنیا دو ئاواتی هەیە
یەك "دوژمن لەناو بردنە"    ئەوی تر "لێو تەڕکردنە"
مستێ ئاو خوێنی سەد کەسە    تەنیا ئاوت هەبێ‌و بەسە
هەیەو نی‌یە یەك کانی‌یە    ئەویش لە ڕوکار گەڵی‌یە
لەوبەر جاش و عەسکەر زۆرن    جاشك تۆرن، عەسکەر بۆرن
تیرەی تریشیان لەگەڵە    بۆ پارە کەوتونە تەڵە
شوێنی کانی‌یەکە پەسیوە    لە هەردوك لامان نەدیوە
مایەی ژینی هەردوك لایە    بۆ هەردولا وەك یەك وایە
ڕێگاشی دورو هەڵدێرە    زۆر لاپاڵ و سەرەو ژێرە

| | |
|---|---|
| ئەو ڕۆژەش هەروا گەرما بو | تەقەش تاوێك بو وەستابو |
| دو سەعات لەدوای نیوە شەو | تۆپچیەكانیان هەستاند لەخەو |
| پێشمەرگە خزانە ناو سەنگەر | جاش و عەسكەریان دانە بەر |
| ئاگری تۆپی ماڵ وێران كەر | نە جاشی دەهێشت نە عەسكەر |
| ئاگر دە خێوەت بەردەبو | كلاو خود بۆ حەوا دەچو |
| ڕۆژ سەری دەركرد لە ئاسۆ | تۆپی دۆژمنیش كەوتە خۆ |
| هەردوك حەزیای ئاگر پرژێن | جەبهەیان كردە گۆمی خوێن |
| چەند تۆپ دەهات هێندەش دەچو | دوكەڵیان تێكەڵ یەك دەبو |
| بەدوای ئەودا زۆر پێ نەچو | فرۆكەی دوژمن پەیدا بو |
| ئیتر هەر خوێن و تەرم بو | شەڕ هێندەی تریش گەرم بو |
| بۆمباو تۆپ لە عەرزو حەوا | زەوی‌یان ئاگر تێ‌بەردەدا |
| هەر لەش بو گۆشتی برژاو بو | مەنجەنیقێكی تەواو بو |
| پێشمەرگە بەرەو پێش دەچون | دەناو تۆزێدا ون دەبون |
| ڕەشاش وەك كەوی سەر بەردان | دەی خوێند بۆجاشی سەر گەردان |

| | |
|---|---|
| نیوەڕۆ دەهات كل دەبو | تەقەش خەریك بو شل دەبو |
| شەڕو ئەویش ڕۆژی ئاوا | گشت ئەگەڕان بەدوی ئاوا |
| تۆپچی لێوی خۆی هەڵ دەملیست | هەرچی دەتدی ئاوی دەویست |
| قوم قومو كە كەوتن لەوێ | كێ مەتارەی ویشكی دەوێ |

تینو بون یەك لە یەك پتر — مەتار لەوان دەم ویشك تر
هەمولایەك کردیان بە قاو — کێ ئەتوانێ بچێ بۆ ئاو؟
یەکێ مێرد منداڵی چڵکن — هاتە پێشی گوتی: ئەمن
گورجێ ئێستریان دایە دەست — تەنەکەو تێریان لێ هەڵبەست
غەدارەکەی کردە شانی — ڕێگەی داگرت بۆ سەر کانی

شل بون هەنگاوی هاتو چۆ — کات دەرۆیی بە کاوە خۆ
شەکەت و سەخڵەت و تینو — گەرماش سەرباری هەموان بو
چرکەی کاتژمێر هێدی بو — ئەویش ڕۆژی وای نەدیبو
چاومان بریوە ڕێی کانی — هەر نەبڕاوە چاوەڕوانی
هەر چەند سەرمان دێناو دەبرد — دڵمان هەر بەوە خۆش دەکرد
فەرهاد دێتەوە ئاو دێنێ — هەر کەس مەتارێك دەڕفێنێ
لە پڕ ئێسترێك هات بەغار — بەلام بێ کورتان و بێ بار
فەرهادیشی لەگەڵ نییە — ئەی خوایە ئەمە چییە؟
ئەبێ فەرهاد هەڵ دێرابێ — ئەبێ جێیەکی شکا بێ؟
بەسەر بۆسەدا کەوتوە؟ — توشی جاش و عەسکەر بوە؟
هیوایەك هەبو ئەویش مرد — پرتەو بۆڵەیان دەست پێ کرد

کـاکل لـە تینـوان چرژابـو لـە گـەرمان ڕەش هەڵگـەڕابو
لـەبن بـەردێ پـاڵی داوە وتـی: چـی لـێ نەقسەوماوە
لـەوێ خـەوی لـێ کـەوتوە ئێستریش بـەر هـەڵدا بـوە
کـاری فـەرهاد خـۆ بواردنـە ئەو کـەی کـوڕی ئیش کردنـە
خـەمێك تـەواو نـابێ ئەگـەر خـەمێکی تـری دێتـە سـەر
کـوڕم دەوێ پـێ هـەڵێنێ هـەواڵێکی فـەرهاد بێنـێ
هـەر ئـەو سـەیری ئـەوی دەکـرد تێکـەڵ دەبـون سـەرنجی ورد
کـێ هێنـدەی هـێز تێدامـاوە بـەو بـێ ئـاوی‌و سـورە تـاوە
سـەعات و نیوێـك ڕێ بـبڕێ هێنـدەی تریـش ئـارەق بسڕێ
بـەلاّم ڕۆژی لـێ قـەومانێ پێشـمەرگە وەسـتان نـازانێ
دوکـەس لـەولا هەسـتانە پـێ سـرتێکیان کـردو کەوتنـە ڕێ
گشـت ئاوڕیـان لـێ دانـەوە ئـەی خۆزگـە زو هاتبانـەوە
ئێسـتریان هێنـا سـەر لـەنوێ ئـەوانیش چـون لـەدوی چـوێ
تـازە چـەند هـەنگاویان نـابو ڕەشـاییەك لـەدور پـەیدابو
تێکـڕا گوتیـان ئەمـە چیـیـە؟ ئـەرێ ئـەوە فـەرهاد نیـیـە؟
یـەك دەیگـوت فـەرهاد خۆیـەتی ئـەوێ ڕێی هـاتو چۆیـەتی
ئەو دەیگوت: فـەرهاد هـەر نیـیە ڕێبوارێکـە داخـوا چیـیـە
یەك دەیگوت: فـەرهادی کوێیە ئـەو لـە کـوێ ئێستری پێیـە؟
ئـاخر چیمـان کـردو کرانـد هیچمـان لـەوە هەڵنـەکڕاند

دو چاروێ زەلامێك لە دو
زەلامیش وەك فەرهاد دەچو

کەم کەم دەهات ماندو بن چاو
ڕەشایی هاتە پێش تەواو

ئیتر لە ڕاست و چەپەوە
هاواریان کرد: هەوە، هەوە

ڕەوین گنجی ئێوان برۆ
پشو هاتنەوە سەرە خۆ

یەك جێ بۆلای فەرهاد خزین
هەمو هاتن لێی داوەرین

قلپەی ئاو ئەویش ڕۆژیوا
مۆسیقایەکە دلێ دەبا

کێ لەپی دەستی تەڕ دەبو
دەسەرو چاوی هەڵدەسو

بەلام لەو دەمەدا کوڕ گەل
لەبەر تەنگاوی‌و پەلە پەل

نە پەرژان فەرهاد بدوێنن
سەرێ لەوکارە دەر بێنن

خۆی لەدوای ئاو دابەش کردن
وچانێکی هێنا کن من

کە دانیشت بڕێك حەساوە
نەقلەکەی ئاوا گێڕاوە

کاتێ کەبۆ سەر کانی چوم
ڕۆییم لە بستو ئاوا بوم

هێشتە مابوم بۆسەرکانی
دەورو بەری خۆمم ڕوانی

لەولای گەلی دو ئێستر سوار
بۆ سەرکانی دەهاتنە خوار

زانیم جاشن یان عەسکەرن
ئەوانیش هاتون ئاو بەرن

لێك دور بوین بەلام دەم زانی
تێك هەڵدەنگوین لەسەر کانی

ڕوی تێ کردم فکرو خەیاڵ
هەر ئەو جێی بەو دەکرد بەتاڵ

چ بکەم؟ بڵێی دەرفەت بێنم؟
دەستێکیان لێ بوەشێنم؟

چ بکەم نەهێڵم بێنە دەست؟
چۆن خۆم دامەزرێنم بێ هەست؟

نێچیر هاتۆتە بەر دەستم     هەڵ دەفڕێ ئەگەر ڕاوەستم
لەولاش چاوەڕوانی منن     بەهیوای دەم تەڕکردنن
وا هات و لەبەختی چەوتم     لەو کارەدا سەر نەکەوتم
سەرشۆڕ ئەبم لەلای ئەوان     گاڵتەم پێ دەکەن بەهەموان
گەل، ناسکە مساوە کەمە     ئەو دو دڵیە چیە هەمە؟
نابێ ڕەقەی ڕێ داگرم     ڕێی ڕاست بگرم و ڕابرم
نەوەك ئەوانیش بخەفتێن     ئەوان بەر لەمن وەدەست بێن
ئێسترم دەنگ دا بەرەو ماڵ     ئەوم ناردەوە بە چوار ناڵ
خۆشم دا گەڕام بەرەو خوار     خزیمە ناو تەڕاش و دار
من بەر لەوان بە هاسانی     خۆم گەیاندە نیزیك کانی
لەناو تەڕاشێ دامەزرام     گەلاّ تەنی بوی هەر چوارلام
پەلەم زۆر کرد کەچی زو بو     من ماندوییشم دەر چوبو
تازە لەو لاوە جوتە سوار     گەوەو گەوە دەهاتنە خوار
لێم نزیك بونەوە کەم کەم     کردم ئەوەی دەبو بیکەم
غەدارەکەم هێنا سەر پێ     ناش زانم چۆنم بۆ دەلوێ
هاتن هەتا گەیشتنە جێ     بێ وەی ئاگایان لە هیچ بێ
یەکیان جاش بو یەك عەسکەر بو     کلاّو خودێکی لەسەر بو
هەر گەیشتنە سەر ئاوی سارد     تفەنگیان لەوێ هەڵ پەسارد

ێســـتریان لـــەدار گـــریێدا رەخـــت(۱)و پشـــتێنیان فـــڕێدا
بەرانبەری‌یـــەك دانیشـــتن بەربونــە دەســت و پــێ شوشــتن
بــەڵام ئیتر نۆبــەی مــن بـــو ئەوجار جێی خۆ دەرخستن بـو
دەس ڕێژێکــم کردنــە ســەرێ هــەردوکیانم دانـــە بــــەرێ
عەســـکەر پێوەبـــو بەتـــەنێ هــەر پــێی نــەکرا ڕاش بچــەنێ
جاشیش بۆ لای تفـەنگ هـەڵات دەهـــات بگـــۆڕێ کارەســـات
بــەڵام مــاوەی ویشــم نـــەدا خســـتم دەنیـــوەی ڕێگـــەدا
بــە پەلەپـــەل و چـــاوە چـــاو دەفرەکـانم پـڕ کـرد لـە ئـــاو
بەوگەرمایـــە مـــاندو مجـــڕۆ هــەردوك ئێســترم دا پێـش خـــۆ
لـەوێ مـان کـەلاکی بـێ گیـــان ئــەوەش تفــەنگی هــــەردوکیان

بـــەڵام ئەگـــەر ڕاســـتت دەوێ دڵــم بــاش لــێی دەدا لـــەوێ
چونکـــە ئـــەو خـــۆ داگرتنـــە هـــــەوەڵ تێکـــــەوتنی منـــــە
کـــە هـــاتم مـــانگێ لەمـــەو بـــەر ڕێیـان نــەدام بچمــە ســـەنگەر
وتیـــان ئـــەبێ شـــارەزابی جـــارێ تــۆ بــۆ ئــەوە تـــابی
کـــاتێ حوکمـــی بەعســـی زاڵـــم زانکۆیـــان دا بـــەر ناپـــاڵم
هەواڵـــەکانی منیـــان کوشـــت خوێنی "شوان"و"سەروەر"یان ڕشت
مزگـەوت و زانکۆیـان ڕوخـــاند هێلانـــەیان لێمـــان شـــێواند

۱)- رەخت: فیشەك دان.

"قەلاّدزێ"یان کرد خاپور      شەقام پڕ بو لە خوێنی سور
هەر ئەو ڕۆژە بە برینداری      منیش دەرکەوتم لە شاری
شەرتم کرد لەگەڵ خوای خۆم      ئەو ڕێیەی بگرم و بڕۆم
هەتا پشوم دێتە وەستان      چەك هەڵگرم بۆ کوردستان
هەر ناکەسێ دژی مەیە      قەت بەزەییم پێ‌ی‌دا نەیە
پێشمەرگێکی گوێ لە مست بم      تا هەم کوردستان پەرست بم
ئێستەش گوێم دەزرینگێتەوە      ئەو وتەم وە بیر دێتەوە
"سەروەر"دەگیان اللە دابو      دەستم دەناو دەستی نابو
دەگەڵی دەدوام جارو بار      فرمێسکیشم دەهاتە خوار
چاوی هەڵێنا منی دی      بە ئارامی وتی "هێدی"

"نە بگری نە خۆت ڕاژێنە"
"برابەو تۆڵەم بستێنە"

**مانگی ٧ی ١٣٥٣ی هەتاوی**
**عێراق، دێلزە، باڵەك**
٢٥/١٠/١٩٧٤ز

# " شینی هەڤاڵان "

ســاڵ و مــانگ دێــن و بەلــەز تێدەپــەڕن
مــەلی سەربەســتن و تیــژ بــاڵ و پــەڕن
لــە گــەڕانی زەوی ســەر گــەردانن
نۆبــە دەگــرن لــە ســەری‌و نــازانن
کــێ لـە ژێـر سێبەری وان سـەر دەکـەوێ
کێ‌یــە ڕۆژی وەکــو تاریکــە شــەوێ
کێــن هــەژاران ئەخەنــە بــەندو داو
چیــە تــاوانی گــەلانی دامــاو
چڵکــە هــەورێ کــە بــەری ڕۆژ ئــەگرێ
بــە پشــوی بــا لەبــەری لا ئــەدرێ
دوکــەڵی گونــدو چیــای ســوتاوە؟
یــان هەناســەی کــوڕی بــاب کــوژراوە؟

نەشـــەوان گـــوێ ئەدەنـــە شـــینی کـــەس
نـــە بـــەڕۆژ ڕۆژیـــش ئـــەڵێ تـــاوان بـــەس
ســـورو خـــول خواردنـــی چـــەرخی کۆنـــە
وەرە بڕوانـــــــە بزانـــــــە چۆنـــــــە
بـــە هـــەمو ڕەنگـــەوە خـــۆی دەنوێنـــێ
قـــەت لەســـەر ڕەنگـــی بـــەرێ نـــامێنێ
گـــەڕی دیلانـــە دەگـــۆڕێو دەگـــەڕێ
بۆکـــی ئاواتـــە، جـــوان هـــەڵ دەپـــەڕێ
داخەکـــەم ئـــەو خەڕەکـــەش وەك جـــاران
دەگـــەڕێو هـــەر لـــە دژی بێچـــاران:

# " بەهار "

بەزەیی دێ بە هەتیو هەوری بەهار
ڕێژنە بارانێ دەڕێژێتە خوار
شین دەکا بەرزو پەسارو داوێن
هەڵ دەدەن تولە نەمام و لاوێن
قەترە ئاونگی گەڵای کشتوکاڵ
ڕون ئەبن هەروەکو چاوی قەرزاڵ
مێگەلی تێرو تەسەل لێرو لەوێ
دێن و شاڵاو دەبەنە بەردە خوێ
گەورە ساڵ گۆشتن و پۆشتەو بەبەزن
تازەزاو گۆچ دەگرن هەڵدەبەزن
دەبنە دەستارو پنەی پان و بەرین
دوگی ئەستێورو سینگی پارین
زوو لە دەشتێ لەوەڕ ئەکرێن بۆژە
ڕان ئیتر ڕووی لە قەدو بەر ڕۆژە
ڕێ لە ڕادان دەگرێ بەر لەشەوێن
شوانی ماندو کە گرێی دا دەس بێن
قەرە هەر داسی کوڕو کاش دەسوێ
حەزدەکا شینکە لەسەر بەرد بڕوێ

خۆش دەکا دو سەرە ڕێی هاتوچۆ(١)
ئاوی باران لە قەفی گەنم و جۆ
حەوشی کۆشك لە گوڵی دەس چێن پڕ
فڕی داوێنە گوڵی ڕژدو چڕ
کورتە بالایە وەنەوشە مۆنە
چدەزانێ سەری بیزا چۆنە
لای‌لایی شەوە خرمەی باران
بەستەیە بۆ دڵی شەو بێداران
خوس دەبا گەر نەوی‌یە گەر بەرزە
دەزەلێن شێو بەیار دووەرزە
کەچی لافاو وەکو دەستی زۆردار
دێو لەبن هەڵدەکەنێ کۆخی هەژار
تاوەخو دێتەوە چاو هەڵدێنێ
خانوە قورماویەکەشی نامێنێ
ئاوی سێلاوێ دەنیشێ کەم کەم
وەرە بڕوانە دەبینی ئەو دەم
چی بەبارانی پەڵەی دێراوە
وەکو برژانگی هەتیو تێر ئاوە

١)- باران کە ئەبارێ جارێك لە سەرڕا بە گوڵ و قەفی گەنم دا دێتە خوارو ئەچێ لە زەویەوە جارێکیش لە زەویەوە دەغڵ ئەیخواتەوەو بە قەفە کاندا تڕێ ئەپەڕێتەوە بۆ سەرێ ئە بێتە دو جار.

# " هاوین "

مـۆره هـەروا دەچـەقێ سـێ(١)و چـوار
تەختەنـەرد هـەر دەگـەڕێ وەك پـەرگار
تـاوی هـاوین وەکـو گـەنجی بـێ بـن
دێ کـە دابـەش بـێ لـە دۆسـت و دوژمـن
تیشـکی زێڕیـن دەگـرێ بـەرزو نـەوی
سـەری زێـڕ کفتـی گـەرم دادێ زەوی
هـەر کـوێ حەسـتەم و دوره تـاوێ
پـەڕی ئاواڵەیـە پرشـنگ داوێ
سـەر دەکێشـێ لـە کونـی کۆشـك و تـەلار
سـرتە دەدزێ لـەدەمی دو دڵـدار
هیچـی لـێ ون نیـیە هـەرچی جوانـە
شـانە، تـا بازنـە، تـا پاوانـە
وەك دڵـی گـەنجی ئـەویندار بەبـەهار
گەرمـە هـاوینێ لەشـی ڕوت و هـەژار
بـاغ و بێسـتان و ڕەزی کـرچ و کـاڵ
بـە هـەتاوو بـە شـنەی پـیره شـەماڵ

١)- ساڵ چوار کەش و هەر کەشەی سێ مانگە کە ئەکەونە سەر تەختە نەردی زەوی کە هەمیشە لە گەڕان دایە.

ڕەنگی ساوایی دەگۆڕن دەگەنێ
سێو بە ڕوی توکنی بێ پێدەکەنێ
دار دەڕازێتەوە وەك بوکی سور
بەندەکی میوە دەکاتە بەر مور
دایکی دڵسۆزو قژ ئاڵۆزی تری
کۆرپەڵەی شیرنی دەباوەش دەگری
باری لێ قورس ئەبێ داری ئاوس
چەتر ئەنگێوێ ئە بێتە تاوس
بە نەزەر هەرمێ سنوری دەشکێ
دەس لە شاتو بدەن ئابڕوی دەتکێ
بە مەمەی زەردەوە دەیکەن بە گرۆ
سینگی نارنج و بەرۆکی لیمۆ
لاکەون پەلکی هەنارو هەنجیر
پەردە نامێنێ لەلای جوان و پیر
سیکەرۆ بێ منەتە لق بلەقێ
هوڵو نامەردە زراوی دەتەقێ

قەرەڵو ناکرێ دەرچن ڕەش و ڕوت
دە گەلای شین دەخزێن تاق و جوت
شۆڕەبی گەر لە بەرو بۆن بەرییە
سێبەری وی وەکو باڵی پەرییە
خشڵی زێڕی هەیە گیلاس دیارە
بۆی هەیە ناز بە پەرەنگی گوارە
هەر سپینداری ڕەبەن هیچی نیە
قوژبنێ دەگرێ لەجێی نۆبەچیە
سەری جوت بەندە لە ئیشدا قالە
دوێنی جوتێر بوە ئەورۆ پالە
دەغڵ و دانی دەگەنێ دێم و بەراو
وەردی هەر ماوەتەوە نیوە تەواو
زو دەفریای نەکەوێ جۆدە پەڕێ
دەبێ چی ئیشی ترە لێی بگەڕێ
جێی ورینگە دەگرێ ئاخ و داخ
باوی دێ داس و هەسان و کەڵەشاخ

لایە درۆینەیە لایەك گێرە
سەرەتای کوێرەوەری وەرزێرە
سواڵە گوڵ پەرشە لە جێی خۆی کەبزوت
دانی لێ دەرژێ ئەویش وەك گوڵ ڕوت
گەنمە زەردە کە بەساڵی تەڕەساڵ
ئاوەدانیی بەوە عەمبارو چاڵ
بەرەکەت دەرژێ لەدارو دیوار
نەکەویژ دێتە ژمارە نە تەغار
بەختی ناسازی فەقیرو داماو
نوستوەو ڕۆژێ دەبینی کە هەتاو
سەر دەکێشێ وەکو ڕۆژان لە سوێ
کێ هەتیو بارە شکارتەی دەپوێ

# " پاییز "

گیزه ڵوکەو شەڕە بای پاییزە
ئاشکرا دیارە سروشت لێی زیزە
ڕەنگ بزرکاوە، هەناسەی سەردە
کزە، ئاڵۆزە، بەداخ و دەردە
جێ هەوار چۆڵە لە چیغ و ڕەشماڵ
دەگەڕێن ئێستە لە جێی وان قەل و داڵ
نە گوڕەی شوانە نە توورەی بلوێر
نە بزەی بێری، نە هاوێرو بێر
نە هەوێزە(١) نەتەلانی بژوێن
نەخشەی سایە لەبەر دێ لە کولێن(٢)
نە کوچك(٣) مای نەچرا پاش سێرە
چاو بڕەکێنی دەگەڵ ئەستێرە
سەری سێپەك کە بەرز بو جاران
کەوتوە ئێستە لەبن دیواران
نە زەمەندە نەچیای سەوزو شین
نە چلاو چڵ دەفڕێ مێش هەنگوین

١)- هەوێز: حەوشی مەڕ. ٢)- کولێن: قولینچکی چادر کە تەرخانی ئەکەن بۆ ڕسق دانان.
٣)- کوچك: سێ بەردە لە جیاتی کوانو لە ژێر مەنجەڵی شیردا لە هەوار دای ئەنێن بۆ شیر کوڵاندن و پەنیرو تیژاو کوڵاندنەوە ئاگری تێدا ئەکەنەوە.

نە کچان دانە مەڕی ئێواران
داوەتێکی دەگرن وەك جاران
کپ و بێ هەستە هەوار خامۆشە
جێ هەوار چۆل و چیا ناخۆشە
جاروبار خشپەیە دێو نوزەی با
قانگەلاش دێنێ لەگەڵ خۆی دەیبا
باوی ئاونگ چو لەجێی ئەو سیخوار
نیشتوە تۆزی لە شێوەردو بەیار
پیرە زریان بە کزەی ساردو سڕی
وەك دەڵێن: بەرگی فەقیرانی دڕی
لە تەنیشت هەرکەسەوە ڕادەبڕی
وەکو دو پشکێ چزوی دادەگرێ

*****

پاییزی عومریش ئەوە نیزیکە
ماوەی ئەو ژینە نیە چیدیکە
سەر ئەوە بەفری سپی کەوتە سەرێ
ڕۆژ، گەلای عومریش ئەوە هەڵدەوەرێ

باخچـــه بـــێ ڕەنـــگ و کـــزو ژاکـــــاون
شـــەختەیان گەیوەتــــە ســــەر لـــــێی داون
ســـوره گـــوڵ سیــــە گـــەلای پەرپـــەڕ بـــون
خـۆی کەسـاس دیـوە مژۆڵـی تـەڕ(۱)بـــــون
ســــەردەمێ هــــەرچی‌بو نـــازی ئـــــەوبو
ئــــەوی دڵــــداره نیــــازی بـــــەوبو
گیـــان لەلـــەش دەردەچـــو دەورەی دەتــــەنی
تـــا بـــەدەم ســـروەوە ئـــەو پـــێ دەکـــەنی
ئێســــته تەنیایــــە گــــەلاو پۆپـــــی وەری
بەســـەری نـــاڕۆم ئەگـــەر خوێـــن بگـــری
چونکــــە گـــــوڵ بـــۆوه نی‌یـــە گریـــانی
تەمـــەنی کـــەم بـــو، ئـــەویش دەی زانــــی
ژیـــن هـــەتا ســـەر نی‌یـــە، مـــەرگی دەگەڵـــە
دڵـــپری وی لــــە چـــەپۆکی(۲)خەزەڵــــە

۱)- گوڵ کە گەلاّ سورەکەی وەری گەلاّی شینی سەر نێرتکەکەی وەك مژۆڵ ئەچێ کە خوسی پایز وەك فرمێسك لە سەری ئەتوڵێتەوەو دێتەخوار. ۲)- پنجی گوڵ نەوی‌یە کە لە گەلاّ ڕێزانی پایزدا گەلاّی داری تری بەسەردا ئەکەوێ ئەڵێی چەپۆکی لێ ئەنێ.

*****

بولبولی دەرْ بەدەر ئەجریوێنیْ
هێزی تیْدا نییە بچریکێنیْ
لەرزی لیْیەو بە وتەی بیْ سەرو بن
"شینی ئاواڵی" دەگێڕیْ وەك من
ئەویش ئاوارە بەداخ و کەسەرە
سەد پەژارەو غەم و دەردی لەبەرە
لایەکی داخی گوڵی بابردو
لایە هێلانە بەرەڵلاْ کردو
لایەکی تیری توانج و تانە
لایەکی سەخڵەتی ئاوو دانە
گەردو لوریش لەسەر ئەو حاڵەشڕە
بۆی نە هێشتۆتەوە ڕیْی باڵەفڕە(١)
هێند دژو بیْ کەس و سەرگەردانە
وا کە سیرە بوە بەستەزمانە

١)- لەو کاتەدا کوردی دەرەوەی عێراق چ نیشتەجیْ چ ئاوارە دەرفەتی جولانەوەو چالاکی‌ی نەتەوایەتیان زۆر کەم بو بەدو دەلیل کە یەکیان دۆستایەتی شۆرش لەگەلْ هێندیْ لایەن و ئەوی تر پاراستنی بەرژەوەندی شۆڕش بو کەسەرکەوتنی ئەو شۆڕشە هومێدی هەمو نیشتمان پەروەرێك بو لەهەمو ناوچەکان.

هەرکەسـێ بـۆی بچـێ بـاڵی دەگـرێ
بـە هـەمو جـۆر(١)لەقەفـەز تونـد ئـەکرێ
دەیـەوێ بەسـتە بڵـێو هێنـد پەسـتە
دەبزرکێنـــێ لـــەباتی بەســـتە

*****

خەفـەتی زۆرە لـە زسـتان ئەگـەڕێم
بـۆ وڵات دەچمـەوە، کوێسـتان دەگـەڕێم
هـەر لـە بـاکورەوە تـاکو باشـور
چۆمـەڵ و دەشـت و چیـای سـەخت و دور
بـە دڵـی گـەرم و بەهـەنگاوی ورد
بـازێ داوێـم لـە سـنوری دەسـکرد

*****

١)- لەودیوەو دیو گرتن و زیندانی کردنی کوردی لێ قەوماو زۆر هاسان بو.

# " سۆما "

پێـش هـەمو جێـیـە لـە سـۆما تـاوێ
گـرڕ دەخـۆم ڕێی دەخشـێنم چـاوێ
داخـۆ ئـەو نـاوە چلۆنـە ئێسـتە؟
چۆن لـە ژێـر پـێی عەجـەما پـێ پەسـتە؟
چـون دەژیـن ئێسـتە بـە تـرس و لـەرزن؟
یـاخۆ هـەر بـێ منـەت و سـەربەرزن؟
دەزرنگێتـەوە ئێسـتەش گوێیـان؟
خوێـن دە چـۆڕێ لـە دڵـی تـوێ توێیـان؟
هـەر ڕەشـاش دەبنـە کـەوی بـن بـەردان؟
قرمـەیان دێ هـەڕەتی "جـۆزەردان"(١)؟
ئێسـتە هەسـتانی سـبەینانە لـە"خـەو"(٢)
بـە تەقـەی برنـوە یـان قاسـپەی کـەو؟
هێشـتە هـەر خوێـن دەمـژن دەبنـە گەنـە؟
کۆنـە ژاندارمـی دزی دەس بەخەنـە؟
چەتـە بـۆ کوشـتنی وان چـی پێیـە؟
گـۆڕی"بـاپیر"ی شـەهید لـە کوێیـە؟

(٢،١)- مانگی جۆ زەردان لەبەرە بەیانێك دا جاش و ژاندرمە دایان بەسەر شەهید باپیرو هەڤاڵەکانیدا کە هێشتە لەخەو دابون و ئەوانیش پیاوانە لێیان وەدەست هاتن و لە تەقەی یەکەم دا شەهید باپیر زۆری لێ کوشتن.

گونـدی"سـاکا"(١)سـەری هـەروا بەتەمـــــە؟
"حەســی"(٢)دڵیـــان بــە پــەژارەو بەخەمــــە؟
"گڵــەخڕ"(٣)چـــی دی کرایـــە شــــەڕگە؟
چۆن بـو دەس ڕێژی نحـۆی(٤)پێـش مەرگـــە؟
چــەندی لــیێ گرتنــە بــە رڕێــزی ڕەشــاش؟
چــۆن بـــو فیشــەك نــەدەڕۆیی بــە بـــەلاش
چـــەند بـــەجێ مـــابو کـــەلاکی بۆگـــەن؟
بــۆچ نـــەبو مـــاوە دەگڵیـــان ڕۆ کــــــەن؟
چـۆن لــە پێشــوازی مــەرگ بــو بــە دەلیـــــل؟
قۆچـــــی قوربـــــانی "مــــەلا اســـــماعیل"(٥)
ئـەو دەمـەی"نـاجی"(٦)و "فـەیروز"(٧)کـــوژران
کـــــاتێ "بـــــاپیر"و"ڕەزا"(٨)دابێـــــــژران

---

١،٢،٣)- ساکا ناوی گوندی شەهید باپیرەو خۆی لە بنەماڵەیَ حەسی بـوو ئـەو شوێنەی شەڕەکەی لیێکرا گڵەخڕی ناوە.٤)- شەهید باپیر کە ناوی خۆی نحۆبو کاتێك لەخەو ڕاپەڕی دەورەی گیرابو کلاشینکۆفی لە ژانـدارم و جـاش ڕشـاندو هەتا شەهید کرا بیست کەسی لیێکوشتن.٥)- مەلا اسماعیل هەڤاڵێکی تری نحۆ بـ.٦،٧،٨)- هەڤاڵەکانی شەهید باپیر بون کەهەمویان پێکەوە لـە ناوچـەی سـۆما شەهید کران، ڕەزا مامی باپیر بو فەیزوزیش برایو ناجی خوشکەزای بو.

چۆن بوو ئەو ناوە نە هەستا نە بزووت
چبو سۆما نەگڕی گرت و نەسوت
کەی ئەدی هەڵدەکرێن باسك و مەچەك
چەك لە دوژمن کەنەوە دەس بە کوتەك
چەتە سۆمایی(١) لەچاوان بردن
چون بوو سۆمایی (٢) لەبیریان کردن
هیچ دەزانن کە کوڕی تۆڵە ستێن
هەر بە ڕێبازی شەهیدانا دێن
خەنجەری ڕق بەدەسی تۆڵە دەسون
چەرمی ژاندارمی دزی پێبگرون
کارەسات ماوە بەلاّم هێشتە زوە
خوێنیوان گوڵمەزی دی زۆر لە دوە

١)- سۆمایی: ڕوناکی چاو.٢)- سۆمایی: خەڵکی سۆما، دانیشتوانی سۆما، "سۆما ناوچەیەکە لە کوردەواری سنوری تورکیا".

# مەهاباد

لــە مـــەهابادەوە ڕێ تـــێ دەپـــەڕێ
هەلــە باگیــان بــە ســەریدا بگـــەڕێ
گەشــکە بگــرێ بــە شنەی نـەرم و نیــان
هــەڵمژێ جــارێ تریــش بۆنــی ژیـــان
جــێی پشــودانە درەنــگ وەختــە شــەوە
ئــێرە میــوان گـــرو دەســتەو جڵــەوە
دڵــە جــا دەرفەتـــە بیکـــە گڕوگـــاڵ
وەرە دامــەزرێ کــە جــێی تۆیــە خــەیاڵ
لێرەیـــە دڵ بەهـــەمو شـــت دەهـــەژێ
هـــەمو جـــێی بـــیرەوەری لـــێ دەڕژێ
دور بـــە دور هێنـــدێ چـــرای دڵ ســـوتاو
جاروبــــار لێــــم دەتروکێنـــن چــــاو
هەســت ئەوەکـەم بـوە لـەو چـۆل و چـــڕە
کێـــوی دابیـــن بـــوە بـــاڵندە کــــڕە
ئەگـــەر ئـــاڵۆز بـــێ خـــەیاڵی خـــاوم
ســـوچی خورپـــەی دڵـــەو ئـــاوی چـــاوم
لەدەســـم دەرچـــوە یـــەك جـــێ هەســـتم
هـــەمو جـــێی گرتـــوە پـــێی ناوەســـتم

# " چوار چرا "

ڕێگە دەڕوا وەکو هەودای خەیاڵ
دەم گەیێ نێتەوە جێ کۆڕی بەتاڵ
"چوارچرا" لەوبەرەوە دەم کێشێ
سەری سەودام هەیە دەچمە پێشێ
باش کە دەڕوانمە تاریکایی
داوەڵی(١)قوچی دەکا تارمایی
چقڵە خۆی‌و لە گوڵی دەوری سڵە
چقڵی لێ لاچێ ئەوی دیکە گوڵە
شێرە بەردینە(٢) لەجێی پەرژینە
پشتی لەو داوەڵە ناشیرینە
نایەوێ چاوی بە چارەی بکەوێ
کەچی نا چارە لەبەر پێی دەخەوێ

١)- داوەڵ: پەیکەر، محسمەی شای گۆڕ بەگۆڕ کە لەمەیدانی چوارچرا داندرا بو.٢)- لە دەوری داوەڵەکە چەند پەیکەری شێر دروست کرابو زنجیر کرابون و بن داوەڵەکە چێندرابو بە گوڵ.

داخم ئەو خاکە لەدەس پیس و چەپەڵ
ڕۆژێ سێدارەیە(١) ڕۆژێک داوەڵ
هەرچی لەو ناوەیە هەر یەک بەجوێ
لە شتی کۆن و نوێ بۆم دەدوێ
بە کون و قوژبنە(٢) ڕێی باریکە
وەک دڵی داوەڵەکەی تاریکە
هەستی دوو چەشنە لە دڵ دێن و دەچن
خۆشەویستی‌و ڕقی دۆست و دوژمن
چەق و چۆ دەم گرێ دێمە لەرزە
گیانی"قازی"دەفڕێ لەو بەرزە
لێرە هەڵ نایە ئیتر چاوی تەڕم
کورنشێکی دەکەم و تێ دەپەڕم

* * * *

١)- قازی محمدو صدرالاسلامی برای‌و حەمە حسێن خان لە جێی ئەو مجسمە بەدەستی حەلادەکانی شا لەدار دران.٢)- ستادی لەشکرو فەرمانداری لەسەر ئەو چوار چرایەن.

# " بازاڕ "

دەگەڕێ ژان لە دڵی بە برین دا
هێشتە شار هەر دەخەوی شیرین دا
چاوەڕێم زەردە لەکەل بێتە دەرێ
شەوی تاریکی دەگەڵ بێتە سەرێ
شەو کە باڵی ڕەشی لادا لەسەری
سەیری شاری دەکەم و دەوروبەری
دورو تیزیکی دەگرمە بەر چاو
هەمو جێگسای بە سەرنجێکی تەواو
چی بەسەر هاتوە شار چۆن ماوە؟
هەروەکو پێشوە یان گۆڕاوە؟
ئەهلی باژێرەکە چۆنن دژنین؟
وەکو جاران بە گەمەو گاڵتە دەژین؟
ئەوبەرەوبەر لە یەك ئاگادارن؟
هەمو هەروا لە عەجەم بێزارن؟
کە لەوێ ڕا دەبرێ داگیر کەر
دەی دەنە بەر بە گەپ و تیزو تەشەر؟

بـا ئەگـەر دێنـێ هـەواڵی "ئـەولا"
دەتـەقێن لینگـە تـەرازو لـە دولا؟
دەگـەڕێ دەنـگ و هـەمو شـار دەگـرێ؟
دورە دەسـت کێیـە خەبـەردار دەکـرێ؟
لێـك وەکـۆ دێـن و لـە کۆشـکی ڕەنگیـن
دەیکەنـە سـرتە بـە پـەردەو پـەرژین؟
ڕۆن فـرۆش چۆن"کـەرە"(١)کـەی دەفرۆشـێ؟
جاشـی زۆر گـەورە دەدا بـە قرۆشـێ؟
کـەس هەیـە بـۆم بڵـێ نەرمـە نەرمـە؟
"مـاملێ" بـەزمی شـەوانەی گەرمـە؟
لاوەکـانی وەکـو پـیری ژیـرن؟
بـە تەمـەن گـەنج و بـە زانسـت پـیرن؟
هـەر مەبەسـت کۆمەڵـە چەوسـانەوەیان؟
بـەرژەوەندی گەلـە لێـك دانـەوەیان؟
کـۆڕێ دەگـرن بەشـەوی دورو درێـژ؟
لـە هـەمو بـارێ دەکەونـە وتـو وێـژ؟

---

١)- کابرایەکی ڕۆن فرۆش ڕۆژێك لە مەهاباد هێندێکی ڕۆنی کەرە دە قـاپێك دا بە دەستەوە گرتبو لەشەقام وەدوای ڕەئیس جاشێك کەوتبو هـاواری دەکـرد، ئای ئەو کەرەی دەفرۆشم، کێ ئـەو کـەرەم لـێ دەکـڕێ؟.. ڕەئیـس جاشـەکە ئاوڕی دەداوە ئەی زانی مەبەستی ڕۆن فرۆشەکە چی‌یە.. نەش ئەکرا هیچ بڵێ.

دەی کەنــە پیلــە لەســەر ڕاســت و خـــوار؟
دەگەنـــــە بنـــج و بنـــاوانی کــــــار؟
هـــەر دەڵێـــن داخـــۆ بەگـــەل، لـــەو تەمەنـــە
هـــەمو شـــت لایـــەك و لای دی وەتەنـــە؟
هەســت ئەکــەن چــۆن لەســەر ئــەو ڕێ دورە؟
گـــەلێ پێیانـــەوە پشـــت ئەســـتورە؟
"کاکــەمین"(١) ئــەو ســەرو بــەندەی چۆنـــە؟
دڵـــی ســـوتاوی دەکـــا ســـەر کۆنـــە؟
داخـــۆ ســـارێژ نـــەبوە کۆنـــە بریـــن؟
گەرمـــە شـــینێ گـــەلێ فرمێســـکی وەریـــن؟
بـــە هـــەموو هەســـتەوە شـــینی گـــێڕا؟
یـــان لەبـــەر دوژمنەکـــەی نـــەی وێـــرا؟
کوڕەکـــانی بـــە فیـــدای کـــورد کـــردن
بـــاجی خوێـــن بـــو لەســـەری لابـــردن؟
بەرهـــــەمی عومـــــری درێـــــژی، نانـــــا
گەوهـــەری ژینـــی لـــە ڕێی گـــەل دانـــا

---

١)- محمد ئەمین معینی: باوکی شەهید سولەیمان و شەهید عبداللەی قارەمان.

بـــۆی دەســـــوتێ دڵ و دانـــــامرکێ
هەســـت ئـــەڵێی ئـــاگرە بـــۆم نـــادرکێ!!
بۆیـــە چـــی پـــێ نـــەکرا پێنوســـم
هـــەر مەگـــەر دەســـت و دەمـــی ڕاموســـم
دەبـــێ تـــا خوێـــن دە دەمـــارم دایـــە
خۆشەویســـتیی بکەمـــە ســـەر مایـــە
لـــە ژیـــان کـــەم هـــەڵی وا هـــەڵ دەکـــەوێ
بـــۆ ژیـــان گـــەل لەمـــە قوربـــانی بـــوێ
قارەمـــان لـــەو هەڵـــە دەرفـــەت دینـــێ
خـــۆی دەفـــەوتێنێ ژیـــان دەســـتێنێ

*****

گـــەلی تـــر ئـــەوڕۆ لـــە ئەســـتێرەو مـــانگ
بـــۆ هـــەمو ســـەر زەوی هـــەڵ دێنـــن بـــانگ
کـــێ دڵـــی ژەنگـــی هەیـــە دەردەخـــرێ
یـــەکی بـــێ گـــەردی لـــە جـــێی دادەنـــرێ
ڕێی لەســـەر ئـــاوو هـــەوا کـــردوە گـــۆڕ
هـــاتن و چونـــی فرۆکـــەو پـــاپۆڕ

دەچنـــە ســـەر مـــانگ و لـــە ڕێ تــل نـــادا
کانگـــــە دەر دێنـــــێ لــــەبن دەریـــــادا
کـــورد بـــەڵام هێشـــتە لـــەدەس بێگانـــــە
خـــسۆی ئەســـــیرە وەتـــــەنی وێرانـــــە
مــــاڵ و داهـــاتی بـــە تـــاڵان دەبـــــرێ
ســـەری بـــبزێوێ قـــەلا چـــۆ دەکــــرێ
یـــان لـــەپای دارە بـــە دەســـت بەســـتراوی
یـــان لەبـــەر گوللـــە دەبەســـتن چـــاوی
خوێـــن و فرمێســـــك و ژیـــانی حەســـــتەم
بەرهـــەمی کـــوردە لـــە چـــەرخی بیســـتەم
بـــۆ هـــەموو کـــەس هەرەمـــەی کـــۆ کۆیـــە
بۆمـــــە تـــــازە هـــــەوەڵی ڕۆ ڕۆیــــــە

*****

ئـــەوی تێـــك نەشـــکێ بـــەڵام هـــێزی گەلـــە
ڕقـــی گـــەل دوژمنـــی خســـتۆتە پەلـــە
بـــاوڵات داگـــرێ بـــا ســـەر بـــبڕێ
بـــازگی دایـــك و ســـاوای بـــدڕێ

سەرەڕای ئەو هەمو زوڵمە سەختە
من لەلام ڕێگە هەتا سەر تەختە
ڕۆژێ دێ خەنجەری گەل ڕادەوەشێ
زوێڵە چەرمی لە هەژار دادەبەشێ
ئەوە دەرسێکە ژیان پێی داوم
لە ژیان نابێ بترسێ چاوم
مێژو ڕێی خۆی دەبڕێ ناچتەوە پاش
ناچتەوە بن سەوەتەی بەرخی هەراش
چەرخ ئەگەر ئێستە دژی مە دەگەڕێ(١)
لاپەڕێکی ڕەشە زو وەردەگەڕێ

* *   * *

---

١)- دۆستایەتی شۆڕشی ١١ ایلول و ئێران ببوە هۆی زەحمەت و چەوساندنەوەی کوردەکانی تری دەرەوەی عێراق لە وولاتی خۆیاندا کە بە پشتیوانیو پشت ئەستوری‌ی ئەو شۆڕشە هەستی نەتەوایەتیان دەر ئەبڕیو هەروەها ببوە هۆی نالەباری وەزعی کوردە ئاوارەکانی ئێران لە دەرەوە ئەویش بۆ پاراستنی بەرژەوەندی شۆڕش کە ئەو کاتە تەنیا هومێدو ڕۆناکایی هەمو گەلی کورد بو.

# " پردی سور "

پـــردی ســـور هێمنـــی جـــارانی نی‌یـــە
ئێســـتە ئـــاژاوە لەســـەر ســـینگی وی‌یـــە
"پیـّـز"(١)و ســـەر کڵـــی لـــێ ڕوخـــاوە
مـــاڵی خـــاپورە ســـەری شـــێواوە
دەســـتی دڵ پیســـێ بنـــی دەر دێنـــێ
وەکـــو کونـــدێ لەســـەری دەخوێنـــێ
داخەکـــەم ئێســـتە لـــە جێگـــەی بـــازان
کۆنـــە دالاش دەفرۆشـــن نـــازان
دۆســـتە ڕاز هەڵگرەکـــەی مـــاڵی چـــەم
ســـینگی ئاواڵـــە دەکـــا نـــا مـــەحرەم
هـــاتوە لـــێی بـــبڕێ ئـــاوی چـــاو
هێنـد بـە دڵ بـۆی دەگـرێ پـیرە"گـەڕاو"(٢)
بێ‌ســـەرو بـــەر بـــوە داوێـــن و ســـەری
ســـەری تێـدا چـو دەگـەڵ دەورو بـــەری

---

١)- پیـّز: کلْ، پایە.
٢)- گەڕاو: ناوی کوێرە کانی‌یەکی سوێرە لە نیزیك پردی سور کە ئاوی زۆر کەمە.

"داشـتەمر"(١)چـۆڵ بـوە"کەوتـەر"(٢)هـــەروا
ئــــاوی زۆر داری ســــــەرەو ژور دەڕوا
وەرهــــــەمێکی زلــــــە ژانــــــی زۆرە
شـــار نـــەخۆش کـــەوتوە بـــەو ناســـــۆرە
هــــەر قەلــــە دەفـــڕێ لـــەدەم بەســـتێنێ
تـــۆز لـــەجێی ڕەش بەشـــە هـــەڵ دەســـتێنێ
داوە دای ناوەتـــــەوە ئــــــەو بـــــــەندە
پێیـــەوە بـــەندە ســـەری جـــوت بـــــەندە
هـــەرچی بیڵـــێ دەبـــێ پـــێی باوەڕکـــــا
داچناویشـــــی بــــە ئەســـــرین تــــــەڕکا
"شـــاخی ڕەشـــکی"(٣)کـــزو دامـــاوە لـــەوێ
لەســـــەران هــــەو هــــەوی جـــــارانی دەوێ
"چاڵـە بـەفران"(٤)بـە پشـوی سـاردو گــەرم
وازی لێیـــــە ســــــەری باوێتــــە ســــــەرم

١،٢)- داش تەمرو کەوتەر: دوگوندن لەلای سەروی سەدەی مەهاباد وەبن ئاوێ کەوتون.٣)- شـاخی ڕەشـکی: کەوتۆتـە ڕۆژ ئـاوای مـەهاباد، زو لەشکری مەنگوران و عەشیرەتەکانی تری کورد لـەو شـاخە بـەرەنگاری هێزەکانی حکومەت بون و کوشتاریان زۆر لێ کـردون.٤)- چاڵـە بەفران: شاخێکە کەوتۆتـە باشـوری مـەهابادو پێـش ئـەوە ماشـینی سـەهۆڵ پـەیدابێ لەوشاخە چاڵە بەفریان زۆ دەکردو هاوینان لەوێوە بەفر دەهات بۆشار.

"قوڵ قولاغ"(١) لەو سەرەوە دەڕوانێ
لە"قەڵای سارم"(٢)و"محمودکان"(٣)ێ
هەر لە"سمکۆ"وە هەتا"سارم"ی ژێر
وردە چیرۆکم ئەهێنێتەوە بیر
ناحەزی زۆر بوە ئەو مەڵبەندە
زۆری چاو برسی دڵی لێ بەندە
لێرە کەس بۆ سەی پێ دەرنایە؟
مەتە لۆکێکە بەکەس هەڵنایە
چەندی ڕاوچی لە پەنا ڕابردن
ڕاوی کردن دە گڵی ڕا کردن
تەرمی چەند زاڵمی ناشت بەو تەرزە
خۆشی وەك بو سەری هەروا بەرزە

---

١)- قوڵ قولاغ: شاخێکی بەرزە لە ڕۆژهەلاتی مەهاباد.٢)- قەڵای سارم: شاخێکە لە ڕۆژهەلاتی مەهاباد سارم کە لە بنەماڵەی بداغ سوڵتان بوە لەو شاخە شەڕی دەگەڵ حکومەت کردوە لە زەمانی شا اسماعیلی صفویدا، هێزەکانی حکومەت زۆر بە شپرزەیی شکاون و پاشەکشەیان کردوەو کوژراویان زۆر داوە بویە ناوی قەڵای سارمە.٣)- محمودکان: لەڕۆژئاوای مەهابادە، سمایل ئاغای سمکۆ لەوێ کوشتارە بەناوبانگەکەی لە هێزەکانی حکومەت کرد بە جۆرێك کە بەسەدان کەلاك هەتا ماوەیەکی زۆر هەر لەوێ مابونەوە، ئەڵێن بۆ ئەوەکە فیشەك خەسار نەبێ ڕێزی ئەکردن و هەرچەندی گوللە ئەیبڕی لێی ئەدان و بەسەریەکدا ئەی خستن.

# " شار بەجێ ئەهێڵم "

چاو گەلێ ڕوانی لە خوارو ژوری
هەر لە دڵ دەرنەچو تاسەی دوری
شار کەوازو دڵی لێ ئەستاندم
پردی سوریش وەڕەزی نەشکاندم
شینی ئەو ناوە هەموی جێ شینە
گەر تەڕایی هەبێ هەر ئەسرینە
نە خوڕڕەی ئاوە لە ڕوباری بەتاڵ
دڵ ببزوێنێ بلاوێنێ خەیاڵ
نە نەمامە نە گوڵی تێر ئاوە
چەندی بۆیان دەگری سەر چاوە

نــــە هــــەڤالێکی دەمـــــی دەر بـــــەدەری
مــــاوە بــۆی نــویٚ کەمـــەوە بــــیرەوەری
ئیــــدی ناوێســــتم و ڕیٚی خــــۆم دەگـــــرم
لەســــەر ئــــەو ڕیٚیــــە دەڕۆم تــــا دەمـــــرم
لێــــك جیــــا دەبنــــەوە دڵ خــــوازو خــــەیاڵ
پێکــــەوە نــــا بەنــــە ســــەر دو ئــــاواڵ
دڵ ئــەوە بــەند بــوە لــەو جــیٚی دەیــــەویٚ
وا خـــــەیاڵیش دەگـــــەڵم ڕیٚ دەکـــــەویٚ
گیــــانی شـــیرینی، دڵـــــی، دڵخـــــوازی
خــوات دەگــەڵ جــاریٚ هەوارگــەی قــــازی

# " گوندی بەیرەم "

ڕێ بـە کۆسـپ و تەگـەرەو چـالْ و چـۆلْ
ڕێبــە ڕێـواری دەوێ تونــدو تــۆلْ
"قـولْ قولْــە"ی(١) بـەیرەمی وا لـەو بـەرزە
لەســەری ســوکە وچـــاتێك فــــەرزە
کانیـــە، شــینکەیە، جـــێی زەنوێـــرە
تــۆزی ڕێگـــا دەتـــەکێنم لـــێرە
دەســـترم ئـــارەقی نێـــو چـــاوانم
تـــاوێ لـــەو بەرزیـــەوە دەڕوانــم
دیمــــەنی دڵگـــری دەم بزوێنـــــێ
بـــێ زمـــانیش دەیــەوێ بمدوێنـــێ
دەیـــەوێ تــێی بگـــەڕێم ســەر تاســـەر
ڕێو ڕێـــازو کـــەڵێن و کەلەبـــەر
دەیـــەوێ لێـــم نەشـــکێنم مــــەرجێ
دەیـــەوێ شـــەرتی وەفـــا بێنمـــە جـــێ

---

١)- قولقولـە: نـاوی کانی‌یەکـە، لـە نیزیك گونـدی بـەیرەم لـە بەرزیەك هەلْ ئەقولْێو ئاوێکی زۆری هەیە.

بگەرم شوێنی مەلا مەحمودی
ون نەکەم خوێنی"مەلا مەحمودی"
دڵ کە تینوش بێ نەتینوی ئاوە
چاوی خۆم چی کەمە لەو سەرچاوە
بچمە ناو سەنگەرەکەی بروانم
شوێنی راسانی چلۆنە بزانم
دەستێ بە برینەوە دەستێ بە تفەنگ
چۆنی جێگا بەعەجەم کردبو تەنگ
چۆن دڵی دوژمنی هێنا ژانێ
دەست و بردی کوری لێ قەومانێ
چەند بە مێرانی پەلاماری دەبرد
چەند بە پاکی دەبەر ئەو خاکە دەمرد
ئەو کە نەی سێشت لە چەتان هیچ دەرچن
دوایە چۆن دەرفەتی هێنا دوژمن(١)

---

١)- شەهید مەلا مەحمود لەو شەرەدا دوژمنی شکاندو زۆری لێ کوشتن و خۆی بریندار بوو کە لەو شەرەی بە تەنیایی کرد، یەکێك لە هیزەکەی دوژمن خۆی شاردبۆوە لەبن ترومبیلێکی عەسکەریدا مەلا مەحمود کە لەلای وابوو هەموویان کوژراون بە برینداری چووبووە شوێنێك برینەکەی ببەستێ ئەو نەفەرە لەوێوە تەقەی لێ کردبوو کوشتبوی.

ئـــەوی هـــات تـــەرمی لـــەوێ لابـــــردن
چـــەند فڕۆکـــەی لـــە کـــەلاك بـــار کـــردن
کـــاکی!! بـــەو زەبـــرە کـــەوا ئـــاڵۆزا
هـــات بـــە هاواریـــەوە "خـــاڵۆزا"(٢)؟
بـــەو تـــەق و تۆقـــە دەمـــاری هەســـتا
یـــان لـــەوێ دورە پـــەرێز ڕاوەســـتا؟
کـەس نـەبو پـێی بڵـێ حـا تـۆش ئـیدی
مـــەخۆ ئـــەو نانـــە بـــە فـــیڕۆ چـــیدی
حەزدەکـــــەم دەس بدەیـــــە هەمبانـــــە!
ئـــێرە جـــێی تـــۆ نی‌یـــە "کوردوســـتانە"؟

* * * * * *

٢)- خاڵۆزا: "خاڵ ئۆغلی"، ناوی عەجەمێکە کە لەناو مەنگوران دووگوندی هەیە بەناوی بەیرەم و بەرەجۆ.

# "کوێستانی سپی سەنگ"

گـەرچی لـەش مـاندوە وەسـتاوە سـرە
پێشـی نـاگیرێ خـەیاڵ بـەرزە فـرە
بـا هـەرێمی سـەرێ هـەڵ نـەبوێرم
دڵ گـرەوی گرتـوە بـا بیگـێڕم
ڕێی هـەواری بگـرم بچمـە سـەرێ
هێنـد بـە ئەسپایی کـە شـەونم نـەوەرێ
پشـو "هێـدی" بـێ گـەلا ڕانـەژەنێ
نـێرگزی نوسـتو لەخـەو ڕانەچـەنێ
لـوزەوی ئـاوی ڕنـو لـە کـوێ بـێ
هێنـدە پـێ دانـەگرم شـلوێ بـێ
دەبـێ پـارێزێ بـە چـاو بسـتێنم
دەسـت نەبـەم گـوڵ نەکەمـە داوێنـم
سـەر لـە بـیزا دەم و نـەی بزوێنـم
بۆنـی شـەوبۆ کـەم و نـەی شـەمزێنم

هەڵزو، مەندۆك و هەلاڵەو، بەیبون
تێك نەدەم چۆنی دەبەریسەك ڕاچون
نازی شملیر بە دڵ و گیان بکڕم
تێرو پڕ چاوی دەچاوی ببڕم
دڵ دەڵێی شێت بوە لەو جەنگەیدا
ناسرەوێ لەو قەفەزە تەنگەیدا
کوشتمی هێندی پەری هەڵباوێ
با بەرەڵلا بێ ئەویشم ناوێ
ڕاپەڕێ، بەربێ، قەفەز بشکێنێ
بەس لەوێدا بە کزی دامێنێ
با لەبەند دەرکەوێ ئەو دێوانە
تێر بسوڕێتەوە لەو کێوانە
باڵی لێك دا لە سەران یەك دو سەرێ
لەو بنارە بە دڵی خۆی بگەڕێ
سەرێ با سەیری گەدەو(١)و ئەستەڕکا(٢)
بە هەوای باڵی گولاڵ پەڕپەڕکا

٢،١)- گەدەو ئەستەڕ: دوکوێستانی بە ناوبانگی کوردەوارین لە ناوچەی مەنگور.٣)- لەو هەوارە دزێك دە چێتە زگ هۆبەو بیریەك کە ناوی "مێرێ" دەبێ پێ دەزانێو دزەکە دەکوژێو ئەو هەوارە ناوی ئەنرێ هەواری مێری.

هەڵە چێشتانی هەواری مێری
سێبەری شۆڕەبی سەر ئەستێری
کەم بەڵام دێرو دەوێ ڕامێنی
"شەنگە بێری"(٣)دڵی لێ نەستێنێ
هەڵ کشێ بێتە "سپی سەنگ" تاوێ
خۆی دە ئامێزی چیاو چڕ باوێ
سەرەوەی سەنگەری سەر بەرزانە
گیان لەوێ چەندی بڵێی هەرزانە
هەمو جێی لاشەیە خوێنی جەرگە
لێرەیان خوێن دەستاند پێش مەرگە
لێرە توشی چەتەهات ڕۆژی ڕەش
جارێ لێیان دەکەوت "پێنج و شەش"(١)
پێکەوە لێك دەدران لەو هەردە
چەندەکی جاش و سەری سەرکردە

١)- لە شەڕی سپی سەنگ دا هێزەکانی حکومەت کە شکابون و خۆیان شاردبۆوە لە پاش نوێژی شێوان پێش مەرگەکان دیسان لە چەند جێ بۆسەیان بۆ دانان و بەتاریکی دەهاتنەوە بەر دەستیان، عەوڵای معینی لە بۆسەیەکدا بەتەنیا دەس ڕێژێك شەش کەسی لێ بەسەر یەکدا خستن بێجگە لە بۆسەکانی تر.

ئێرە جێی تۆڵەیە مەیدانی گەفە
بەڵێ ئێرەش "مەتەریزی شەرەفە"(١)
لێرە بو کەوڵی عەجەم کەوتە ڕمێن
کەوتە بەردەستی کوڕان کورد خنکێن
سەری سەرباز دەبڕا بێ بەزەیی
خوێن لەدەم تیغی دەبانا دەمەیی
مردو نەی مابو پەژارەی زیندو
زیندو ئاواتی دەخواست بۆ مردو
لێرەبو خوێن مژی زۆڵی ناڕاست
سەری(٢) شۆڕکردەوە، ئامانی خواست

* * * * * *

١)- کاك هێمن پارچە هۆنراوەیەکی جوانی هەیە بەناوی مەتەرێزی شەرەف کە مەبەستی شەڕەکانی شۆڕشی نەودیوە. ٢)- هێزەکانی حکومەت لەو شەڕەدا دوای ئەوە زۆریان لێ کوژرا تەسلیمی پێش مەرگەکان بون.

# "قالوێ گەورکان"

چادرو چیغ هەڵ دەوە ژێرم لە هەوار
وردە وردە لەهەوار دێمە خوار
ناتەنێ ڕێگەم ئیتر شیناوەرد
پێ و پێلاوی منەو هەردو بەرد
سوکێ پەنجەم لە زەوی دادەگرم
شاخ و کێوان دەبڕم ڕادەبڕم
گوندی"قالوێ" دەکەوێتە سەر ڕێم
هێشتە لێم دورە خەیاڵ ئەدزێ لێم
ئەبێ چۆن بێ، چ دەگۆڕێدا بێ؟
ئەبێ ناو گوندەکە کێ ی لێ مابێ؟
باری ئەو ناوە چلۆنە ئەوساڵ؟
چۆن بکەم دیتنی دۆست و ئاواڵ؟
دەوری ئاوایی ئەدەم جارو بار
لاپەڕان دادەگرم هێندێ جار
فکرم ئاڵۆزە دەگەڵ هاتو چۆ
هێندی تێك باوێ وەکو ڕایەڵ و پۆ
نە لە جێگایەکی ئۆقرە دەگرێ
نە ڕەقەی ڕێ دەگرێ و ڕا دەبڕێ

هەسـت ئەکـەم لـێرە لـە دەوروبـەری دێ
جـێی هـەڤالانی تـری پـێ شـك دێ
مەتـەرێزێکی تـرە لـەو نـاوە
لـەو گـل و دۆرە ئـەوێی هـەڵناوە
دەگـەڕێ جـار لەسـەری جـار لـە بـەری
هـەڵی پێچـاوم و دەم باتـە سـەری
پشـتی دڕکاوی‌یـە پێشـی لێـژە
تـەم و مـژا(۱)لـێ گـەڕێ جـێی دەس ڕێـژە
چۆلگەیـە، زورکەنـە، شـوێنی چاڵـە
باوەشـی ماوەتـەوە ئاواڵـە
سـەنگەری"مینـە شـەم"و "عـەولاّ"یـە(۲)
داخەکـەم دەنگـی کەسـی لـێ نایـە
لەسـەری بۆیـە خـەیاڵ شـێوابو
بیـوە هەودایـەك و تێـك هـالاّ بـو
وا نـە ئـارامی هـەبو نـە سـرەوتن
زۆر تریـش زۆری ئـە هێنـا بـۆ مـن

۱)– مەبەست لە تەم و مژ جەوی سیاسی‌ی ئەو کاتەیە نەك تەم و مژی زەوی‌و هەورو هەلاّ.
۲)– عبداله معینی: مینە شەمیش پێشمەرگەیەك بو کە لەگەڵ عبداله معینی شەڕێکی زۆر پیاوانەی کرد هەتا شەهید بو.

بێم و ئاور لە بەسەرهات دەمەوە
یادی لاوانی نەمر نوێ کەمەوە
یادی ئەو دەم کە شەوێش خەو لێرە
ڕێی نەبو بێتەوە چاوی سێرە
بە هەمو هێزەوە دوژمن دەبزوت
دەکەوت هێند دەسەران هەڵ دەنگوت
ژەنگی خەنجەر دەسڕان لە خوێنا
خوێن کەلاك و سەری وەك یەك دێنا
تیغ کە بێزی نەدەهات نەی دەبڕی
دۆشکە دەڕشایەوە گوللە دەفڕی
بۆیە هەر بەرزە سەری ئەو کێوە
شوێنەوارێکی ئەوانی پێوە
جا خەیاڵ تۆش پەڕو باڵت دانێ
کەس ئیتر وەك من و تۆ نازانێ
کێ سەری وای هەیە بۆ کەس نەنەوێ
قارەمان چۆنە ئەگەر هەڵدەکەوێ

* * * * * *

# "شاخی حاجی کێمی"

"حاجی کێمی"(١) حەجی لێ قەوماوان
پێی غەریبانی دەنا سەر چاوان(٢)
سەری بەرزی هەیە داوێنی بڵاو
سەری ئی خۆی نەبو بۆ لێ قەوماو
سەد کەلێن و کەڵەك و داوی بو
پڕ بەدڵ ڕازی نە درکاوی بو
شوێنی پێی دەر نەدەخست داوێنی
سەری هەر تەم بو لەبەر چاوێنی
پۆشی زەردی وەکو ئاوریشمی خاو
دای دەگرت شان و شەپیلك و سەروچاو

١)- حاجی کێمی شاخێکی گەورەیە لە موکوریان چاوەی ئاوی خۆشی هەیەو گەلێك جار قاچاغ ڕوی تێدەکەن و لەوێ خۆیان ون دەکەن. ٢)- کاتێك لێرەوە هەڵاتم بۆ ئەودیو دو شەو لەو شاخە مامەوە لەسەر کانی‌یەکەی قاچم شوشت و ئاوم لێ خواردەوەو پنگەم لەسەر کانی‌یەکە چنی.

سـەیرە وا هـەڵ کـەوێ ئـەندام و لـەش
فێسی وا زەرد لەسەروی"چاوی ڕەش"(١)
داخــۆ هــەر داڵدەیــە(٢) بـۆ ئـاواران
باوەشــی گــەرمی هەیــە وەك جــاران
هــەر بــە شــانازی‌یەوە لـێی دەدوێــن
بـاوی بـاڵان دەدن و بـۆی دەخوشـێن
دیمــەنی چۆنــە وەکــو خـۆی مـاوە؟
یـان ئـەویش پـێ چـوە تێـك چـڕژاوە
داخـۆ ئێسـتەش هـەمو ڕۆژێ لـە نـوێ
دەنگی"پیرۆت"و"عـەلی"ی(٣)دێتە گـوێ؟
لـەو هەرێمــە خـەوی ئـارامی شـەوێ
بــە تەقــەی "سـەید فـەتاح"ی دەڕەوێ؟
داخــۆ دوژمــن کــە بــەدوی‌دا دەکشـا
خەنجەری"عەلیەگەلە"ی چـۆن دەوەشـا؟

---

١)- قەرە گوێز: گوندێکە لەبن شاخی حاجی کێمی لە ناوچەی بۆکان، دێبوکری‌یە.
٢)- داڵدە: پەنا، گیاو گژوپوش.٣)- فـەقێ عـەلی وەرگێلێ، سید فتـاح، پیرۆت، عەلیەگەلە، دروێش عوسمان.

بـیری "عوسـمانی"(١)دەکـا حـارو بـار
ئـاو لــە چاوانی‌یــەوە دڵتــە خـــوار؟
کــوڕ ئەگــەر نــەی‌بێ گیـانی تۆڵـــە
بــۆ بــژی؟، بــابمرێ ئــەو زۆڵـــە
ڕەنـگ کـرا سینگ و بـەری خـــاوێنت
شـــەرتە ئـــەمنیش بگـــرم داوێنـــت
یـــان لەبــەر پێــت دەڕژێ خوێنـــی مـــن
یـــان دەسەرســـەرتی دەگـــێرم دوژمـــن

* * * * * *

١)- ئەو پێش مەرگانە هەموبان لە شەڕێکدا لە شاخی حاجی کێمی، شەهید بون بە هۆی هێزەکانی میری کە سەرکردایەتی‌ی ئەو هێزانە "سپهبداویسی" ئەیکرد.

# شاخی گوێزە کوێرە

لەوچەمە با لە دەراوێ بگەڕێم
بازێ باوێمەوە ئەو بەر وەپەڕێم
سەرخەوێك بەرمەوە"گوێزە کوێرە"(١)
"خەوی بێوادە"(٢) بە چاوم فێرە
شارەزام گەرچی گەلێك لەو ناوە
زۆر کەسم لێ بە تەماڵ هەڵناوە
لەو چیایە گەلێ جارم دیوە
جاش و ژاندرمە دەخوێن گەوزیوە
لێرە زۆر جار چەتەیان بۆ هاتون
"حاجی پاراست"و"حوسێنی خاتون"

١)- گوێزە کوێرە:شاخێکە لەناو گەورکان لە پشت گوندی نستانێ.٢)- لەو شاخە پێش مەرگە حەرەسێکیان دانابو بەناوی احمد نستانی بەڵام حەرەسەکە خەوتبوو هەتا سەرباز و جاش نەهاتنە سەریان نەیان زانیو بەوجۆرە دوپێش مەرگە شەهید بون و حەرەسی خەواڵوش خۆی ڕزگارکرد.

ئێسـتە هەسـتێکی نی‌یـە بـێ دەنگـە
چاوی‌جاسـوس(١) لـە خـەوایێ! ڕەنگـە
تـاو هـەڵات وەختـی لەخـەو هەسـتانێ
ڕوی ڕوانیـن دەکەمـە"نسـتانێ"
بـا هـەتاو کـاتێ گزینگـێ داوێ
چـاوی لێڵـم بـەوێ ڕون کـەم تـاوێ
وا مەزانـە کـە هـەمو هـەر خـەوتون
کـوڕی ئـازای گـەلێ لـێ هەڵکـەوتون

* * * * * *

١)- جاسوس ئەو بزمارەیە کە لەسەر لولەی تفەنگ کەوتۆتە ناو دو کەوانەو ئەبێ لەگەڵ نیشانە ڕاست کرێ، جا دەس بە پەلە پیتکە دا بێنی، بۆ ئەوە کە ئامانجەکە بنگێوی.

# "سپیلکی سەر شیو"

سـەری شـێواوە"سـپیلکی سەرشـیو"(١)
تـەم سـەری گرتـوە ئـەو دیوەودیـو
لـەدڵا کۆنـە برینـی مـاوە
لـێی وەبـن داوەتـەوە دامـاوە
سـەردەمێك بو سـەری هیند بە برەو بـو
نەبـەرۆژ جـێ نەشـەوانەی خـەو بـو
سـینگی مـەودای هـەبو بـۆ نەسـرەوتن
شـانی وەك پـەیژەبو بـۆ سـەرکەوتن
کـوڕ کـە ڕاسـت و چـەپی ناسـیبایە
سـەری دێنایـە بـەرێ بـۆ کایـە
ئێسـتەوا ماوەتـەوە بـێ ئـاواڵ
دەردی تـەنیایی دەشـێوێنێ خـەیاڵ
نـە بـەرۆژ دێ نەشـەوانە لـە سـەری
دەنگی دەس ڕێژی"حەمـەی ڕەسـوەمەری"
نەتەقـەی گەرمـە نـە هـاتو چۆیـە
باوەشـی چۆڵـە سـپیلك بۆیـە
حـەزدەکا تـەم لەسـەری هـەر نـەڕەوێ
هـەر لـەبن چـادری ڕەش دەرنەکـەوێ

١)- سـپیلك: شـاخێکە لـە ناوچـەی سەردەشـت لـە پشـت گونـدی سەرشـیو.

# ئەشکەوتی خەزاڵێ

ڕێ ســـەرەوژوورە گـــەلێك برناکـــەم
بـــۆ وچـــان جێیـــەك ئـــەبێ پەیداکـــەم
لەســـەر"ئەشـــکەوتیخەزاڵێ"(١)ش تـــاوێ
بـــا خـــەیاڵی ســـەرەڕۆ خـــۆی بـــاوێ
ســـێبەری فێنکـــی هەیـــە بـــۆ ڕێـــوار
وەکـــو یـــەك ڕادەگـــرێ پیـــادەو ســـوار
مـــاڵی بـــۆ دەربـــەدەران ئەنوایـــە
خانـــە خـــوێی دەربـــەدەری هـــەر وایـــە
زگـــی پـــر ســـوچ و کـــەلێن و قوژبـــن
ســـەر بـــەلام پوچـــەك و بـــێ ئێـــو ئـــاخن

١)- ئەشکەوتی خەزاڵێ: لە ئاڵوەتان ناوچەی سەر دەشتە.

کـەچی بـەو حاڵـەوە چـی بێتـە گــــوێ
ئــەویش ئەیڵێتــەوە بـسۆت ســەر لــەنوێ
هێشــتە هــەر ئــەی ئـیْ کـە"عــەولاْناصر"
پـــیْی لــە خــۆ بوردنــی نــا نــاو ئـــاگر
کــاتیْ وا دەســتی لــەژینی خــۆی شــوت
چـەند بـە سـەربەرزی دەمـردو دەی گــوت
حەزدە کـــەن نەبنـــە مـــەکۆی داخ و دەرد
پشـــت مەبەســتن بـە"هــەڤاڵی نامــەرد"(٢)

* * * * * *

٢)- عەولاْ ناصر لەو سەفەرەدا هەڤاڵێکی دە گەڵ بو بەناوی "مەلا قادر لاچینی" کە ئەگەر تەقە دەس پیْ کرا مەلا قادر خۆی پـیْ ڕانـەگیراو هـەلاْت و عـەولاْ ناصر بە تەنیایی شەڕی کرد هەتا شەهید بو.

# " چۆمی کۆدەڵ "

"کــۆدەڵ"(١) ئێستاشــی ســرەوتن نــاوێ
ســینگ لەبــەرد ئــەکوتێ پریشــك داوێ
هــەڵوەداو شــلوێ بــە چۆلــدا وێڵـــە
چــاوە هــەر لێــڵ و دەراو هــەر لێڵـــە
ئـەو کەســالان خــوڕو، مــەندو، گۆمــی
قەڵپــەزەی ئــاوی لــە مــاڵی چۆمـــی
وت ئــەزانی کــە هــەموی کـــافورە
ئێســـتە بــەخوێنی شــەهیدان ســـورە
کـــەفی شـــێتانە دە چێنـــیۆ دەگـــەڕێ
لــە تەنیشـــت دارو دەوەن تـــێ دەپـــەڕێ
ســەر بەســـەر ئــاودڕو خـــڕ دادەگـــرێ
هێنـــدێ دەڕوانـــێ لـــەوێش ڕادەبـــڕێ
نـە"شـەریف زادە" لـەهیچ کوێ هەســـتی
دێتــەوە گـــوێ نــە "محەمــەد ئەســـتی"

---

١)- کۆدەڵ: ناوی ڕوبارێکە لە گوندی دارینە لە ناوچەی بانە، شـەریف زادەو هەڤاڵەکانی تری لەو شوێنە لە ناوچەی بانە شەهید بون لەسەر ڕوبارەکە.

نـە"حوسـێن ڕابـی" ئیـتر لـەو نـاوە
هەڵمـەتی نیـوە شـەوانی مـاوە
نـە لەجێیـەک"عـەلی عـەولا کۆڵـی"
مـاوە هـەڵ مـاڵێ لـەدوژمن قۆڵـی
دێو دەنـاڵێنێ لـەدوری ئـازیز
سـەری شـێواوی دەنێتـە لـم و خـیز
نـەدوایی دێ نـە دەبـڕێ شـینی
وەکـو کۆسـت کەوتـە دەچـێ نـاڵینی
دەگـەڵ ئەسـرینی مـن ئاواڵـە ئـەویش
هـەردولا لێڵـن ئیـتر بۆیـە منیـش
هـەرچی فرمێسـکێ لـە چـاودا مـاوە
لـێرە دەی ڕێژمـە ئـەو سـەرچاوە

* * * * * *

# گوندی دیوالآن

هەڵ کشا ئیتر ئەوە زەردەی خۆر
زەردەیان گرت پەمەیی‌و ئاڵ و مۆر
با لەپێ توند کەمەوە بەند کالآن
لێرەوە سەر بسرە بۆ"دیوالآن"(١)
ڕێ دەگەڵ وەش گەلێ کەم مەودایە
هێندە باریکە دەڵێی هەودایە
من بە چالاکی کە وەك تاوێرم(٢)
کە دەڕۆم لێرە شەقاو دەژمێرم
لەهەر ئەشکەوت و خڕێك ڕادەبرم
ڕادەوەستم بڕێ هەست ڕادەگرم
دیمەنی جوانە بەلآم وەدیارە
ڕێی مەترسی هەیە بۆ"ئاوارە"
تابلێی گوندی بە داوو کەڵەکە
بەدهۆن زۆرو بە فێڵ و تەڵەکە

١)- دیوالآن: ناوی گوندێکە لە ناوچەی سەردەشت کە مەلا ئاوارە لەوێ دەسگیر کرا بەهۆی هێزەکانی میری.٢)- تاوێر: ئەو بەردەیە کە لەسەری شاخەوە بەری ئەدەنەوە داوێنی کێوو حاڵەی ئەکەن سەرەوژێر.

حەوشـەیان تـۆڕن و ماڵیـان بنەیـە
هـاندەری لێیـە خـەریکی دنەیـە
زڕە کـوردی وەکـو کـەو(۱) دەخوێنـن
دسـت و دڵ پیسـن و دم بـە خوێنـن
ناسـرەون سـاتێ نـە ڕۆژێ نـە شـەوێ
بانگ دەکەن خۆیی ئـەویش چەشنی کەوێ
دەی بـەن و دەی خەنـە داوی دوژمـن
دێننـە جـێ مـەرجی شـەرەف دۆڕانـدن
کـوردە بـۆ یـەك دەبنـە نێچـیروان
کـورد نـەبێ کـێ تـرە نێچـیری وان؟
پـەت و سـێدارە ئیسـتر هـەڵ دەخرێـن
لاوی تێکۆشـەری پـێدا دەکرێـن

۱)- خەڵکی گوندی دیوالان بـە درۆ تێوانـی خۆیـان نـاخۆش کـردو مـەلا ئاوارەیان بانگ کرد کە گوایا پێکیان بێنێتەوە، لە بنەوەش حکومەتیان ئاگادار کرد کە دەورەی گوند بداو دەس گیری بکـا، بـەم جـۆرە گرتیـان و دایانـە دەست حکومەت و دەگەڵ دو هـەڤاڵی تـری لـە سێدارە دران لـە شـوێنێك بەناوی "سەرکەنەکان" لەناوچەی سەردەشت.

جـارڕ دەدەن جـا هـەمو گونـدو گــەڕەکان
بێـن و ڕێیـەك بخەنـە "سـەرکەنەکان"(١)
بێـن ببینـن کـە "شـەهید ئـاوارە"
سـەری چـەند بـەرزە لەسـەر سـێدارە
چـۆن"حەمـەد احمـد"و"ڕەحمـان وەتمـان"
بۆوەتـەن مـردن و سـەریان نەچـەمان
هێشـتە هـەر چـۆن لـە گـەڵی و دارسـتان
دەگـەڕێ دەنگـی "بـڕی کوردوسـتان"
گونـد نی‌یـە بنکەیـە بـۆ ئـاژاوە
خـۆ فرۆشـتن لـەوێ ئێسـتەش مـاوە
نەتـەوەی کـوردن ئەگـەرچی کـوردن
لـە بەرانبـەر گـەلی کـورد ڕو زەردن
نـابێ دڵ خـۆش بـێ بـەوە بێگانـە
کـوردی کوشـتن، ئـەوە کوردوسـتانە
تـا پـتر خوێـن بـڕژێ لـەوناوە
شۆرشـی گـەورەتری بـەدواوە

١)- سەرکەنەکان: ناوی شوێنێکە لە نزیك سەردەشت کە مەلا ئاوارە دەگەڵ دو هەڤاڵەکەی تری لەوێ لە سێدارە دران، هەڤاڵەکانی تری یەکیان "محمد احمد"و ئەوی تر"ڕەحمان وەتمان"بوو.

# ماڵ ئاوایی

ڕێ ئەوە هاتوە ببڕێ کەم کەم
ڕێی بە هەورازو نەوی‌و دەردو خەم
چاو دەگێڕم لە چیاو ئاوایی
لە پشوی ئاخری ماڵ ئاوایی
ماچ دەکەم مستە گڵێک دوسێ‌جار
بەلەشم دادێ تەزو سەر تا خوار
دەگرم ڕێی دەوەن و دەر بەدەری
ڕۆژێ دێ دەربەدەریش دانێ سەری
کە دەڕۆم ڕۆینەکەم نا بەدڵە
شینەکەم چونکە کەت و نیوە چڵە
کوردەواری گەلێ جێی وای ماوە
قارەمان گیانی لەوێ داناوە
هەن لە ڕێی ئەو گەلەدا بێ سەروشوێن
چون و بۆم ڕون نەبو جێیان لە کوێن
بۆیە دەرفەت نەبو گشت جێیە بچم
من لە ڕاست وان کەچی هەر ئەستۆکەچم

ئـەوی ویسـتی لـەوەدا لێـم خـۆش بـێ
گـەورەیی کـردوە یـاخوا خـۆش بـێ
داوی خـەم گـەر گوتـم ئـاوا بـادەم
بۆیـە بـو دەسـتێ بـە ئـەژنۆ دادەم
لێـم دەدڵ نـەگری دەنـاو گڵکـۆدا
دڵـی مـن شـێتە دەتاسـەی تـۆدا
چـەند بـەیادی تـۆ شـەوو نیـوە شـەوێ
ڕاچـەنی"هێـدی" لـەویژینگی خـەوێ
مـن کـە ئـەو چـەند وشـەیەم پێکـەوەنا
هـەر مەبەسـت بـیرەوەری تۆبـو دەنـا
کـارێ پێـك نایـە بەخۆزگـەو بریـا
دوژمنـی پێکـەنی هـەر کـەس گریـا
کـوردو پاڕانـەوە شـەرمە، شـەرمە
دڵـی ڕەق بـۆ دەمـی خەنجـەر نەرمـە
کـەڵکی هیـچ نـاگرێ شـین و ڕۆڕۆ
تۆڵـە ئەسـتاندنە مـەرجی مـن و تـۆ

دێلزە، ناوچەی باڵەك، عیراق،١٩٧٢/٩/١٢ز
مانگی ڕەزبەری ١٣٥١ی هەتاوی

# " بیادتو "

نیـازم گفـت بـاکس درد پنهـانی کـه مـــن دارم
ندانــم راه خــود را در بیابــانی کــه مـــن دارم
به گلزار هرکســی بـا لالـه ای الفـت ببسـت امـا
ندارد کس گلـی چـون یـارخندانی کـه مـن دارم
حدیث عشق راگفتن محـالی نیسـت کزحسـرت
بشــوید دفــترم را چشــم گریــانی کـــەمن دارم
تـرا در قلـب خـود جـا دادم و آشـفته از آنــــم
ســرا بـس تنـگ باشـد بهرمهمـانی کـه مـن دارم
مـپرس احـوال زارم را زمـن زانکـه نمـی گنجـد
بجــز در خــاطرم درد فراوانـــی کـــەمن دارم
چوزلفـت دل پریشـان وچوقـدت قافیـه مــوزون
ببیـن طبع ودل جمـع وپریشـانی کـه مـن دارم
زاغوشـم برفتـی همچـو یوسـف رفـت از کنعـان
خدا باز اور ان یوسف بـه کنعـانی کـه مـن دارم
زحد افزون شکسـتی وعـده را وزمـن و فـادیدی
که احسـن برثبـات عهـد و پیمـانی کـه مـن دارم
بدا مـن میچکـد خـون دل از دیـده"حسـامی"را
بحال خویش گرید شـمع سـوزانی کـه مـن دارم

مانگی ٤ی ١٩٥١ز
مانگی خاکەلێوەی ١٣٣٠ی هەتاوی

# " أشك خونين "

شد جوانی زکف و حسرت دیدار بماند     اه از این درد که براین دل بیماربماند
در کنار تو مرا بود دل شاد ولـــی     رفت با پای تو شوق و غم بسیاربماند
سایه سرو تو تا از سرمن شد کوتاه     پای لرزان من از رفتن گلزار بمـــاند
این عجب بین که شدم شهره عالم بجنون     لیك با توسخن از جمله اسرار بماند
صحبت از تلخی هجران تو کردم دیدم     یادگاری زمن و خامه خونبار بمـاند
مرغ دل سوی تو پرزد قفس سینه‌تنگ     ره پرواز بر او بست و گرفتار بماند
گفته بودی که زما یاد نکردی ایدوست     پس چرا اشك من اینگونه برخسار بماند
اشك خونین که من ازدیده‌روان میدارم     کاروانی است که بی قافله سالار بماند
توبه بیگانه نشستی و مرا چاره نبود     که گل از روز ازل در بغل خار بماند
من زرسوائی خود باك ندارم لکـن     بردلم درد جدائیست که دشوار بماند
نازم ان اشك وفادار چه‌شب های دراز     که بیاد تو زچشم امدو بیدار بماند
گلشن صحبتت ار غایت مقصود من     ارزوئی است که در پرده پندار بماند

پرش پاپری ١٣٣٥ی ٠ ڵوی
مانگی ٧ی ١٩٥٦ز

# " چلەی بارزانی "

لەمێژ نی‌یە هەر لەو هەردە    لەناو ئەو زورکەن و بەردە
ئالۆزی‌بو هاتو چۆبو    هەمولا شین و ڕۆ ڕۆ بو
تفەنگ سەرەو بن کرابون    سۆرانی لەخم درا بون
لەبەر گریان و هاتو چۆ    وەك دەشتی مەحشەر بو شنۆ
کوردی کوردستان حمی بو    لەو دەوروبەرە خەزی بو
وەك یەك لە چاوی ژن و مێر    ئەهاتە خوار فرمێسکی سوێر
کە هات هەواڵی جەرگ بڕ    باوك هۆشی بڕا لە کوڕ
خەفەت ئەباری لەو ناوە    "باوکی کورد" سەری ئەناوە
ئەو ڕۆژە باوکی خۆشەویست    سروێك ئەهات تۆ نەت ئەیست
هەناسەی پێش مەرگەی تۆ بو    ڕوحیان لەسەر گڵکۆی تۆبو
چل ڕۆژ تێ پەڕی لەوکاتە    بەلاّم کوردستان هەر ماتە
هەڵگوردو پیرس و مەتین    قەندیل و کوڕەك و سەفین
هەڤالانی بەوەفای خۆت    ئامێزیان ئاواڵەیە بۆت
کورتەی چیرۆکی ژینی تۆ    پێش مەرگێك بوی ماندوو مجرۆ
بەرهەڵستی دوژمنی کورد    لەبێشکەدا دەستت پێ کرد

بن بەردی خۆت لە شاخ و کێو  نەگۆڕیەوە بە زێڕو زێو
نەك هەر ڕەمزی کوردستان بوی  بۆ کورد دەرسی نەوەستان بوی
دەستی خەنجەرت بە هێز بو  جێی خۆشی تۆ مەتەرێز بو
سامی تۆ وای دەنگ دایەوە  مردن لێت ئەپرینگایەوە
لەهەڵبەستا تۆ بوی مەبەست  تۆ بەرزتربوی لە هەڵبەست
کاتێك لاوەیی نەتەوێ  لە ڕاپەڕینی تۆ بدوێ
بۆ سەر بەرزیت سەر دانوێنێ  بڵێ و دان بەوەدا بێنێ
"کردەوەی ئەو قارەمانە  لە دنیا بۆتە ئەفسانە"
ئەوەی تۆی دی لە سەنگەرێ  چ بڵێ؟ ناوی تۆ چۆن بەرێ؟
تۆ بوی شانازی گەلی کورد  زۆر شانازیت لەگەڵ خۆت برد
کۆچت دەردێکی بەسۆ بو  کوردوستان حەوجێی بەتۆبو
گڵ تۆ لەدڵ دەرناهێنێ  خاکی کورد تۆ ناشەمزێنێ

دایك کور لەباوەش ئەگرێ
سەدجاریش لەبەری ئەمرێ

مانگی خاکەلێوە ١٣٥٨/١/٢١ی هەتاوی

مانگی ٤ی ١٩٨٠ز

# "نامەیەك بۆ كاوە" (١)

تاكەنگێ زەمانی بێ زمانی
بابەس بێ وچانی وێژەوانی
ئەوسەردەمە چو كەدەس بەسەر بوم
بابێمەوە سەر ڕەوەندی پێشوم
زۆرداریێ كە عومریێ دڕكی من بو
نۆبەی منە لیێ بیم بە داسو
بچنم گوڵی بێ دڕو ئەوەندە
كەس قیمەتی وان نەزانێ چەندە
لە وشەو، لەمەبەست و، پیت و، ڕستە
هەڵبەستی تەڕو بەنرخ و بەستە

١)- كاوە: منداڵێكی مەكتەبی حەوت هەشت ساڵانە، خزمی منە، زۆر منداڵێكی وریاو لەلام خۆشەویستە بەو هەڵبەستە ئەمەوێ لە گەڵی بدوێم و تیێ بگەیێنم كە كاوە كێیە، كورد كێیە.ئەو هەڵبەستانە یەكەم هۆنراوەی منن كە لەدوای دەربەدەریو گەڕانەوەم بۆ ئێران گوتومن، دوای ئەوە كە انقلابی پیرۆزی ئیسلامی لە ئێراندا سەركەوت و ڕژێمی شای گۆڕبەگۆڕ ڕوخا، چونكە پێش تون بە تون بونی ئەو دەرفەت و مەجالی ئەم جۆرە شتە نەبو.

چـــی خـــۆم ئەمــــەوێ هــــەڵی بژێـــــرم
بـــــێ مایــــە لــــەناوی هــــەڵ وەژێــــرم
ئــــەوتۆ کــــە لــــەدوی بــــن بــــە عــــەودالْ
لــــەو هــــەردو هەرێمــــەدا کــــورڕو کــــالْ
وەك شــــەمعێ لــــە ڕێی یــــەکی بدێــــرن
وەك دیاریــــە بــــۆ یــــەکی بنــــێرن
شــــەوگاری درێــــژ مــــن و قولینچکــــێ
ڕۆژ جۆگەلــــە ئــــاوو تــــۆزە شــــینکێ
گــــەردەس بــــدەن ئــــەو دوە هــــەمو دەم
ئــــەو گەنجــــە بــــە تــــەختی شــــایی نــــادەم
لەولایــــــە کــــــە لاوی دڵ دەڕێــــــژم
لەودەســــتە کــــەلاکی خــــەم دەنێــــژم
ماوێکــــە دەســــی نــــــەیاری دڵ ڕەش
ئــــاوا هــــەڵی داشــــتوم لەگــــەڵ وەش
لێتــــــــان چ نزیکــــــــم و چ دوورم
هــــەر کــــوردم و هــــەر لــــە ســــەروە ســــورم
ئــــەو ڕۆژە کــــەمن بــــە کــــوردی خولْقــــام
فــــەخرێ بــــو کــــە کــــوردەواری پــــێی دام

بـۆی کردمـەوە سـینگ و باوەشـی خـۆ
ئـەو دایکـە منـی گـەیاندە ئـەورۆ
ئـەورۆش کـە ئـەڵێم لـە خـەڵکی شـازم
هـۆی هـەر ئەوەیـە بـەکورد ئـەنازم

*****

بـاوانی مـن و تـۆ سـەردەمی زوو
چـەکیان ئەگـە بوبـێ هـەر گـورز بـوو
هـەر ئـەو چەکـە بـوو لەدەسـتی مـێران
بـەوگورزە ئەچوونـە ڕاوی شـێران
گشـت کـاری بەدەسـتی وان ئەسـوڕا
مـیریش بـە قسـەی ئـەوان ئـەگۆڕا
چـی لـەو گەلـە کەوتـەوە بـە هـێز بـوو
بـەو هـێزەوە ئـەو گەلـە بـەڕێز بـوو
لـەو سـەر زەویـە نـەبوو وەکـو وان
مێرخـاص(١)و بلێمـەت(٢)و دلـۆوان(٣)
بـەو بۆنـەوە نـاوی وان نـرا کـورد
ئـەش زانـی کـە کـورد یەکـە لەگـەڵ گـورد
ئـەم دەورە کـە کـورد کـزو کەساسـن
ئـەمنیش و ئـەتۆش بـەوان ئەناسـن

---

(١)،(٢)،(٣) : ئازا،زانا،سەخی و بەدەست و دڵ.

******

ئێسـتەش کـوڕی وان ئـەوەندی مـاون
لـەو ناوچەیـە بـەش بـەش و بـڵاون
هـەر دوژمنـێ کـەرتێ کەوتـە دەسـتی
بونـە هـەدەفی ڕەگـەز پەرسـتی
دەوروبـەر ئـەوەی لـە دەسـتیان دێ
مـافە و هـەقی وان ئەنێنـە ژێـر پـێ
هـەرکامی لـەوان سـەریش هـەڵێنێ
داگـیر کـەری مـل هـوڕ ئـەی پـەڕێنێ

*****

ئـەو کـاوە کـەنۆی بـەناو کـراوی
کـەم کـوردێ هەیـە،نـەزانێ نـاوی
کـوردێ بـو نـەترس و ژیـەر چـالاك
تێکۆشـەرو قارەمـان و بـێ بـاك
ئەوکاتـە دژی سـتەم هەڵسـتا
مەردانـە خـەباتی کـرد نەوەستا
ئـەو پیـاوە بـە هێنـدێ چـەرم و دارێ
"زوحـاکی" لـە تـەختی خسـتە خـوارێ



ئه ندازیار حه سه نی خاته مى ـ هه ژار ـ هێدی ، مارفاغا

گــەر ئــەو وتــە ســەیرە لای تــۆ کــاوە
ڕوون کردنــەوە کــێ لــە تــۆی وەچــاوە
مــەیدان هەیــە بــۆ هــەموو کــەس ئــەوڕۆ
نوســین لــە مــن، خوێندنــەوەی لەســەر تــۆ
کۆســێ کــەبوو(٤) لاچــوە لەســەر ڕێــم
دەرفــەت هەیــە بــۆ لەگــەڵ تــۆ نــەدوێم؟
وای دانــێ کــە ئــەوڕۆ تــۆ قوتــابی
لێــم ســورە لەدەرســێ مــاندوو نــابی
گــوێ بگــرە لــەمامی خــۆت کەوایــە
چیرۆکەکــە بــا بگاتــە دوایــە

*****

شــای ئــەو دەمــە نــاوی ئــەژدەهاك بــوو
شــای چــی؟ وەکــو شــێری سـامناك بــوو
نــەی بــو بــەزەیی ـ ڕوحــم لەگــەڵ کــەس
خۆشــیو دەســەلاتی خــۆی ئەویســت بــەس
بێجگــە لــەوە زوڵمــی پــێ ڕەوا بــوو
دومــاری لــە شــانەکان ڕوا بــوو
جــا بــۆ ئــەوە مارەکــان بژیــن شــاد
گشــت ڕۆژێ لــە مێشــکی ئــادەمیزاد

٤)- تازە حوکمی زۆرداری شا لە ئێران ڕوخابو کە لەزەمانی ئەودا نووسین و خوێندنەوەی کوردی ئیمکانی نەبوو.

هــەردوك ئــەبوو تــێرکرێن و مرپــن
بــەو خواردنــە تــا بخــەون و کرپــن
نــەك برســی بــن و لەبــەروە شــاڵاو
بــۆ ســەر ســەری شــا بــەرن لــە ناکــاو
کــردی بــە ئــەرك لەســەر هــەموو کــەس
لــە گیــانی کــوڕان ئیــتر بشــۆن دەس
هــەرباوکی کــوڕی هــەبا ئــەبوو خــۆی
هەســتێ‌و ســەری ئــەو کــوڕە بــەرێ بــۆی
پێــش کێشــی بکــا هــەتا لــە پاشــا
مێشــکی بخــوراێ لــە کۆشــکی پاشــا
فیردەوســی ئــەڵێ هــەزارو یــەك ســاڵ
ئــەو شــایە ژیــا بــە زوڵــم و تیتــاڵ
هــەر ڕۆژە کــوڕی کەســێك ئــەکوژرا
بەوبۆنــەوە جلکــی ڕەش ئەپۆشــرا
هــەر لایــە ئــەچووی شــەپۆڕو شــین بــوو
هــەر شــیوەن و ئێخــە دادرپــن بــوو
ئــەو نۆبەیــە هــات گەیشــتە "کــاوە"
شــا زانــی کــە ئــەو کوڕێکــی مــاوە



هیدی ـ دوکتور حه سه نی حیسامی
ئه وریز ـ ١٩٩٠ زایینی

حـەوتی تـری بـوون ئـەوان هـەموو چـوون
نـەیبوو ئـەوە کـەڵکی گـاوو گـەردوون
گوتیـان ئەمـە نـابێ زۆر منالـە
بـا جـاریێ ببێتـە هـەژدە سـالە
ئـەو جـار کـە کوڕێـك بـوو پێگەیشـتوو
زۆر زان و بـەهۆش و تێگەیشـتوو
هـاتن کـە ئەویشـی لـێ بسـێنن
بیکوژنـەوە مێشـکەکەی دەرێنـن
"ئاسـنگەری پـیر" ئەگـەر ئەمـەی دی
هـەرچی هـەبوو نایـە لا شـتی دی
دڵ پڕبـوو لـە شـایو مارەکـانی
خوێـن ئـەکوڵێ لـەناو دەمارەکـانی
ئەوچـەرمی لـەخۆی ئەبەسـت لەسـەر کـار
کـردی بەعەلـەم لەسـەر لقێـك دار
ئـەودارو شـەکیلە بوونـە ئـالا
ئالایـە کـە خـەڵکی لـێ دەهـالا
بەوچەرمـەوە کەوتـە شـارو بـازاڕ
کـۆی کـردەوە دەوڵەمـەندو وەرزێـر

هـــاواری دەکـــرد کـــە: بۆمـــە شـــەرمە
ئـــەو خوێـــن مـــژە تـــاکو کـــەی لەســـەرمە؟
دنیـــا ئـــەوەتا نوقـــم بـــوو لـــە خوێـــــن
وەرن و هـــەموو دەس لەدەســـتی یـــەك تێـــن
ئـــەو شـــایە لەتـــەختی بێننـــە خـــوارێ
نـــازانێ بـــــە شـــــایەتی بچـــــارێ
ئـــەو مەینەتـــە ئێمـــە بـــۆ بچێژیـــن؟
تاکـــەی ئـــەبێ تـــەرمی کـــوڕ بنێژیـــن؟
خـــەڵکیش وەکـــو کـــاوە دڵ برینـــدار
بگـــرە لـــەوی تـــوڕە تـــر هـــەزار جـــار
لێـــك چـــون و ڕژانـــە کۆشـــکی شـــاوە
شـــایان لـــەوێ گـــرت و خســـتە لاوە
ئـــەو پەرچەمـــە ئێســـتەش ئـــەو زەمانـــە
بەوەوبۆنـــــەوە نـــــاوی "کاویـــــان"ە

*****

لـــە جیـــاتی ئـــەویش گـــەڕان لـــە ئـــێران
یـــەك بێنـــن و بیێتـــە شـــا لەســـەریان

شـــــازادەیە بـــو لــــەوێ "فــــەرەیدون"
دڵســـــۆزو، بــــە ئـــاوەزو، بــــە زاکـــــون
ڕۆژێـــك هــەموو چوونــە لای بــە گشـــــتی
کــــاوە لەبـــەرو خـــەڵك لــــە پشـــتی
گوتیـــان ئــەبێ تــۆ ببــی بــە شــــامان
باشـــتر لـــەتۆ کـــەس نی‌یــە لــــەلامان
کـــــاتێك بەبــــەڵێن وەڵامــــــی داوە
ئــەو گـــیرو گرفتـــی بـــوو بـــــڕاوە
بـــەم شـــێوەیە بـــوو بەشـــا فــــەرەیدون
پیــــس و چەپــــەڵی وولات لـــــەناوچوون
جێگــــەی شــــەڕی گرتـــــەوە تــــەبایی
بەوبونـــــەوە بـــوو بـــــەجێژن و شـــــایی

****

هیـــوام هەیـــە تــۆش کوڕێکـــی ژیـــر بـــی
پســـــپۆڕو، بەهەســــت و، هـــۆش و بـــیری
هێنـــدەی بکـــە بـــێ وەخـــت مــەچۆ خـــــەو
بەوخەوتنـــــە ڕۆژی خــــۆت مەکــــە شــــەو

بخوێنـــە هـــەتا هـــەلت لـــەدەس دا
هیـچ نـاکرێ کـە ئـەو هەلـەت لـەدەس دا
وریابــە لــەخۆت کــە ئــەو زەمانــە
دایکێکــە لەبــەرخی گیــژ نەبانــە
گــوێ بگــرە لــە ئــەمرێ دایو بــاوان
رێزیــان نــەگری ئەبێتــە تــاوان
رێیــەك مەدەبــەر بــە تــاقی تــەنیا
هــەورازو نشــێوی زۆرە دنیــا
بۆبــاب کــوڕو، بــۆ بــرا بــە
یــانی کــوڕی چــاك چلۆنــە وابــە
بـۆ کـورد بـژی، لامـەدە لـەڕێی گـەل
تۆبــازی، مەبــە بــە هــاودەمی قــەل
ئــەو خاکەیــە لــێ ئــەژی هەتاهــەی
ئــەو خەڵکــە بــەژێر چــەپۆکی تاکــەی؟

حــسێ‌ی خــۆت بکـــەوە لـــەناو هـــەڤاڵان
دۆســـت بگـــرە بـــەلام بـــە مـــانگ و ســـالان
دۆســـتێکی وەهـــا کـــە بـــوو بـــەهاوڕێت
مـــاڵ و ســـەری خــۆی وەچـــاو نـــەبێ لێـــت
دوو ڕوو کـــــە لەهـــــەردو لاوە پەســـــتە
ڕوی تـــێ مەکـــە پشـــتی پـــێ مەبەســـتە
تـــــۆ هێشـــــتە منـــــاڵی نـــــۆ جوانـــــی
پێویســـــتە لـــــە ئێســـــتەوە بزانـــــی
هـــــەر پیـــــاوی نەزانـــــە ڕەنجەڕۆیـــــە
زانـــــابی، ژیـــــان حـــــەلاڵی تۆیـــــە

مانگی جۆزەردان، ١٣٥٨/٣/٢٥ی هەتاوی
کرج عەزیمیە
مانگی ٦ی ١٩٧٩ز

# " ورینگە "

هـەر لـەڕێت کـەوتم و نـەم زانـی لەبـەرچی وایـــە
ڕۆژ نی‌یە ڕووی تۆ، کـەچی چـاوی لەبـەر هەڵنایـە
لەشـی نـەرمت لـە ووشـەی ناسـك ئەگـەر داڕێـژم
سـەد هـەزار هێنـدی ووشـەی تـر هەوەسـی تێدایـە
نواندنـی مەڕمـەڕی سـینەت لـە کراسـی تـەنکا
وەك لەرەی مانگی شـەوی چـاردە لـە نـاو دەریایـە
سـەر دەشـێوێ لەخـەیاڵ و لـەمن و، هەڵبەسـتم
بۆنـی کەزیـەی تـۆ ئەگـەر دێ بـەکزەی شـەوبایە
خـەمی مـن بۆیـە لـە ژێـر سێبەری تـۆدا دەڕەوێ
پرچـی تـۆ پەرچەمـە، بـاڵای تـۆ وەکـو ئاڵایـە
مەم لە تێخـەت سـەری هـەڵداوە ئـەویش سـەرتاپای
چـەق وچۆیـە تـەزووە ، لـەرزە، مچورکـە، تایـە
کە هەنیت بسـکی لەسـەر لادەچـێ، لالـەی ڕووتـە
گەردنیشـت ئەگـە خـاڵ لـێ بگـەڕێ مینایـە
چاوی تۆ زۆر لە ئەوین ئەدوێ لەگـەڵ مـن چبکـەم
مەسـت ئـەدرکێنێ قسـەو، دوایـە دەکـا حاشـایە

دەمی عیسا وەکو ئەفسانە لـەلام وابـوو بـــەڵام
کە بزەی تـۆم دی منیـش هاتمـە سـەر ئـەو بڕوایـە
حەزدەکەم قەت لەسەرت کەم نەبێ موویەك، چونکە
هەیـە پـەیوەندی لەگـەڵ ژینـی مـن ئەوهەودایـە
تاکراس دەخزێ لە سینگت مەمی تۆ دەکوشێ، بەڵام
دزی خۆماڵی‌یـە، نـاگیرێ بـە هیـچ دەزگایـــە
نی‌یە وەك شیعری مـن ئـەورۆ تـەڕو تێراو، ئیــتر
قـەدی شـلکی تـۆ کـە هەڵبەستی خوایـە، جیایـــە
شـەرم و، ئـاوات و، نیـازو، هەوەسـی لـێ دەڕژێ
پەیکـەری تـۆ لەسـەرو، سـینگ و، کەمـەر تاپایـــە
هێندە شیرن ئەدوێم بۆتۆ، لـەناو بێشـکە(۱) مەگـەر
دایـە بـەو شـێوەیە بـۆی کردبـی لایـی لایـــە
"هێدی" یادی دەمی تۆی پـێ نـەکرا چارە چی‌یـە؟
خاڵەکـە هێنـدە بچووکـە، بـە خـەیاڵ نایـــە

عەزیمیە، کەرەج، نۆی ڕەمەزانی ۱۳۵۸ی هەتاوی۱۲/۵/۱۳۵۸
مانگی ۸ی ۱۹۷۹ز

۱)- بێشکە: لانك.

# " گنجینەء نهفته "

من میروم که رنگ شفق لالەگون کنم
من میروم که مرز وطن جوی خون کنم

من میروم که همچو عقابی به کوهسار
چنگال خشم بر جگری ازمون کنم

من میروم که رایت مجدتو ای وطن
بار دگر فراشته در تیسفون کنم

گیرم که دشمنت هوس خام پرورید
من این هوس برون زسر خصم دون کنم

وینهم رسالتی که دگر کاخی از ستم
با پایەهای سست و کجش واژگون کنم

دشمن اگر به جادوی فرغونیان بود
من با عصا برابری ان فسون کنم

ان مکتبی که داد بمن درس مردمی
تعلیم هم بداد که ایثار چون کنم

حاشا من ان نیم بره سرفرازیت
باك از ستیزه جوئی خصم زبون کنم

من زادەء تو هستم و تو مام من اگر
زانچه امیدتست بمن زان فزون کنم

دیوانه ای نخواست اگر فرهت ترا
آن به بضربتیش رها از جنون کنم

هرجا سخن زدوست بود بانوای خویش
جانی در ان دمیده بجان اندرون کنم

شیرین من هرا ینه خواهد به جلوەای
نقشی دگر فزون بدل بیستون کنم

انسان خوشم به زمزمەء خود که نیستم
پروای انکه سازنی وارغنون کنم

شایستەء نثار تو گرنیست گوهری
گنجینەء نهفتەء خود را برون کنم

از بامداد شوکت تو جان سپاریت
هرکس به عصر خویش بکرد، من کنون کنم

١٢/١٠/٥٩ مانگی بەفران بار، عەزیمیه، کرج
مانگی ١ / ١٩٨١ز

در روزنامەء کیهان شماره١١١٩٧ دوم بهمن ماه ١٣٥٩ صفحه ٦ چاپ شده است

# " یادی بارزانی "

لـەدڵم دابـوو لـە گـەڵتا بدوێـم
بێنمـەوە گـۆڕێ خـەمی کـۆن و نوێـم
لـە گـزیو فێـڵ و چـەپۆکی زۆردار
لـە گـەلی دەر بـەدەرو ڕووت و هـەژار
هەسـت ئەگـەر دەسـتێ بداتـە دەسـتم
کـاروانێ لەمەبەسـت ڕا بەسـتم
پـەردە وا دێـن و لـەلام ڕادەبـڕن
ئـەوی دڵ خـوازی منـن خـۆ دەگـرن
جـا خـەیاڵم ئـەوێ خـۆ نـەبوێرێ
بێـت و لـەو نـاوە یـەکێ بژمـێرێ
گـەر لـەوە دەرفـەت و مـەیدانی نـەبوو
دەمـێ بـم باتـەوە چـاخی پێشـوو
سـەرچیاو، ناوگـەڵی‌یو، دارو دەوەن
نـاو کـەوی بـەفرو، ڕنـوو، لـێرو، چەمـەن
هـەموولا دەنگـە، هەواڵـە، خەبـەرە
سـەرچیا سـەنگەرە، داوێـن چەپـەرە

تەقەیـــەی گرمەیـــە، دەس ڕێـــژی تفـــەنگ
تـــەم هـــەموو جێیـــە دەکاتـــە شـــەوە زەنـــگ
هێرشـــی پێشـــمەرگەیە بـــۆ ســـەر دوژمـــن
لـــــێی دەکاڵێتـــــەوە هـــــێرش بـــــردن
ســـەر دەبـــا گیـــانی نـــەیار دەستێنێ
ســـەر وەبـــەر دوژمنـــی کـــورد نـــاهێنێ
"هـــەندرێن"(١) ســـەنگەری ســـەر بەرزانـــە
گیـــان لـــەوێ چـــەندی بڵـــێی هەرزانـــە
پێکـــەوە لێـــك دەدرێـــن لـــەو هـــەردە،
جـــەندەکی جـــاش و ســـەری ســـەرکردە
لـــە "کـــورەك"(٢) دێتـــە ڕژان خوێنـــی گـــەش
ســـێرە نـــاگیرێ لەبـــەر دوکـــەڵی ڕەش
تـــەرمی دوژمـــن لەســـەر ئـــاوی"بێخـــاڵ"(٣)
بۆتـــە چێشـــتان و بژیـــوی قـــەل و داڵ
ڕۆژو شـــەو لـــێرە هـــەموو دەشـــت و دەرێ
وەکـــو یـــەك ئـــاگری دەڕژێتـــە ســـەرێ

(١،٢،٣،٤)- هـەندرێن، کورەك، بێخاڵ، سەفین: هـەرچواریان چیای کوردوستانی خواروون"عیراق" کەلەو چیایانە بارزانی لە شۆڕشە مەزنەکەیدا شەڕی قورسی لەگەڵ حکومەتی بەغدا کرد.

لوتکـە هـەر سـەنگەرە، دەشـت هـەر مەتـەرێز
شاخ و دەشت ئەمری سەرۆك ئەگرێ بـەرێز
نـە کـورەك سـەر لـە تـەمێ دەردێنـێ
نـە"سـەفین"(٤)هـەڵ دەچنـێ داوێنـێ
بارەگـای رێـبەری کـورد وا لـێرە
بارەگـام گـوت کـەچی لانـی شـێرە
بـن تەڕاشـێکی ئەگـەر سـاکارە
شـەرەف و گـەورەیی پێـوە دیـارە
کـام چیـا بـەرزە لەسـەر ئـەو عـەرزە
سـەری ئـەو سـەروەرە هێنـدە بـەرزە
ئێسـتە دەڕوانـم و تـۆ نـابینم
دڵوو سـۆمایم ئـەبا ئەسـبرینم
ڕون نییـە چـاوم و لێـم شـێواوە
چـاو نـەما، یـان تـۆ نـەمای لـەوناوە؟

پێم ئەڵێن پێم ئەوە ساڵ نوێ بۆوە
بگرم کۆڕێ بەیادی تۆوە
دێم هەتا دەستێ بەسەر خۆما دەم
تۆ لەیادم ئەچی تایادت کەم؟
سەردەمێ بوی‌و بەتۆوە نازیم
تۆ کەچووی، ڕۆیی هەموو شانازیم
بۆتۆ من هێندە نەبێ نیمە وەلاَم
کۆسپی ڕێ گەرچی گەلێك زۆرە بەلاَم
شەرتە من دەس لەوەفات هەڵنەگرم
هەر لەسەر ڕێی تۆ بڕۆم تا دەمرم

۱۰/۱۲/۵۹ی هەتاوی مانگی ڕەشەمە
ساڵی دووهەمی بیرەوەری کۆچی بارزانی
مانگی ۳ی ۱۹۸۱ی ز

# " سرشك "

الفت زما بریده اند جمله، سوای گریستن    ما ماندەایم و مهر اشك و/وفای گریستن
زیـن همـره آب دیـده دریـغ ایـدم دریــــغ    بسته به اشك ما است چونکه بقای گریستن
هرجا که دیدی چشم تری ساده اش مگیر    کوهی زغـم نهفته است ورای گریستن
ارزان گمـان مـبر رخ مـا شـوید اشـك مـا    دادیـم زانکـه نـور دیده بهـای گریســتن
من با خیال دوست دیده ببندم، ز گوشه ای    راهـی گشـاید اشـك بـاز بـرای گریسـتن
احساس من به بیتی دو کی میشدی بیـان    هر گوشه ای اگـر نرفتی نـوای گریستن
راز درون مـن همـه یکبـاره گشـت فـــاش    ازخون چو دیده ام گذاشت بنای گریستن
ان اتشـی کـه اشـك بجـان مـیزند مـــرا    برپـا کـند مگـر بگیتی صـدای گریســتن
زان میدهـم چوگنجـی بهـر دانـه اش بهـــا    پیغامی از دلی است اشکی، سوای گریستن
زیـد سرشـك بـر رخ فرزانـه زان خــــدای    دیوانـه را نداشته است روای گریســتن
طعنه مزن بر اشك کسانی که میکننـــــد    درد نگفتنـی درمـان بـدوای گریســـتن
اشــك ارنبـودی گرانمایــه تـر زدر یتیـم    بردیدەاش چـرا نهـادی خـدای گریســتن
صـد داسـتان زعشـق کنـد بـازگو تــــرا    اشکی زسر روان چوگشت بپای گریستن
سرگشته ام زبخت خویش که در صحن زندگی    ایفـا نکـرد خنـده نقشی بجـای گریسـتن

مانگی پوش پەڕ ٦١/٤/١٥ی هەتاوی، عەزیمیە، کەرەج
مانگی ٧ی ١٩٨٢ز

# " سرود "

مەزرەعەی قەلبی مە ویشکە ئەی وتەن کوا ئاوی تۆ؟
بێ زەوادن ڕۆڵەکانت، کوانێ شەکری خاوی تۆ؟
زەردە ڕەنگی خونچەکانت سێبەری زوڵم و جەفا
لادە بەو هاوینە کوانێ تیشك وتینی تاوی تۆ؟
بێ سرودی جاودانیی بولبولت بێ نەشئەبون
دەستە دەستە لاوەکانت وەك گوڵی تێراوی تۆ
لێم دەپرسێ دڵ بەدایم بۆچی سەرگەردانی تۆ؟
ژەهری تاڵیی چی دەچێژی هەر کە بەر شێواوی تۆ؟
دەردی دڵ ناکەم دەزانم دەردی بێ دەرمانی من
حەستەمە کەس بێ دەوای کا غەیری بەرزی ناوی تۆ
ئەی وەتەن کەنگێ ڕەوایە مەستی خەو بێ پاسەوان
گورگی دوژمن کەوتە کۆزی مێگەلی پاراوی تۆ
شەرتە هەر خاری دڵم بێ هەرچی عەیش و شادییە
تا لەدەس دەگرم وەنەوشەو سوێسن و لاولاوی تۆ
دڵ ئەگەر بۆتۆ بناڵێ چۆن ئەبێ زیر بێتەوە
تا لەژێر پێم دا دەبینێ دوژمنی خنکاوی تۆ
ئەی وەتەن گریانی تۆ مەو بۆت دەڕێژم ئەشکی سور
ئیشی تۆیە زامی جەرگ و شیوەنی "شێواو"ی تۆ

شامات، شیرناو، ١٣٢٢ی هەتاوی
ساڵی ١٩٤٣ز

## " وەلاّم " (١)

برای جنوبی پەیامەکەی تۆ          گەیشت و لە دڵم هەڵستا بۆسۆ
کاتێ کە دیتم زۆر بێ قەراری          لەدەس دوژمنتە گریان و زاری
بە ئاگری مەیلت کوڵی دڵەکەم          سیس بۆوە دیسان گەڵای گوڵەکەم
چونکە من خۆشم ئەزانم دیلی          ژێر دەستیو، کزیو، ماتیو، زەلیلی
دەردی گرانە خوێناو خواردنە          گەلێك لەو وەزعە خۆشتر مردنە
بۆت گریام برام نەم کرد خودداری          فرمێسکی سورم لە چاو ئەباری
ڕاستە کاکە گیان ئەتۆش هەر کوردی          ئەتۆش وەك کوردان هەر شێر مەردی
لە ڕابردوەکان تۆش یادگاری          تۆش ڕۆڵەی کوردان هەڵۆی شکاری
لە ڕێی نیشتمان خۆت ئەکەی فیدا          بۆ سەر بەخۆیی سەرو ماڵ وێکڕا
بۆ ڕزگار بونی زەویو خاك و ئاو          وردەو یەخسیرت ئەبێتە پێناو
خۆمن ئەزانم پێویستە بۆمان          تاکو ئەتوانین هەوڵ دەین بۆتان
ئەتۆش دەزانی برایەك لە بەندا          برایدی نیەتی گیان لە بەدەن دا
ئێمە هەردووك لا ڕۆڵەی کوردانین          خەڵکی کوردستان شێری ژیانین
لە شیری دایکێك گرتومانە هێز          لە ئاوی شەوی کردویە پارێز
هەردووك لا وەك یەك بۆ مردن و ژینین          یەك نەفس و ئامانج، یەك دڵ، یەك دینین
تۆوی یەك زەوی گوڵی باخێکین          جەرگ هەڵقرچاوی شیشەو داخێکین

١)- ئەم هەڵبەستە ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی ٥١ ساڵ لەوەپێش کەلەبیرەوەریەکاندا ڕوونم کردۆتەوە.

پـەروەردەی داوێـن ئـەو دایکـــەمانین
ئەرژێتـە بـەدەن لەیـەك ڕەگ خوێنمـان
ئـەمن گـەر چـاو بـم تـۆم ڕوناکـــایی
لـە دڵـم دەر نـاچێ ئـاه و ناڵەکـەت
زامێکـت خسـتە جـەرگی بـە تێشـم
شـەو خـەوم بۆتـە خـەیاڵاتی تـۆ
ڕێ بـەندان بـەردا ڕێی هـاتو چۆیـە
بەفران بار زریان لەگەڵ خۆی بەرێ
ئـەوجار ڕەشـەمە ڕنـوی بـەفرەکان
یـاخۆ گۆمیلکـەی ئـاوی کوێسـتانێ
بـە تیشـکی تـاوێ بتوێنێتـەوە
خاکـە لێـوە بـێ بەتـەپڵی شـادی
پڕکـا لەلالـە داوێنـی سـەحرا
هەڵاڵـە زەرد کـا دونـدی کێوەکـان
بولبـول بـۆ خونچـە بێتـە چـاوەش
کـەوبارو کۆتـر لـەبن ڕەوەزدا
قاقـا بخوێنـن بـەدەم یـارەوە
بـەیاریی خـوای بـەرزی بـێ هاوتـا
پێشـمەرگە تیپ تیپ پیادەو سوارمان

کە بۆ ڕزگاری ئەو سـەرگەردانین
سەرچاوە یەك جێ بۆ ڕێو شوێنمان
مـن مێشـکی سـەر بـم ئـەتۆم زانـایی
شکان بـە تیری دوژمـن باڵەکـەت
نەت هێشت هۆش و دڵ نەکەم نە بێشم
لـە دەورەی ئیـش و بەسـەرهاتی تـۆ
جێگـە ڕاگوێـزێ لـەو هـەردو بۆیـە
بـە جووتـە یـارە بچنـە سـەفەرێ
مرواریی سەهۆڵ لەسەر بـەردەکان
کـە بوونـە بـەندی بـەبای زسـتانێ
دیسـان بـەهارێك بنوێنێتـەوە
بەروێکی خـەندان لوتفێکی زیـادی
سەرخۆش بێ قومری لەگەشتی مـەزرا
خۆ سەوزە پۆش کەن ڕێزی مێوەکـان
زەوی خـاش خاشـك بگرێتە بـاوەش
لـە ژێـر لوتکـەکان کێـوی بـەرزدا
عـەتری گـوڵ بۆکـەن لـە گوڵـزارەوە
بـۆلای براکـەی گـیراو لـە داودا
فـەرماندەو گـەورەو خـاوەن کارمـان

لاوی شێر هەڵدڕ، لە مردن بیّ‌باك — پیرە مێردەکان بۆ تەکبیری چاك
پاك نوکی خەنجەر ژەهری مار پێوە — ڕادەبرین هەریەك لەدوی یەکێوە
شمشیر حەمایەڵ وەلای چەپمانە — هەرچی چەپ بڕوا بیّ شك بزانە
ئەستۆی کەچ دەکەم بەزەبری شمشێر — جەرگی کون دەکەم بە پەیکانی تیر
دوژمن لە ژێر ئەو پەنجانەی مەدا — ناچارە تەپڵی ئەمان لیّ دەدا
گەڵباخیو بانەو مەریوانی‌یەکان — سوارەی تیلە کۆو هەورامانی‌یەکان
سنجاب و پاوەند ڕۆڵە شێرەکان — پڵینگی ئازا بەبر هەڵدێرەکان
خۆیان ساز بکەن بۆ هاوکاری من — دۆژمن بلاّو کەین وەك تۆوی هەرزن
تاویّ پەلامار دەبەینە هێزیان — دەگرین فەرماندەی بەقەدرو ڕێزیان
جاریّ سەر نێزە حەواڵەی جەرگیان — دایك دروست کا کۆتەڵ لە بەرگیان
ئەوان گەڵای دار ئێمە بای زریان — زریان دەڕفێنیّ گەڵای پاییزان
ڕێوی ڕو بەڕووی شێری ڕق هەستاو — لەسەر سینگیەتی دوو دەستی وەستاو
ئالاّی سەربەستی لە هەموو لایە — هەرکویّ بڵیندو بەرزو چیایە
هەڵ دەکەم دەگرم جێژنی ئازادی — بادوژمن بمریّ بەبیّ مرادی

سەرشێواوی‌یەکەت ببێتە جێژن
دوژمن تالاّوی مەرگ بچێژن

مەهاباد، زستانی ١٣٢٤ی هەتاوی
١٩٤٥ز

# "نەورۆز"

جێژنـی کـۆن و سیاڵی تـازەی کـوردەواری هاتـــەوە
هاتـەوە ئـاگری خـەباتی ئـەو گەلـە خـۆش کاتـــەوە
هاتـەوە جوانـتر لـە جـاران جێژنـی کـاوەی قارەمـان
شـوێنەواری میدیـا بـاپیرە گـەورەی کوردەکـان
هاتــەوە بگرێتــە بــاوەش کـوردەواری ســـەرلەبەر
هاتــەوە نــەورۆزو بـۆ زسـتانە ئیـتر چارەســـەر
جێژنــی نــەورۆزە وەتــەن وا کــاتی پیرۆزبایی‌یـــە
جێژنــی لاوو کیــژو کــاڵی تۆیــە ڕۆژی شـــایی‌یە
هـەر هەلاڵـەی زەردە بۆنـی دێ لـە ڕێگـەی دوورەوە
هەر چڵۆکی دارە زەردەی دێ بە خونچـەی سـورەوە
ئەو گولاڵە ئـاڵ و سـورە بولبولـی سـەر خـۆش دەکـا
چەپڵە ڕێزانـێ لـە زسـتان و قـەلی ڕووڕەش دەکـــا
تا شنەی "هێـدی" بـەیان هـات و هەناسـەی کـردەوە
بـــەفری لاپـــاڵ و ترۆپکـــی شـــاخەکانی بـــردەوە
زێـوی ئـاونگ بۆتـە ملوانکـەی ملـی گیابـەندو خــاو
هەر تروسکەی دێو دەلەرزێ بای لەسەر بێ یا هەتاو

بـەرگی زستانی لەبـەر خۆی دارنـی ئـەورۆ زەوی
نـزم و بـەرزو شـیوو دۆڵ و ڕژدو هـەورازو نـەوی
تـا لەنـەورۆزدا خـەڵاتی سـاڵی تـازە وەرگـری
ژەنگی داماوی‌و هـەژاری‌و مەینـەتی خـۆی لابـەری
پەرچـەمی شـۆڕش خـەڵاتی ئێمەیـە هێناوی‌یـە
پەرچەمێك بۆ ناحـەزی ئـەو خاکـە چقڵی چاوی‌یە
پەرچەمێك تا تۆ بڵێی ڕەنگین و بەرزو ڕێك و پێك
پەرچـەمێکی وا کـە قوربـانی نـەبێ شـەرمە گـەلێك
چەرم و داری کاوەیـە دەستی سروشـت گێڕاوی‌یە
بـەیرەقی پاراسـتنی ئـەو خاکەیـە هـەر ماوی‌یـە
ڕەنگـی سـوری بیرەوەری‌یـە بـۆ شـەهیدانی وەتـەن
چـاوی هیوایـان لـە هاوڕێیانـە تانـەی لـێ دەدەن
هـەوڵ و تێکۆشـانی ڕابـردوو وەبـیر دێنێتـەوە
"خوێنی شێخ مەحمودە" لەو سـەر دارە دەزرووقێتـەوە
من بە لێنت پێ ئـەدەم ئـەورۆ لـە دەنگـی کـوردەوە
ئەو کوڕەی زنجیری یەخسیری لـە ئەستۆ کـردەوە

کۆمەڵە پێش مەرگەکەی دڵسۆزی تۆڵـە سـتێنی تـۆ
جێژنە پیرۆزەی لە سەنگەردا دەکەن بۆ خوێنـی تـۆ
دڵ کە ڕۆژو شەو دەسوتێ ئاگری تۆی تێ بەربووە
بۆیـە پیاوانـە لەگـەڵتا مـەرجی خوێنـی بەســــتووە
باسی خوێنـی پـاکی تۆیـەو شۆڕشـی ڕزگاری‌یــە
یـان بەسەربەستیی ژیـان، یـا مردنـی یەکجاری‌یــە
گەرتۆ ئەورۆ نـی لـە ئێومانـا کـوڕی دڵسۆزی تـۆ
هـەڵگری ئـاڵای خـەبات و شۆڕشـی پـیرۆزی تـۆ
قارەمـانی کـوردی ئـازا مـاوە کـاوەی بـارزان
ئەو کوڕە کوردەی بناغەی دوژمنی تۆی هەڵوەشان
دڵنیابـە جێژنــە پـیرۆزەی دوای نــەورۆزی مـــن
جێژنـی ئـازادی گەلـەو سـەرکەوتنی پـیرۆزی مـن

لە ئاهەنگی جێژنی نەورۆز لە گەلاڵە خوێندرایەوە.
١٩٦٦/٣/٢١ز
مــــانگی خاکـــە لێـــوەی ١٣٤٥ی هــــەتاوی

# " به یادی تۆ بارزانی "

من دەم گوت: پێشمەرگەی چاکم
دەم گوت لە مردن بێ باکم

دەم گوت: من کوردێکی ئازام
نابەزم، ناکەوم بەزام

دەم گوت: سەر با لەسەر دار بێ
بەڵام کوردستان ڕزگار بێ

دەم گوت: جامن بۆ بمێنم
گەر سەر بۆدوژمن دانوێنم

دەم گوت: بۆ کۆیلەی تۆ نابێ
کەسێك هیوای بە ژین مابێ

من دەم گوت: خرمەی شەست تیران
ناهێڵن زرەی زنجیران

من دەم گوت: خرەی چەخماغان
ڕەواندیان خەوی وەتاغان

من دەم گوت: ژەنگی خەنجەران
بسڕن بە خوێنی بەدفەڕان

دەم گوت: تۆ هەر لەوساوە بوی
پشتی گەلی چەوساوە بوی

دەم گوت: سایەت باوی‌یە کوێ
لەوی نرخی هوما دەشکێ

من دەم گوت: گەل دەگەڵ ڕێبەر
پەیمانێکەو دەی باتە سەر

من دەم گوت: وەك وێژەوانان
بەوشە ڕادینم زوانان

ئاڵقەی وا داوێمەوە گوێیان
سەرو دەس بشکێن لە سوێیان

لە کردەوەی قارەمانان
پڕدەکەم زارو زمانان

وابێ کورد گۆچی پێ بگرن
نەیار لە داخانی بمرن

ئاگر دەڕژێنمە هەناوان
دێنمە خوار ئەسرینی چاوان

گەرم دابێ کۆڕی کوڕان
کۆڕی خوێن پاك و دڵ پڕان

بەزمی خاوەن بیرو هەستان     کۆڕی کوردستان پەرستان
ئەو کۆڕانەی وا"شەش ساڵە"     جێی تۆیان تێدا بەتاڵە
تا دەم ویست ناوی تۆ بێنم     دەت گوت شمشیر دەوەشێنم
لە پیتم، لە ووشەم، لە ڕستەم     لە شیعری گەرمم، لە بەستەم
کوێستان ئەوتۆ گەرم دەبوو     گەرمین هاڵاوی بۆ دەچوو
دەم گوت چی ئەم دی چی ئەم بیست     دەم گوت هەرچی دڵم دەی ویست
من تۆم ئەدیو پڕ بەباڵام     لە باڵای خەیاڵ دەهاڵام
بەرەو ئامانج بیری وردم     باڵی دەگرت و دەی بردم
بۆ لوتکان پەڕی هەڵ داویشت     کوێ بەرزبو لەوێ دەنیشت
تینی هەبوو وتەو وەلاّم     بارزانی تاتۆم بوو، بەلاّم
کۆچی تۆ وای کرد لە هەستم     سۆز نەما لەناو هەڵبەستم
دەی نوسم و لەبەر خۆمەوە     بە فرمێسك دەی شۆمەوە
بێ تۆ گەرچی لە کوڵ پڕن     هەناسێکی ساردو سڕن
تۆ هێزی هەست بزوێنەر بووی     بۆیەش هەر ئەودەم کە تۆ چووی
تەڕی و تێر ئاوی هۆنراوان     جێیان گۆڕی هاتنە چاوان
دەبو چاو لە دڵ بتۆرێ     خوێنی ئەودی لەو دەچۆڕێ
هەردڵ دەستی کرد بە شینی     چاو لێڵ دەکا تۆ نابینی

نانا، چم گوت؟ تۆ نەمری .
ئەم دی کەس بۆ نەمر بگری .

بیرەوەری ساڵی شەشەمی کۆچی بارزانی: ١٠/١٢/٦٣ی هەتاوی، عەزیمیە، کەرەج
مانگی ٣ی ١٩٨٥ز

# " گڕو "

وەرە سەیری دڵی من کە چ هەزارو ڕەبەنە
گیربوە لەوهەڵەت و بەندەن و، داروەدەوەنە
مەسەلی کوردی هەمووی ڕاست و بەڕێو جێیە
دەڵێ: هەرداری نەهاتی بوو دەبێتە چەقەنە(١)
ئەوی سەودای لەسەری‌دایە جنونێکی هەیە
وەرە گوێ بگرە لەدەردی دڵی، پیێ پێ مەکەنە
گەر ئەویندای ولاتی دەبێ ئاگر بگری
ئەوە کارێکە کە پێك نایە بە ئەزمان و چەنە
ئەوی ئەو ڕێگەیە دەگرێ دەبێ چەنگ بە خوێن بێ
کەڵکی کورد ناگرێ لەشی ناسك و دەستی بەخەنە
گەر دەترسی مەیە بەزمی‌مە، کە ئەو مەیدانە
هەرچی تێ‌دایە هەموو ڕوستەمە، گیوە، پەشیەنە
لێرە هەر کۆسە(٢) ترازاندنە خەنجەر سونە
هێرشە، دەس بەیەخەبوونە، شەڕی تەن بەتەنە

١)- چەقەنە: ئاشی ئاو دارێکی هەیە لەسەر بەرداشەکە دەی بەستن هەتا ئاشەکە بگەڕێ ئەو دارە وەبەر داشەکە دەکەوێو تەقەتەقی لێ‌دێو ئەگەر ئاش ڕاوەستا ئاشەوان ئاگاداردەبێ، بەو دارە دەڵێن چەقەنە. ٢)- کۆسە: بەندی خەنجەرە کە لە کالانەوە لە دەسکی خەنجەر دەخرێ بۆ ئەوە کە خەنجەر نەخزێ لەبەر پشتێن.

"دوبـرا" ڕۆژی هــەرا دەس بخەنــە دەسـتی یـــەك
کێهــەیان بــاکی لــە هـێزی نەتـەوەی نارەســەنە(۱)
گــەل بــەبارزانی هــەتیو کەوتــەوە وێــرای"هێـــدی"
ئـەرێ کـێ دیویـە هــەتیو کەوتنـەوە لـەو تەمەنــــە؟
کوردەواریـــم کــە نــەبێ گیـــان و ژیـــانم نـــاوێ
گیـان ئـەوە، ئـەو کەنـەبوو بۆچـی دەبێ ئـەو بەدەنـــە
دەردی ژێـر دەسـتی‌یە، دەم کـوژێ، بەســەرهاتی مـن
خــۆ نـــە چـــیرۆکی ســیامەندو پــەلی دارەبەنــە(۲)
پـێی دەڵێـم: جـا دڵـە تۆش لـەو کـەژو کێوانـە بـــەوە
کەچی کـوڵ دەیگرێ دەگـری، دەڵـی چبکـەم وەتەنــە

عەزیمیە، کەرەج،۱۳٦٤/۳/۲٥ی هەتاوی

مانگی ٦ ۱۹۸٥ز

---

۱)- پەیوەندی بەشەڕی بەینی پارتی عێراق و دیموکراتی ئێرانەوە هەیە کەلەو تاریخەدا لە ئێران ڕووی‌دا. ۲)- خەج و سیامەند بەیتێکی فۆلکلۆری کوردی‌یە.

# " نەدەبوو ! "

دڵ ئەگــەر مــەیلی بــە دڵــداریێ نــەدابا نـــەدەبوو
خــەم کراســێك بــوو بەبــەژنی نــەبڕابا نـــەدەبوو
مەستی ئـەو خـاترەی ئـەم باتـەوە جێ ژوانـی کـــۆن
بـــەدزی بایـــە دەســـم ڕونـــەکرابا نـــەدەبوو
ئـەو خەیاڵـەی لـە خـەوێدا شـەوێ پـێی ڕادەپـەڕم
دڵـــی دێوانــە بــەڕۆژ لـــێی نــەدوابا نــەدەبوو
پــڕ لــە چـیرۆکی مــن و تــۆ بــووە شــارو بـــازێڕ
ئیـتر ئـەو پـەردە بڵـێی هــەر نــە دڕابـا نـــەدەبوو
مـن لـەدووی یـارو، نـە یـاریش ئـەوە بەدوای منـــەوە
لــەو گــەڕابام مـن و ئـەو لـەمنی گـەڕابا نـــەدەبوو
هێندە سـاڵەی کـە دەڵێـن: کـورد هەیـە، ڕزگـاری دەوێ
پــەت و ســێدارە ئەگــەر هــەڵ نــەخرابا نــە دەبـــوو
کــورد پــەکی کــەوتووە بــۆ دوژمنـــی!! دیــارە بۆیــە
خۆبـــەخۆ یەکیــەتی هەبوایـــە تـــەبابا نـــــەدەبوو
ئـەوی لـەو خاکـە چـەکی بـۆ گەلەکـەی دەس دایـە
پـــڕ مەترســـی بـــوو براکـــەم ئەگـــە مابـــا نـــەدەبوو

بەبۆنەی بۆمبـارانی ئۆردوگـای پەناهـەندە عیراقییـەکان لـە زێـوە لەلایـەن فڕۆکەکانی بەعسی فاشیستەوە لە هاوینی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی. ١٩٨٥ز

سـەری بـۆ دوژمنەکـەی شـۆڕ نـەدەکرد پێشـمەرگە
ژن و منداڵـی وەبـەر تـۆپ نـەدرابا نـەدەبوو
کـورد لەسـەر مـافی ڕەوای خوێـن لـە برینـی دەڕژا
دوژمنـی تینـو دەمـی پێـوە نـەنابا نـەدەبوو
ژەنگـی هێنـاوە لـە کالانـە کـەیا تێخـی زوان
مشـت و مـاڵێك نـەکرابا نەسـوابا نـەدەبوو
خوێـن مـژی دەورو بـەری تێر نـەدەبون ئـاخر،کـورد
وەك گـەلانی دی بەسەربەسـتی ژیابـا نـەدەبوو
دڵـی کۆسـت کەوتـە بـەدەر دانـەوە خوێنـی تـێزا
چـەند تنۆکێکـی لـە چـاوم نـەتکابا نـەدەبوو
ئـەی وەتـەن شـەرتی مـەبوو"هێـدی" لەبـەر تۆ بمـرێ
مردبایـە دەبـوو، پـەیمانی شـکابا نـەدەبوو

عەزیمیە، کەرەج، ١٣٦٤/٤/٧ی هەتاوی
مانگی ٧ی ١٩٨٥ز

# " ئـــــاوات "

ناسـرەون هەسـت و خـەیاڵ ئـەی خۆزگـە مـن دێوانـە بـــــام
خۆزگــە دەســت و پێــم لــەناو زنجـیری بایــەو وا نــــــەبام
زوڵفـــی ســـەر شـــانت عـــەزیزم کـــاتێ هـــاتی شـــانەکەی
مــن گوتــم ســەد خۆزگــە دەنکــی شــانە بــام و شـا نــەبام
کــەس وەك ئاوێنـــە بـــە ووردی نـــازمێری خـــاڵی ڕووت
بۆیــە ئــاواتم بــوو ئــەو ئاوێنـــە بەســتە زمانــە بـــــام
شەو چەق و چۆی جووتێ بەی وام دەگـرێ ڕۆژێ ڕەنگـە مـن
وا نەلـــەرزیبام لەســـەر ســـینگی ئەگـــەر لەرزانـــە بـــام
نـــابێ ڕزگـــارم لـــە دانـــەی خـــاڵ و داوی کەزیەکـــــەی
مـن کـە دەمویسـت قـەت لـە گـیری داوودانـەدا نـــەبام
زەردە خـــــەندەی لێوەکـــانت هـــەر هەناســـێکی دەوێ
ئـەو تەلەســـمەم پـێ نەدەشـکا مـن کـە وەك شـەوبا نـــەبام

تـا پـەرەنگ و پیالـە وا لاجـانگ و لێـوت مـاچ دەکـــەن
مـن دەڵێـم قـەیدی چبـوو خوایـە یـەکێ لـەو دووانـە بـام
کـێ هـەبوو وەك شـەم بسـووتێ بـۆ منـی شـەیدا ئەگـەر
خـۆم لـەدەوری وی وەکـو پەروانـە بێپـەروا نـەبام
شەوبوو، ئەوبوو، مەی بوو، بسکی باوەشێنی ڕووی دەکرد
هـەر منـی بێچـارە لـەو نـاوە دەبـوو بێگانـەبام
خۆزگـە بـۆ ئـەو پێنـج و دوو ڕۆژەی ژیـانی خـۆم منیـش
هـەروەکو "هێـدی" مـەلی تۆفـانی بـێ هێلانـەبام

مـاڵ و سـەر ویستم بـەجارێ وا فیـدای تـۆ کـەم وەتـەن
ئـەوڕۆ چـیرۆك بـێ لـەناو گـەلدا، سبەی ئەفسـانە بـام

ورمێ، مـانگی ١٩٨٦/٣ز
٢٥/١/٦٥ی هـەتاوی

# " شینی هێمن "

وەرە کە وەك پاییزێ زەردە ڕەنگم   دەناڵێنم بەلاْم ناتگاتێ دەنگم
وەرە سەیرێ، سەرێ هەڵبێنە تاوێ   وەرە لەوناوە سیلەی چاوێ باوێ
ئەو دەمەی وا دەمرن بزە لەسەر لێو   کاتێك کەس نایەوێ خشڵی زێڕو زێو
ئەو دەمەی وا تێك دەشکێن بازنەو خڕخاڵ   کاتێك بێ کل دەمێننەوە چاوی کاڵ
ئەو دەمەی وا دەکرێنەوە کۆڵوانە   ئەو کاتەی وا فڕێ دەدرێن لەرزانە
ئەو دەمەی دەستی داوەتێ بەر دەدرێن   کاتێ یەخەو بەرۆك لە کوڕان دادەخرێن
ئەو دەمەی وا خەم لەخەیاڵ دەهاڵێ   خەیاڵ لەدەس خەمێ دەگریو چ ناڵێ
ئەو دەمەی کوڕ ئەژنۆ دەگرن لەباوەش   کیژان لەسەر دەهساڵێنن دەسرەی ڕەش
ئەو دەمەی وا لەخەم دەدرێن سۆرانی   "ناڵەی جودایی"(١) دەگرێ جێی گۆرانی
ئەو دەمەی وا دەنگی نایە هەیاسە   هەیاسەو سینە هەڵدەگرێ هەناسە
ئەو دەمەیوا جێژوان کڕو بێ دەنگە   ئەو کاتەیوا دڵی کیژو کوڕ تەنگە
ئەو دەمەیوا مەی بێ مەزە دەنوێنێ   ئەو کاتەیوا مەیگێڕ دڵیان دەمێنێ
ئەو کاتەیوا سەر شین دەکەن کەزی شۆڕ   ئەو دەم کە دەبنە کوێن کەتان چین و تۆڕ
ئەو دەمەیوا لاو بەردەدەن گوێ سوانان   کابان بە مەشکەی هەڵناڵێ بەیانان
ئەو دەمەی شوان دەس دەبزێوێ لە بلوێر   تێکەڵ دەبێ دەنگی لەگەڵ ئاو هەڵدێر
ئەو دەم کە پیرە شوان پەیام دەنێرێ   بیری بەڕێ دەکا وەلاْمی خێرێ
ئەو دەمەی وا پشوو نایە لەلایە   ئەو کاتەیوا بەهار دێ "سروە"(٢) نایە

١)- ناڵەی جودایی: عینوانی شیعرێکی کاك هێمنە کەلەسەر کێشی مەسنەوی گوتویەتی.
٢)- کۆچی کاك هێمن لە ١٠ی مانگی بانەمەڕی هەتاویدا لەشاری ورمێ لە حەنگەیەك دابوو کە دەبوو ژمارەی بەهارێ ئەو ساڵەی گۆڤاری سروە دەرچێو بلاْو بێتەوە بەلاْم لەبەر مردنی ئەو دەرنەچووبوو.

ئەو دەم شاری "مەهاباد" لەتەمیٚدا نەك مەهاباد "کوردستان" لەخەمیٚدا
ئەودەم "هێدی" لەتاسەی تۆدا ئەمریٚ من ڕاست ئەو دەم ژانی شیعر دەمگریٚ
بەیادی تۆوە دەیکەمە وڕێنە لێك دەهاڵێم وەك ماری سەر خەزێنە
من ماتی تۆم، مەڵیٚ خەوی گرانە بەڕۆژ سرم جینگڵیٚ دەدەم شەوانە
بۆوەی ئەورۆ بزانم بۆتۆ بدوێم دەرکاو دەرك هێمن لەدوای شتی نوێم
هەر گۆشەیەك سەد جاری لیٚ دەنۆڕم ووشە هەیە سەد باری لیٚ دەگۆڕم
وەك ڕاوچی دەستی دەست ڕێژیٚ دەبزێوم بەڵام کەمتر ئامانجی خۆم دەنگێوم
وەك تیریٚ دێم دەڕۆم بەرەو نیشانە لەنیوەی ڕیٚیە دەیکەمە کەوانە
چبکەم تێچیر مامزی بیٚ پارێزە ڕاو چەند پەیتە، ڕاوچی هێندە بیٚهێزە
خەیاڵی من هەودایەکە بۆتە داو مەلی وریا چۆن دێتە سەر داوی خاو؟
گەلێك جاران دەکەومە تاریکایی دوور دەبینم، گڕو تەم و تارمایی
نازانم تۆیەو ئاگرت لە دەروون دا یان هێمنە لەناو "تاریك و ڕوون"دا؟(١)
زۆر وا دەبیٚ لە فریام دیٚ خەیاڵم من بۆی دەڕۆم ئەویش دەبێتە باڵم
ئیتر پاردەو پەرژین ناگرن بەری من بەروو باخەڵیٚ داخنم لە گوڵی دەستە چن
زۆر جاریش هەر تاسەو دووری ئازیزە شیعری جوان ڕووم تیٚناکا لێم زیزە
دڵ هێندە ساردە ووشەم لە زاری دەخزیٚ هەڵبەستی من لەسەر لێوم دەلەرزیٚ

---

١)- تاریك و ڕوون: ناوی دیوانەکەی کاك هێمنە.

وەرە با ئەمنیش بگریێ هەست و سۆزت    وەرەو سوور هەڵگەڕێ بە "ڕقی پیرۆزت"(٢)
بێ‌تۆ "پەری هەڵبەست"(٣) پەڕی وەریوە    کەس پەریی هەڵبەستی وەك تۆ نەدیوە
وەرە تۆ هێندە بۆ لەو ژینە تێری    وەرە چاوی لە ڕێتە "شەنگە بێری"(٤)
وەرە وەرە مەڕۆ بە نامرادی    وەرە هێمن ئەتۆو "عیشقی ئازادی"(٥)
وەرە هێمن پەلەی چیتە بۆ مردن    ئەتۆو "مەتەرێزی شەرەف" چۆل کردن؟
ئەتۆو وا بۆ مەرگ سەر دانوێنی؟    وەرە هێمن ئەتۆو "پەیمان شکێنی"؟(٧)
ئێوە مەڵێن شین بۆ هێمن دەگێڕین    مەڵێن ڕۆژ بۆ چلەی هێمن دەژمێرین
مەڵێن هێمن دەردی گەلی دەزانی    مەڵێن بەو ڕازا بۆوە ولێژەوانی
مەڵێن هێمن خۆیی دوورە وولات بوو    مەڵێن هێمن دەستە چیلەی خەبات بوو
مەڵێن هێمن ودمی شیعری بەدەست بوو    مەڵێن هێمن خوای شیعرو هەڵبەست بوو
مەڵێن هێمن نەبوو نەی بوو دەی ناڵاند    ناڵەی ئەو بوو خەڵکی لەخۆی دەهاڵاند
مەڵێن هێمن سەر سەختی دڵ گەرم بوو    ووشە وەك مێو لە دەستیدا نەرم بوو
مەڵێن هەست هێمنی هاندا نەڕاندی    خەوی گرانی گەل هێمن ڕەواندی

---

٢و٣و٤و٥و٦و٧)- ناوو عینوانی چەند پارچەیەك لە شیعرەکانی ئەو شاعیرە بەرزەن.

مـەڵێن هێمـن وێنـەی گـەلی وا کێشــا    سـەرنجی سـەد وێنەگـەری ڕاکێشــا
مەڵێن هێمن چیرۆکی خـەم ڕەوێـن بـوو    ووتەی هێمن بۆ هەڵبەستان هـەوێن بـوو
مـەڵێن هێمن ڕۆیـی کوردستان شـێوا    پیرو جحێـڵ قوڕیـان بۆ هێمـن پێــوا
مەڵێن هێمـن ئاوێنـەی دەردو ژان بـــوو    بـاری ستەم لـە شـانانی گـران بــــوو
مەڵێن هـەرچی زەووزوی کـرد زەمانــە    هێمن هەر یەك بوو پیٚی نـەکرا دووانـە
مـەڵێن هێمـن بـەو خاکـە بـەوەفا بــــوو    دایکـی وەتـەن کوردانـە گۆچـی دابـوو
ئیتر مـەڵێن هێمـن شێری پرچـن بـــوو    هێمن هێنـدەی بەسـە بڵێـن "هێمـن"بـوو
منیـش نـاڵێم هێمـن کـەم هـات بـــەبیرا    نـاڵێم هێمــن ڕۆیــی قــەدری نـــەگیرا

ئێستەش نـاڵێم وەرن ڕێـزی لـێ بگــرن
من هەر دەڵێم دەگەڵ کەسی ڕامـەگرن

کـەرەج، مـانگی ١٩٨٦/٥ز
٦٥/٣/٨ی هـــەتاوی

# " گفتنی خوردنی "

دارم از دل تنگـی‌و بیکـاری شـاعر میشـوم نکتـه ارا در سـخن پـردازی مـاهر میشـوم
عیب کار اینجا است شب هاچون ندارم شب چره نقطـه هـارا میخـورم ازشـعرو مـاعر میشـوم
بهر نانی خشك و خـالی میـدوم هـر سوچو بـاد گـاهی پـادو در مغـازه گـاهی شـاطر میشوم
مـن زقیمـت هـاو کاسـب هـا گلـه‌دارم ولـی بیشـتر از نازشـان زرده خـاطر میشـوم
میـبرد قـوت مـرا ایـن سـودجوی هموطـن بنده‌هـم بـرا احتکـارو دزدی نـاظر میشـوم
درپی یـك ابگوشـت مشـدی قنبر چـون مریـد بـردر دیـزی سـرایش رفتـه زایـر میشـوم
جیـب خـالی‌و گرانی عیـن پیچ و مهره انـد این منـم کاندرمیـان این دو واشـر میشـوم
چخش تخـم مـرغ اگـر گوینـد هشـت بـا مـداد نیمه شب من در صف از ناچاری حاضر میشوم
مـن کـه ماشـینی پـراز بنزین نـدارم زیـر پـا هـم پیـاده مـی نشـیم هـم مسـافر میشـوم
من اگر چـه شـب پره هـم نیستم هـر نیمه‌شـب چون طلـب کاران همه خوابند ظـاهر میشـوم
تو که در خوابی چه‌دانی چیسـت راز اینکـه مـن سـوی سـیرابی روان هـر صبـح بـاکر میشـوم

بـاد اگـر بوئـی بمـن زان مـوی سـنبل اورد
شـاعری ول میکنـم اینبـارو سـاحر میشـوم

کـرج، مـانگی ۱۹۸٦/۱ز
۲۵/۱۰/٦٥ی هـــــەتاوی

# "بەیادی تۆ بـارزانی"

## "بەتاسەی تۆوە ئیدریسی خۆشەویست"

سـاڵ لـە سـوڕانێ بەلـەزن
ڕێگـا بـێ کـەندو کولۆیـە
ڕۆژ دێ مـانگ هـەڵدەوێزنێ
چ وەرزە، چ کـات، چ سـاتە
هـەر مـانگێ دێ تێ‌دەپـەڕێ
هـەر ڕۆژێ کەسـەر دەردێنـێ
گێـژو وڕ دەبـم سـەردەمێ
بـەدوای ئـەودا خـەمێکی‌تر
ئـەویش گـەلێك ناخایـەنێ
کەسـەر خـۆ نەیـەك نـە دووە
کـە چـەرخ و خولـی زەمانـە
جێگـای پـڕ نەکردوونـەوە
بـەلاّم مـن لـەو دەردە چبکـەم

سـواری کـەحێلی خـۆش بـەزن
ڕێبوارەکـەش سـەرە ڕۆیـە
مـانگ پـرزەی سـاڵێ دەچنـێ
پـڕ لـە کێشـەو کارەسـاتە
هـەر جـارێ سـاڵ وەردەگـەڕێ
تاسـەی کەسـێك دەم تاسـێنێ
چـی کـاتێ هەمـە دەی‌دەمـێ
دام دەگـرێ سـەردەمێکی‌تر
یـەکی‌تر هـەڵی دەکـەنێ
زۆر گـەنجی‌وام لەدەسـت چـووە
لـەدوای ئـەو هـەموو گەڕانـە
کـەلێنی هـەر هێشـتوونەوە
ژانـی زۆرو دەرمـانی کـەم

خەمێك كە خەوێ دەستێنێ / کەدێ ئەو پەیامە دێنێ
"مردن بۆ گەل ئەرکی مەیە / هەرکەس سپاردێکی هەیە"
دەبینم گشت کاتێ لەنوێ / بارزانی‌یە بۆ من دەدوێ
هەست و هۆشم دادەگرێ / هیند بەرزە تەفسیر ناکرێ
بە ڕابردووم دا دەچمەوە / چوان وەبیر خۆم دێنمەوە
خەیاڵ دێ دەورەم دەتەنێ / ئەو بەهێزو من بەتەنێ
بەهێز و باریکتر لە موو / ئەوباڵ دەگرێ منیش لە دوو
پێم ناکرێ وەدوی نەکەوم / من گیرۆدەی دەستی ئەوم
خەیاڵ دەیکاتە هاتو چۆ / بۆم دەبێتە ڕایەڵ و پۆ
خەیاڵ مەکۆم لەدەست دەنێ / ئاوا تافتەم پێ دەچنێ
چۆن بوو والام دا لەمەبەست؟ / چبو هات ڕێگای منی بەست؟
هەرچی بوو خەیاڵ پێ‌ی کردم / ئەوهات بۆلای تری بردم

* * * * * *

هەر ئەو هەست ئەکا بە حاڵم     من لەڕاست هەستی خۆم لاڵم
زۆر ووشەی وام لەزارایە     مان دەگرێ لەفریام نایە
کاتێ تەنیاش دادەمێنم     دەست لە ئەژنۆیان وەردێنم
ووشەم خۆ ناگرن ناسرەون     وەپێش فرمێسکم دەکەون
یان بۆ ووشێك مات و گێژم     یان زۆرن دایان دەبێژم
خۆم لە دزێوان دەبوێرم     کامیان جوانن لێی دەژمێرم
تا بە شێوەی وێژەوانی     یادی تۆ بکەم بارزانی
پەیامی هەڵدەگرم دەڕۆم     ئیتر سنووری نی‌یە بۆم
دەبمە سروەی بای بەهاری     دەچمە جەرگەی کوردەواری
گەڵی‌و، شیوو، دۆڵ و، چەمان     گەوەر، لاپاڵ و، ئەستەمان
لوتکەو، تەرت و، ڕژو، نشێو     ناو لێرەوارو، دارو، چێو
شاخ و کێوو، خڕو دۆڵان     ناوکەویە بەفرو زەندوڵان
لە پێدەشت و شینا وەردان     لەناو سەنگەرو بن بەردان
لە ڕێدا هەرچی دەیگەمێ     ڕاسپاردەی ئەویان دەدەمێ
کوڕان دێن و دەورەم دەدەن     ئەو پەیامە دێنن و دەبەن
هەروا کە گوێ لەمن دەگرن     لەبەر خاوەن پەیام دەمرن
پێکەوە دەیکەن بە سروود     بەگەڵ بۆی دەنێرن درود
بەڵام نەم زانی هۆی چی‌یە     ئیدریس لەناویاندا نی‌یە
خۆ ئەو لە سرەوتن بەدوور بوو     ئەو هەر لەسەر بڕوای سوور بوو
ئەی هاوڕێی چیاو ڕازانم     مەکۆی نهێنی‌و ڕازانم

ئیدریس دەریای دڵ بەپەرۆش وەرە ڕاز هەڵگری خامۆش
وەرە گەنجی بە زانست پیر گەنجینەی پڕ لە هەست و بیر
وەرە هیوای لێی قەوماوان وەرە پێت بنێ سەر چاوان
وەرە نیازی بێ نازان شاز لەناو هەموو دڵخوازان
ئیدریس پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ قەدەم ئاسنی قەڵەم زێڕ
سەنگەر گری سوڵح ئافەرین سەرکەوتوی شەڕی هەندرین
بڕست بڕی دەرفەت ئەستێن نەرمازۆی هاروژاو پسێن
یەك ڕەنگی هاودەنگ بێ ژمار دوو باڵی شەش پەڕ لێدیار
هەستە ڕاپەڕە لە خەوێ وەرە گەڵێ گەل تۆی دەوێ
نەکەی زیز بی لە هەڤالان نەشکێنی لە برای خۆت باڵان
بەشانازی ئەورۆ لێرە پەیام هێنەر پەیام نێرە
گەرچی لە دوریی ئالۆزە لەسەر ئەو گۆڕە پیرۆزە
دەڵێ: سەرۆکی خۆشەویست تۆ ژیانت بۆخۆت نەویست
هەرچەند کەوتە ناو جیایی بنوو تۆ بەدڵ نیایی
مەڵێ دوژمن بە دهۆیە ئێستەش کاسی زەبری تۆیە
ئەگەر دڵ پڕ لە ناسۆرە ڕێبواری ڕێگەی تۆ زۆرە
باڵت بێنە بیکە پەنا من سایەی تۆم کەمە دەنا

بەهیچ هێزێك نایەن لەبن
پێشمەرگەی تۆو هەڤاڵی من

کەرەج، مانگی ١٩٨٦/٨ز
**٦٥/١١/٢٧ی هەتاوی**

## "بـــــەیانیت بـــــاش"

بەیانیت باش ئازیز لەخەو هەستاوی
یان وەك ڕۆژان ئەوڕۆش هەر لەخەو ماوی

ئەگەر من دەنگم نووساوە،خۆ باش دێ
قـوڕەی کەڵـەباب و قـیڕەی مـراوی

تۆش ئیتر خۆت مە گنخێنە لە مێژە
چوونە کارێ "خدر"و"مێرێ"و"گولاوی"

تۆزێکیش بە خۆتدا وەرەو مەچۆ دەر
بە دەست و چاوی چلکن و تـۆزاوی

هەستە قۆڵ لە ژیان هەڵکەو نەتەوێ
ورگی وەك هەمبانەو پەنجەی خەناوی

دەس لە زاری شێری ڕاکەو مەهێڵە
مـاڵ و منداڵـی خـۆت بـە ناتـەواوی

مـــــەهاباد، مـــــانگی ٣/١٩٨٦ز
٦٥/١٢/٢٥ی هـــــــەتاوی

# "ژوان"

نـاڕژێ ئەسـرینی مـن هێنـدە، ئەگـەر دڵ داکـەوێ
مـاڵی دڵ وێـران بـێ، مـاڵ وێرانی‌کـردم، ناسـرەوێ
هێنـدە بـێزارم، دەڵێـم دڵ هـەر لـە سینە بێنمـە دەر
تـا بزانـێ مـن نـەبێ، ئـەو ئـاگرە کـەس نایـەوێ
باشـە چـاو تێبینـە دەبڕێژێتـە داوێنـم دەنـا
گـەنجی فرمێسکم هـەموو تێدا دەچـوو لـێرو لـەوێ
بەژنی تۆ گەر سەروە، سایەی خۆت لەسەر من کەم مەکە
ڕووت ئەگـەر ڕۆژە عـەزیزم مـەیگرە، بـا دەرکـەوێ
دەفتـەرم پـڕ کـردەوەو ئێستەش دەلیلـی وام نی‌یـە
فـەرقی پێدانێـم لـە بـەینی خـاڵی تـۆو خـاڵی کـەوێ
گـەر پـەرەنگی گوارەکـەت ئـاوا نەلـەرزێ لـەو سـەرە
دەرفـەتی بـۆ مـاچ و کوڵمـە گـەزتنێ دەست ناکـەوێ
مـن دەڵێـم دڵ کۆرپەیـە، بـا لای لایـی بـۆ بکـەم
ئـەو بـە شیعری مـن کوڵـی هەڵدەستێ، ئیتر ناخـەوێ

هـەر دەبـوو ڕۆژی هـەوەڵ مـن دوو دڵـم بـێ‌و یـەك زمـان
تـا لـە مـاڵێك دا ئـەڤین و ئـاوەزم نەبنـە هـەوێ
بسـکەکانی تـۆ گوڵـم لاجـانگی تۆیـان گرتـوە
بەو هەناسە ساردە خۆمن ئەو تەمەم پێ ناڕەوێ
مـن بـەیادی تـۆوە گۆشـێك و خـەیاڵێکم بەسـە
سوڕی ئەو چەرخە ئەگەر نەم خاتە گێژی گێژەوێ
دوور لە خەڵکی دەس لە ئەستۆی یەك دەکەین ئەمن و خەیاڵ
کەس ئیتر بەو ڕازە نازانێ کەمن لەو چم دەوێ
گـەر بـەڵێنم لـێی بـوێ دووبـارە بـۆ ژوانێکـی تـر
پێم دەڵێ شەوگار درێژە کوێ بلێی من دێمە وێ
مـن لەسـایەی زوڵفـی تـۆوە ڕۆژی ڕوونـاکم نیـیە
شیوەنم جا تازە کەڵکی چی هەیە نیوە شەوێ
ئەو وولاتە ئەو کوڕەی ناوێ بەسەر بەرزی نەژی
باوەشی دوژمن نەبێ نای بێ ئەوی کوردی نەوێ

تـۆ پـەژارەی چیتـە "هێـدی" دڵنیابـە چـارەنووس
چاوەڕێتـە، ڕۆژێ هـەردێ کـوردەواری سـەر کـەوێ

کـەرەج، مـانگی ٣/ ١٩٧٨ز
١/١/٦٦ی هەتاوی

# " ئاوێنـــــــــه "

حەیفە کوێستان بەو سـەرە بەرزانـەوە هـەر تـەم نـەبێ
ئەوتەمـە پیرۆزە سـایەی لـەو سـەرانە کـەم نـــــەبێ
خۆ بەزێڕ نای گۆڕمـەوە دەشتی وولاتـی خـۆم بـەلاّم
من سـەرم تێـدا دەچـێ جێگـام ئەگـەر حەستەم نـەبێ
دوژمنـم زۆر جـار بـە پیـلان و دهـۆ ڕێی لـێ تـەنیم
قەت بەلاّم من پێم نەوەستا داوی کەس پەرچـەم نـەبێ
بـێ وەفـایی تـۆ گوڵـم وای کـرد بـەڵێنم دا ئیـتر
خەم نەخۆم بۆ ووردە خالاّن کەم کەم و دەم دەم نەبێ
شـەو بـەیادی تۆ ئەگـەر ئـەژنۆ دەگرمـە باوەشـــــم
کـێ هەیـە فرمێسـکی بـۆ مـن هـەڵوەرێنێ شـەم نـەبێ
سروە خۆی هەڵدەگرێ بێشك ئارەقی سەر گـەردەنی
گـەر بـەهیوای باوەشێنی زولفـی خـاتر جـەم نـــەبێ

خـۆ بـە جـارێ کوڵمـی ئـاوا ئـاگری ناکاتـــەوە
خاڵی سەر لێوی ئەگـەر لـەو گۆشـەدا هـەم دەم نـەبێ
هـەر لەبـەر ئاوێنـە ڕاوەستا بـە جـارێ بســـکەکەی
دێتە سەر ڕووی، هەروەك ئەو ئاوێنە پێی مەحرەم نەبێ
مــن زمـــانم گرتـــووە زەردێکـی بێنمـە لێوەکـــەی
ئەو دڵی بـردووم کـە پێویستی بـە جـامی جـەم نـەبێ
تۆ خەزێنەت یـان نـەدیوە، یـان لـە نرخـیدا هەڵـەی
نـاوی گەنجینـە لـە جێیـەك بێنـە سینەو مـەم نـــەبێ
هـەر خـەیاڵی تـۆی دەوێ بـۆ خـەم ڕەویـن "هێدی" ئـەویش
هـــاتوە دەورەی داوە، ئیـــتر بـــۆ دەبـــێ بـــێ خـــەم نـــــەبێ؟

بۆکـــــان، مـــــانگی ٩/ ١٩٨٧ز
١٠/٦/٦٦ی هـەتاوی

* * * * * * *

هێندی دیومە ڕۆژێ تـورك و ڕۆژێ عـارەب دەمکـوژێ
ڕۆژێ فـارس دێ بـەفتوای دیـن و مەزهـەب دەمکــوژێ
گـەر لەسـەر ئەو بستە خاکـە هـەرچی دێ پێـــم دادەدا
کوردەکەی خۆم چی دەوێ؟ ئەو بۆچی یارەب دەمکوژێ
٢٩/٨/٩٥ز
١٣٧٤ی هـــەتاوی

# "هەناسـە"

هـەلأت تـاوو لـەتاو ڕوی تـۆ کشـاوە
خـەیاڵی مـن تـەمای چـی بـوو بـەزولفت
گزینگی ڕووت هەموو جیٚی گرت عەزیزم
بە بسك و خاڵەوە تۆ چت ئەویٚ لێـم
دڵێکـم بـۆ ئەویشـت بـردو ئێستە
بـە تـێراوی دەڵـی‌ی بـەژنی نـەمامت
چلۆن ئاڵۆز نەبیٚ بیرم کە موی تـۆ
شەویٚ بۆ سەیری بەی بانگم کە چونکە
ئـەوە جـارێك ئـەتۆ بگـریٚ هەناسـەم
لـە هەنیـەو کەزیـەکانت ڕادەمێنـم

ئیتر هەر هەڵدیٚ ڕۆژیٚو نایە واوە
کە تێك هالأ لەگەڵ ئەو داوە خاوە
لـەمن بـۆ سیلە چاوێکت وەچـاوە
کە ئەو داوەت لەسەر ئەو دانە ناوە
هەناسەی سارد نەبیٚ چم پیٚ نەماوە
لەسەر ڕوباری چاوی مـن ڕواوە
دەبینم وا لـەڕووت پـەخش و بـلأوە
بە ڕۆکی تۆ بەڕۆژ هەر داخراوە
کەوا خونچەی دەمی تۆی پیٚ کراوە
سەرم سوڕماوە من لەوهەورو ساوە

ئەگەر سەد هێندە "هێدی" لۆمە بکریٚ
ئـەڤینی تـۆ گوڵم نائێتـە لاوە

بۆکـان، مـانگی ٩/١٩٨٧ز
٦٦/٦/٢١ی هەتاوی

# " پـــەری "

وردە وردە گـڕی تاسـەت ئـەوە دێ دام دەگــرێ
منــی ڕاگرتــووە ئــەو هەســتە، خوایــە نــەمرێ
پـەردەیی شـەرم دڕاو هـەر نـەدرا مـاچی دەمــــی
چـەندی پاڕامەوە مـن ئـەو نـەدڕێ، ئـەو بـدرێ
من هەر ئەو دەم کە گووتم مەست بوە چاوت دیتم
هەقی ویم پێ دەدرێ گەرچی هەقی خۆم دەخورێ
تۆ بە ئاڵقەی کەزی هێندە قـەدی شوشـت مـەگرە
چون ئەویندارى تۆ زنجیری دەوێ مەی کـەزرێ
وەك خەیاڵ ناسك و وەك بەفری نوا نەرم ونوێی
ئەی بە کۆیلەت بێ خەیاڵی مـن و دانـەی بـەفرێ
سـەیرە پێـم ئـەو خـۆ لەهەڵبەستی منـا دەنوێنـــێ
مەم لەسەر سینگی وی‌یە بۆ دڵـی مـن بۆتـە گـرێ
ئەوی چاوی ڕەشی تۆ دوێنێ شەوێ بـەمنی کـرد
قەتی ئـەو کـارە بـە خـەییامی نـەکرد ئـاوی تـرێ
ڕێژنـی بـارانێ لـە هەورانـەوە سـەیرانی چی‌یـــە
وەرە سەیرێ کە لەمن سینگ و بـەرۆك دادەخـرێ
"هێدی" دورماوە لە دەریای ئەدەب و نرخی نی‌یـە
ئیتر ئـەو ژینـە کـە بـێ هێمنـی دێ ڕا دەبـــرێ
بۆیە کورڕنـش دەبەمـە بـەر هـەمو جـێی ئەوشارە
شینی ئەو، بیرەوەری ئـەو لـە "مـەهاباد" دەکـرێ

خۆزگە بەو بەختەوەرانـەی لـە پـەناتن هێمـن
ئەوی سەر بەرزی ئەوانیشی نەوێ با بمرێ

بۆکـــان، مـنـانگی ۷/ ۱۹۸۸
۶۷/٤/۲۲ی هـــــــــەتاوی

# "گۆوەنــــــد"

ئەو دەم کە ئەتو دوگمە بەرۆکت دەترازێ
سەیری دڵی دێوانە کە چم لێ دەخوازێ
خۆی دی لەبەر ئاوێنە بزەی هاتێ کە یانی
گوڵ بەو دوو گەڵا سیسەوە با هێندە نەنازێ
کەس نەی دی لەتۆ هاتن و ڕۆیشتنی بێ ناز
چبکەم لە ڕوانینی تۆ پێك نایە نیــــازێ
من چم کەمە لەو شەمعە کە شەوگاری جودایی
ڕوناکیە بۆ کوڕو بە سوتانێ دەســــازێ
نە ئەتۆ چت کەمە لە جوانی نەگەنجی مەحمود
حەوجێ بوو بەژیری‌و دەم و ڕاوێژی ئەیازێ
دنیایە کە سەر لەنوێ بە بوك بەرنەوە تازە
هەر مەگیرانی دەکاو شیرنی وەك تۆ نازێ
من باڵی هومای تۆم بەسە بۆ بەختەوەری‌و سەر
وەك لوتکە چیا، نابەمەبەر شاپەڕی بازێ
تۆ دێی وەسەما دێن وشە لەوناوە کە ئاوا
ئاوێتە دەبن بەستە لەمن ناڵە لە ســــازێ

ڕیسوا دەبی بەونامەیە مەی خوێنەوە"هێدی"
هەر بەیتێ دەنا هەڵدەگری پەردە لە ڕازێ

کەرەج، مانگی ٨/ ١٩٨٦ز

٦٨/١١/٨ی هەتاوی

# " شەهید کەماڵی ڕەسوڵی "

هەرچی هەم بو چو لەدەستم خۆشەویستی تۆ نـەبێ
نەم دەزانی کۆچـی تـۆ وام پـێ دەکـا ئـەوڕۆ نـەبێ
خورپە لەدڵم دێنێ ئەو دەرگایە هەرکەس دێتە ژوور
بەرد بەزەی پێم دادێ پاکی بەردی سەر گڵکۆ نەبێ
شینی تـۆ ویشـکاوی پـێ هێنـا بـە یـەکجاری دەنـا
هەر قەتارەی بەسـتوە فرمێسـکی مـن ئەوشـۆ نـەبێ
چاوی ویشـك بـێ تـۆ ئامـانجی مژۆڵ بـێ چـاترە
خوێنی با لێ بـڕژێ دڵ بۆتـۆ ئەگـەر بـۆ سـۆ نـەبێ
هەر کەسێ نەی دیبێ نـازانێ خـەمی لێـك هـەڵبڕان
ئاگریش کەم وایە هێندەی تیـر ـەبێ پشـکۆ نـەبێ
کێ بەپاکی‌و کردەوەی پیاوانە وەك تـۆی پـێ کـرا
کوا هەبوو ڕوخۆشی وەك تۆ مانگی سەر ئاسۆ نەبێ

چارەنووس هات و جودایی خستە ناو ئێمە"کەماڵ"
تۆ لە دەستم چوی‌و هیچـم پـێ نـەما ڕۆ ڕۆ نـەبێ

کـەرەج، مـانگی ۲/ ۱۹۹۰ز
۱۵/٥/٦۹ی هـــــــــەتاوی

## " بەناوی تۆ خوایە "

## "بەیادی تۆ بارزانی نەمر"

## "لە بیرەوەری تۆدا ئیدریسی خۆ شەویست"

دوورم لەتۆ ئازیز ئەورۆ      بەژارەی تۆ هاتن کۆکۆ
خەم خۆری من بیّ خەبەرە      گەلێك تەنیام خەیاڵ وەرە
مەلی سەر لیّ شێواوی خەم      بێجگە لە گۆشەی دڵەکەم
کە ویستی هێلانەی دانیّ      بە وێرانەی تر نازانیّ
خۆزگە خەم مەودای کەم دەبوو      یان تەمەن بەقەد خەم دەبوو
زەمان لێم بە ڕقدا چوە      هەموو ڕێی لەمن گرتوە
ڕۆژ لە خەڵکی هەڵدێتەوە      لەمن هەڵ دیّ، دەکشێتەوە
مانگ لەمن کەوتۆتە بیریّ      کەس وەك من مانگی نەگیریّ
لێم مۆڕ دەبنەوە ئەستێرە      بە هەموان لێم دەگرن سێرە
لە شەوی من ڕادەمێنن      لەویّ چاو لێك دەتروکێنن
هەست هەشیارە لەشم سڕە      قەڵەم دەگری زمان کڕە
نە چاو یاریم ئەدا نەدەست      نە بیر ئەداتە دەست مەبەست
یەك کەم هێزە، یەك بیّ سۆیە      بیریش هێندیّ جار نامۆیە
ئەوی دەستم بگریّ هەستە      ئەو بۆ سپاردەی سەربەستە
هەستە هێزی سنوور پەڕێن      یەکە سواری دونەدو داوێن

گڕ تێ بەربووی بێدەنگی وون    دۆستی رۆژی تەنگانەی من
دڵ پڕی هیچ نەدرکاندو    گەنجینەی دوڕ نە دۆڕاندو
خەزێنەم گەلێ چون لەدەس    ئەو داگیر نەکراوە بەکەس
هەر هەستە هۆی مانی منە    هەستە خەیاڵ ئەدا دنە
لێڵ بوونی چاو کاری ئەوە    ڕێ بەردانی ئەسرین بەوە
خۆ بینە یەك هەست و خەیاڵ    هەردوکیان بۆ من دەبنە باڵ
بۆ ئێرو ئەوێم دەڕفێنن    بە جوێ بە گوێم دا دەخوێنن
دەم بەنە رژدو لاپاڵان    دەگەمە خێڵی هەڤالان
دێم "هێدی" هێدی دەچمە پێش    ڕێ دەبڕم بەلاّم بە ئەندێش
دەگەڵ گەڕانێ دەگرێم    ئەسرین ئاو پڕژێن دەکا ڕێم
ئەوسال من و کۆڕێکی تر    بەلاّم لەسەر گۆڕێکی تر
ئیدریس ئەرێ کاکی ژیرم    هاوڕێ، هاوسەنگەر، هاوبیرم
گەل گریا کە دیتی تۆ نی    نازانم تۆ بێمە چۆنی؟
گەلێك ماتە لەتۆ جیا    داخوا تۆ چۆنی بەتەنیا
ئاخۆ بانگی خۆشەویستی    لەناو گڵکۆدا دەبیستی؟
ئاواتم بوو تۆ بمێنی    سەری سەرداری هەڵێنی
نە دایکی وەتەن بشێوێ    نە ئاوارە قوڕ بپێوێ
ئاکار بەرزی پشوو درێژ    نە شێواوی بژاردە بێژ
دوێنێ بۆ گەلێ ڕێبەرێ    ئەورۆ بۆ مێژوو دەفتەرێ

من دەم زانی تۆ ئەو کوڕەی — زانای، بەجەرگی، بەووڕەی
تۆش دەتزانی من ئاوێنەم — من وێنە نوێنی بێ وێنەم
بزێك لەسەر لێوان دەمرێ — خەیاڵم وێنەی هەڵ دەگرێ
مەلێك پێ لە چیمەن دەنێ — ئەو نەخشی پێی هەڵدەکەنێ
هەزار گەرای وەك نوختەو خاڵ — ڕوحیان وەبەر دێنێ خەیاڵ
بێ دەنگیم هاواری دەکرد — ووشەی من ئەو سواری دەکرد
هەر ڕازێ زمان دەی درکاند — ئەو لەسەر لێوم دەی ڕفاند
حەیف ڕۆیی ئەو سەردەمە — ئەو دەورانە خۆش و کەمە
ئاوت بەستێکی شیرین بو — ئەلف و بێی ئەڤینی من بوو
بێ تۆ من شووشەی شکاوم — پەرتوکی فڕێ دراوم
نە ووشەی جوانم پێ وەکو دێ — نە هەڵبەستی بەرزم بۆ دێ
وتەم وڕێنەی دەردانن — شیعرم لاڵن بێ ئەزمانن
واژەی بێ هەست و خوستی من — نابنە نوێنەری هەستی من
ئیتر نە پێز ماوە بۆ وان — نە وەخۆی دەکەن وێژەوان
دریای بیرم دێتە کەلاو — شیعریشم مەلی باڵ شکاو
بەتاسەی تۆوە کۆبەکۆ — هەر هەڵ دەفڕێو ناگاتە تۆ
لاوی دڵ بە برینی ماندوو — ئاوات لە دڵ دا نواندوو
نەڵێی ئەو ڕچەی دامە بەر — ماوە نەبو بێ بەمە سەر

نەڵێی زوو لێتان هەڵبرام
نەڵێی مەتەرێز بەتاڵن
ژین ئەگەر وا بەبەرهەم بێ
چیرۆکی ژیان دوو دێرە
یان لانی مێرانی بگرە
یان سەر لەگەڵ ژینێ مەسو
فەرمانی لێران بۆ شێران

کێ ڕەمزی ژینی پێ حەل بو
ئەوڕۆ خۆش لەگەڵ تۆ ئەدوێم
چونکە گەلێك شەوی وایە
ژین بە هومێد خۆ ڕادەگرێ
لە کلۆڵیم کە تۆ ڕۆیی
من مام و چاوی خەواڵو
هیوای سەرتاسەری ژینم
پێم وابو کورد سەر بەخۆیە
نەماون کۆسپ و بەرهەڵست
چوار لای کەوشەن پارێزراون
کوردەواری وا خەملیوە
کوڕو کاڵ دێن لە باخچۆلان

داخم پشتی چۆل بوو برام
سەری کەفران بێ هەڤاڵن
قەیدی نییە با وا کەم بێ
من دێرم گوت دەنا زێڕە
ئازا بژیو ئاوا بمرە
شینی لەسەر شانی بدرو
دنیای بسپێرە بە مێران

چارەنوس بەسەر کێوە چو؟
سبەینێ نازانم لەکوێم
سبەینەی بە دوادا نایە
وەی لەو ڕۆژەی هومێد بمرێ
لە خۆشم دەکەم ناموّیی
خەوتێکی وەدی نەهاتو
ئەوڕۆ لەخەودا دەیبینم
کوردستان بەکەیفی تۆیە
کزو کەنەفتە هەلپەرست
پێش مەرگە لێی دامەزراون
کەس جێی واجوانی نە دیوە
گوڵاڵەی دێنن بە کۆلان

لێی پڕ دەکەن کۆش و داوێن    لەبەر پێی بارزانی داوێن
باران ڕەوەز دەشواتەوە    پاناوك لێی دەخواتەوە
چاڵە بەفرێك نییە بەتاڵ    شین دەچن قاقڕو کڕاڵ
بە لوزەو دێ ئاوی خوڕێن    ماری دەپسێنێ کەف چڕێن
کێو نابڕێ دەنگی کەوی    کێو بانگ دەکاتە کەوی
شنە بزیای ڕادەژێنێ    نێرگز پێی لە خەو دەمێنێ
هێرۆ لەچکی شۆڕبۆتەوە    پڕیسکەی خۆی کردۆتەوە
سوێسن هەڵدێنێ گەردنێ    هەلاڵە ڕووی خۆی دەڕنێ
بەڕەزا بە شنەی دەشێوێ    هێندی پەرچەم لێ دەبزێوێ
لەبن قۆپەنی کەمایە    کارگ سەری پێ هەڵنایە
با بسکی خاو شانە دەکا    گیابەند ئێرەیی پێ دەبا
غەڵفی یاساوڵ نێو تێوە    وێژینگێ دەدا بە پێوە
دەم دی بە زمانی بلوێری    شوان بەندی داوێتە بێری:
"هەی لۆلۆیە، هەی لێلێیە    لە کوردستان خۆشتر کوێیە؟"
کە دەگەیە بیری نۆرە    شوانی دەدواند بە باللۆرە:
"لێلێ زێدێ من سەربەخۆ    جێی شێخ مەحمود، جێی دیاکۆ"
هەر کەس لە شارە لە دێیە    پەرچەمێکی کوردی پێیە
منداڵ دەرسی کوردایەتی    دەخوێنن بە کوردی یەتی
لە دورو نیزیك هەموو جێ    یاسای کورد بە ڕێوە دەچێ
هەر کوێ دەچی، ڕادیۆو بێ تەل    دە گێڕنەوە چیرۆکی گەل

بـــــارزانی لـــــە بارەگایـــــە
دەستی لەسەر گوێی خەنجـــەرێ
مــــیری کــــوردی زۆر میوانـــــە
هیــچ کـەس نیـیـە خـۆ بلوێنـــــێ
کۆشـــك چـــەندی بڵـــێی تــەرزە
دەرو ژوورو هــــــەیوان پــــــڕن
-زۆر خوێــن بــۆ ئــەو ڕزگاری‌یــە
ئیــــتر وا لــــەوڕۆ بــــەدواوە
دەســـەڵات بەدەســـت خۆتانـــە
بەســـەرهاتی ڕۆژانـــی چـــو
نـــەیار هێشـــتە تیــخ دەســـوێ
بـــە هـــەمو ڕێیـــەکتان دێتـــێ
نەکـــەن پشـــتی پـــێ ببەســـتن
هـەر چـەند ڕێی زۆر لـێ دەبنـــەوە
سەرخســـــتنی کـــــوردەواری
هەســـتان، ڕاوەســـتان، نەوەســـتان

دەســـتور هـــەروەك جـــاران وایـــە
جەوهـــەر لەهـــەر کـــان دەوەرێ
ئـــەو وەك چـــرا لەناویانـــــە
مـــل هوڕێـــك مـــو نـــا پســـێنێ
وەك چیـــای شـــیرنێ بـــــەرزە
ســـەرۆك دەدوێ ئـــەوان کـــڕن:
ڕژا لــــــەو کوردەواری‌یــــــە
ئێـــوەن و ئـــەو خـــاك و ئـــاوە
مـــەی دەنـــەوە دەس بێگانـــە
لـــەبیر مەکـــەن بـــۆ داهـــاتو
دای دێنـــێ کـــەی بـــۆی بلـــوێ
ســـەد چەشـــنە داوتـــان داوێتـــێ
ئەگـەر یـەك بـن پـێی دەوەســـتن
هێنـــدەم دێتـــە دەس لـــەو خـــەوە
خـــەبات، ســـەروەری، ســـەرداری
ڕزگـــــارکردنی کوردســـــتان

بارزانییـــــەکی تــــری دەوێ
نـــازانم کـــەی هەڵدەکـــەوێ؟

کەرەج، مانگی ١٢/١٩٩٠ز
٥/٩/٦٩ی هـــــەتاوی

## " گۆڤـاری ئاوێنـــە "

دڵ بەدەردانـــەوە پـــڕ لەخوێنـــە خـەم هەیـە بـیرو خـەیاڵ شـێوێنە
دەست بخە دەستم ئەگەر دۆستی منی هەسـتی بنوێنـــە خـــەیاڵی بێنـــە
لـە وتـەی بـەرزو، بـە پـێزو ناســك چیـت لـە دڵ دا هەیـە بیدرکێنــە
وەرە نـاو کـۆڕی ووت و وێـژی مـن فۆلکلـۆر بێنـە، مەتـەڵ داهێنـــە
بیکـە هـاوارو بـە دەنگێکـی بەقـــەو کـێ لەخەودایـە هـەڵی ئەسـتێنە
زێـڕو زێـو هەریەکـە نرخێکـی هەیـە تـۆ کـە گـەنجت هەیـە مەیفەوتێنـە
نـەم دی دامێنـیێ لـەڕووی جوان ودزێـو وێنـە نـاگۆڕێ لەکـەس "ئاوێنــە"

## "بـۆ کۆچـی خاڵـەمین بـەرزنجی"

ئەو جاریش ئەگەر گـەنجێ لـەدەس چـوو یاســابو فـەتا تـاوانی نـەبوو
سروشـت وەك ترسـی پاشە ڕۆژی بـێ گەنجینـەی بـە خـاك ئەسپاردن هـەمو
هـەر کۆرپـەی لەبـەر دایـك هـەڵگرتن هـەر سـەری بـەرزی لـە گـڵ ڕاکـردن
چـــەندی یەخــەیان لەبــەر دادڕی هـەر شێلگیرتر بـوو دێوەزمـەی مـردن
هــەڤاڵان وا چــۆل دەکــەن هــەواران بـەهاریش نـەی مـا سـەیرانی جـاران
خوایـە قۆنـاغی تریـان کوێیـە وا بارگــەو بنــەیان پێچــاوە یــاران؟

کـەرەج،مـانگی ٤/١٩٩٢ز

٧١/١/٢٠ی هـــەتاوی

١)- کۆچی خاڵەمین بەرزنجی لە شاری ورمێ بەرواری ٧١/١/١٢ هـەتاوی، ئێران.

٢)- کۆچـی هێمـن لـە ٦٥/١/٢٨ هـەتاوی لـە شـاری ورمـێ، ئـێران.

٣)- کۆچـی هـەژار لـە ڕۆژی ٦٩/١٢/٣ هـەتاوی لـە شـاری کـەرەج، ئـێران.

بەناوی خوا
بەناوی گەلی قارەمانی کورد
بە یادی قارەمانانی گەلی کورد

## "ئەڤینی من ئازادی"

هیوای چوار وەرزەم وەرە ئازیزێ — تاسەی بەهارم خەمی پاییزێ
یار کۆڵێم، گەردن کێلێ، حەیرانێ — هۆشەم، هۆ شیرین، هۆ گوڵە جوانێ
بەستەی ئازیزەی عەزیزانی دوور — گەنجینەی کۆنتر لە کەلدەو ئاشور
وەرە بۆم بڵێ بە دەنگێکی خۆش — وەرە منیان کوشت پەژارەو پەرۆش
بەندی پاییزەی پاییزان درەنگ — گەلاّ ڕێزانی ئێوارەی کەم ڕەنگ
خۆ کۆکردنەوەی زەردەی ڕەنگ پەڕیو — بازە بەرانەی هەتاو بۆ نەدیو
وەرە بۆم بڵێ ئەوڕۆ هەر ئەوڕۆ — سەری من گەرم و گراوی نامۆ
سوارۆی بەتەنێی هیوایەی لاوان — گەلۆی ئوستورەی فەرهەنگی باوان
وەرە بۆم بڵێو چش کە لە خەمێ — وەك شەمزین بەندم بۆ باوێ شەمێ
وەرە بە چریکەی بەرزی مەم و زین — پاراو کە مێشکی ویشك و بێ ئەڤین
دڵی من یەك و خەمم هەزارە — تازە لە ئاسۆم زەردێك دیارە
ئای لەدەردی من، ئای لە دەستی تۆ — ئەی هاوار لە دەست چاوی مەستی تۆ
ڕوومەت گوڵی سور نارەزا کردوو — بسك بڕەوی بەڕەزا بردوو
تەماشای هەنیەت هەتاو نەکردە — بۆنی ئەگریجەت شەماڵ نەبردە
لەو هەموو وێنەی وەستای وێنەگەر — هەر تۆی بێ وێنە لێ هاتویە دەر
ئەو کاتەی هێڵی بە برۆت دا دێنا — هەر زانستێ بوی بەکاری هێنا
تا زەردە گوڵی گۆنات دەنگێوێ — چیمەن سەد کاسە خوناو دەپێوێ

بۆ سەرگەردی تۆ گیانی من دەوری  کەمتر نە دیوە لە دەسرەی هەوری
نە خرمەی بەرمور، نە سەمای پەرەنگ  نە قلپەی بادەی تونگەی گەروتەنگ
هیچیان وەك بزەی سەر لێوێکی ئاڵ  سەر ناشێوێنن لەمن و لە خەیاڵ
پەری و زێڕنۆکێ یەکن بە شێوە  خاڵێك پارسەنگی خستە ئەو نێوە
دانەی خاڵ سوتا لەسەر شەمی ڕوو  نەشەم دامرکا، نە ئەو دڵ مەند بوو
ئەگەر خەم دێنێ فێسی لار کەوتوت  خەو دەبا خاڵی ئاگر تێ بەربوت
خاڵ و لێوی تۆ لێك دێن بە نۆرە  خاڵ لە جێی خۆی بێ قیمەتی زۆرە
کە خاڵت خزیو ڕووی کردە لێوت  خوێن پەڕیە کولمەی خەیاڵ بزێوت
شیرنایی لێوت خاڵی وا مرکرد  خاڵت نوختێکە دنیای پێ پڕکرد
وە ڕێی کەس نەیەن خاڵ و بسکی خاو  مەل بۆ دانە دێ خۆی داوێتە داو
گوارە وا لەگەڵ لا جانگت سازا  تازە کاری من لەکار ترازا
کەمتر بەو شانە کەزیت داێنە  یەکجار هێندەش ڕوو مەدە ئاوێنە
دڵنیام هیچیان قسە هەڵگر نین  شانەی بە زمان و ئاوێنەی ڕو بین
دێوی دزێوی کارێکی کرد پێم  سروشت پێی سەیرە لە جوانی ئەدوێم
وەرە ڕابردو لە بیر بەرەوە  ئەو جار کۆیلەی خۆت بەسەر کەرەوە
وەرە باپرۆن ڕۆژانی تاڵی  دەردی ژێر دەستی دەورەی عەودالی
دەم بینی ئەورۆ مەستێکی مەستم  وەرە جا دەستێ بخە ناو دەستم
بەینی من و تۆ هەڵگیرا پەرژین  کاتی ئەوە هات دەستەو ئەستۆ بین
چەند سەری بەرزم هاویشتە بەر پێت؟  سیلاوی خوێنم چەند ڕشتە سەر ڕێت؟
چەندت بەندو داو بەمن ڕەوا دی؟  ئاخر تۆ ناوت نرا "ئازادی"؟

# " پێش مەرگەی بێناو "

لێم بو بەدرەنگ ئای بۆ تەتەرێ    پەیام بۆ چوارلای کوردستان بەرێ
چۆلان بگەرێ شاران ماڵ بەماڵ    تەتەرێك تۆزێ نەشکێنێ شەماڵ
ژیرو قۆچاغ بێو گورج و توندو تۆڵ    نە ئاو رێی بگرێ نەبەفرو سەهۆڵ
بە سەرنج بڕواو، خەیاڵ دواندن    نە تیژێکی تیژ، نەخۆ خاواندن
نە زۆر سوێر قسە، نە یەکجار نەدوێن    هەم سەرما دۆست بێ، هەم گەرما بەزێن
ڕۆژ گەگڕ نەبێو هەڵەشە بەشەو    ڕێبواری بە ڕۆژ بەتاریکی خەو
ئەگەر بولێڵ بێو، ئەگەر تۆزو تەم    نە بیر لەخەو کا نەدوور بینی چەم
تازیکان هەردووك هاوڕێی لەکن بێ    نەك قارەمانێك لەو بەینە ون بێ
وەك شوانی ناشی نەیکاتە هەوهەو    بێ پاڵێنی ڕۆژ بێ شەوێنی شەو
بۆ هەوراز تیر بێ بۆ لێژی تاوێر    وەك یەك بن لەلای ڕژدو سەرو ژێر
بەدەمیا نەیە ووتەی بێ واتە    خۆی بدزێتەوە لە وشەی دوپاتە
هەر خۆی شەکەت دی لە ڕێدا تاوێ    وچان بەرێتە سەر کانیو ئاوێ
لە دڵ وەدەرنێ خەمی زەمانە    بە هۆرەی جافیو سیا چەمانە
ڕێ زۆر دژوارە هەر شاخ و کێوە    قۆناغی زۆرن بەلام لە ڕێوە
بچتە سەر گڵکۆی پێشمەرگەی بێناو    خۆ بەخت کەری ون و نەناسراو
بڵێ: جوانمێری ئازای لێ بووردو    هەڵکەوتوی مەرگ بە گاڵتە گرتو
پەڕ کووڕی ڕەوەز، پڵینگی لێڕان    ئەستێرەی گەشی ناو شۆڕشگێڕان
سەری بەرزی خۆت بۆ گەل کردە گۆ    شانازی هەموو کوردستان بۆ تۆ

# " هەڤاڵی بێ شوێن "

لە وێش دانەنێ کاڵەو پێتاوێ بەردە باز بگرێ لەسەر دەراوێ
دەشتێ دابێژێ دوندان نەبوێرێ پەیتی کەڤران بێو چوستی هەڵدێرێ
نە کۆخێك بێڵێ، نەکۆشك و هەیوان هەر لە هەڵەبجە تا گردی سەیوان
گەیشتە هەرکام لەیاران سەرێ ڕاوەستێو، بەسەر کورنوشێ بەرێ
سۆرباو، دەکانی قەلاچۆ کردو دەگەڵ شێخ وەسان پەڕاوپەڕ کەوتو
ئەوڕۆ بێن وێڕای قوشتەپەو هەریر ئێسك و کەللە سەر بکەنە سەفیر
ئەگەر ناوجەرگە ئەگەر لاپەرە تا چاو بڕدەکا مەیدانی شەرە
ڕێگەی لێ نەگرن کەندو قوڵی دێ ئالودەی نەکەن گاشە بەردی ڕێ
پیاوانە هەستێ بە ئەرکی ئەتەر بێزاری نەکا ماندویی سەفەر
بۆ کاولە وولات نەگری وەك بەهار وەك نەسیم بکشێ ئەوجار بەرەو شار
وێژەوانانی گەورەی کورد لەکوێن هەم قوربانیان بێ هەم دەستەو داوێن

# "حـاجی قـادر"

ڕێی کۆیە بگرێ پێش هەمو جێیە
چونکە بارەگای حاجی لە وێیە

بڵێ هێدیم کرد بەسەر گەردی تۆ
"هێدی" بەتەنیا مەهێڵە ئەورۆ

حاجی، سەردەستەی وەتەن پەرستان
حاجی، بوێژی شەیدای کوردستان

بەرزە فڕ بازی سنور بەزاندو
هومای پیرۆزی پەڕاوازە بو

سەرچاوەی واژە لەناو سەرچاوان
گەورە وێژەری شانازی لاوان

ئەورۆ بێ دەستێ بگرێ لە شایی
نەك هەر بە چەپكێك گوڵی سەحرایی

کەهات"بەهار"(١) ێك لەگەڵ خۆی بێنێ
پشتی زستانی خەمان بشکێنێ

---

# "قـانع - گـۆران"

نیزیك بۆتەوە ئەوجار ڕێگەی دوور
لەوێوە ڕێیەك بخە شارەزوور

پێدەشت بگەڕێ بگرە بناران
تا بەدی دەکەی هەوارگەی یاران

دێنێ دو گوڵی بۆن خۆشی سۆران
"پایز"ی(٢)"قانع"،"قژزەرد"ی(٣)"گۆران"

---

١ )- بەهار: مەبەست بەهاری‌یە بەناوبانگەکەی مامۆستا حاجی قادرە.

٢)- پایز: ناوی شیعرێکی مامۆستا قانعە.

٣)- قژزەرد: عنوانی پارچە هەڵبەستێکی مامۆستا گۆرانە.

## "بێ کەس"

نەڕێ بەترسە، نە سیروان لێڵە   ڕاست و چەپی شار ڕێبازی خێڵە
مزگێنی دەبا بۆ زێیە بەستۆڕ   تانجەڕۆ بەملان هەڵدەگرێ پاپۆڕ
دوای پشودانێك لەسای سەرچنار   بە سولەیمانیدا تێ پەڕە ئەوجار
هەمو جێی بەڵگەی شانازی پێوە   دارو بەردی شار ماچ کە لەڕێوە
ئەو دەم شێخ مەحمود پێی نایە سەری   خاکی شار بسردی نرخی گەوهەری
هاتی هات بەسەر هەرێم دا باری   کاری سیخوڕان کەوتە دژواری
لەوێ قەڵب ئیتر نەماوە باوی   کەچوی سکەی زێڕ لێدە بەناوی
باکردەوەی شێخ نەنوسێ زەمان   هەتا وەدەنگ دێ بەردە قارەمان
گەورە پیاو دەڵێی مەپرسە لەکەس   بە ئاڵقەی دەرگای بێ کەس بگرە دەس
سەر گەرمی دڵ پڕ فەرزانەی بەناو   دڵاوای سروشت بەرزو دەس بڵاو
تا هەبوو گەنجی بەخشی بە کوڕو کاڵ   ئێستەش گەنجی خۆی پێ نەکرا بەتاڵ
ڕۆژێ خۆی کردە مانگی سەرزەوی   تریفەی دابوی لە بەرزو نەوی
ئەوڕۆش بێ تیشکێ بۆسەرمن باوێ   کە مانگ خۆی هەبو،"ئەی مانگ"م ناوێ(١ )

---

١ )- ئەی مانگ: عنوانی پارچە هەڵبەستێکی مامۆستا فایق بێکەسە .

## "هێمن"

شنێك لە شەماڵ سۆزێك لە زریان بابێن بماڵن ڕێگای موکوریان
ئەوڕۆ هەردوکیان دەبێ کارسازبن بێن لەگەڵ قاسید لەسنور دەربازبن
کە گوتیان سنور پێت وابێ چی یە مستێك خۆڵ نەبێ، هیچی تر نی یە
بستێك خاکی خۆم لێم بۆتە سنور لێکی دابڕین سنەو شارەزور
کوڕ لەودیوەی خەت، باوك لەودیوە ئاوای باوك و کوڕ لێك هەڵبڕیوە
لەبیرمە وتێك لەگەورە پیاوێ: کردەوەی دوژمن گازندەی ناوێ
هەر پیاو بو کەهات سنوری دانسا سنور لاش دەچێ بە پیاوی زانا
ئەگەرچی شەماڵ پەیکی شاترە تەتەرم لەوی شارەزاترە
ڕێ بۆ وی تەختە چ بانو چ دەشت نەگوێی لە تۆفە نە سێلاوی وەشت
دەخوازێ باڵی فڕین لە بازی بەرەو "مەهاباد" پایتەختی "قازی"
ئەو بێ پەروایە ئەو تیژ دەڕوانێ ئەو بە بارەگای "هێمن" دەزانێ
ئەو لە جیاتی من هێمن دەدوێنێ ئەو دەست لە ئەستۆی هێمن وەردێنێ
هێمن کە هێنای "ناڵەی جودایی"(١) ئەو هەر لەڕێوە دەیکاتە شایی
تاق هەڵدەبەستێ لەسەر ڕێسازی پێشمەرگەی سنور دەچنە پێشوازی
ئەو گاوو گەردون دەکا لەسەر ڕێی ئەو غەزەلی من داوێتە بەر پێی
هێمن بناڵێ کوڕ دەهەژێنێ ئەوێ گیان وەبەر شیعری من دێنێ

١)- ناڵەی جودایی: عنوانی پارچە هەڵبەستێکی کاك هێمنە.

## "خـانی"

چەپەر ماویەتی یەك دوو هەنگاوێ
دەبێ بازێ بۆ حەزیریش باوێ

ژیرانە ببڕێ قۆناغی ئاخر
شادی گوڵ ناکا بێ "خانی" نەمر

چ سەردەمی خۆی چ دوای نەمانی
کێ بو شان بدا لە شانی خانی؟

ئەو جارێکی خوێند تەڕانەی ئەڤین
تا دنیا مابێ "مەم وزین" دەژین

---

## "جگەر خوێن"

کەحێلی تەتەر هەوێکی دەوێ
تا وەردەگێڕێ بۆ شام جلەوێ

بۆلای جگەرخوێن ئازادەی ئازا
کەتا بو لەگەڵ چەوتی نەسازا

زمان وەك تیغی بە بڕشت وبەکار
دای دێنایە سەر هەیکەلی زۆردار

ئەو پشت ئەستور بو بە چەکی دەستی
دەی زانی"سەختە ڕێکاسەربەستی"(١)

بەندی دی بەلام کۆڵدانی نەدی
"ئاگرا سۆر"(٢)بو دەستە چیلەی وی

---

١،٢)- ناوی دوو پارچە شیعری مامۆستا جگەر خوێن.

# "بارزانی"

ڕێگەت هەتا بێ‌ی بیزاو مەندێیە | پێ لە بیزانێ بازدە لە زێیە
وەرە تەتەری سەرکەوتوی دڵسۆز | ئەو جار بادەوە بۆ خاکی پیرۆز
بڵێ بارزانی سەروەری من بێ | بەڵام جێگای وی سەر سەری من بێ
کە ئەو کەوتە ڕێ ئیدریسی لە دو | وەرە مزگێنی بێنە بەڵام زو
دێم گیانی شیرین لەبەر پێی داوێم | تا چیای شیرن بەرەو پیری دێم
هەر گیانێك بۆوان ئەویش وا بێتین | زۆر کەمەو چبکەم گیانی من دونین
خۆزگە ئەو گیانەش لەگەڵ وان دەچو | یا گیان لەڕێی وان ئەوڕۆ دودەبو
تا لەوان دەدوێم بە وتەی کرچ وکاڵ | زمان دەگیرێ وەزمان دێ خەیاڵ
ئەو گەورەیی خۆی ئەوڕۆش دەنوێنێ | ئەو شا بەیتی من لەگەڵ خۆی دێنێ
بۆیە دڵ دەبا چاو بەسورمەوە | سورمە وەك تۆزی کەڵاشی ئەوە
خۆشەویستی وی مەی بو من خواردم | گەرمی داهێنا دەروونی ساردم
پڕی کرد پەستوو کەڵێن وقوژبن | تێکەڵ بو لەگەڵ گۆشت و خوێنی من
ژەنگی برد لەدڵ،کردیە ئاوێنە | هەناو دای بەسەر، بو بەگڵێنە
بۆیە لەهەمو قۆناغی ژینم | هەر کوێ دەڕوانم هەر ئەو دەبینم
کە چاو دەبینێ جێگەی وی بەتاڵ | وێنەی ڕادەگرێ ئاوێنەی خەیاڵ
ئەودەم من خۆشم لە یادی ئەو دا | خەیاڵ هێند دەکشێ، دەبێتە هەودا
سەردەبا دەڕوا بۆ دەریای بێ پەی | نە جێی جەم دێڵێ نەدیوانی کەی

هەڵودا دەبێ بەدوای واژەدا          سەر لە خەزێنەی بێ بن لادەدا
سەودای هێند هێناو هێندی تاسە برد          بەینی من و ئەو خەیاڵ بۆتە پرد
کاتێك بەیادی من خۆم خومارم          دەکەونە چۆپی وشەی سەرزارم
لە دڵ دێنە زار، لەزار دێنە دڵ          وەك مەلی بزۆز دەفڕن چلاو چڵ
سەدجار خوارو ژور دەبن و سەرو بن          هەتا دەر دەبڕن مەبەستێکی من
کۆرپەی ساوای من وا دەگرن زمان          بەلام پیر نابن بەساڵ و زەمان
ئەوانیش ڕازی منیان خستە ڕو          دەنا کەس ئاگای لە دڵی من نەبو
نهێنیم کەوتە بەر دەستی مەحرەم          لەوێرا ئیتر تەنیەوە عالەم

******* *******

ناودارانی کورد ئەگەر گەینە جێ          ئەوکاتە نۆبەی گۆوەندی من دێ
جا بابێ دەنگی حەیران و قەتار          سواری ڕێشمە زێو بۆ جلیت و دار
شمشاڵ ژەن، شمشاڵ بێ نێتە ناڵین          لەولاتر چاوەش بدوێ لە ئەڤین
"یار کۆڵێم، گەردن کێلێ، حەیرانێ          هۆ شەم، هۆ شیرن، هۆ گوڵە جوانێ"
کیژی کەڵەگەت مەچەك هەڵکردو          زێوی لەش لەتای واڵ دا وەشاردو
بابێن لەولاوە بەجلی ئاڵ و سور          کوڵکەی زێڕینەی بنگێون لە دور
سینەی ساف یەك و گوێ بن ئێخە دو          پێکەنین سیحرو ڕوانین جادو
لفکەی شەدەی مۆر، شۆڕو گولێنگ ڕێز          ئۆیە دەسماڵی کردون پەڕاوێز
سێ پێی پێ پێی دان هەڵی خۆڕانان          ئەژنۆ چەماندن، پەنجەی پێ دانان
ڕۆینە بە چۆپی، ڕادەگرێ لەنگەر          هەر پێیەو جارێ بادانی کەمەر
هاڕەی لەرزانەو لەرزینی پەڕەنگ          وەك دەنگی تاڤگە لە شیوی بەرتەنگ

هەیاسەو پشتێن لۆی لێك دەخـوازن
بە ئـاواتی یـەك خرخـاڵ و بـازن

بۆ خشڵ ئالقەی بسکان بونـە گـەو
سۆلی بێ بزمـار کـەوتون لـە بـرەو

جارجار سۆرانی ڕەسایە دەخشێن
هـەر بسکەو گـەردن دەکـا باوەشێن

لەسەر مـەمکۆلان دەلـەرزن بـەرمور
لـەناو باخـەڵ دا مـات بـوە کلتـور

تروسکەی تاس و کرمەك و گـوارە
سـنور ناناسـن، بونـە سـتارە

ئەگـەر وا گـیرا دەستی دیلانـێ
کێ‌بێ‌و سـەر چۆپی وەك خـۆم بزانـێ

ئـاهو ڕا مـەزدا بـۆ نەخشی زەوی
فریشـتەی هێنـاو ئەهریمـەن ڕەوی

گەڕی شاییم وەك دێری چـارەنوس
دێ‌و بـۆی دەچـەمێ سـەری زاگـروس

سـپی ڕێـز هـەواڵ بـۆ بێخـاڵ دێنـێ
ئاگری داخ سـەر لـە توروس هـەڵدێنێ

تـا پـەرەی ئـەڤین دا دەبـەزێنم
سـرود لـە واژەی سـەرکەوتن دێنـم

ئـەوەهات تـەمی خـەمان بـڕەون
ئەورۆ دیم جوان و دزێـو ڕێـك کـەون

وەك خـەوی دەریـا وتـەی مـن ئـاڵۆز
کۆڕیش وا بـە پـێ‌ی عـەزیزان پیرۆز

مەسیف سـەلاحەدین، عـێراق، ١٩٢/٥/٥ز
٧١/٣/٣ی هـەتاوی

ئەو پارچە شیعرەی خوارەوەم لەوەڵامی خانمێکی مامۆستای ناوەندیدا بەناوی "کوێستان خان" نوسیو بۆم ناردە سولەیمانی، کە ئەویش کاتی بەشداربونم لە میهرەجانی ٧٠ ساڵەی حکومەتی شێخ مەحمودی نەمردا بە پارچە شیعرێك بەخێر هاتنی منی کرد "لە سولەیمانی"

## "کوێستان خان"

غەڵفم زۆر دی تورت و تەڕو شلك و نوێ
لەسەر چاوەو لە گوێی ڕوباری ڕوێ

خۆر کەوتنان زەردەی تاوم بەدی کرد
بۆ سەیری کوردستان سەری هێناسوێ

"کوێستان"ی بەرزم دی ئەویش لە گەرمێن
سەری سەوزو گوڵی لە سینگ وبەروێ(١)

قومری و قەناریم دی تەڕی بەهارێ
نەغمەیان پێبو بە سۆزو تام و خوێ

نە گوڵێکم دی لە شیعری تۆ بەبۆن تر
نە بولبولێ بزانێ وەك تۆ بدوێ

دەم دی گوێ لەواژەی شیرنی تۆ دەگرن
پۆل پۆل پەری بەجوێ ئەستێرە بەجوێ

هەرچەند بولبول بە کوڵ دەی ناڵاند بەلاّم
هەڵبەستی تۆ لەکوێ بەستەی وی لەکوێ؟

نەیاری تۆو فەرهەنگی تۆو گەلی تۆ
یاخوا بەسەر سەردا بێ وا هەڵەنگوێ

وتاری تۆ سرودی بێ نەمانە
لەبەرزیدا لەگەڵ هەوران سەردەسوێ

دایکی وەتەن تۆی هەر بۆیە پێ گەیاند
گەنجینەی بۆ داخەی بە هەڵبەستی نوێ

لە کوردستان نەبێ ئەرێ لەکوێی دی
میوان وا خۆش بەخێر دێنێ خانەخوێ؟

باڵات وەك ئالاّ بێ، ڕاست و هەڵکراو
دڵی دۆستت شادو دڵی دوژمن توێ

پەژارەی نامێنێ، هەستی گڕ دەگرێ
"هێدی" ئەگەر ئاهەنگی تۆی دێتە گوێ

لای بیری وردی تۆ تەبعی من چ بکا
گەر وەك ساوا لە بێشکەی خۆیدا نەنوێ؟

هاوینە هەواری سەلاحەدین، عێراق، ١٩٩٣/١١/٣ز
١٠/٩/٧١ی هەتاوی

---

١)- کوێستان خان خۆی سەیدیشەو لە بنەماڵەی شێخەکانی کەس نەزانە.

## "تاقانـــە"

غــەزەلێك ئــەورۆ بەبــەژنت دەبــرم وەك ئەتڵـــــەس
غـەزەلی وا دەبـێ نـەی دیـیێ لەبـەر خـۆیدا کــــەس
هێندە ناسك بێ ئەویش ڕایەڵ و پۆی وەك پەڕی گوڵ
فەرقی پـێ نـەکرێ لەگـەڵ خـۆت و بژاکـێ بەنەفـەس
وەك خونـاو پاکـە ئـەڤینی مـن و تـۆ بـەو شــــــەرتە
وەسوەسەی ماچی دەمت لێ گەڕێ نەیکاتـە هـەوەس
نـێرگزت دو هەیـە، لیمـۆ دو، گوڵـی ئــــاڵیش دو
ئـەوی خـۆی تـاق بـێ لەبـەر دیدەکـەما تـۆیەو بـەس
دڵ لـەمن زیـز بـێ لـە داوی کـەزی تـۆ پێـوە دەبـــێ
ئـەتۆ دێوانـە لـە زنجـیری دەکـەی، مـن لەقەفــــــەس
خـاڵی کوڵمـەی تـۆ کـە گـیرۆدە نـەبێ بـۆ ئـــــــاوا
لەســـەر ئـــەو ئــاگرە، پــیرۆزە دەکاتــە قەقنــەس
دوێنێ دەم دی کە شەماڵ بسـکی ڕەشی شـانە دەکـا
ڕێبـوارەو دیێ، ئـەویش عومـری منـی داوەتـــە دەس
دەردی ئاوارەیی خۆشی بـە وتـەی"هێـدی" نەهێشـت
تـۆ لـە فریـام وەرە بـا کێـوی خـەمان بێنـێ هـــەرەس

هاوینە هەواری سەلاحەدین، ١٩٩٣/١١/١٧ز
مـانگی خـەزەڵ وەر، ٧١/٩/٢٦ ی هـەتاوی

## "یـادی یـاران"

شـنێك هـات بـەری بـەیانی
ئەو شنەم خۆش هات لە گیـانی
لەسـەران گەیـە داوێنـیێ
زانیـم بۆنـی یـاران دێنـیێ
ولاتـی داگـرت خـوارو ژور
نـە نـیزیکی هێشـت و نـەدور
هـات و هێنـای بۆنـی بـەهار
هـەموو جـیێی هـەر کـردە هـەوار
هـات و هـەزار فـەخر پێـوە
پـیێ نـا کوردسـتانی نوێـوە
هـات و هـاتنی وەك هـەتاو
ناوەندیـەك و پرشـنگ بـلاو
هـات و هـاتنێکی ئـەوتۆ
نـەی هێشـت خـەم داگـرم ئـەورۆ
هـات منـی خسـتە گرو گـاڵ
وەزمـانی هێنـام وەك منـاڵ
هـات و وای گـرت دەورو بـەرم
هـەوای زۆزان کەوتـە سـەرم
تـا لـەوێ بشـکێنم تاسـەی
زینـدوو کەمـەوە حەماسـەی
ئـەورۆ منـم و دو قارەمـان
هـەردو کیان شـانازی زەمـان
دو رێبـەر، دو یـاری گیـانی
دو پێـش مەرگـە، دو بـارزانی
سـەیری مـن و هاوسـەفەرم
ئـای ئەگـەر مـن بەختـەوەرم
رێگـا رێـك و سروشـت دڵخواز
هـاورێی شـازو دنیایـەك راز
دەچـم هەڵدەکشـێم بـۆ سـەران
نـاو چەپـەران سـەر سـەنگەران
دەرفەتێکـە لەگـەڵ یـاران
دیدارێـك بـە شـێوەی جـاران
هـەڤاڵی وی بـیێ وەفـا نیـن
جـا چ هـەڵگوردەو چ سـەفین
زەردو مـاەو لـێرو گـەڵی
هـەموو ئاشـنان لەگـەڵی

لەبن سێبەرو دەراوان — پێی وی دەنێنە سەرچاوان
مازو داری دەورو بەری — چەتر هەڵدەدەن لەسەری
دێن بۆ پاڵەپشتی گا بەرد — ڕایەخی دەچنێ شینا وەرد
هەر بزانن بارزانی دێ — وەخۆ دەکەون جێ بەجێ
مەتین لەوێ ڕادەپەرێ — قەندیل لە بەفراو دەگەرێ
بێ خاڵ ئاوپرژێن دەکا ڕێی — کورەك سەر داوێنە بەر پێی
کەوی شاخی بۆی دەخوێنن — وەك خۆیانی بە خێر دێنن
ماندو هەر نابن لە خوێندن — خویندن نە، قاقای سەرکەوتن
شیرین بەسەد ئاواتەوە — ئامێزی بۆ دەکاتەوە
لە کاروخ هەتاوی بێتێ — زۆزگ سێبەری داوێتێ
حەمرین لێیان دور بو سالان — ئەوسال گەیەوە هەڤالان
هەمو لای چیا سەنگەرن — پێش مەرگەی وی بەخەبەرن
دڵسۆزی خاوەن سپاردە — هەمویان ئازای بژاردە
"حاجی بیروخی" لەسەرێ — دوژمنی داوەتە بەرێ
"مەحمود کاوانی" لەو لاتر — چیای لێ کردونە ئاگر
لە پیرسێ "مەلاشنی" — "سولەیمان میرخان" خەردنی
"میرە" "عوزێر دۆڵەمەڕی" — لێیان بۆتە ڕقە بەری
داخبوا شەونخونی شەوێ — کێهەیان وەپێش دەکەوێ
کەنگێ پێویستی کرد پرس — لە کوێ سەری هەڵدا ترس
"ئەسعەد خۆشەوی" دەنێرێ — کار بەکارزانی دەسپێرێ

لەتەقەی "مامەند شیروانی" بارزانی تاتوانی ڕوانی
چ "تەلیە شینۆی" تەیاری چ مێری وەك "عیسی سواری"
چ "حادیٚ حەسکۆ"چ "حەدۆ"(١) چ "هورمزی مەلیك چەکۆ"
ئەوانیش وەك "مەلا ئەمین" هیچیان دەربەستی مەرگ نین
هەربۆیەش ئەوان بچنە کویٚ ترس دەڕوا، مردن هەڵدیٚ
ئەوکارە چارێکی نی‌یە ئێرە بازاڕێکی دی‌یە
لە هەرێمی سەودا سەران دەکریٚ سودای گران گران
ئەوەی ئەو مەکتەبەی دانا پسپۆڕێك بو، ئازای زانا
شێری شەڕی پارتی زانی نەمر "مستەفا بارزانی"
هات ڕاپەڕیو بەکردەوە گەلی خۆی تاقی کردەوە
سەربەرزان دەورەیانیٚ لیٚدا چەندی ویستی خوێنیان پیٚدا
هەر خوێن خوێنی هاتە پاڵی تا وا دوژمنی ڕاماڵی
ئیدریس قەترەی دەریای وی بو کەوا دەریای دنیای دی‌بو
بەڵام بریاو هەزار بریا لەو تۆفانە دوربا دەریا
لە ئەڤیندا "ئیدریس"و مەم هەردوك یێکەمی بیٚ دوهەم
هەردوکیان هەڕەتی لاوی دڵی ئەستاندن گراوی
ئەو زین بوو هەموو ئاواتی ئەو دەسوتا بۆ وڵاتی
بیٚوادە هەردەکی بردن بەڕاستی بیٚ شەرمە مردن

---

١)- حەدۆ فەتاح لێلکانی لە چیای کوێرتیٚ شەهید بو.

من وەڕەزو قافیە تەنگ     دەبینی خەیاڵ دێتە دەنگ
خەم خۆری ون و نادیار     وێژەری بێ زمان وزار
کە ئەو ئوستورەی وان دێنێ     من بیری ترم نامێنێ
بەسەرهاتی زۆر لە کنە     ئەو نوکتەی گەلێك شیرنە:
کوڕ وەك باوك، باوك وەك کوڕ     ناویان سەر زەوی کردوە پڕ
لەگەڵ کۆمەڵ چ ئەو، چ ئەو     وایان پەیوەند کردوە پتەو
دایك کۆرپەیان دەنوێنن     بەبەیتی وان دەی لاوێنن
شوان و وەرزێر جیاجیا     بەوان هەڵدەڵێن لە چیا
فۆلکلۆر بێژی هونەر مەند     ناوی وان دەکاتە سەر بەند
بەلام زانی دەبیری پیر     وتەی زاران دەچن لە بیر
کردەوەی وانی دێڕ بەدێڕ     هێناو نوسی بەئاوی زێڕ
نەخشی هەڵکەندن لەبەردی     پێی گران کرد نرخی هەردی
هەتا وتەی زارو زمان     وەك بەڵگە کەوتە دەست زەمان
فەرمانی مێژویی دەرچو     چون بونە کاکڵ بۆ مێژو
تا ئەوانم دێتەوە بیر     هەڵبەست سوپایەو من ئەمیر
هێز لەهەمو لاوە دێنم     لەلوتکان دای دەمەزرێنم
چون بەهیچ چەکێ نامرن     هەر جێیە سەختە دەی گرن
ئەگەر لێ گەڕێ تەمی خەم     خەیاڵ پێك دێ لەگەڵ وتەم
دەکەومە باسی ئەڤینم     کە هەست گڕی گرت دەبینم
وشەم چەندی بوێ هەمە     وشەی وەك وان بەرزم کەمە
لە بیرەوەری کۆن و نوێم     زۆربون ئەوڕۆ لێیان بدوێم

راستی نەهێنا زمانم — بەلاّم من هێندەی دەزانم
لەناو فەرهەنگی میرانی — واژەی یەکەم تۆی "بارزانی"
چی پێ دەکردم کارەسات — ئەودەم خۆشەویستی تۆ هات
دەستی گرتم بوو بەهانا — سوچی پۆشیم ،چاکەی رانا
ریشەی داکوتا لە گیاندا — منی سوتاند، منی هاندا
خوا تۆی نارد هەر بۆ پەنا — سایەی تۆ پیرۆز بوو دەنا
ئەورۆ لە شوێنێ بۆ شوێنێ — دەبوبا تۆزی من بێنێ
دڵی من ئەگەر بە سۆیە — تۆ ئەو کەسەی "هێدی" بۆیە
وەك کۆیلە نەوەك هاوڕازت — سەری خستۆتە رێبازت
پێی بنێ سەر مەڵێ وردە
سەر فیدای تۆبێ سەر کردە

هاوینەهەواری سەلاحەدین، ٢٥/٢/١٩٩٣ز
مانگی رێبەندان ١٣٧٢ی هەتاوی

زۆر جار لەخەوێ بە یادی تۆ رادەچەنم
نات بینم و وێنەت لە خەیاڵ هەڵدەکەنم
رۆڵەی وەکو تۆی دەوێ بە میرانی کوڕم
پاراستنی کەوشەن و کیانی وەتەنم

## "هیـــلال"

ئەگـەر گـەنج بـام و شـاعیر بـام هـەر باسی زوڵفی تۆم ددکـــرد
مـوی تـۆم لـە جیـاتی سـونبولێ دەسـك دەکـردو بـۆم دەکـرد
شـــــۆخەکانی کوردســـــتانم دەبــــردە لایـــــە دام دەنــــان
جوانــــی هــــەمو دنیــــام دێنــا ئـێرەو قوربــانی تــۆم دەکـــــرد
نەخشـی تـۆم هەڵدەکـەند لـە بێستونی خـەیاڵ وەك شـــــیرنێ
بەســـەر هــاتی فــەرهاد چ بــوو، منیــش ئــەوەم بــەخۆم دەکـــرد
ئــەوی ئاوێنـــەی بەســـتەزمان لــــە ترێفـــەی ڕوی تـــۆ دەیزانـــێ
لاڵ بــو دەنــا پشــتی مــانگی وەکـو کـەوانی کـۆم دەکــــــرد
بـــەدوی هیلالــــەوە ســـۆفی پـــەڕەی هـــەورانی دەڕوانـــــی
بــەفتوای دڵ منیـش لــە ژێـر پەچـەی سـەیری بـرۆم دەکــــرد
ئــەو فرمێســـکی بــەیادی تــۆ ڕشــتومە هێنــد خۆشەویســـتە
ئەگـــەر ترســـی شـــەپۆلی دەریایـــەم نـــەبا وەکـــۆم دەکــــــرد
شـەوێك کـە ئـەو کـۆڕی نـەیاری ڕون دەکـرد بـەمانگی ڕوی
لـە حـەزرەتان وەکـو شـەهاب لـە دەوری هـات و چۆم دەکـــرد
چبکـەم عومـر وەفـای نی‌یـە "هێـدی"، دەنـا ڕۆژێ دەهـــات
بــەنیو نیگایــەکی چـــارەی هـــەزار دەردی بـــە ســـۆم دەکـرد

هـەولێر، فنـدق هـێرش، ١٩/٧/٩٣ز
مانگی پوش پەڕ، ١٤٧٢ی هـەتاوی

ڕاســتە لــە خـەم دا دڵ دەتوێتـــەوە
ئـاخ هەڵدەکێشی،ئەو دەکولێتـــەوە
مردن خۆ یاسای سروشتە، بـەلام
نەك بۆ تۆ، کـە جێـت پڕنابێتەوە

# "وڕێنـــــــــــە"

مـن بـە خوریـەی دڵ دەزانـم هەسـتی پـێی جانانـــە دێ
خۆشەویسـتی کـاری خـۆی کـرد، شـەم لـە دوی پەروانـە دێ
سـەیرە پێـم مـن، بـۆ بەگۆشـەی چـاوی نەشئە دەم گـــرێ
حاڵـــەتی وا چـــون هەمیشـــە هـــەر لـــەدوی پەیمانـــــە دێ
گـــەر پەرێشـــانم دەبینـــێ ســـاقی نـــازی کـــەمترە
بۆیـــە بەینێکـــە وەبـــاڵ بەســـتوم ، ئـــەویش پیاوانـــــە دێ
لـێی گـەڕێ، توخـوا شـەماڵیش بۆنـی کەزیـەت هـــەڵمژێ
گـرژو تـورە جـار بـەجارێ، گـەر لـە داخـی شـانە دێ
چـاوی مەسـتت بـێ هـەمو شـت کێشـە دەفرۆشێ،بــــەڵام
ئــاگری فیتنـــە لـــە گـــۆڕی ئـــەو کـــل و کلدانــــە دێ
مـن لـەدەس مەسـتی پـەنام بـۆ خانـەقا بـرد، دەم دی شــــێخ
ئـــــاوەدان بـــــێ وردە وردە وا لـــــەلای مەیخانــــە دێ

مـــاچی لێـوت گــەر بــەنرخی گیـانی شـیرین دەســـــکەوێ
کــەس نیـیــه گیـــانی بـــوێ، فەرزانـــه دێ، دڵوانـــــه دێ
خـــــاڵی پــــیرۆزەت خـــوا پێــــداوە وابـــاش کـــــەوتوە
هیـــچ بـــەخۆیدا نایـــه، ئـــەمما هێنـــدە لـــەو لێوانـــــه دێ
باسـی جوانیـت گـەر لـە کـۆڕێ، بێتـه گـۆڕێ یـەك بـه یـەك
گـــواره دێ ڕازێکـــی دێنـــێ، بازنـــه دێ، پاوانـــــه دێ
مـن دەزانـم شـیعری مـن وێنـەی تـەواوی تـۆ نیـیـــــه
مەشـقی ئەگریجـەت دەکـەم مـن، ئـەو وەکـو ڕیحانـــــه دێ
"هێـدی" لێـم نـەگری وڕێنـەی ئـەوڕۆ مـەرجی ئێمـــەبێ
دەرد ئەگـــەر دەردی ئـــەڤین بـــوو، واژه هـــەر شـــێتانه دێ

هـەولێر، گـەڕەکی برایەتی، ١٧/١٢/١٩٩٣ز
مـانگی خرمانـان، ٢٦/٩/٧٣ هـــەتاوی

# "پەشـــــــیمانی"

لــە دەردو مەینــەتی ژینــا هــەتا زانیــم تەمــەن ڕۆیـــی
پەلـەی کـرد، نـەی دەویست چیدیکـە ئـازاری بـدەن،ڕۆیـی
لـەدەوری گـوڵ دەمێـك بـو دەی چریکـاند بولبـــول و ڕۆژێ
کــە نــازی باغــەوانی دی لــە ســەیرانی چەمــەن ڕۆیـــی
خـەیاڵ تـەکبیرو ڕای زۆر کـرد هـەتا گەیـە سـەری زولفـــی
بــەڵام زانــی ئــەوێ بێگانــە دەســتی بــۆ دەبــەن ڕۆیـــی
بـەجارێ هـاتو چـۆی ئەوشـۆخە نـەزمی گوڵشـەنی تێـــك دا
ئەگــەر وەك یاسـەمەن هـات و ئەگـەر وەك نەسـتەڕەن ڕۆیـــی
دەڵێـن ئـەو بێ وەفایـەی تۆ ئەرێ کـەی دێ، ئـەرێ کــــەی دێ
ئیـتر نـاڵێن ئـەرێ بـۆ هـات و وەك ئاسـکی خوتـەن ڕۆیـــی

بـەیانی سـروەیەك هـات هـەڵوەدای سـەیری بـەیان ئـەمما
بـەناکامی ئەگـەر زانـی یەخـەی لـێ دادەخـەن ڕۆیـی
ئـەوەندەی دەردو خـەم پێبـوو، دڵـی بـێ چـارە سـام گرتـی
نـەوەك ڕۆژێ بڵێـن دێوانەیـە، زنجـیری کـەن، ڕۆیـی
لـە سـەرمایەی ژیـان هیچـم نـەما، ئـاوارەیی هـەرما
لـە دەستم چـو، ئـەرێ چم کـرد؟ تەمـەن ڕۆیی، وەتـەن ڕۆیـی
قومـارێکی قـورس بـو چـارەنوس هێنـایی‌و دۆڕانـدم
ژیـانی مـن بـە خۆڕایـی لـەنێو دارو دەوەن ڕۆیـی
لەبـەر دیـدەی منـا هەڵبەسـتەکانم بۆیـە سـان دەگـرن
ئەگـەر مـردم نـەبادا کـەس بڵـێ "هێـدی" ڕەبـەن ڕۆیـی

هەولێر، گەڕەکی برایەتی، ١٩٩٤/١/٥ز
مـانگی ڕەشـەمەی ١٣٧٣ی هـەتاوی

# "خەیاڵ"

چەند لە دڵ پاڕامەوە هێندە بەگژ منەدا نەیە
خۆی دەتای بسکی نەبەستێ، با نەڵێن دێوانەیە
هەرچی دیتم قەت نەبو دەردێکی بۆمن پێ نەبێ
جا ئەگەر خاڵەو ئەگەر بسکەو ئەگەر لەرزانەیە
سروە هەرهات و نسیزامی زولفەکانی تێک دەدا
سەیرە ئەو دنیایە، سوچی سروە سودی شانەیە
چۆن بەکوڵێ دەردەوە داوێنی ساقی بەردەدەم
من هەتا چۆرێکی مەی لێ مابێ، ئەو مەیخانەیە
من ئەڤینی تۆم لە دڵدا هەر دەمێنێ، چون دەڵێن:
هەرچی گەنجینەی بەنرخە هەر لەناو وێرانەیە
دڵ لە حەزرەت جوتێ بەی دەگری و وەدەستم ناکەوێ
چبکەم ئاخر من لەگەڵ ئەو گرنە منداڵانەیە

بشـــمرم، تـــازە لـــە بـــیر ناچێتـــەوە چـــیرۆکی مـــن
چونکـــە مێـــژوی مـــن لەگـــەڵ ئـــەو بـــەندەن و کێوانەیـــــە
نـــەك بـــە تاســـەی ســـەیری خـــاڵی دڵ تـــەمای بـــێ بێتـــە دەر
پـــێی بڵێـــن خـــۆ بگـــرێ، جـــارێ هـــەر خەیاڵـــە بانەیـــــە
زەردەیێکـــم دیـــوە جـــارو بـــارێ دەگـــرێ دەوری ڕوی
ڕون نی‌یـــە لێـــم هـــەر تروســـکەی خشـــڵە یـــان خەرمانەیـــە
ئـــەو دەمـــەی ئـــەمن و خـــەیاڵ دەی کەینـــە شـــایی پێکـــەوە
گـــەر ئەتۆشـــم لـــێ دیـــار بـــی بەزمەکـــەم شـــــاهانەیە
گـــەر لـــە جێیـــەك هەڵکـــەوت توشـــی مـــەلی ئـــاوارە بـــوی
مـــەل نی‌یـــە بەســـتەی منـــە، "هێـــدی" تـــەرەی هێلانەیـــە

هەولێر، گەڕەکی برایەتی، ١٩٩٤/١/٢٧ز
مـــانگی ڕەشـــەمەی ١٣٧٣ی هـــەتاوی

# "بێوەفایی"

ئاشکرا ڕەنگی غەریبی دیارە لێرە پێمەوە
ئاخری بەو دەردەوە تێدا دەچم، دەتوێمەوە
هێند لە دوی کوردایەتی چوم، هێزو تینم لێ بڕا
پێم لە دو نایە بڵێم هەنگاوی دی داوێمەوە
تاوێ دڵ لێدانی تونە، تاوێ خوێنم هەڵدەچێ
بەو زوانە بەو فەتا پیسانەوە دەتوێمەوە
من کەوەك بولبول چریکەم کوردەواری پڕ دەکرد
ئێستە وەك لەگ لەسەر بێچوی شیعر دەڕشێمەوە
بووبە پایەو کاخی کێ گەرمێن و کوێستان کردنم
هەڵوەدای چم من؟ لە جێیەك بۆچی ناگیرسێمەوە؟
ئاو مەکە ئێو ئاشی زۆرداری، پەشیمان دەبیەوە
ئەو وتە پەندێکە شیرن، بۆیە هەر دەی ڵێمەوە

ڕۆژی ڕون چوم بومە عەنتەر، بۆ یەکی تر هەڵپەڕیم
ئێستە وەك ڕێوی بەشەو بۆ سیرمەکۆن دەخولێمەوە
خۆزگە هەر مردن هەباو دەردی پەشیمانی نەبا
دیزە هەر بۆیە دەڵێ: بشکێم و نەزرنگێمەوە
چەند گوتم لەو سازو فیکە خۆم ڕەها کەم هەر نەبو
وەك گیای ویشك لەسەر ئەو پنجە هەر دەڕوێمەوە
پشت بە یاری بێ بەڵێن وەك "هێدی" نابەستم ئیتر
تازە حاشا من لە پەیمان و وەفا بدوێمەوە
تا لە تۆ دوورم موکوریان، دڵ بەهیچ ناپشکوێ
من خراپ بوم ئێوە چاك بن، لێم گەڕێن بابێمەوە

هەولێر، گەڕەکی برایەتی، ١٩٩٤/٤/٤ز
مانگی خاکە لێوەی ١٣٧٤ی هەتاوی

## "پەری ئاشتی"

سوچی دەردانە ئەگەر جارێ خەیاڵی مەی دەکەم
ئەو وولاتە وا نەبێ من بیری بادە کەی دەکەم
چولە چیرۆکی خەما داوێنی نەی گرت مەولەوی
من هەتا ناڵینی خۆم بێ شیوەنی بێ نەی دەکەم
کۆڕی یاران ساردە، دڕدۆنگن عەزیزان ئەی خوا
کەنگێ بەو هاوینە چاوەڕوانی سەرمای دەی دەکەم
دورەدەستە نایگەمێ، چبکەم فریشتەی ئاشتی
چەندی من لەو ڕێگەدا هەورازو لێژی تەی دەکەم
قەت بە هەڵکەوتیش نەبوو خۆشی لە ژینمدا بەلآم
ئەو دەمەی ئەو پەریە خۆ دەنوێنێ من ئۆخەی دەکەم
مەم کەنە پێخوست لە پیلەی ناڕەوادا چونکە من
ئارەزووی ژینێکی سادەو هێمن و بێ وەی دەکەم
بۆ کەلەبچەی ناکەنە دەستم ئەرێ پیرانی ژیر
وا دەبینن خۆم دەکوژم، کاری دێوانەی دەکەم
کوردپەواری، کوێلەیی تۆ هەر لەدەوری مادەوە
هەرچی هاتوە چاخی خۆی کردویە، من ئێستەی دەکەم
هەر لەسەر بەردێکی زێدی شیرنی خۆم جێم هەبێ
جا دەزانی "هێدی" چۆن گاڵتە بە تەختی کەی دەکەم

هەولێر، گەڕەکی برایەتی، ١٩٩٤/٥/٢٠ ز
مانگی بانەمەڕ ١٤٧٤ی هەتاوی

# "چیرۆکی خۆش"

ئەیلولی ساڵی شەست و یەك — هاتمە دەرێ، دەستم دا چەك
دایکم بەگریان کەوتە دوم — بەلاَم من دەربەستی نەبوم
گەڕامەوە گوتم دایە — ئەو گریانە بەکار نایە
تا ئەوڕۆ من کوڕی تۆبوم — ئەوڕۆش وا لەخەم خەلەستوم
ئیتر کوڕی کوردستانم — دایە قەزای تۆش لە گیانم
تەمەنم بیوە حەڤدە ساڵ — نە قەیرە بوم، نە زۆر منداڵ
تازە چەند دنکێ گەندەمو — لەلاچاوم پەیدا ببو
بە موکێش هەڵم دەکەندن — گەلێ جار دەمزانی چەندن
هاتن گوتیان لەو سەرانە — شەڕو هەڵاو پێك دادانە
کوردو عەرەب لێك ڕاساون — پیاو لە ماڵاندا نەماون
دەستم بۆ ئیشێ نەدەچو — ئاگرێك هات و تێم بەربو
هەڵگیرا سەبرو قەرارم — خوێن دەکوڵێ لەناو دەمارم
جا بۆیە هەرچەند پاڕاوە — جوابی دایکم هەر نەداوە
جلك و نان و هێندێ پەنیر — لە پارەش ئەوی کەوتە گیر
دەستم دایە بەرەو بنار — ئاوڕیشم دەداوە جارجار
هەتا ئاوا بوم لە بستو — دایکم چاوی هەر لەمن بو
هەست شتێك نی‌یە بسرەوێ — منیش ئەگەر ڕاستت دەوێ
کە دیتم دایکم دامابو — گریانم لە ئەوکێ مابو

ملی ڕێگەم گرت و هاتم ڕۆیشتم بەرەو ئاواتم
هەتا گەیمە لای چەکداران لە پێ دەکەوتم ئێواران
کە چوم چەك نەبوو بم دەنێ بێ چەك من نەبوم بەتەنێ
لەناو ئەشکەوتێ دایان نام ساردو سڕو چۆل و بەسام
گوتیان تۆ لێرە چای لێ نێ یەکیش دێ ئاوت بۆ دێنێ
هێزو، لق و پەل هەرنەبو هەرچی با مەفرەزێك دەچو
خواو ڕاستانِ وا ڕێك کەوت قافڵە هات لە بۆسەی کەوت
جەماعەت دەستیان ڕێ خستن وەك سڵقی ڕوتیان لێ کردن
ئەو جار گرتی بەختی چەوت تفەنگ وەبەر منیش کەوت
دەتگوت خوا خەنیی کردوم چونکە هەر چەك بو ئارەزوم
ئەوجار لەگەڵ دو خزمی دور بوینە نەفەری حەمە سور
حەمەش چی؟ وەك شێری پرچن ئازا، بەڵام توڕەو تۆسن
هەر مەفرەزەیەك دەر دەچو کاکی خۆتیان هەر لەگەڵ بو
نە نادیم دەهێشت نەمەخفەر خەویان نەبو شورتیو عەسکەر
بۆ پارێزی نیوە شەوێ کێ هەبو وەپێش من کەوێ؟
زۆر جار لە سەنگەر هەڵدەستام لە پێش دەبابەی دەوەستام
ئاوا تێ پەڕی چەند بەچەند هەتا جاشەتی پەرەی سەند
ئەو دنیا بێ سەرو بەرە پڕبوو لەسەیرو سەمەرە
هێندێ بێ کارەی هەڵ مساو لێك کۆوەبون بۆ چاوو ڕاو
جەلە دەبون نەیك نە دو لەبەروان ڕێگەی کەس نەبو

| | |
|---|---|
| گەنج دەڕۆین لەدوای پیری | خۆیان دەکوتابۆلای میری |
| هەر جاش بو لەجاش هەڵدەنگوت | هەر یەکەی لەلایەك دەی گوت: |
| قوربان جا سێ چوار چەتە چن | تەنێ کردنیان لەسەر من |
| لە تۆ سندوقی سەر بەمۆر | چەکی زۆرو دیناری بۆر |
| کورد کوشتن خەمی ئێمە بێ | قوربان خەمی هەندێت! نەبێ |
| هەر ئەو بەڵێنی پێ دەدان | دەبو بە جیفرك لێدان |
| لەسەرا دەهاتنە دەرێ | ئەوجار کێ بێ‌و باریان بەرێ؟ |
| وێکرا بەدەشتێ وەر دەبوون | لەمەی بێ تاوان بەر دەبوون |
| شەڕی وانم پێ گران بو | دەنا عەسکەرم بە ملان بو |
| تا ڕۆژێك بەری بەیانی | لە سەنگەردا هێندەم زانی |
| گرمەیەك هات لەلای ژوورو | لەو جێی حەمە سوری لێ‌بو |
| هەژاندی دەورو بەری من | گڵ وەری لە پشت سەری من |
| دوای ویش تەقە دەستی پێ‌کرد | هەرچوار دەورەی گیرا بو گرد |
| شەو کە پێشمەرگە خەوتبون | جاش لە گردی سەر کەوتبون |
| هجومیان هێنا چ هجوم؟ | من کەم لەشەڕی وا کەوتوم |
| لە پێشدا هەر بە نارنجەك | دوایی بە هەموو جۆرە چەك |
| شوێنی مەیان دا بەر دەست ڕێژ | بە عوقدە دوو، بۆمبا هاوێژ |
| تۆزی هاوەن و ئارپیچی | وابو کەس کەسی نەدەدی |
| جاش دەهات و عەسکەر لە دو | باب ئاگای لە کوڕی خۆی نەبو |
| شەڕ بو هەتا نوێژی شێوان | بار نیشتبو لەسەر لێوان |

لە تینوان و لەبێ ئاوی بۆسۆم دەهات لە هەناوی
تاریکان هیمداد گەیشتێ جاشی داگرتن لە پشتێ
جەنگەی سێرە هەڵگیرانێ جێی جاشان کەوتە نێوانێ
ناچاربوون کشانە دواوە بەلاّم شەرە تۆپ هەرماوە

شەو تاریك و ئەنگوستە چاو جەماعەت وا پرش و بڵاو
چۆن هەواڵیکیان بزانم؟ هەر لێی گەڕێم؟ چۆن دەتوانم؟
لایەك وا ماندوو کە لەلا لایەك نیگەرانی ئەو لا
خەیالاّت نەی هێشت بخەوم ناچار بوم هەستم سەرکەوم
لایتم هەڵگرت و چوم گەڕام بەلاّم خۆزگە هەر نەچوبام
لەوجێی نارنجەك تەقی بو پێ بچاڵێك عەرزی دڕی بو
ئەو تەرمانەی لە ڕێوە دیم یەك حەمە سور بو یەك سەلیم
هەردوکیان زێندە ئازابون هەر پێکەوەش دەستەبرابون
ئیتر هێزی ئەژنۆم نەما بەچەپۆك بەسەر خۆم دادا
هەر لێرەو کوژراو ئەوەندە خوایە لە جێگەی تر چەندە
شەو تا سبەینێ نیوەڕۆ هەر ئاڵۆزی بنوو هاتو چۆ
لایەك قوڵکە هەڵدانەوە لایەك تەرم هێنانەوە

دەردم تابڵێی گرانە بەلاّم هەروەك گوتویانە:
شەم دەش سوتێو هەر خامۆشە زۆر گوتن هەر قورعان خۆشە
من لەدوای شەڕی ئەو شەوە جێی حەمەسورم گرتەوە
هەڵدەسوڕام من لەو چاتر هەر بیومە پارچێك ئاگر

بەڕۆژ لەوسەر، بەشەو لەوبەر  دەچومە سەر نادیو مەخفەر
بۆسەر هەر نوختەیەك دەچوم  یەکەم نەفەر هەر بەخۆم بوم
کە گوللە دەهات لە پەستا  من چاکتر ڕقم هەڵدەستا
وەك گورگ بۆ خشپەی دەچوم  دەربەستی مردن هەر نەبوم
هێندەی دەس ڕێژیان لێ کردم  هەر پێوەبوم و نەمردم
بەوەی کەم لە گوێن کەس نی‌یە  نەم دەزانی ترس چی‌یە
دەمگوت: چ ماڵ بێ، چ گیان بێ  بە قوربانی کوردستان بێ
لەو ناوچەدا هێزی دوژمن  نەترەی چوبو لەترسی من
لەناو قشڵە لەناو سەنگەر  خەویان نەبو جاش و عەسکەر
ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژێ قاڵ دەبوم  بەسەر جەبهەیدا زاڵ دەبوم
وەرە سەیریکە لەوساوە  گوللەم لە سینگی‌دا ماوە
کون کونن ڕان و تەنیشتم  بونە بێژینگ سینگ و پشتم
شەڕ درێژ بۆوە چەند بەچەند  هەر هات وشۆڕش پەرەی سەند
ئەوجار لەشکر تەنزیم کرا  هێزو بەتالیۆن داندرا
هەڤاڵەکانی خۆم بەگەل  ناویان لێ هێنام بۆ سەر پەل
چونکە گەلێك بۆیان چابوم  لەگەڵیان هەروەك برابوم
من خزمەتی وانم دەکرد  فەرمانی هەموانم دەبرد
پلەی سەر پەلیم پێ‌درا  بەڵام ئەرکیشم زیاد کرا
لە هەرچوارلام ئەوبەرەوبەر  یان جاشی لێ‌بو، یان عەسکەر
شەوو ڕۆژ تەقەو گرمە بو  قەت من هەدا دانم نەبو

زۆر پێ نەچو لەدوای ئەوە
دایکم بەفەتای زەردوویی
پێسم نەکرا بچمەوە کنی
گوتیان: ئاخری خەمان بێ

دەنگۆیان بڵاو کردەوە
خەبەری هات بە مردویی
بۆ دەرمانی، بۆ ناشتنی
گوتم: فیدای کوردستان بێ

هەروا چو نەساڵێ نەدو
میری لە کوێی هجوم دەکرد
وابو لەناوچەی جەباری
پەلێك هەموی کورە کورە
تەقە بۆوان لایی لایی
حەوتێك شەڕ بو بەلام چ شەڕ
میری چەندی کردو کراند
پێی نەکرا بسێنێ بێتە پێش
لە ڕۆژی حەوتەم بەدواوە
بەلام دوای ئەوەش نەسرەوت
لە ڕزگاریو لە شار بازێر
لەوێش بەینێك بە خۆیدا هات
لەشکر هات وەك گورگی برسی
لەو خوارە لەو دەشتە پانە
ئەوجار دەبو لێرەو لەوێ

هەر هات و شەڕ گەرمتر بو
شۆڕش هێزی بۆوێ دەبرد
ناردیانە هێزی ڕزگاری
وەك هەڵۆی ئەو چیاو چڕە
شەڕ بۆوان گۆڤەندو شایی
شەڕێکی دژوارو بەدفەڕ
هەر چەند گوللە تۆپی باراند
هەر کەلاکی کردن ڕاکێش
میری هێزی خۆی کێشاوە
کاتێك لەوێ سەر نەکەوت
ڕووی کردەوە دەشتی هەولێر
تاوەکوێ کرد شڕو شالات
بێستانەی خستە مەترسی
مەقەڕی هێز بوو "بێستانە"
کۆمەك بۆوێ وەڕێ کەوێ

لە هێزەکان چ لق، چ پەل     داوایان دەکرد بەبێ تەل
بەڵام ئەویش بەزۆر نەبو     هەرکەس داو خواز بایە دەچو
لەوێش پەلی ئێمە یەك جێ     گوتیان ئێمە ئەچینە وێ

---

لە دوای شوشتنی شتو مەك     سازکردنی چەك و فیشەك
نەمان هێشت حەوتو تێ پەڕێ     بۆ "دێگەڵە" کەوتینە ڕێ
جێی ویش کەوتۆتە بناری     بەینی هەیە هەتا شاری
یەك شەممە شەڕ دەستی پێ کرد     وەك یەك دەسوتا دەشت و گرد
گوتم شەڕ بەڵام مەحشەر بو     مردن هات و پێمان وەربو
حەزناکەم هیچ بشێرمەوە     بەڵام چۆنی بگێڕمەوە؟
لە تەنیشتێ‌و لە ڕو بەڕو     گوللە دەهات و خوێن دەچو
بۆمبا لە فڕۆکە دەترازا     تخێڵ دەبون مێری ئازا
ڕەنگی مێرخاسان چرژا بو     هیوای ژینێ زۆر کەم مابو
لەبەر تۆزو دوکەڵی تانك     نە ئەستێرە دیاربو نە مانگ
ڕۆژ لە قیری وەر درابو     سێرە بە ڕۆژیش نەمابو
چوار دەورەی دەشتێ سەنگەر بو     گوللە لەناویان تەتەر بو
دۆشکە دەلەرزیو دەرشاوە     چی خواردبوی دەی هێناوە
ئەو دەم کوڕان تێك دەخوڕین     گوللە تیژتر تێ دەپەڕین
ساروخ ئەو دەشتەی دەکێڵا     ئاسن گۆشتی هەڵدەشێلا
بازاڕی گوللە بەبرەو بو     وتە بێژی هەموان ئەوبو

بـۆ نـاو کـەندی، بـۆ نادیـاری
زمـان ویشـك و گـەرو تـاڵ بـو
ئەو جـێ‌ی تـانك ڕێ‌ی تـێ نـەدەبرد
هـەمو جـێ ترسـی لەسـەر بـو

پـەلی ئێمـەو "عـەلی برنـو"
دێگەڵـە بنـارەو بنـار
جادەمـان هـەر داپێشـتبو
تەقینـەوە زۆر جـار دەبـو
نـەبو عەسـکەر هاتبـاو چوبـا
پێـش مەرگـە ئـاوا بەجەرگـە
کێ‌بـێ‌و لاوی وای خـۆش نـەوێ
سەنگەر دو پێش مەرگەی بەس بو
بـەلاّم مەڕوانـە ژمـارە
شـەڕێکی زۆر بـەر بـلاّو بـو
سروشـتی شـەڕ هـەروا بـوە
شـەڕی ئـەوجاریش هـەروابو
بـەلاّم سـەرەڕای ئەوانـە
ئـەوەندەی بـو هـێزی مـیری
لـەوێش دیسـان لوتـی شـکا

نارنجـەك دەبـو بـە دیـاری
هـەر ئی‌کـوژراو بـێ خـەیاڵ بـو
تـۆپ لـەوێ سـمکۆڵی دەکـرد
هەرکـەس خـەمی خـۆی لەبـەر بـو

دێگەڵـەمان لـە دەس دابـو
گونـدو لـە گونـدی بـەرەو خـوار
هێندەمـان "مـین" لـێ ناشـتبو
بـەلاّم پێشـمەرگە دیـار نـەبو
لـە بۆسـە ڕزگـاری بوبـا
بۆیـە ناویـان نـا پێشـمەرگە
یـاخوا دەردی وەمـن کـەوێ
جێ‌ی هـەرە گرینگ سێ کـەس بـو
پێشـمەرگە یـەك بەهـەزارە
بـەلاّم هـەرچی بـو تـەواو بـو
مـاڵ وێرانـی هـەر لـە دوە
خوێـن بـو، تـەرم بـو ، بـەلا بـو
دەمـانگوت: بـۆ کوردسـتانە
نـەهاتی هـات بـەرەو پـیری
هێنـدەی تریـش حـەیای تکـا

دەستی پێشمەرگەی گرت خوا     لەدوی هێزی غەدری نەدا
ئەوجاریش چۆل بو جێ مۆلی     شرەی خستەوە سەر کۆلی
شەل و کوتیان بۆ هێز بردن     بۆ تیمارو دەرمان کردن
هەر چەند بێ شەهیدیش نەبوین     هەر پێمان وابو باش دەرچوین
لەناو کوڕان بو بەشایی     بەهەڵپەرکێو پیرۆزبایی

من وا نەخوێندەوارو گێژ     چیرۆك و چیرەش وا درێژ
ئەگەر بەو دەمە هەراشە     توشی هەڵەش نەبم باشە
کە وەزعی ئاغای قۆڕ بۆوە     جاش دیسان لوتی شۆڕبۆوە
چون لەهەر جێیە شەڕ دەبو     پێشەنگ ئەو نەبێ کەس نەبو
ئیتر لوشکەو، جوتەو خرمە     لێیان بو بەلوشەو پرمە
بەو شکانە وەك کەری دێز     لای کەس نەڕویان ما، نە ڕێز
دەمیان لە کورتانی نابو     کەس کاری پێیان نەمابو

شەڕێك کەشای شەڕەکان بو     شەڕی دۆڵی خەلەکان بو
شەڕی وا هەر نایێتەوە     یاخوا بڕواو نەیێتەوە
ئەو شەڕە وا دەنگی داوە     ئێستەش لەناو خەڵکی قساوە
لەوێش هەر گرمەو زرمە بو     لەوێش ئەو بەزم و ڕەزمە بو
لە وێش ترس بە لێشاو بو     ئەوی خۆی گرتبا پیاو بو
ساروخ رووی لە هەرکەس دەکرد     نەفەسی پێ حەپس دەکرد

دەبابە ڕێگای دەماشتن
شۆڕە سواری هەڵ دەداشتن

گوللە دەیکردە کرێوە
هەر دەتگوت تەلەسمی دێوە

ڕق دنەی ئەنگیوەی دەدا
گوللە وەك مار پێوەی دەدا

ئەو شوێنەی دورە ئاگر بو
لە کۆشی دایك چاتر بو

شەڕیش زانستێکی هەیە
ئەویش لەلای پێشمەرگەیە

گەلێك ساڵ بەخۆوە بوە
تا ئەو زانستەی فێربوە

شەڕ هەموو فێڵ و دهۆیە
شەڕ بێ فێڵ بوبێ درۆیە

لە شەڕێدا دەرفەت بێنە
ڕاوەستە پارێز بستێنە

ئەگەر هەڵکەوت ناو بەناو
هێزی دوژمنی بخە داو

لە دوی خۆتی بکە ڕاکێش
ڕێی بۆ چۆل کە تا بێتە پێش

دوایی گەروی لێ بگرەوە
دیلی بگرە ڕەوە ڕەوە

ئازا ڕۆژێك دەمرێ ناچار
ترسەنۆك ڕۆژێ هەزار جار

ترسەنۆك مانگا بەکەڵە
هەڵدێو کەڵەگای لەگەڵە

شەرمە ڕەگەڵ هەر کەس کەوێ
تۆ ئەو شەرمەزارەت نەوێ

ئەو گڵۆم و ڕاوە ڕاوە
لە خەلەکانیش نەبڕاوە

لە جێیەك کە شەڕ دادەمرد
لە جێی دی دەستی پێ دەکرد

ئێمە نە جێمان بو نە شوێن
بوینە هێزی زەربەت وەشێن

دەربەستی مردن هەر نەبوین
لە کوێ شەڕبا ئێمە دەچوین

چ لە شاخی چ لە دەشتێ
دەستێ ئێمە دەی گەیشتێ

هێزی خەبات، هێزی کاوە
باڵەك و چیای ئەو ناوە

کاروخ و زۆزگ و بێ خاڵ
حەسەن بەگ چیای بێ هەڤاڵ

گۆڕەزو داوێنی قەندیل
کەڵە چیای سەر بە مەندیل

لە پێتواتەو هێزی سەفین
جێ نەبو ئێمەی لێ نەبین

تا ئەو ڕۆژەی شۆڕش تێك چو
حاڵی ئێمە هەر ئەوە بوو

یان ترس بوو کوێرەوەری
یان لەلاوەو دەر بەدەری

خۆمن ئێستەش هەر ئەو مەردم
پەژیوان نیم لەوەی کردم

خەمی وەم نی‌یە نەسرەوتم
هەتا لە دەست و پێ کەوتم

سوم نی‌یە وا دەستە شکاو بوم
دام نا ڕابوردوو داهاتوم

سوم لەوەش نی‌یە بێ ماڵم
هەژارو ڕوت و ڕەجاڵم

بەوەش ڕازیم بێ بژیوم
من ئەوە جەرگی بڕیوم:

خزمەتی من پاك بزرن
جاش لەمن بەقەدر ترن

دەچی‌یە هەر دەزگاو دەرگایەك
ڕو بکەیە هەر بارەگایەك

شوێنی گرینگ هەر بەوانە
هەر جاش فەرمانی ڕەوانە

دەستەو داوێنی جاش نەبی
ڕێت نادەن بۆ جێیەك بچی

چ دایرە، چ سەیتەرە
هەمو جێ‌جاشی لەسەرە

نە کارێ بێ وان سەر دەگرێ
نە تێ پەڕبون بێ وان دەکرێ

لەپارەو پول چیان بوێ
پەکیان لەسەر هیچ ناکەوێ

ترومبیل و کۆشك و تەلار    پێیان داون هەزار هەزار
دەڵێن: کێ کردی‌و کێ خواردی    وەی ئەو وتەم چەند لەبار دی
ئەو جێی جاش خۆی لێ بادەدەن    ڕێی بێ نرخی وەك من نادەن
خزمەت سوکی وای لە دوبێ    تۆ بڵێی خەیانەت نەبوبێ؟
بڵێی جاش شەریف تر نەبن    بڵێی پیاوتر نەبن لەمن؟
بڵێی من ئەقڵم تێسك چوبێ    ئەوەی کردم هەڵە بوبێ؟
جاش لەکاردان، جاش مەکوکن    قارەمانی وەك من سوکن
چاکی ڕۆژێ‌و! پاکی شەون!!    لە ناوەندان دوور ناکەون
چونکە ماکەی کوردایەتین    بەرکۆژەی سەرکردایەتین
ئێستەش ئەو خاینی جاران    کۆسپە لە ڕێگەی ڕێبواران
قارەمانێك دێ ڕا دەبڕێ    جاش هەڵدەستێ یەخەی دەگرێ
خۆت ئەزانی جاش قاللۆرە    خۆی هەبێ ناوی کلۆرە
هەرچەندە بە ڕواڵەت زۆرن    لە زۆر بارەوە چاو شۆڕن
کە گوتم: کوردستان یان نەمان    من بۆیەم بو بیدەن بەوان؟
بۆیە دەچوم سەنگەر بگرم    ئەوڕۆ وا لە برسان بمرم؟
جاشان لەشەڕو کارەسات    قەت بەزەییان بە مندا هات؟
کەی جاش دەستی لێ پاراستم؟    جاش کێ‌هەیان مانی خواستم؟
کێ بە خوێنم تینو نەبو؟    کێ شەرمێك گرتی ڕوبەڕو؟
من برسی بم خاین تێر بن    کار بەدەستیش وا بێ خێر بن

چما کوردایەتی وایە؟ | دەك هەڵی نەگری خوایە
تا لەبێ کەوتم ڕەنجم برد | کەس نییە بڵێ: بۆکێت کرد؟
سی ساڵ شەڕی پارتیزانی | لە کێ دیارە؟ کێ پێی زانی؟
چبکەم ئەورۆ لە کوردستان | بۆتە دۆڵپا، دەستەوستان
دڵسۆز چەندی بڵێی کزە | باو باوی دەس پیس و دزە
چ هەلپەرست، چ بەر هەڵست | هیچیان یەکی خۆیان نەخست
ڕێزیان هەیە هەتا دەمرن | پاداشی گەورەش وەردەگرن
ئەگەر تۆش ئەوەت پێ نەکرا | ئەگەر وەك من هەقت خورا

مەڵێ: چوم ڕزگاریم ئەستاند
بڵێ: چوم قومارم دۆڕاند

هەولێر، گەڕەکی برایەتی، ٢٩/٧/١٩٩٤ز
مانگی پوش پەڕ ١٣٧٣ی هەتاوی

## "پـــــــەیام"

وریـابن لـەو دەرو بـەرە دیسـان دەنگێکـی بەسـام دێ
بۆنی مەی دێ، دەنگی قاقای سەرخۆش دێ، زرینگەی جام دێ
هیوای بەختەوەری ئەهات زیادبێ بەڵام دێوە زمەی شـەڕ
بە چوار ناڵە ئەوە وەك ئەسپی سەرکێشی بێ بـلام(١) دێ
غـەڵفی تـەڕی نەونـەمامان بـە داسـی شـەڕ دەدرونـەوە
لەبن بەردان بۆنی باروت، بۆنی خوێن لەسەر شـەقام دێ
ڕوتـیو هـەژاریو نەگبـەتیو مـاڵ وێرانـی بـۆ ئـەو گەلـە
لەگـەڵ شـەڕی براکـوژیو لـە دوی کێشـەی نـا فـەرجام دێ
تـا پـەیامی خۆشەویسـتی دەهۆنمـەوە، دەتویمـەوە
بـەڵام لـەلای کورسـی پەرسـت گوللـە لـەجیاتی وەڵام دێ

١)- بلام: قایشێکە لەتەنگەی ئەسپی سەرکێشەوە لە لغاو قایم دەکرێ بۆ ئەوە کە ئەسپەکە سوار هەڵنەگرێ.

لـەو دەشـتەدا زیـرەی هـەتیو شـینی بێـوە ژنـە
لـە کۆشـکی سـەرکردەکانیش بۆنـی کـەبابی حـەرام دێ
نـازەنینم ئـەو بەینانـە وەك پـەریی هەڵبەسـت لێـم زیـزە
نەسـیمیش وەك خـۆی نـەماوە، یـان نایـەیان بـێ پـەیام دێ
سروشـت ئـاڵۆزە، شـار ئـاڵۆزە، ژیـن ئـاڵۆزە، گـەل ئـاڵۆز
ئیـتر بـۆ سـەیرە گـەر بەسـتەی منیـش ئـاڵۆزو سەرسـام دێ
کـە ڕێـت لەکوردسـتان کـەوت هێـدی وەرەو هێـدی بـڕۆ
لـێرە کێـوی کـەوی دەکـەن، درنـدە ڕام و ئـارام دێ
لـەو کوردسـتانە شـەڕ فـرۆش جێگـەی نـابێ پـەل بـبزێوێ
وتـەی "هێـدی" وتـەی گەلـە، کـە هـات وەك خـەتمی کـەلام دێ

هـەولێر، گـەڕەکی برایـەتی، ١٩٩٤/٩/١٨ز
خرمانـانی ١٣٧٣ی هـەتاوی

# "تاســــــە"

تـا بلْـیٚی ئـەو شـۆخە نـازی زۆرە ئـەمما بـۆی هەیــە
دوێنیٚ تاسەی کەی بو، دەوری شیرنی ئـەوڕۆی هەیە
پەیکـەری وی مەڕمـەڕە، کـەحلانی وی ئەستۆ بلـور
بـەژنی وی تولـی تـەڕە، نـارنجی دەستەممۆی هەیــە
هـەر لەمەستی چـاوی فیتنـە ڕەنگـە بـەر پـابێ، دەنــا
خالْی بێ سوچەو لە سوچی لێوی جێگای خـۆی هەیە
کۆسپی دڕکیش ڕێ لە هەست و سۆزی بولبول ناگرێ
بۆیە وەختـی گـولْ لـەدەوری هێنـدە هـاتو چـۆی هەیـە
خالْ لە سەر گۆنەی دەسوتێو هەر وەڕوی خۆی نایەنیٚ
بێ سەبەب کەس خۆی لە ئاگر ناویٚ ، دیارە هۆی هەیە
نـەك بلْـیٚی هـەر ڕۆژ لەهـەوری کەزیـەکانی‌دا، ونــە
مـانگی ڕوشـی تـا لـە ئێخـەی دێتـە دەر، ئاسۆی هەیە
ئەو دیاربێ لێـم، ئـەمن سـەیری بـەهارم هـەر نەویسـت
سونبولی بسکی هـەزار بـەندەی وەکـو شـەوبۆی هەیـە

گـەرچی ئێش و ژانـی ئامـانی نیـیە تیغـی بــــرۆی
تـیری برژانگـی بەقـەد هـەردوك برۆکـە سۆی هەیـە
پرچــی جـیرانی هــەتاوە ڕەنگــی زێـڕی گرتـــوە
ئێستە "کۆ"ی زێڕی لەسەرشان و لە سینە "گۆ"ی هەیە
سەیرە چۆن بێ چارە شێت نابێ، وەکێـوی ناکـەوێ
"هێدی"هێنـدە ئـارەزوی مـاچێکی لێـوی تـۆی هەیـە

هەولێر، گـەڕەکی برایەتی، ١٩٩٤/١١/٣ز
مانگی خــــەزەڵ وەر، ١٣٧٤ی هـــــەتاوی

## "پەرێشـانی"

چـارەی خـەمی مـن مـەی نی‌یـە، مـەی خانـە بڵـێ چـــی؟
بـــەو دەردەوە مـــەی نـام گـری، پەیمانـــە بڵــێ چـــی؟
پێــم وانی‌یـــە لـــەو غـــەدرە لـــەفریام بکـــەوێ کــــەس
ئــەو دۆســت بــو وەفــای بــۆم نــەبو، بێگانــە بڵــێ چــی؟
بســـکت بـــدە دەس شـــانە، بـــەڵام چیــن مەخــــە ئـــەبرۆ
زولفـــی تـــۆ شـــنە تێکـــی دەدا، شـــانە بڵـــێ چـــی؟
هـــەر عاشـــقە سوچیشـــی نـــەبێ، دەیخەنـــە ئەســـتۆی
شـــەم ئـــاگری کردۆتـــەوە پەروانـــە بڵـــێ چـــی؟
تـــاوانی منـــە دەربـــەدەری‌و دەردی ســـەری مـــن
مـەڵ خـۆی سـەر خـۆی هـەڵگرێ، هێلانـە بڵـێ چـی؟
شـێتی قـەدی تـۆ شـەرتی لەگـەڵ چـۆل و چیـا بـــو
زانـــابێ بـــە زنجـــیرەوە، دێوانـــە بڵـــێ چـــی؟
خـــاڵی تـــۆ بـــە پـــەرژین و خـــەیاڵ ناسـك و ســـادە
بــێ چــارە لـــەناو ئـــەو هـــەمو پاوانـــە بڵـــێ چـــی؟
چـــیرۆکی جوانـــی تـــۆ لــــەناو لاپـــەڕو دێـــڕا
نـــاگونجێ، ئیـــتر نوســـەری ئەفســـانە بڵـــێ چـــی؟
تاســـەی تـــۆ کـــە دام دەگــرێ، دەڵێـــن: ئـــاخری خـــێر بـــێ
"هێـــدی" لەگـــەڵ ئـــەو کۆنـــە برینانـــە بڵـــێ چـــی؟

هەولێر، گەڕەکی برایـەتی، ١٩٩٥/٣/١٠ز
مانگی خاکە لێوەی ١٣٧٣ی هەتاوی

# "دێوانـــــە"

ئـــەورۆ ســـەرمایەی ژیـــانم دەفتـــەرێکی چڵکنـــــە
چـەند وشـەی سـادە تـەواوی سـەروەت و مـاڵی منـە
تۆ کـە خـاوەن زێـڕو زێـوی، ئێرەیی چـم پـێ دەبــــەی
تۆ لـە کۆشـکێ پـاڵدەوە، لـە منیـش گـەڕێ لـەو قوژبنــە
شـــیری ئـــەزمانم بڕشـــتی زۆر لـــە پـــۆلاً چـــاترە
جـا چبـو گـەر مێشـکێ ویشکە، یـان دڵـێ وەك ئاســـنە
شـەرتی ناڵـەی دەردەداریو دوورە یـاری نـەی نی‌یـــە
مـن دڵـم پـێ شـك دێ بـۆ ناڵـە لەسـەد جێـوە کونـــــە
زۆر نیشـــانەی وای هەیـــە نـــابیندرێ دێوانــــەیی
بۆچـی تـۆ پێـت وایـە شـێتی هـەر وەکێـوی کەوتنـە
خۆڵـــە مێشـــێ تـــا دەبینـــم دێ بـــەدەم زریانـــەوە
بـیری لانـەی خـۆم دەکـەم مـن لـەو هـەوار چـۆل کردنـە
مـن کـە فرمێسـکم لەسـەد دەردو بـەلاًی دی گرتـەوە
بۆیـە بـو بـی ڕێژمـە بـەر پـیێ ئـەو گوڵـە خوێـن شـــیرنە
هـــەرچی ئـــارامی نـــەما دەیخاتـــە داوی کەزیەکـــەی
یـــانی چـــارەی ئـــەو ئەڤینداراتـــە مـــو نـــە پســـاندنە

سوچی ئـەبرۆی هـەر ئەوەندە من گوتـم نـەختێ کەجـە
هـەر فـرەو ڕاستەوخۆ بـۆم دێ، هـەر پـلار هاویشـــــتنە
وەرزی پـاییزو بـەهارێ سـەر لـە تێخـەت هـــەڵدەدەن
حـا چ دەخـوازی تـۆ بـەو ئاواڵـە کـردن و بەســـتنە
یادی ڕوی تـۆم کـردو دەفتـەر ئـاگری تێ بـەر نـــــەبو
یـاخوا خـێر بـێ خـاڵی تـۆ ئـەوڕۆ دژی ســـوتاندنە
لــێی بچێــژە لێـوی سـاقی گـەر لـەڕەنگی بـادە بـــو
گۆش لەســەر سینگی ئەگـەر وەك کاڵـە بـەی چـو بیڕنـە
قـەت پـەکی بـۆ یێـت و واژەی ناسـك و تـەڕ ناکـــەوێ
ئـەو کەسـەی گۆچـی بەبەستەو شیعری بـەرزی هێمنــە
تـا پەچـە ڕوی دەگـرێ، دنیـای ڕون لـەمن تـاریك دەبـــێ
"هێـدی"هەرچـەندی بڵـێی بێزارە لـەو مـانگ گرتنــــە

هەولێر، گەڕەکی برایەتی، ١٩٩٥/٦/٣ز
مـانگی جۆزەردان، ١٣٧٤ی هـــەتاوی

## "لەرزی شیرن"

دەس بە زوڵفی ڕۆژێ هەر دەگرم، بەلام جارێ زوە
چونکە پەیوەندی هەیە ژینم بە هەودای ئەو مووە
با سەرو ماڵم لە ڕێگەی خۆشەویستی‌دا بچێ
خاڵی تۆم دی‌و لەو شتە وردانە دەستم شوشتوە
یادی تۆ فرمێسکی دێنێ، سوچی چاوی من نی‌یە
ئەو دەزانێ ئاوی ئەو سەرچاوە بۆچی لێڵ بوە
نەبوە حاشا من لە تۆ بۆنی گوڵاوم کردبێ
بەس پەیامی بسکی تۆم ڕۆژێ لە سروە بیستوە
ڕێی ڕوانینێ بەکەس نادا، تەنانەت تیشکی خۆر
بۆمن ئەمما باشە جارێ، ڕێی خەیاڵی هێشتوە
ناسرموێ وێنەی لەبەر شۆخی لە تێو ئاوێنەدا
بۆیە وا ئاوێنە چاوێکی بەدو چاو کردوە
لێی دەنۆڕم هێند بەئەسپایی، مژۆڵم تێ نەگا
چونکە بۆ پەردەی نیگای من پەنجەیان تێک خستوە

من بە درکیش ئەورۆ گەر ڕازیم، لەبەر ناچاری‌یە
هەرچی گوڵ بو وڵۆەوانی پێش مە پاکیان بردوە
گەر مجورکی شیعری پێدادێ خەمی شاعیر مەخۆ
شیرنی ئەو تەزوە نازانێ ئەوی نەی چێشتوە
لەو جیهانەی ڕۆژێ بەرپێ‌ی گەوجە پیاوان ماچ دەکا
هەر خەیاڵە بۆمن و هەر تاسەیەو ئارەزوە
گەرچی دەردت زۆر بە"هێدی"دا، دڵی لێت نایەشێ
چون شەپۆلی بادە قەت پەیمانەکەی نەشکاندوە

هەولێر، گەڕەکی برایەتی، ١٩٩٥/٦/١٨ز

٧٤/٣/٢٨ی هەتاوی

# "جوانی"

قافیە گەرچی تەلەسمەو توشی شیعری من دەبێ
بێ تەلەسمی قافیەش هەڵبەستی من شەرمن دەبێ
بار ئەگەر لار بو لە مێژە هەر دەڵێن ناگاتە جێ
بۆیە کاروانچی لە پێشدا فێری بار بەستن دەبێ
چاوی تۆ ڕازێکی تێداو ئەم دەزانی جادوە
لێوت ئەمما بێ بزەش لێم سورە!! بۆ مشتن دەبێ
بۆ لە نوسینی جوانیدا قەڵەم کورنش دەبا؟
چون شیعر لە جوانی ئەدوێ، هەرچی بێ زو ون دەبێ
جوانی گەر پێن و هەمویان سەر وە بەر شۆخێ بەرن
هەرچی جوانیی عالەمە پاکی لەبەر پێی ژن دەبێ
شیعر ئەگەر وەك هەیکەلی ژن ناسك و تێراو نەبو
هاتە راتێکە، نەبۆ نوسین، نەبۆ بیستن دەبێ
گەر ئەڤینی ژن هەناوی پێ دەلەرزێ جاروبار
وەك هەولێنێ ناوی ژن هەڵبەستی پێ شیرن دەبێ
بەو پەروبۆیە پەری ناگاتە ژن لە جوانیا
باڵی وی بۆ هەڵوەرین، ئەو خاڵی بۆ دیتن دەبێ
کەس لە دەس"هێدی" ئەبو ئازاری دیی و داخەکەم
تازە هاتوە لێرە توشی ئارەزو کوشتن دەبێ

هەولێر، گەڕەکی برایەتی، ١٩٩٥/٧/٥ز
٧٤/٤/١٥ی هەتاوی

## "دوبـــــــەیتی"

ئـەمن حـاران لـەدەس دوژمـن دەنـاڵیم | چەکی دوژمن دەهـات ئێسکی‌دەهاڕیم
بەدەستی کورد ئەوە پێم دەکرێ ئەوڕۆ | ئـەوەی دوێنـێ لەدەستی دوژمنان دیـم

وتەی من قەت نەبو بە جوانـی دەرچـێ | گلێنـەم هـەر لـەناو کـلێ دایە دەشـــکێ
ئـەوەندەم داخ لـە دڵ دایـە وتــــارم | لـــەدڵ تادێتـــە ســـەرزارم دەســــوتێ

لەدەستانت شـکایەت بەرمـە بـەر کـێ | لەسوچی خۆت و ئـاهی مـن بترســـێ
ڕەوا بـو شووشـەیەك بشـکێنی ئــەمما | دڵی"هێدی"و شـکاندن چۆن دڵـت دێ

لـەچاو مەستان هـەڵی نـەگری خوایـە | ئـەرێ بـۆ هـەرچی جوانە بێ وەفایـە؟
لە کـردەی بێ وەفایـان هـەرچی دیتـم | هـــەزار بـــەیتی نەنوســــراوی لەلایـــە

وەکو تیری شەهاب دەخوشێم شـەوانە | قـەراری لـێ بڕیـم ئـەو چاوجوانـــە
دەڵێن یارت گەلێك جوانە، بڵێم چی؟ | ڕەزای ســـوکە بـــەڵام دەردی گرانـــە

وەلانـێ ئـەو خـەم ودەردانـە تـاوێ | ژیـان دوڕۆژە، تونـدو تیـژی نـاوێ
دڵـم ڕون بۆتـەوە ئەوڕۆ بەڕوی تـــۆ | منـت بمرم لـەبن چـار شێوی مـاوێ

ئەوەی سەیرە نە نارنجن، نە لیمۆ | لەوانیش خڕترن جوتە مەمی تۆ
کەنرخی وان کەسیش نەیزانی چەندە | لەدەس منیان بنێو ئیتر مەڵێ بۆ

ئەگەر ژانە، ئەگەر برکە، ئەگەر خەم | دەبێ سەودام لەسەردا بێ هەتا هەم
لە شەرمێ دەرچوە دێوانەیی من | وەها کەوتۆتە سەر زاری ئەوو ئەم

لەبەختانم سەری کوێستانێ سەنگە | لەگەڵ من ئەو چیا سەختە بەجەنگە
گوڵان دەستیان لەدەست یەك ناوە ئەمما | لەناو واندا دڵی من بۆتۆ تەنگە

لە دەرگای تۆ دەبێ ئەمنیش وەکو شەم | سەرم دانێم و جێ‌بێ‌یە وەدەس خەم
ئەگەر سەیرانی خۆشە توانەوەی من | لە تۆ زەردە لەمن فرمێسکی نەم نەم

وەرە سەیرێ کە ساقی دێ بەمەستی | لەبەر مەستی شەڕاب دەڕژێ لەدەستی
کە هاروژان دڵ و دیدەت بە جارێ | گەلێك ئازای ئەگەر پێیان بوەستی

دوایی هەر دێ ئەو بون و نەبونە | سەرەنجامی هەمو بونێکی ڕونە
بەرەی مەرگ و ژیان پێك دێن بەجۆرێ | ئەوەی پێك نایە هەر تاسەی دەرونە

خوایە تۆ دڵی شادت بەکێ دا؟ | چبو تۆ ئەو دڵەت دانا لەوێدا؟
کەشەو دادێ دەبێتە گۆمی خوێنێ | کە ڕۆژ بۆوە هەزار ئاواتی تێدا

هەولێر، گەڕەکی برایەتی، ١٩٩٥/٨/١٠ز
مانگی گەلاوێژی ١٣٧٤ی هەتاوی

## "دوبـــــەیتی"

چەندی کـردم نوختەیەك وەك خـاڵی تـۆ پـەیدا نـەبو
هەرچی نوسیم واژەشم هیچی لەجێی خۆیدا نەبو
ناچنەوە سەر یەك وتـەی مـن هێنـد پەرێشـانە خـەیاڵ
بـاوەڕت بـێ پێش ئـەوەی زولفـت ببینـم وانــەبو
ڕازی خـۆت هێنـدە لـەدەس نامـەحرەم و دوڕو مـەنێ
کـەس ئـەوەندەی تـۆ بـە ڕوی ئاوێنـەوە پێ‌ناکـەنێ
گەنجی من بۆ زلێ وەشانی زولفەکـەت باشـە، بـەڵام
بەژنی تۆ هێند بەرزە، واژەی من گەلێ‌جار نایگەنێ
حەزدەکەم لە وولاتەکـەی خۆمـدا بژیـم و ڕێـم نی‌یـە
ئـاگرێکم پێـوە، کـەڵکی دیتنی هیـچ کوێـم نی‌یـە
کۆڵـــەواری‌و دورەیـــاری‌و دەردەداری دابــــەمن
چارەنوس وەدیارە تـازە کـاری دیکـەی پێـم نی‌یـە
خـــاڵی تـۆ وا وردو ناسـۆری بەقـەد ئـەو کێوەیـە
قەت خـەیاڵ نـازانێ خـاڵی تۆ بـەری بەکوێ‌وەیە
زولفەکـەت لـەجیاتی داپۆشـی شنە ڕێی تێ‌نــــەبا
دەی دەیە دەس شانە، شـانەش سـەد زمـانی پێوەیـە

هەولێر، گەڕەکی برایـەتی، ۱۹۹٥/۸/۲٦ز
۱۳۷٤ی هـــــــەتاوی

# "پیرۆزە"

دەردی دڵداری نەبا حاڵی منیش وانەدەبو
وا بەماندوبی خەیاڵ هێندە لەڕێدا نەدە.
دوێنێ بەو شێوە کە ئاواڵە نەبا سینگ و بەرو
ئەورۆ لەو ناوە قەت ئەو شۆڕشە بەرپا نەدەبو
من گوتم حاڵی تۆ وێنەی کەمە، ئەمما دیتم
خۆکە پیرۆزە نەبا، هەر لەوی پەیدا نەدەبو
بسکی تۆی هاتە خەوێ، ئەوشۆ خەیاڵ وەدیارە
پڕبوە گەنجی، دەنا چاوی لەحەزیا نەدەبو
گەر بەدەس ئەودڵەوە پێوە نەبام پیرو حجێڵ
داستانی منی لەوشارە لە زارا نەدەبو
من دەڵێم دەردی منی لێ بوە مەجنونی هەزار
بۆ دەنا زیاد لەهەمو عاشقێ دێوانە دەبو
سەد دڵم خۆزگە دەبو خوایە هەموی پڕ لەئەڤین
یاخۆ ئەو تاقە دڵە حەسرەتی تێدا نەدەبو
هەرچی بو هێزی ئەڤین کردی، دەنا چۆن ئاوا
لەیلێ ئەو کیژە ڕەق و ڕەشکەڵە ئەفسانە دەبو
ئەی خوایە خەمی ئەو عیشقە بە"هێدی" بێڵی
چونکە ئەو گەنجە نەبا هیچی لەدەستا نەدەبو

سولەیمانی، گەڕەکی بەراناں، ١٩٩٥/٩/٨ز
مانگی خرمانان، ١٣٧٤ی هەتاوی

## "یادی هێمن"

شیرن و تیراوو تەڕ بەستەی لەباری هێمنە
گەرم و ناسك هەست و سۆزی‌نادیاری هێمنە
کاروانێکی لە شیعری سوار دەبینم دێ لەدور
کاروانچی ئاشنایە سەر قەتاری هێمنە
لەو قەدو لاپاڵە، لەو ناو مێرگ و کانی‌و ئاوەدا
حەزدەکەم بێ شەنگە بێری، وابەهاری هێمنە
زۆر لەدەس سوڕانی ئەو چەرخە کەساسی دی هونەر
دەوری شانازی ئەدەب هەر ڕۆژگاری هێمنە
چونکە ئەو کۆشکەی لەفەرهەنگی گەلی کورد داندرا
سەنگ تەراشی هێمنە،ئەندازیاری هێمنە
گەروەفایی شیرنێکی شۆخی کردە یادگار
ئەوڕۆ بۆمە گەنجی بێ‌بن یادگاری هێمنە
بێتە لام هەرچی‌یە بەرزە تا بەکوردی پێ‌ی بڵێم
"بەرزی هەر شایانی واژەی نازداری هێمنە"
من دەڵێم وێنەی لەناو دیوان و دەفتەر جی‌ی نەبو
بۆیە مانگی چاردە وا ئاوێنەداری هێمنە
چۆنە هێمن وابەتەنیا کوردەواری گرتوە؟
چۆنە کوردستان وشێکەو پڕ بەزاری هێمنە؟
گەرچی هێمن چو لەدەست ئەمما پەژارەی نابڕێ
هێشتە بۆ گەل دەردی گەورە کۆچ وباری هێمنە
هەر دڵی وەستا لەلێدان ئەو لە خوێندن ناکەوێ
شارولادێ چونکە پڕ لەشوێنەواری هێمنە
هەرچی لەحیاتی شیعر ئاگر لەزاری هاتە دەر
سوربزانە ڕێوارێکی دیاری هێمنە
دەك نەیاری هێمنی لە گیانی خۆی ئۆخەی نەکا
ڕۆژی گەرم و سارد نەبینێ هەرچی یاری هێمنە
وەك مەهاباد شوێنی دڵگر، شوێنی پیرۆزم نەدی
ئاوەدان بێ شاری هێمن، جێ هەواری هێمنە

"هێدی" تا دەستی پەری هەڵبەستەکانی ماچ دەکا
نالێ ئەو شیعرە، دەڵێ ئەو سیحرە کاری هێمنە

هەولێر، گەڕەکی برایەتی، ٢٥/٩/١٩٩٥ز مانگی خرمانان ١٤٧٤ی هەتاوی

لەیاران وردە وردە چۆڵ بوو دەورەم هومێدم وەك شەمی كز چۆتە تێو تەم
لەهاوڕێی سەردەمی پیریو جوانیم هەڤاڵێکم وەفای ماوە، ئەویش خەم

هـــــەولێر، ١٩٩٥/١٠/١٥ز
مانگی ڕەزبەر ١٣٧٤ی هەتاوی

پـایزێکم گـەیوەتێ ژینم گـەلاّ ڕێـزان دەکـــا
وەرزی پیریم ساردوسڕ هاتوە لـە پـاییزان دەکـا
هەرچی بو چو تازە، تەنیا ئەو گرێیەم ماوە من
ئێستە دڵ زۆرتر پەلـەی دیـداری ئـازیزان دەکـا

هــــــــەولێر، ١٩٩٦/١/٧ ز
ڕێبـــەندانی ١٣٧٥ی هـــەتاوی

زەردەی تـــۆ لەگـــەڵ هـــەتاوێ پـــەیوەندی هەیـــە
ئـاویش وەکـو تـۆ ئەگـەر دێ، لـەب خـەندی هەیـــە
ســـەیری لــەوەدا ئەگــەر چــی هـــــەردوك زەردەن
زەردەی تــۆ هــەزار هێنــدی وی پابــەندی هەیـــــە

هـــــەولێر، ١٩٩٥/١٠/٢١ز
مانگی ڕەزبەر ١٣٧٤ی هەتاوی

# "پەیکــــــەر"

ئـاخری ڕۆژێ دڵــی دێوانــە ڕیســـوام هــــەردەکا
بۆتە کاسەی خوێن و ئێستەش ئارەزوی دولبەردەکا
مـن دەگرمـە لێـوی ئـاڵی لەکنـە خـۆ تیری نیگــــام
ئەو لەسەر خـاڵی دەنیشـێ هـەر گەیشتێ‌و سـەردەکا
هۆشی من لەو گۆشە خۆ کاری بـە کێشـەی دڵ نی‌یـە
خۆشەویسـتی شـێتە خانـەخوێ لـەماڵێ دەردەکـا
من لە ئێخەت هەرچی واژەی جوان هەیە دەیخوێنمـەوە
لاپەڕی سینەی تـۆ بۆمـن کـاری سـەد دەفتـەر دەکـا
حەز دەکا هەر وەك لـەش و ئـەندامی تـۆ بـێ وێنـە بـێ
گەر هونەرمەندێ لەمەڕمەڕ دەست و پێ‌ی پەیکەر دەکا
یـار لەبـەر پـێ‌دا دەبێ فرمێسـکی ئێمـەی بۆچـی؟
کێ هەیە بەو ئاوە سوێرە غەڵفی خۆی پـەروەردە کـا
شیعری "هێدی" نەرم و خاوو ناسکە گەردێ، بەڵام
هەرگەیشتە دەستی من پیلەی لەگەڵ خەنجەر دەکا

هەولێر، گەڕەکی برایەتی،٢٩/١١/١٩٩٥ز
مـانگی خـەزەڵ وەری ١٣٧٤ی هــەتاوی

---

دەردی خۆم و لەرزو تـای دەردی جودایـی کوشـتمی
دەردی سـەرگەردانی، دەردی بـێ نـەوایی کوشـــتمی
دەردو خەم سەد هێندە بێ خۆمن لەگەڵیان هەڵ دەکەم
یـار لەگـەڵ مـن بـێ وەفـا بـو، بـێ وەفـایی کوشـتمی

١٩٩٥/٨/٢٩
مانگی گەلاوێژی ١٣٧٤ی هەتاوی

## "عوبــەید مــــەڕۆ"

وەبـیرم دێ لەگـەڵ تـۆ ڕۆژێ کـۆڕی ئاشـنایی بــو
وەتەی مـن خۆشەویستی‌بو، وتـەی تۆ دڵنیـایی بــو
لەســـەر ئـــاواتی زێڕینـــی ژیانمـــان پــــەردە لادەدرا
وشەو واژەی مە هەرچی بو لەفەرهـەنگی تـەبایی بـو
ژیـانی تـۆ بەشادی ئارەزوم بـۆ پێـك نـەهات چبکــەم؟
ئەگەر لاساری ئەوچەرخە، ئەگەر ویستی خودایی بو
لەبـەرچی مــن ئـەرێ ئـەرکی برایانـەم لـەوێ دانــا
سپاردەم بۆچی مـن هەردەسـخەرۆیی‌و هـەڵوەدایی بـو
نـەزانیم تــۆ لەســەر کۆچــی، نــەهیچم پێ‌کــرا بۆتــۆ
زەمان هەرچی لەگەڵ من کردی زوڵم و ناڕەوایی بو
نە ماڵ ئـاوایی لـە بـرای دورە دەست ئـاخر نـە دیـدارێ
براکەم تۆ برای چـابوی، ئـەوەندەت بێ وەفـایی بـو
پەرێشــانم بەمــەرگی تـۆ "عوبـەید" ئـەمما دڵــم نایـە
بڵێم ئەنجامی "کاکـە"ی‌تۆ کلۆڵـی‌و بێ سـەلاّیی بو
لـەئاوی دیـدە مەمنونم کـەهات شینی لەگـەڵ گـــێرام
منیش هەر نامە سەرچاو چونکە دۆستی بی ڕیایی بـو
نـەبو شـیرن نـەبێ هـەرگیز پـەیامی تـۆ وەلاّمـی مــــن
وشـێکی تـاڵ لـە بـەینی ئێمـەدا بوبـێ "جودایـی" بــو

بەتاسەی تۆوە دەم دی "هێدی"ناڵەی لێ بەرز بۆوە
بـەلاّم فرمێسـکی گـەرهاتن بەنـەرمی‌و ئاسپایی‌بو

هەولێر، گەڕەکی برایەتی، ١١/١٢/١٩٩٦ز
مــانگی ســەرما وەزی ١٣٧٤ی هــەتاوی

## "شـــیعر بڵـــێ"

ئەگەر شیعر دەڵـێ‌ی بۆ گـەڵ دەڵـێ‌ی، شیعری نـەمر بڵـێ
شـیعری بەسـۆز بڵـێ، شـیعری لـەبار بڵـێ، دڵگـر بڵـێ
ئەگـەر زانیـت شـیعرت وەك بـەهاری تـەڕو تـازە نی‌یـە
دەس دە قەڵـەم بـۆ کوردسـتانی مـن شـیعرێکی تـر بڵـێ
تەتـەری بـێ سـنوور شـیعرە بۆیـە شـاعیر لەسـەریەتی
شیعر بـۆ شێت بڵێ، بـۆ ژیـر بڵـێ، بۆکـافرو گـاور بڵـێ
سۆفی بەشتێ، دەروێش بەشتێ، لۆتـی بەشتێ هەڵدەپەڕێ
تـۆ شیعری تـەڕ بڵـێ، ویشـك بڵێ، شیعری کـزر بڵـێ
لـە داخـی کێـش و قافیـە سینگت مەکـە گرتـو خانـە
واژە حـەپس مەکـە، شـیعر هـەتا پشـوی ئـاخر بڵـێ
ئەگـەر لاپـرە سـەنی لاسـار دەسـتی بـەزاری داگرتـی
تـۆش هەستە لـێ‌ی وەخـۆ کـەوە توندتـر بڵـێ، پتر بڵـێ
لەهـەر جێیـە هـێزی نـەیار هـاتن بـەگژ کـوردا بچـن
دامەنوێنـە لـەمنت کـەوێ، نـەك هـەر شیعر، ئـاگر بڵـێ
شـیعرێك بڵـێ کـۆڕی سـاردی هـەژاران گـەرم دابێنـێ
شیعرت ئەگەر گوت دۆست بڵێ، هـەڤاڵ بڵێ، هۆگـر بڵێ
شیعر دەڵـێ‌ی چـاکی بڵـێ‌و بـەکزەی بڵـێ‌و هـەر بەشـیعر
گۆرانـی بـۆ گـەورە، سـرود بـۆ منـاڵی نـۆور بڵـێ

مـن شـیعرێکم دەوێ سـایەی وەك بـاڵی هومـا پـیرۆز بـێ
شـاعیرێکم دەوێ شـیعر بەبـەرزایی هـەور بڵـێ

تـۆ شیری سـەر ئـاگر مەبە، وەك مـن لـە شـیعرا هەڵمـەچۆ
شـیعر دەڵـێ‌ی شـیعری نـەرم بڵێ، شـیعری هێـور بڵـێ

شـیعر تانکـە، شـیعر تۆپـە، شـیعر خەنجـەرە، جەوهـەرە
کـۆن بـو بڵـێ، نـوێ بـو بڵـێ، سپی بـووەك بـەفر بڵـێ

"هێدی" بەڵێنیدا شیعریان نەڵێ یان ئەگـەر گوتـی
شیرن بڵـێ، ناسـك بڵـێ، گـەرم بڵـێ: شـیعر بڵێ

هـەولێر، گـەڕەکی برایـەتی، ١٩٩٦/١/٨ز
مـانگی ڕێبـەندانی ١٣٧٥ی هـەتاوی

# "قـــــەتار"

کێ بـــێ وەك یـــاری منـــی بـــۆ بلـــوێ
منـــی ڕاگرتـــوە تـــەنیا بـــە مـــوێ
لـــەو هـــەمو دەردە چلـــۆن ســـەر دەرکـــەم
دەمکـــوژن خـــەت بـــەجوێ، خـــاڵ بـــەجوێ
دڵ کـــە ڕزگـــاربێ لـــە تـــیری برژانـــگ
ئـــەو دێ شمشـــێری بـــرۆی لـــێ دەســـوێ
بـــەری خڕکـــردەوە بـــۆ ســـەر بـــەروێ
گـــەرچی ســـەیرە بـــەری‌وا بـــۆ ســـەروێ
گوارەکـــەت مـــن لـــە حەســـودیان دەکـــوژێ
کـــە دەلـــەرزێ‌و وەبنـــان گوێـــت دەکـــەوێ
چـاوی خـۆم خـۆش دەوێ هـەر بۆیـە کـە تـۆ
پـــێی بنێـــیە ســـەرێ، کـــاتێ دەتـــەوێ
قـــافلێکی تـــری شـــیعرو فرمێســـك
ئـــەوە ڕوی کـــردەوە تـــۆ ســـەر لـــەنوێ
بـــا شـــیعر ئـــەوڕۆ بێتـــە پێشـــەنگ
ســـەر قـــەتار بـــێ ئـــەوو ئەســـرین لـــە دوێ
بـــۆ تەماشـــای تـــۆ کـــە دێ ڕادەبـــری
مـــن دوچـــاوم هەیـــە لێـــك دەبنـــە هـــەوێ

بــەو هــەمو نــازە کــە دەتبینــم ئــەڕۆی
چــاوی خــۆم ڕون دەبــێ، ڕۆنــدك شــلوێ
کــەس بــەڕازی دەمــی تــۆ نــازانێ
مەگــەر ئاوێنــە وە ئــەزمان بکــەوێ
یــادی تــۆ شــیرنە دەنــا بــەیت و بــاو
ئــەوڕۆ کالایــە، نیــە کــەس بیــەوێ

هــەر مەبەســت دواندنــی تۆیــە بەخــەیاڵ
"هێــدی" گــەر گۆشــەیەکی دینجــی دەوێ

هەولێر، گەڕەکی برایەتی، ١٩٩٦/١/٣١ز
مــانگی ڕێبــەندانی ١٣٧٥ی هــەتاوی

کـەس نـەزانێ مـن بـەچی مەسـتم، ئـەتۆ خـۆ شـارەزای
دەردی مـن باکـەس نـەزانێ، تـۆ لەگـەڵ خـەڵکی جـودای
سـینگی مـن گـەنجێکی بـێ ئـەژماری تێدایـەو نـسە
تـۆ بەتـەنیا خـاڵێ هـەر دەرکـەوتی، وەك ڕۆژ ئاشـکرای

هەولێر، ١٩٩٦/٢/١٣ز
١٣٧٥ی هــەتاوی

## "خـەمی مـن"

قـەت وەك ئـەوڕۆ وشـە لـەمن یـاغی نـەبون
هێند بەپەلە بەجێم دێڵن، تێك هـەڵدەنگون
وەك پەپولـەی بـێ پـەردەو پـەروا دەبینـم
خاڵ و لێـوو کوڵمە لەکوێن، لـەوێ نیشـتون
لـە دەس خـەمێ مـن دەخزێمـە سـوچێك بـەلاّم
تا من مات تر دەبم، ئەوان پتر دەبـزون
ڕۆژێ شـیرن، ڕۆژێ تفـت دەبـن و ئـاواش
لای بـێ دلأن هـەروەك حـەریری ئـاوەژون
هێندێ جاران لـە گوێی یاران گـوارەی زێـڕن
لە هێندێ جێ ئابڕوی شەڕ خوازیان بردون
گوڵـن، بـەلاّم بۆنیـان بـۆ بـێ هونـەر نیـە
دڕکن، کەچی قەت بە پێی زانادا نـەچون
ڕازی منیـان زۆر لەلایـەو نـایدرکێنن
تۆ مەزانە بە دایك و باب پەروەردە بـون
وەك ئـەوانیش چـیرۆکی قارەمـانی بـن
خۆیان لـە پێی لاوك و حـەیرانێ خسـتون
لـە ڕووی ئـەدیانا دەبنـە ماسـتی مـەیبو
لەلای گیژی چەقە سرۆ کەشکی ئاوەسون
مـن هـەر منـەت بـاری ئـەوەم لـەو وشـانە
جوانـی نـەبێ وەدوای هیچـی تـر نەکـەوتون

ئەوان گوتیان: پرچی یارت زەردو لولە
ئەو واژانەم من لە کەسی تر نەبیستون
ئەوان گوتیان: یار لێوی وەك خونچە دەچێ
بەلام لەو خونچانەی جارێ نە پشکوتون
لالە دەروێ، شنە دەشنێ، بەهاریش دێ
دنیا خۆشە بۆ ئەوانەی خەم نەی کوشتون
دەم دی نوسەر خەریکن پێی لێ هەلدێنن
باش بو ئازادی گەیشتیو!! دەستی بەستون
کورد هەر هات و بۆ رزگاری خۆی بە کوژدا
کە رزگاربو زیندوشی هەر کۆپیەی مردون
ئازاوە چی چۆن لە ژێر تاوان دەر دەچێ؟
گەلی کوردم یەك جێ لێ بەشاهید گرتون

دەردی من و کۆمەڵ یەکن بێ شك بۆیە
"هێدی"ئەورۆ پێکەوە پیلۆز(١)ی کردون

هەولێر، گەڕەکی برایەتی، ١٨/٥/١٩٩٦ز
٢٩ی بانەمەری ١٣٧٥ی هەتاوی

---

١)- پیلۆز: پینە دۆز داوێك بە دەرزیەوە دەکاو دوایی هەردوك سەری ئەو داوە لە داوێکی تری برێك ئەستورتر هەلدەکیشێ و ئەو جار مۆمی لێ دەدا بۆ درومان، ئەو تێ هەلکێشانە پێی ئەلێن پیلۆزو لەگەل گرێدان فەرقی هەیە.

# "کۆنـــە بریـــن"

حەزدەکـەم گۆشـەیە بگـرم بەتـەنیٚ بـم، بەتـەنیٚ
من بم و یادی تۆ، دێـوو پـەری دەستم نەکـەنیٚ

مـن ئەگـەر جـاریٚ بڵێـم بـەژنی تـۆ شـوشـ و بـەرزە
وەزمـان دیٚ قەڵـەمیش هێنـدی تـری پێـوە دەنـیٚ

چـاوی تـۆ تـیری نیگـای چـەند هەیـە بـابی هـاویٚ
مـن بـەڵێنت ئـەدەمیٚ دڵ لـە بـەری ڕانەچـەنیٚ

مـەمی تـۆ نـاوی بڵاوبۆتـەوە، ئـەمما خۆیـان
تـازە خڕبـون و زەمـانێکی دەویٚ تـا دەگـەنیٚ

بۆنی خۆش هەرچی بیٚ دەمکێشیٚ لـەدوی خـۆی ئیتر
چ لـەبن پەرچـەمی تۆبیٚو چ سـەری یاسـەمەنیٚ

دەبیٚ حـاڵی چ بـیٚ ئاوێنـە کـەوا ئـەو شـۆخە
چاوی تیٚ دەبڕیٚ ئەوەندەو لەگـەڵی پیٚ دەکـەنیٚ

گـەر بریـن تـازە بـیٚ قـەت شـەرتە نـەناڵم لەبـەری
جا مەگـەر کۆنـە بریـن بمکـوژیٚ بێنـیٚ تەشـەنیٚ

شیعری "هێدی" وەنەبیٚ شیرن و ناسك بیٚ کـەچی
تـا لـەلێوی تـۆ دوا هـەر ئافـەرینی دەکـەنیٚ

هەولێر، گەڕەکی برایەتی،٣/٦/١٩٩٦ز

١٦ی جۆزەردانـی ١٣٧٥ی هـەتاوی

## "هەڵــــــــــــــە"

هەرچی کردم خۆم لەگەڵ خۆم کردو ئێستە دێتە ڕێم
کوشتمی گەردونی گەردان هێندی زەربەت داوە لێم

لێی گەڕێ وام لێ بێ، مافی خۆمە، دەستی تێمەدە
لێی گەڕێ باتێك شکێم، چی تر نەڵێم من ناشکێم

چەند لە کردەی خۆم پەشیمانم، لەنا کردەش پتر
سەر چلۆن دەرکەم؟لەدەس ئەو چارەنوسە چۆن هەڵێم؟

بیری سادەی خۆم سەری شێواندم و ڕێم هەتڵە کرد
خەڵکی لەو ئاژاوە هەڵدێ، من بەرەو ئاژاوە دێم

من کەبازی سەر چیا بوم و هەڵۆی کەوشەن بەزێن
ئەورۆ هەروەك کوندێ هاتوم لەو کەلاوە نیشتەجێم

وای هیلاك و ماندو کردوم باسی کوردو باسی گەل
ئێستە کاکۆڵ و کەزێو پەرچەم نەبێ لێی نادوێم

گەر لەنێو دەردو خەماندا خاڵی تۆم لێ ون دەبێ
من دەچم پیرۆزەیەك دێنم لەجێی وی دادەنێم

حەزدەکەم دەردێکی بگرم کەس سەری لێ دەرنەکا
بەڵکو ئەو ئاهۆیە هۆیەك بێ کەجارێ بێیە سەرێم

شەرتە "هێدی" من ڕنوی بەفران بم و فرمێسکی چاو
لایە بۆت بتوێمەوە، لایەك لەبەر پێت هەڵوەرێم

هەولێر، گەڕەکی برایەتی،١٩٩٦/٦/١٥ز
٢٨ی جۆزەردانی ١٣٧٥ی هەتاوی

## "سـەودا"

ڕۆژگارێکـە خـەیاڵی مـن بـەرەو سـەودا دەچـێ
مـانگ و ڕۆژی مـن بـە دوی خاڵێکـەوە تێـدا دەچـێ
پـەیکی دیـدەم پـەیت و چوستەو دەرفـەتێکیش نایـەنێ
چـەندی بـێ هەست و بەپـەردەو نـەرم و ناپـەیدا دەچـێ
هـەرچی تۆمـاری ژیـانی هێـدی دەخوێنێتـەوە
دێ سەری زوڵفـی لـە پێشدا دەگرێ جـا پێدا دەچـێ
سەد هـەزار دیـدەم هـەبێ پـێی ناڕوانمـە هیچی تـر
ئـەو دەمەی ئـەو بێریـە شۆخە دێ بـەرەو سەحرا دەچێ
باسی لاجـانگ و گـوارەی تۆ بـە هیـچ کـەس نـاکرێ
بۆیـە ڕەنجی مـن لـە نوسین و گوتـن هـەروا دەچـێ
گەر مەم و زیـن بێنـە مـەیدانێ، ئەگەر لاس و خـەزاڵ
هـەر ئـەڤین زاڵـە، ئـەڤین دار هـەر لەبـەر پێدا دەچێ
جارێ بۆی دەمـرم، بەخـەندەی جـارێ زینـدو دەبمـەوە
مـن کەسـەد کفنـم دڕی ئـازاری وا زو کـوا دەچـێ
چـەند پەرێشـانە دڵـم، سـەد هێنـدە شێواوە خـەیاڵ
ئـەی خوایـە ئـەو پـەژارە کـەی لەسـەر مـن لا دەچـێ

"هێدی" یاخوا کەس نەبینێ چۆن لەگەڵ دڵ پێوە بوم
کوێ بـەترس و لـەرزە ئـەو دێوانـە بێ پـەروا دەچـێ

هـەولێر، گـەڕەکی برایـەتی، ١٩٩٦/١٠/٢٥ز
٦ مـانگی خـەزەڵوەری ١٣٧٥ی هـەتاوی

# "پەرچــــەم"

خـەم هـاتوە دەسـت هـەڵگرێ بـڕوا بەسـەری تـۆ
ڕوی لەمنـە شـنەی پەرچـەمی تاتـا بەســـەری‌تۆ
هــەر واژەیــەکی جوانـی لـەدەم دەردەچـێ هێــدی
نەخشـێکی لـە ڕوی ئەوکچـە تێـدا بەســـەری‌تۆ
هێنـد هـات و لەسـەر باسـی گوڵـی ڕومـەتی ڕۆیـــی
یـەکجاری لــە گـــوڵ پڕبــوە دنیـا بەســـەری‌تۆ
دیـدەو دڵـی مـن پێکـەوە هـەر ئـەو لـەوی دەڕفـــاند
ئـەو شـــۆخەکە چارشـێوی فڕێـــدا بەســـەری‌تۆ
مــن خــۆم کــە خــەیاڵم لــە پەرێشــانی دەنــاڵی
هێنـدەی دی لـەناو بسـکی وی شـێوا بەسـەری‌تۆ
بـا خـەڵکی وەخـۆم هـەر نەکـەن و شـار بـەدەرم کـەن
جـێ‌ی هـەر دەبـێ دێوانـە لـە سـەحرا بەســـەری‌تۆ
خۆڕایــی نی‌یــە وەرزی گــوڵان ئـەو هــەمو شـــینە
دەردێکــی هەیــە بولبولــی شــەیدا بەســـەری‌تۆ
بەینێکـە خــەیاڵ زیـزە لــەمن بـێ سـەرو شـــوێنە
بـەند هــەر نـەبو تـا پێـوە بـو گـیرا بەســەری‌تۆ
هێنـد دڵ تـەڕە دیـدەم، هـەمو جـێ‌ی ئاودە دەڵێنـــێ
هــەر بۆیــە دەڵێــم بیکەمــە دەریــا بەســـەری‌تۆ
دوێنـــێ، کەبـەناز هـات و، بـەحاڵ لـەمنی ڕوانـــی
ئیلهـــامی شــیعر ئـــەو بـــەمنی‌دا بەســـەری‌تۆ
"هێـدی"م دی لـەدەردو خەفـەتی دووره ولاتـــی
دوودەسـتی بـە ئـەژنۆوە دەگریـا بەسـەری‌تۆ

بەغدا، حي القدس، ١٩٩٦/١٢/١٠ز

# "چـاوەڕێ"

ڕازی مـن ون نـاکرێ تـازە هـەتا دیـدەم هەیـە
کار لـە حاشـا دەرچـوە دیـدە ئـەوەندەی نـەم هەیـە
ئای لەدەس دیدەو دڵی خۆم چم بەسەر هات ئەی چلۆن
یان لەتای ئەودا دەلـەرزم یـان مچورکـی ئـەم هەیـە
شێت هەیە ئاگای لـەکاری خۆشەویستی هـەر نیـیە
ئـەو بـە دێوانـەم دەزانـێ مـن پـەژارەی وەم هـەی
مـاڵی ئـاوایێ ئـەڤین چـیرۆکی هێنـد لـێ کەوتـەوە
لـەیل و مـەجنونیش تـەواو بـێ داسـتانی مـەم هەیـە
خـاڵ و لێـوی چۆنـە داخـوا هێنـدە جوتـن پێکـەوە
وەك بزانـم وردە ڕازێکیـان وەکـو هـاودەم هەیـە
بادە نین واژەی من و تینوی ئەڤین وا مەست دەکەن
هەر دەڵێ‌ی پەیمانە پەیوەندی لەگەڵ بەستەم هەیە
من خەمی خاڵێك دەخۆم، تەنیا ئـەوەندەو هیچـی تـر
لەو جیهانـە گـەورەدا هـەر ئـەو خەمـە وردەم هەیـە

چـاوەڕێ بـوم چـەند بەچـەند بۆ دیتنـی ئـەمما نـــــەبو
ئەو نەهات، یان هەر لەبەر چاوی من ئەوڕۆ تەم هەیە؟

شیعرو بـادە مەستی دێـن وەك یـەك، ئـەمما سـەیرە پێـم
بۆ لە سەرخۆشیی شیعردا هێندێ ڕەنگی خـەم هەیـە

بـێ وەفـاییم گــەرچی لێدیـوە بـەلام بــەو حاڵــــەوە
هێشتە هەر بۆنازی وی کڕیـاری وەك مـن کـەم هەیـە

"هێـدی" بەڵگـەی زۆرە بـۆ هـاوارو شینی نیـوە شـــەو
گـەر پـەڕی پەروانـە سوتا، شـاهیدی وەك شـەم هەیـــە

بـەغدا، حـی القـــدس، ١٩٩٦/١٢/٢٠ز

نگـار مـن بـه گیسـو تـــاب داده | بە دستی عـودو دیگـر دست بـــاده
زنیلـــی پرنیـــان پوشـــیده جامـــه | کمـــر چســـت و گریبـــانی گشـــاده
بـــاین خوبـــی ندیـــدم ادمـــی مـــن | فرشـــــتەرا فرشـــــته گوئـــــی زاده

هەولێر، فندق هێرش،١٩٩٣/١٠/١١ز
مـــانگی رەزبـەری ١٣٧٢ی هـــەتاوی

ئەوشیعرەی خوارەوەم لە خەودا گوتووەو، سبەینێ ئەگەر لەخەو هەستاوم نووسیبوومە:

دران مجلـس کـه بـاده میشـود مســـت
باســـان دل بـــان محفـــل تـــوان بســـت

هـــــــــەولێر، ١٩٩٣/١١/١٥ز
خـــەزەڵ وەری ١٣٧٢ی هـــەتاوی

"سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز"

پایە بەرز: پرۆفسۆر دوکتۆر بەهرام خدر مەولود سەرۆکی لێوەشاوەی زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر.

پایە بەرز: دوکتۆر دلێر اسماعیل حەقی شاوەیس مامۆستای بەنرخی کۆلیژی ئاداب، بەشی مێژوو بەڕێوەبەری چاپخانەی زانکۆ سەلاحەدین.

برای ئازیزو خۆشەویستم کاکە جەلال محەمەد ئەحمەد کارمەندی بەڕێزی چاپخانەی زانکۆ.

برای خۆشەویست و دڵسۆزو هەڤاڵی لە مێژینەم کاك عبدالمجید وهاب صالح کارمەندی بە ڕێزی چاپخانەی زانکۆ کە بۆ چاپی دوهەمی ئەو دەفتەرۆکە هەر یەکە لە پلەی خۆیدا یەك لە یەك چاکتر بە دڵی فرەوان و گەورەیی کاریان ڕاپەڕاندم منەت بارو، سوپاسگوزاریان کردم، خوای گەورە تەمەنی درێژیان پێبدا هەر بە سەرکەوتوویی، هەروا بەسەربەرزی.

هێدی، هەولێر ١٩٩٧/٣/٢٥ز